# دادگای ئەنفال

( توێژینەوەیەکی دادوەرییانە )

نووسینی

زوهێر کازم عەببوود

2007

وەرگێرانی لەعەرەبییەوە

گۆمەیی

سوید 2008

نووسینی: زوهێر کازم عەبود ( دادگایی ئەنفال ) بەکوردیکردنی: گۆمەیی

سزا تەنها هۆنییە بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گوایە بۆ پاراستنی کۆمەڵ لەتاوانکار، کەسانیتری پێ تیرۆرکەن نەبا ئەوان هەمان تاوان ئەنجامدەن، بەڵکو کارڕاییێکێیەکی پێویستە بۆ وەدیهێنانی دادپەروەریی بوختو دوور لەگشت بەرژەوەندیی تایبەت.

فەیلەسووفی یاساناس KANT

ئای بۆ پاقژی ئەوخاکەی لەشگەلێکی لەخۆگرت نە کوژەری خۆیان ناسیبوو، نە دەیانزانی بۆمرن... بۆ ئەو چرکە بێدەنگییەی سەرسامیی خستە بری ئەو نکەو هاوارو فرمێسکانەی دەنگی ماشێنو خاکدڕو شۆفڵەکانی خاک بەسەرداکەر داپپۆشین...

زوهێر کازم عەببوود

4 ـ بەدادگای لێکۆڵینەوەی سەربە دادگای سزایی عیراقی باڵامان ڕاگەیاند. بەپێی ئەو بڕیارەی لە 16/ 5/ 2007 دەرکەوت، کارڕاییێکێی یاسایی بگرنەبەر سەبارەت بەوکەسانەی ناویان لە بەڵگەنامە فەرمییەکانو ڕەوتی لێکۆڵینەوەو دادگادا هاتوون. لیستی هاوپێچ بەناوی ژمارە 1 وەفیق عەجیل ئەلسامەڕائی دەستپێدەکات،و دواناو کە ژمارە 423 حەمەسەعید ئەحمەد محەمەد هارونیـیە.

دادگایی سزایی عیراقی باڵا / دوو

بەشی/ حەوت



## پێشکەش

ـ بەو ڕۆڵەکوردەی لەمنداڵدانی دایکیدابوو.......... ئەنفالکرا ؟؟!!

ـ بەو ڕۆڵەیەی لەبری شیر خوێنی مەمکی دایکی دەمژی...... ئەنفالکرا ؟؟!!

ـ بەو ڕۆڵەیەی دەمیداچەقاند تا جوبریل فووی پێداکا.... فریاینەکەوت..... ئەنفالکرا ؟؟!!

ـ بەو پیرەمێردو پیرێژن.. کچو کوڕی هەرزەکار.. ژنو پیاوەی دوور لەیەک زیندەبەچاڵکراو ...... ئەنفالکران ؟؟!!

ـ بەوانەی نەکوژەرەکەیان ناسی، نەزانیان بۆمردن،........... ئەنفالکران ؟؟!!

سەرئەنجام بەگشت مرۆڤ، سروست، ئاژەڵ، ڕوەک، مارومێروو، بەبووەو کاڵای بێگیان، گشتکاتو لەهەرشوێنێک ئەنفالکران.......................؟؟!!







# دادگایی ئەنفال

شێکارییەکی یاساییە بۆ پرۆسەی دادگایی تاوانبارانی ئەنفالی ساڵی 1988 لە باشووری کوردستان

# پێرستی ناوەڕۆک

1 . پێشەکی وەرگێڕ
2 . لەبری پاشوتار وەرگێڕ
3 . سەروتار نووسەر
4 . بەشی یەک کورتەیەک لەسەر ئەنفال
5 . بەشی دوو ئەنفالو یاسای نێەنەتەوەیی
6 . بەشی سێ بەڵگە لەسەر پرۆسەی ئەنفال
7 . بەشی چوار تاوانەکانی ئەنفال لەدیدی یاساوە
8 . بەشی پێنج بڕیاری دادگاو تاوانبارکرن
9 . بەشی شەش تێروانین
10. بەشی حەوت پاشکۆ
11. بەشی هەشت فەرهونگۆک





# پێشەکی

لەڕاستیدا، دەبوو بەسەرنجو بۆچوونی خۆم لەوقەیرانە ناهەموارە بدوێم کەناونرا ئەنفالو بەرۆکی نەتەوەی کوردی گرت بەگشتیو ڕۆڵەکانی باشووری کوردستان بەتایبەتی. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم بەرهەمە پوختەو پاراو بەخامەی یەکێک لەو دۆستانەی کورد نووسراوە، من بە یەکێک لەو ڕۆشبیرە دانسقانەی دادەنێم کە لەنێو کۆمەڵو نەتەوەکانی دراوسێماندا هەڵدەکەون. هەزاران ساڵە بەهۆی نزیکبوونی ڕەگەز یان ئاین یانیش دراوسێتیی مێژوویی بوونەتە هاوژینو هاوچارەنووسمان. بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئاشکرایە، هەندەی ئێمەی کورد خۆمان بەوانەوە گرێداوەو لەگشت بوارەکانی فیزیکی یان میتافیزیکی، مەتریالی یان ماکییەوە خۆمان بۆ سوتاندوون، ئەوان هەر کاردانەوەی نەرێنییان بۆوە بوومان. (وەک دوازدە ساڵ لەمەوبەر لەپێشەکی گەلێکی پەژموردەو نیشتیمانی پەرتدا دەرمبڕی، ئێستایش دووپاتی دەکەمەوە)[1] خۆم ڕگەزپەرست نابینم گەر بڵێم؛ بەرێژەی یەک لەملیۆنیش دۆست لەناو ئەو میللەتانە نابینم دان بە مافی نەتەوەییمدا بنێن یان دڵیان بۆ ئێشوئازاری بسووتێت. بەهێزترین نموونەیش بۆئەوە پاشگەزبوونەوەی زۆر لە لایەنە بەشداربووەکانی دەسەڵاتی نوێی عیراقە لەبەڵێنی هاوپەیمانی لەگەڵ کورد کە کاراترینی هێزەکان بوو لەپرۆسەی ڕووخاندنی دیکتاتۆردا. لەبری ڕاستکردنەوەی هەڵەو قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی پێشووی، لەڕۆژی 22/ 7/ 2008دا دوور لەدەنگی نوێنەرانی کورد بەگشت لایەنە ڕامیارییەکانییەوە، لە دانیشتنێکی داخراوو نهێنیدا

[1] گەلێکی پەژموردەو نیشتیمانی پەرت، لەبری پێشوتار، لاپەڕە 6 لەماڵپەڕی (www.koskikurd.com)

بڕیاری هەڵبژاردنی پارێزگاکانییان مۆرکرد، ئەوە کودەتابوو بەسەر خاڵی 140ی دەستووری عیراقی نوێ لەمەڕ کەرکووکو دەڤەرە دابڕاوەکان لەهەرێمی کوردستان. کاتێک جەماوەری کوردو دۆستانی لەنەتەوەکانی تری کەرکووک کە ڕۆژی 28/ 7/ 2008 دەرچوون بۆ ڕێپێوان دژ بەو بڕیارە، بەدوو تەقینەوەی تیرۆریستیو پاشان تەقەی چاشمیتەکانی بەرەی تورکمانی لە خۆپیشاندەران، 22 بوونە قوربانیو 180 کەس بریندار بوو.

بڕوانە ئەو کاربەدەستە عەرەبانەی پێشتر تا ڕووخانی ڕژێمی سەددام هاوپەیمانی کورد بوون، ئەوکاتەی کورد لەپرۆسەکەدا باڵادەستبوو، چۆن لەوەتەی دەسەڵاتیان لەعیراق گرتووەتە دەست، وەک دووپشک کلکیان بەرزکردووەتەوە بۆ ژەهراوکردنی جەستەی ئەو بوونەوەرۆکەیەی تەنها کورد خۆیو کەمینەیەکی عیراقی پێیدەڵێن "إقليم كوردستان الفيدرالي".

بڕوانە پرۆسەی دەسەڵاتگرتنەوەی لەشکری دەسەڵاتی ناوەند لەبەغدا، بەسەر شارۆچکەی قەرەتەپە[2]، بێگومان پێوەرێکە بۆ نیشاندانی هێزو بازووی خۆو ڕادەی تواناو جۆری بەرپەرچدانەوەی لایەنی کورد کە هەمیشە دەڵێن، پێویستە کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا بەئاشتی چارەسەربێتو کاتی دانیشتنو

[2] کەهێزەکانی عیراق قەرەتەپەیان داگیرکردو فرماندرا بەکشانەوەی هێزەکانی کورد. جێگری سەرۆکی هەرێم لەگەڵ شاندێک ڕوویانکردە بەغداو کارەکەیان یەکلاییکردەوە بەکشانەوەی هیزی کوردی لەشارەکان و مانەوی لەشکری عیراقی لە دەڤەرەکانی جەلەولاو قەرەتەپەو خانەقین. کاتێکیش هێزی عیراقی خانەقینی داگیکرد، لێپرسراوانی کورد کەوتنە خۆیانو ڕۆژی 31/ 8/ 2008 شاندێک لەگەڵ نمایندەی سەرۆکی هەرێم بەهەڵەداوان چوونە بەغدا، ئەمجارەیش ڕێکەوتن لەسەر مانەوەی هێزی عیراقی لەدەرەوەی شار بۆئەوەی کاتی پێویست بێنە ناوشار. بەڵام هەمانکات هێزەکەی عیراق فرمانیاندا بەچۆڵکردنی تەنها خوێندگە کوردییەکانی شاری جەلەولا تا بکن بەسەربازگا.





دانەوسان هیچییان لەباردا نەبوو سنوور بۆ ئەو زەبرە دانێن کە لەوانەیە دیسان ئەنفال ئاسا بەرۆکی کوردی بێچارە بگرێتەوە. بەڵام ئەمجارە لەژێر ناوی"عصاةو مخربين"دا نا، بەڵکوو لەوانەیە پێمان بڵێن، "ميللەتی تيرۆريست".

ئەوەی ڕووداوی ڕۆژ دەریدەخەن ئەوەیە کە سەرەک شالیارانی عیراق (نووری مالکی) هەنگاو بەرەو دەسەڵاتی تاکڕەوی دەنێت، ماوەیەک لەمەوبەر دۆخەکە بۆنی ئەوەی لێدەهات، لەسەر هەمان چەشنو جۆری (جحافل خفيفة)ی سەددام، لەخێڵەکییانی کوردو عەرەب (مجالس الإسناد) پێکبهێنێت. ئەگەر مەبەست هەڵگەڕانەوە نەبێت، دەبێ ناوی چی لەو پاشگەزبوونەوەی هاوپەیمانییەی دوێنێ بنێین لەومافە کەمەی بۆ کورد دیاریکراو، یان دەشێ پەلپو بیانووی خۆ پڕچەکو بەهێزکردنی چیبێت.

**دەبێ ئەمەی لێیدەدوێین ناوبنرێت ئەنفالی چەنهەم ؟؟؟!!!**

بێگومان بەدرێژایی مێژوو چەندینجار کوردستان ئەنفالکراوە، بگرن لە ڕۆژانی باستاندا هێرشەکانی گرێکی پێش ئەسکەندەرو ئەوەی خودی ئەسکەندەری مەسەدۆنی تادەگاتە سەردەمی سەددام بە دڕندەترین شێوازو نوێترین چەکی چەرخ سەرکوتو قەلاچۆکراوە، تەنانەت سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامیش کەگوایە کورد بێشەڕ ئاینی ئیسلامی پەسەندکردووە. ئەگەر وایە بۆچی کەسێکی ئەوسەردەمە خۆی ماندووکردووەو ئەم دێڕانەی خوارەوە[3] بەزمانی پەهلەویی کە لەسەردەمی ئەشکانیو ساسانیدا باوبووە" لەسەر پارچەپێستێک بنووسێتو لەئەشکەوتی هەزارمێردی خوار شاری سلێمانی بیشارێتەوە کە "بەزاراوەی سۆرانی" ئەمە دەگەیێنێت....

[3] " کرد و پیوستگی نژادی و تاریخ ئو،" ڕەشید یاسمی، چاپی سێ، إنتشارات إبن سينا، تاران، لاپەڕە 119

پەرستگا ڕمان ئاگرەکان کوژان خۆیان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆرکاری ئارەب کردیان خاپوور لەبناری پاڵەوە هەتا شارەزوور
ژنو کەنیشکان بەدیلی دەبران مەردی ئازایش تلیدا لەناو خوێن
ڕەوشی زەردەشتی مایەوە بێکەس بەزەیی نەهات هورمزد بەهیچکەس

جارجارە نووسین بەرچاودەکەون دەڵێن ئەو هەڵبەستە نادروستەو کەسانی ناحەز هەڵیانبەستووە بۆ ناشیرینکردنی ئاینی ئیسلام. باشە ئەگەر وایە، گشت ئەو گۆڕی ئەسحابەیە چیدەکەن لەکوێستانە سەختەکانی کوردستانو بەرانبەر هەریەک لەوان یەک تەپۆلکە قوتبووەتەوە پێیدەڵێن گۆڕەجوولەکە[4]. ئەگەر سەرهەڵبڕینو هزرێکی ڕوون ئاوڕ لەمێژووی ئەوانە بدەینەوە کە پێیان دەڵێن جوولەکە، دەردەکەوێت ئەوانە باپیرەگەورەی ئێمەن، پێشمەرگەبوونو خۆێنی خۆیان بەختکردووە لەپێناو پاراستنی ئەم خاکە لەو داگیکەرانەی لەدوررگەی عەرەبییەوە هاتوون بۆ "ئەنفال" کردنی ڕۆڵەکانی. لەڕاستیدا من ئەوە بەناشیرین نازانم گەر بە باپیرم بگوترێت چوولەکە، چونکە جوولەکەیش وەک ئێمە مرۆڤن، باری ناسۆر ئەوەیە لەبری گشت ڕێزو نەویکردنی سەری نەوازش بۆ ئەو باپیرەی خوێنی خۆی لەپێناو خاکو نەوەکانیدا بەخت کردووە بەدەستی خۆمان بەردبارانیکەین، بەڵام

[4] گۆرە جوولەکە، ئەو تەپۆلکە بەردەیە کە لەزۆر شوێنی کوردستاندا دەبینرێت، بەتایبەتی لەبنار یان تەپڵەسەری شاخە بەرزەکانو هەندێک لەو کوێستانانەی هاوێنیش بەفریان ناتوێنەوە، قوتبوونەتەوە بەرانبەر بەگۆڕێک شوورەی جوانی بە بەردو داری بەری یان گوڵ بۆ کراو پێانیدەڵێن، ڕاکشانگە (مرقد)ی هاوڕێیی پێغەمبەر (صحابة)، جا ئەوەی لەکۆنەوە لەلای مێشکشۆراوانی میللەتی کورد بووەتە باو، ئەوەیە، هەچکەس بەلای ئەو دوو گۆڕەدا تێپەڕێت دەبێ (فرض) بەحەوت بەرد جوولەکەکە بەردباران (رجم) بکاتو بۆ نیشاندانی درووود بۆ ئەسحابەکە فاتحایەک بۆ گیانی پاکی بخوێنێت، ئەگینا تەڵاقی دەکەوێت.





فاتیحایەک ئاراستەی ڕەوانی ئەو داگیرکەرە بکەن کە لەڕۆژی خۆیدا وک عەلی شیمیای ئەنفالی کردووین.

خۆزگە ڕۆشنبیری کورد، بەتایبەت مێژووناسان، لەوپرۆسەیەیان دەکۆڵییەوەو بە بەڵگەنامەی مێژوویی بێت یان یاسایی، ناسناوی ئەو خاوەن گۆڕانەیان ڕاستدەکردەوەو لەڕۆڵەکانی میللەتیان دەگەیان، ئەوانە کێبوون!؟

من شانازی بە ناسینی کەسێکی وەک بەڕێز "زوهێر کازم عەبوود" دەکەم کە ساڵی 1965 لەخولێکی سپایی عیراقدا لەبەغدا بووە هاوڕێم. هەر لەو ڕۆژانەوە بەو سۆزو خۆشەویستیەی ئەم برایە ئاشنا بووم کە بوویەتی بۆ نەتەوەی کورد. نزیکەی دووساڵ لەبەغداو بەسرا، تا ئەوکاتەی بەهۆی چالاکی ڕامیارییەوە لەڕیزی سپا دەرکرا، دەمبینی زۆر هۆگری ئێمەی کوردە،و لەو ڕۆژانەدا لەڕێگەی ئێمەمانانەوە ئاگای لە قۆناغەکانی بزووتنەوەی کوردیو پرسە ئاڵۆزەکەی بوو. هەروەها پاش نیسکۆی شۆڕشی ئەیلول، کە لەگەڵ هەزاران کوردی تری بەشدار لەو قۆناغەی بزووتنەوەی کوردی دوورخرامەوە بۆ شاری دیوانیە, کاکە زوهێرم بینیەوە، چڕوپڕ کەوتینەوە وتووێژ لەسەر کێشەو پرسی کورد. سەرئەنجام پاش لێکدابڕانی نزیکەی 30 ساڵ جارێکیتر لە ئاوارەییدا یەکمان بینییەوە، دەبینم لەجاران زۆر چڕو کارامەترو وەک یاساناسێک دەکۆشێت پشتگیری کوردو کێشەکانی. پێمخۆشبوو لەم دواساڵانەی تەمەنمدا بەمکارە هەستیارە لەگەڵیبم وەک نیشانەی هەستو سۆزی هاوبەش بۆ پرۆسەیەک، ئەوی وەک مرۆڤ دۆستی مافناس پشتگیریی لێدەکات، بەڵام کە ئەندامێکیم، ئەرکە لەسەر شانم.

ئەم بەرهەمەی بەناوی خۆمو کاکە زوهێرەوە پێشکەش دەکەم بەڕەوانی گشت ئەوانەی بوونە قوربانیی ئەنفالەکەی بەعس. هەروەها بە ڕەوانی ئەو

پێشمەرگانەی لە مێژووی کۆنو نوێدا ژیانییان بەختکردووە بە کوردستانی خۆشەویست،و گشت ئەومرۆڤانەی خۆبەخت کۆشیون یان دەکۆشن لەپێناو سەپاندنی ڕاستیو دروستیو مافی گەلان.

ڕاشکاوانە لێبوردن دەخوازم لەخوێنەرانی چاپی یەکی ئەم بەرهەمە، کە باش یانزە مانگ چاوەڕوانی (گوایە لەبەر پێداچوونەوەو هەڵەچنی) کاتێک نموونەی پەرتووکەکەم بەدەست گەیشت، بەبەرگو وێنەکەی سەری شاد بووم بەڵام بەداخەوە کە لەناوەڕۆکم ڕوانی، دۆشدامام لەبەر:

- قاقەزەکەی کە زبرو لە هەرزانترین بابەتە!
- لەبری هەڵەچنی، کۆمەڵێک هەڵەی واتاگۆڕی تێکەوتووە! وا بۆ دوو مانگ دەچێت چاوەڕوانی چارەسەرم، لایکەم بە لیستێکی پاشکۆ خوێنەر ئاگادار بکەن بەڵام هیچ نەکراوە.
- ئەو فەرهەنگۆکەی زۆر پێویستبوو لەگەڵدابێت، پشتگوێ خراوە!
- لەبر ئاماژە بە تیراژی چاپکراو، مافی نووسەریان بە 50 دانە پەرتووک بڕاندووەتەوەو مافی چاپو پەخشیان پارێزراو کردووە بۆ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم! نازانم بەچی یاسایەک؟!

**گۆمەیی**

**سـوید / ئۆگستی 2010**





# لەبری پاشکۆ

**سەرنجو بۆچوون سەبارەت بە کورداندنی وشەو لێکدانی**

گومان لەوەدانییە کە لەبواری دادو باری یاسای دەزگاکانی کوردستاندا، وەک گشت بوارەکانی تری ژیان، زۆر وشەو زاراوەی پیشەییو تەکنیکیو هونەری بەکاردێن، هەر ئەوانەن کە نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان بەکاریدێنن. من ئەگەرچی یاساناس نیم، خۆم لەوە پاراستووە کە وەرگێڕانەکەم دەقاودەق بێت، بەڵام کۆشیومە لەسنووری واتایی دەقە یاساییەکان دەرنەچم،و فەرهەنگۆک بۆ هەندێک لە وشەو زاراوە بەکارهاتووەکان بنووسمەوەو هاوپێچی دواپەڕەکانی ئەم پەرتووکەی بکەم.

لەگەڵ ڕێزمدا بۆیان، بەشێکم لەفەرهەنگی یاسایی دوکتۆر نووری تاڵەبانی،و فەرهەنگی دەریای کاک ڕزگار کەریم،و فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکەی بەڕێز هاوڕێ باخەوان وەرگرت. ئەوەیشی لەوفەرهەنگانەدا نەمبینیبێتەوە کۆشیم خۆم بیانکوردێنم. ئومێدەوارم بەهۆیەوە توانیبێتم سوود بگەێنم بەکولتووری نەتەوەیی. گومانیش لەوەدانییە کەڕۆشنبیری کورد چمکی چالاکی تێکۆشانی بەخامەو پێنوس هەڵکردووە، بەتایبەتی لە ڕاپەڕینو دامەزرانی پێگە یاساییەکانی باشووری کوردستان بەدواوە. ئاواتەخوازم بەپشتیوانی پسپۆرانی ئەکادیمی ئەو کاروانە ڕوو لە پێشچوونبێت تا کوردیش وەک گەلانیتر ببێتە خاوەن فەرهەنگو ئینسیکلۆپیدیای تایبەت بەخۆ. ئومێدەوارم ئەو فەرهەنگۆکەم یاریدەربێت بۆ تێگەیشتن لە هەندێک لەو وشە یاساییانەی کوردێنراون.

من زمانی نەتەوەیی بەگرنگترین ژێرخانو کۆڵەکەی پارێزەر دەزانم بۆ چەسپاندنو مانەوەی پێناسەی نەتەوایەتیو نەتوانەوەی لە بۆتەی نەتەوەکانی

داگیرکەردا. ئەگەرچی لەجیهاندا نەتەوە زۆرن بە پێناسەیەکی نەتەوایەتی نامۆ لەخۆ دەژین. زەقترین نموونە کە لەئێمەوە نزیکن، هاوولاتیی ولاتانی باکووری ئەفریقایە کە ئێستا خۆ بەعەرەبی ڕەسەن دەزانن، بەتایبەت میسر کە خۆی بەچەقو یەکە ڕازگری عرووبە دەزانێت، پێش ئیسلام خاوەن پێناسەی نەتەوەیی تربوون، وەک "قیبتی"و "بەربەر" کە مەزنترینی ئەو نەتەوانەن و "هانیبال"[5] لە پێش ئیسلام و "تاریق بن زیاد" لەچەرخی ئیسلامیدا بەناوبانگترینیان بوون[6]، بەلام نەوەی ئەمڕۆی ئەوان نەتەنها زمانی "ئامازیغی" باوباپیران نازانن، بەڵکوو زۆر لەوان توند دژن بەخواستی ئەو کۆمەڵە ئامازیغانەی دەیانەوێت ولاتانی لیبیا، تونس، جەزایرو مەغریب بە فەرمی دان بەو زمانەدا بنێن و مافی خوێندن بدەن بەو ڕێژە کەمەی لێیان ماوە،و وەک خێلی بچووک لەلادێ شاخاوییەکاندا دەژین. گوایە لەبەرئەوەی ئەو پرۆسەیە مەترسی دەبێت بۆ سەر پێناسەی عەرووبەیی ئەو ولاتانە.

وەکتر، ئەگەرچی من زمانەوان نیم، بەلام لەژیانی تاراوگەو ئاوارەییمدا تێکەڵ بەهەندێک نەتەوە بووم ئەمڕۆ لەجیهاندا زمانیان بەزیندوو دەژمێردرێت، بۆیە هەندێکم تێبینی لەلا پەیدابوو، وەک:

---

[5] کوڕی سەرکردەیەی **بەربەرانی ئامازیغ** بوو پاش مردنی باوکی و مێردی خوشکەکەی بوو بە سەرلەشکری ئەو هێزەی لە ساڵی 218ی پێش کریستۆس هێرشی برد بەرەو ڕۆماو تا ساڵی 202ی پێش کریستۆس لەنێو ئەورووپادا لە ئیسپانیاوە تاوەکو نیوەی ئیتالیای داگیرکرد.

[6] ئیبن خەلدوون دەڵێت ـ یەکێک بوو لەخێلی زناتەی **بەربەری ئامازیغ** لەدەڤەری نافزاوس کە دەکەوێتە کەناری دۆڵی تافنە، واتە ولاتی جەزایری ئەمڕۆ ـ ( الموسوعة العربية العالمية`` مؤسسة أعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، الرياض، طبعة ـ 1، سنة 1416هـ/ 1996م، مادة: طارق بن زياد، 470/15 ).





**کوردانذنی زاراوە:**

هەندێک دەڵێن؛ زمان بریتییە لەو کۆمەڵە وشەیەی مرۆڤ لەکارو پەیوەندیو کاری ڕۆژانەدا بەکاریدێن، بە کوردانذنی ئەو زاراوانەی لە دامودەزگاکاندا بەکاردێن دەبێتە هۆی ئاڵۆزیو چەواشەبوونی کاری ڕۆژانەی دەزگاکان و بڕیارە فەرمییەکان. بەلام من پوختەکاری ڕێزمان و کوردانذنی زاراوە بەستەم نازانم. چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی ئینتەرنێت و کۆڤارو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیو کەنالی ڕادیۆو تەلەڤیزیۆنی ئاسمانیو نوێترین تەکنیکی چاپو بلاوکردنەوەیە کە کوردیشیان لێ بێبەش نییە. بۆیە گۆڕانسازیی لەوبوارەدا زۆر ئاسان وەردەگیرێت و زۆر زوو بلاودەبێتەوە، ئەوەیشی بەگرانی دەزانێت کێشەی خۆیەتی، خۆ هەرکات دۆزەکە بسەپێت، ئەوا ئەو کەسانەیش ناچاردەبن بێنە سەرباری گۆڕان و پێشکەوتنخوازی.

ولاتی سوید کەئێستا لێیدەژیم، یەکێکە لەو ولاتە پێشکەوتووانەی جیهانی ئەمڕۆ،و زمانەکەیان ( کە بەشێکە لەزمانە ئەسکەندناڤییەکانی چڵ لەزمانە جەرمانییەکانی لق لەدرەختی هیندوئۆرووپی، واتە زۆر نزیک و خزمەزمانە لەگەڵ ئینگلیزی، ئەڵمانی، فرەنسی ...و تەنانەت کوردیش.. ) دەبینم لەگشت بوارەکانی کارو ژیاندا زۆر وشەو زاراوەی لاتینییان کردووە بەسویدی.

بە گەڕانەوە بۆ چەند سەدەیەک لەمەوبەری زمانی سویدی، بەتایبەتی لەوکاتەوە "شا گوستاڤ ڤاسا" ساڵی 1526 فرمانیداوە ئینجیل بەزاراوەی ناوەندی ولاتی سوید بنووسرێتەوە، یەکەهەم هەنگاوبووە بۆ پەیڕەوکردنی ئەو شێوەزمانە یەگرتووەی پێیدەگوترێت "سویدی نوێ"و لە سەرتاسەری ولاتی سوید پێی دەدوێن. لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا کەشیش "سامویل کۆلۆمبوس" لە پەرتووکەکەیدا هەنی ئەوەی داوە کە زمان بەو شێوەیە بنووسرێتەوە کە لەزار دەردەچێت. قۆناغی گرنگی دوای ئەوە لەکۆتایی

سەدەی نۆزدەدا بووە کە زۆر وشەی بیانییان کردووە بەسویدی، بەتایبەتی وشە ئەڵمانییەکانو بەرفراوانترینی کۆششیش دوا گۆڕانکارییەکانی نێوان 1970 بۆ 1980 بووە.

سەبارەت بە پوختو پاراوکردنی زمان "بیۆرن کۆللیندەر" 1894ـ 1983 پرۆفیسۆری سویدی لەبواری زمان، لە فەرهەنگی نوێدا بەپێویستی زانییوە وشە نیمچە لەیادچووەکان بەکاربێت لەبری وشەی بیانی.

**لێکدانی وشە:** لەکۆتایی ساڵی 1998دا مانوسی پەرتووکی "گەلی پەژموردەو نیشتمانی پەرت"م ناردەوە بۆ چاپو بڵاوبوونەوەی لەکوردستان، پاش ماوەیەک ئاگادارکرام بەوەی چاپخانەکە ڕەخنەیان لە ڕێنووسەکەی هەیە بۆیە پێویستە پییدا بچمەوە. دیارە ڕەخنەکەیش لەسەرئەوەبوو زۆر وشەی لێکدراو، کە بەعەرەبی پێیدەڵێن (کلمات مركبة) من پێکەوم لکاندبوو. لەوەڵامدا ڕامگەیاند بەوەی من بەهەڵەیان نازانمو قایلم بەوشێوەیە لەچاپ بدرێت. بەڵی لەچاپدرا بەڵام چاپخانەکە (دیارە بۆئەوەی تووشی ڕەخنە نەبن) ناوی خۆیانی نەخستووەتە سەر. لەساڵی 2007دا سەردانێکی تری کوردستانم کردەوە، هەر ئەوەکەسەی ڕەخنەکانی چاپخانەکەی پێڕاگەیاندم دەستخۆشی لێکردمو گوتی ئەوەی ئێستا لەنووسینی کوردیدا بووەتە باو ئەوشێوازەیە کە پێشتر ڕەخنەی لێدەگیرا. بێگومان هونەری گۆڕانسازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە ئاوارەییەی ڕۆشنبیرانی کوردی تێکەوت، کە لەوانەیە ساڵ یان چەندساڵێکی خایاندبێت تا گەیشتبنە ئەوەی لەشوێنێکدا جێگیربن. مرۆڤ لەو قۆناغو کاروانە دژوارەدا تێکەڵ بەگەلانو ئەگەر ویستبێتیان بە کولتووریشیان بوون. ئەوەی مرۆڤ شاد دەکات ڕەنگدانەوەی ئەنجامی ئەو چاولێکردنەیە کە ڕۆشنبیرانی کورد گرتوویانەتە بەر لەکولتووری میللەتانی پێشکەوتوو.





بەڵی لەسەرەوە ئاماژەم بەوەدا کەڕۆشنبیرانی کورد هەر لەکۆششدان، خۆزگە ئەوکۆششە، چەشنی هەنگاوی نوێکارییانەیی زمانی میللەتانیتر بە پشتگیری دەزگای ئەکادیمی زانستییانەی دوور لەهزری ڕامیاریو لایەنو ناوچەگەری دەبوو بۆ پێداچوونەوە بەسەر ڕشتو ڕێزمانی کوردیو پوختکردنیان.

بەڵی، شوێنەواری جوگرافیو مێژوییو ئاینی هەر لەکۆنەوە کارێکی ئەوتۆی کردووە بەشێوەی کاراو بەرفراوان کوردی ڕۆژهەڵاتو باشوورو باشووری بچووک گرێدراوی کولتووری عەرەبی بن، چونکە تا ڕابووردوویەکی زۆر نزیک فێرگە لەکوردستاندا هەر حوجرەو مزگەوت بووە،و شاکاری بەرهەمی ڕۆشنبیرانی کورد ئەگەر بەکوردیش نووسرابێت پڕبووە لەوشەی عەرەبیو بەزۆری چاو لەشێوەی ڕشتو نووسینی عرەبی کردووە.

ئەوەی پێویستە ئێمە سەرنجی بدەینێ، خۆ ڕزگارکردنە لە ڕشتو ڕێزمانی عەرەبی، چونکە زمانو ڕیزمانی عەرەبی گرێدراوی قورئانن، واتە هەرگیز ناکرێ گۆڕانی بەسەردابێت چونکە وتەی خودایە.

من پێموایە ئەو شێوازەی سویدییەکان چوار سەدە لەمەوبەر گرتوویانەتە بەر بۆ نووسینەوەی وشە هەر بەوشێوەیەی لەدەم دەردەچێت، بۆ نەهێشتنی ئەو هەڵوێستەو تەکانەبووە کە کاتی گوتن یان خوێندنەوەی وشەگەلی پێش لێکدان.

ئەو دیاردەیەی لەیەکهەم قۆناغی ئاوارەییدا لەئێران سەرنجمی ڕاکێشام، وشەی "هلالأحمر آزربایجانغربی" بوو کە لەبنەڕتدا عەرەبییە و بەشێوەی "هلال الأحمر لآذربایجان الغربیة" دەنووسرێت، واتە بە چوار پارچەو لەئێران

بووه بەدوو پارچە. یان ئەوانەی لە "فەرهەنگی عمید"دا دەیبینن، کە فەرهەنگێکی بەناوبانگی فارسییە، کارو کۆشش ی دوو پارچەیان کردووە بە کاروکۆشش، هەروەها علیرضا لەبری علی رضی،و ألعیاذبالله لەبری ألعیاذ بالله.

ئەوەی لەزمانی سویدیدا دەبینرێت، زۆر وشەی لێکدراو هەن لەبنەڕەتدا پێکهاتەی چەندین وشەن. بۆ نموونە Transformationsgrammatik کە ئاڵوگۆڕی ڕێزمانی دەگەیێنێت، ئەنجامی لێکدانی دوو وشەی Transformations و grammatik یە، هەروەها Familjehemsvård واتە "چاودێری خێزان لەناوماڵ" لێکدراوی سێ وشەیە Familje hem s vård. جا ئەو نموونانە دڵۆپن لە یەک دەریا لەو چاکسازییانەی ئەو میللەتە لەپێناو ئاسانکردنی خوێندنەوەو گفتوگۆ لە ڕشتو ڕێزمانیاندا کردوویانە.

**وەرگێر: گۆمەیی**

*www.koskikurd.com*

**ئاگاداری:**

پاش چاپی یەک پێداچوونەوەیەکی سووکم کرد، بەتایبەتی لەسەر پێشەکیو پەراوێزو تێبینییەکانی خۆمی وەرگێر.





# سەروتار

ڕەوشو باوەڕ نە لەسەر قاقەز ئۆقرە دەگرێت، نە لەتوێو ئاستی وئاخافتنو وتارو بڵاوکراوەی ڕامیاری، بەڵکو هەنگاوو هەڵوێستو بڕیاری کارا هزرو دیدی ئەو لایەنە دەچەسپێنێت کە جێی باوەڕە،و ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر بیرو هەڵوێست تا نەست وبوونی خۆی بسەلمێنێت. بۆ ئەوەی بەئاسانی خۆ لەکێشەی ئەنفال هەڵقورتێنین، کە کێشەیەکە نە بەگوێرەی قەوارەی شیاوی خۆی لێی ڕوانراوە، نە وەک تاوانێکی دزێوی مێژوویی ئەم سەردەمە، یان وەک کارەساتێکی مرۆڤانەیی کە مێژوی نزیک تۆماری کردبێت،. بەڵکوو قەیرانێکی مرۆڤانەیی زەق بوو، بەنێو بێدەنگی نێونەتەوەییدا سوکو ئاسان خشکەی کرد. تراجیدیایەک بوو پشتئەستوور بەگشت ئەوجۆرە کەرەستە یاساییو پابەندێتییەی ڕێگەی ئەنجامدانیان بۆ تەختکردبوو، بۆیە دەبێت ئێمە لەو هۆ ڕاستەقینانە بکۆڵینەوە کە پاڵینا بەرژێمی سەددامەوە ئەوتاوانە ئەنجامدات،و سووربێت لەسەر تەواوکردنی قۆناغەکانی.

ئەگەر دارشتنی یاسای سزایی بۆ سزادانی کۆمەڵبێت، ئەوا سەلماندنی کارە پڕتاوانەکان بێ هیچ جۆرە گومان ئەوە دەردەخەن کە ئەوجۆرە خواستو ئارەزووە نەخۆشانەی زاڵبوون بەسەر مێشکی ئەوکەسانەی تاوانەکانیان ئەنجامداوەو بەرودوا لەئەنجامدانی تاوانەکاندا پشتئەستوور بوون بەو هەڵوێستو هۆکارەکانی ڕژێم بۆی ڕەخساندن. چونکە ئەوان خۆیان بەسەرداری سەرو سامانی کۆمەڵ دەزانی، ڕێگەی چەوتیان گرتوەتەبەر تا ئەو ئاستەی تاوانکانیان بەجۆرەها پلانی تاوانئامێز ئەنجامدەن دژ بە کەسانی بێچەک، دوور لە گوێدانە تەمەنو توخم. بۆیە پێویستە پێناسەی کارو هۆکارەکان بەوپێیەبێت کە بوونەتە هۆی ئەو کردەوانەی ناونرا (پرۆسەی

ئەنفال). پێویستە پێناسەی تاوانبارانو دەستنیشانکردنی لێپرسراوییەتی ئەوان لەڕووی هاوتابوونی لایەنە مەتریالیو ماکییەکانی تاوانەوە، پڕبەپێستو بەگوێرەی خودی تاوانەکانو بەوپێیەی سەرچاوەکانی بەرپرسیی سزایی دەریدەخەن دیاریکرێت. سەرئەنجام پاش ڕوونبوونەوەی هۆکارەکانی تاوانبارکردن دەبێت جۆری سزا بەپێی قەبارەی تاوانی گشتیەک لە تاوانباران دیاری بکەن.

ئەگەر کەرەستەو پرۆسەی گەڕان لەدووی هۆکارەکانی تاوانی ئەنفال هەندە ئاسان لێی بڕوانن، ئەوا وردو پوخت دەڵێم، پێناسەکردنی تاوانەکان لەقەوارەی ئەو وەڕووخستنانە دەترازێن کە دەزگاکانی لێکۆڵینەوە ئەنجامیانداون، چونکە سارێژبوونی ڕاستییەکان زۆر لەوانە پترن کە ئاشکرابوون. هەروەها لە چەپەڵی تاوانەکانو سووربوونی ئەوان لەسەر بەئەنجامگەیاندنی کارکە. بۆیە لەڕووی یاساوە تاوانەکانی ئەنفالو تاوانی گۆڕەی بەکۆمەڵ، بەتاوانی پاکتاوی ڕەگەزی دەژمێرێت. بەپێی یاسا، ئەو جۆرە تاوانەی دەبنەهۆی لەناوبردنی سەدەها هەزار کەس بە دەبڵتاوان دەژمێرێت.

فەیلەسووفی یاساناس ( KANT ) دەڵێت: (( **سزا تەنها هۆنییە بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گوایە بۆ پاراستنی کۆمەڵ لەتاوانکار، کەسانیتری پێ تیرۆرکەن نەبا ئەوان هەمان تاوان ئەنجامدەن، بەڵکو کارڕاپێکییەکی پێویستە بۆ وەدیهێنانی دادپەروەری پوختو دوور لەگشت بەرژەوەندیی تایبەت**)).

نابێت پرۆسەی سنووردانان بۆ یاساییبوونی تاوان و سزا بەپێی خواستو ئارەزووی ڕژێمبێت، بەڵکوو ئەوە پەیوەستە بە دەستەبەرکردنی ماف بۆ کۆمەڵو ئاسوودەکردنی ژیان لەناو کۆمەڵو پێداویستییەکانی بنەمای ئاکارو





داد. جا پەنا بەو بنەمایە، سزادانی تاوانبار گرنگتر نییە لەوەی بگەن بە سەرچاوەی ڕاستیو ئاشکراکردنو سەلماندنیان، هەرنەبێت بۆمێژوو. بۆئەوەیش کە ببێت بە وانەیەک بۆ مرۆڤایەتی تا کۆکبن لەسەر دەستەبەرکردنی ماف بۆ کۆمەڵانو وەدووکەوتنی تاوانکارانو گەیاندنیان بە سزاو دریژەدان بەتوێژینەوە لەمەڕ تاوان بەپێی ئەو وردەکارییانەی دەزگاکانی لێکۆڵینەوەو داد ئەنجامیانداوە، بەوپێیەی گونجاوبێت لەگەڵ ڕاستی ڕوداوەکانو ڕەوتی کاتیو مێژوویان، کە ئەوە بە بنەمایەکی گرنگ دەزانم پێویستە بخرێتە بەر توێژینەوەو هەڵسەنگاندن.

بەربەرکانێی ڕامیاری لەهزری ڕژێمی بەعسدا ئەوەبووە کە دەبێت نەیار بەشێوەی قەلاجۆکرندی گیانی لەناوچێت. وایشیانزانیوە بەفەرمی کردنی ئەو شێوازە ماوەی مانەوەی درێژدەکات، بۆیە نەیهێشتووە هیچ دەنگێکی دژ یان نەیار لەدەنگی ئەو بەرزتر یان هاوشانی بێت،و هەر لەو یەکهەم ڕۆژەوە کە بەکوودەتا خوێناوییەکەی هەشتی شوباتی 1963 دەسەڵاتی گرتەدەست، یەکەم هەنگاو کردنەوەی ئەو گرووخانەیەبوو کە دەیویست گرووخانەکانی تری پێ بخاتە گەڕ کەپاشان ناونران ((مقرات الحرس القومي))و کردی بە ئەزموونگەی درو نالەبار بۆ تۆڵە، پیادەکردنی تاوانی سیستیماتیکی، بناغەو ژێرخان بۆ دەوڵەتی ترسو باری نایاسایی، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەک تێیدا یاسا پێشێلو پشتگوێ بخرێت، سووکایەتی بەدادو دادگاو دابو نەریتی عیراقییان بەتایبەتیو مرۆڤو ڕەوشی مافو ژیانی ئەوو بوونەوەرەکانی تر بەشێوەیەکی گشتی. ئەوە خولێکی پڕمەترسیو درو دژوار بوو بەسەر عیراقییاندا هات. لەو قۆناغە مێژووییەی عیراقی سەردەمو لەئەنجامی گشت ئەو ئەشکەنجەو مەرگەساتەی هێنایان بەسەر میللەتی عیراقدا، هەمیشە یادی ئەو توندوتیژیو ئازارو تالاوە لەیاد ناچێت. ئەگەرچی ئەوەیش سەرەتا نەبوو بۆ

ئەو بانگەوازەی لەسەرجادەکان دەکرا بەشێوەیەکی هیستیریو بەرفراوان هانی تیرۆریان دەدا دژ بەهەریەکێک لەوانەی گومانیان لێدەکرا سەر بەلایەنەکانی چەپی عیراقبن‌و پاشان لەلایەنە نەتەوەییەکانی عیراقیش هەڵگەڕانەوە. هەروەها دواهەڵوێست ئەبوو بواری دادو دادوەرانیان بێدەسەڵاتکرد لەکۆڵینەوە لە تاواناکارییەکانی حەرەس قەومی‌و کەوتنە سڕکردنی یاساو سووکایەتی کردن بە لەشکرو دەوڵەتیان بەرەوپاش برد.

لەگشت بزوتنەوەیەکی ڕامیارییدا خاڵ هەن پێناسنامەی ئەو بزووتنەوەیە جیابکاتەوە لە بزووتنەوەی تر. بەڵام ئەوەی بارتی بەعسی پێ بەناوبانگبوو گومڕایی‌و حەزو ئارەزووی گەوجانەبوو بۆ تاوانکاری سیستێماتیکی، گوایە لەپێناو پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی عەرەب‌و ئامانجەکانی لە یەکێتی‌و سەربەستی‌و سۆشیالیستی لەژێر دروشم‌و پەیامە هەمیشەزیندووەکەی ئوممەی عەرەبی. ئەوەی بەوردی لێی ڕوانیبێت بۆی ڕوونبوەتەوە کە هەڵوێستی ئەوپارتەی بەکوودەتایەکی نایاسایی دەسەڵاتی گرتەدەست، بەڕادەیەکی دیار کۆمەڵێ لەسۆشیالیستی وگشت فەلسەفە ئابوورییەکان دوورخستەوە. هەروەها لەئازادی‌و ڕەوشی مرۆڤانەیی‌و دیموکراسییەت. تەنانەت وانەکانی پەروەردەیشی دژکرد بەهزری یەکانگیری‌و مافی مرۆڤ تا ئەوئاستەی بوونە هۆی لێکدابچڕانی ئوممەو بوو بەهۆ بۆ سووکایەتی کردن بە مرۆڤ‌و نرخو پایەیەی ئەوی پێویست‌و ئاسایی، تا ئەوڕادەیەی ژیانی مرۆڤی عیراقی گەیاندە ئاستی نشوست.

عیراقییان لەوە گەیشتبوون کە سیستێماتکردنی تاوانکاری و کردنی بەڕەوش دەبێتە هۆ بۆ لەناوبردنی نەیاران، بەکوشتن یان جۆریتر لەو شێوازە چەپەڵانەی هەرگیز بزووتنەوەی ڕامیاری خاوەن هۆش‌و ڕەوشت نایگرێتەبەر، تەنانەت ئەو بزوتنەوە ڕامیارییانەی کە بێپرۆگرامن‌و لە





نزمترین ئاست‌و پلەی ڕۆشنبیریدان، بەڵام ئەوە لەلای بەعس‌و دەسەڵاتدارانی ببوو بە ڕەوش، چونکە لە دیدی سەددامدا ئەوە باشترین ڕێگەبوو بۆ لەناوبردنی نەیارانی.

ڕەوش‌و هەڵوێستی ناڕەواو نەفرەتلێکراو لەهزری هیچیەک لە سەددامییان بەدوور نەبوو، ئەگەرچی لەنێو بازنگەی دەسەڵاتدا بووبن یان لە دەرەوەی. ئەزموونی عیراقی 1963 ـ 2003 نیشاندەری ڕاستییەکانی ئەو دیاردەیەن کە تائێستا عیراق لەبەری تاڵو کرچی ئەو هەڵوێست‌و ڕەوشە دەدوورێتەوە.

خۆهەڵناقورتێنین لەپرۆسەیەک کەناوبانگی زڕابێت، نەتەنها لەناو لایەنەکانی ڕامیاریی عیراقدا، بەڵکوو لەلای گشت هاووڵاتییانی عیراق. ئەویش بێگومان ڕەوشی پێشێکردنی مافی بەرانبەرە لەژیانی ڕامیاریدا. هەروەها ئەوەی کە ڕێگەیان نەداوە گەلی کوردستانی عیراق ببێتە خاوەن مافی ڕەوا. ئەو ماوەیەیش کەم نەبوو کە تەنها بیری شوڤێنزمی‌و سەردەستەیی نەتەوەیی خۆییان تێدا بڵاودەکردەوە. چەندینجار بەعس بەکودەتا لەلایەنەکانی هاوپەیمانی خۆی هەڵگەڕایەوەو هەردەم پاشگەزبوەتەوە لەبەڵێن‌و هاوپەیمانە کاتی‌و ستراتیجییەکانی دەیبەستن لەگەڵ پارت‌و ڕژێمانی تر، تەنانەت لەگەڵ ئەوانەیش بۆی ببوونە پردو دەروازە، هاوبەش‌و هاوپەیمان. زۆر ڕووداوی مێژوویی ئەوە دەسەلمێنن کە بەعسی سەددامی توانای پابەندبوونی نەبووە بەهیچ بەڵێن‌و پەیمانێکەوە.

ڕژێمی سەددام بێهوودە خولیای دیتنەوەی ڕێچکەیەکی یاسایی‌و دادوەرانە بوو تا بیکاتە پاڵپشت بۆ ئەو کوشتارە بێهوودەیەی لەعیراقدا دەیگێڕا، بەڵام ڕێگەچارەی بۆ نەبوو، بۆیە کەوتە دامەزرانی ئەو دادگا پووچەڵانەی هەرگیز فریان بەسەر دادو ڕەوشی دادوەریی عیراق‌و

مافپەیڕەوییەوە نەبوو. کاتێکیش ئەو دەزگا کارتۆنییانە نەیانتوانیوە ڕەوشێک بدۆزنەوە بۆ پیادەکردنی تاوانکارییە سیستێماتیکییەکەی، ترسنۆکانە لەدەرەوەی ئەو بازنگەیە پەنایان برد بۆ هێزو کەوتنە جۆرەها شێوەی کوشت‌وبڕو زەبری بێبەرانبەر. بەوجۆرە کەوتنە وێزەی هاووڵاتییانی عیراق لەعەرەب، کورد، تورکمان، کلدانیو ئاشوری.

ڕژێمی سەددام نەیارانی ڕامیاری لەسێدارە دەدا بەوگومانەی ئەگەر لەئایندەدا یەکبگرن لەوانەیە پارتی دژ پێکوە بنێن، یان وەک دژ بۆی دەبنە کۆسپ، یانیش دەبنە ڕەخنەگر لەدەسەڵات‌و پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕەوتە خێڵەکییەکەی ڕژێم کە پێکهاتبوو لە دەسەڵاتی بەکر ـ سەددام‌و تاخمەکەی عۆجەبوو، کە بەکوودەتایەکی لەشکری گرتیانە دەست، بەڵام دوو حەفتەی نەبرد لەپێشەواو هاوپەیمانی پێشوویان هەڵگەڕانەوەو هەر لەو سەرەتایەوە خۆیان دەسەڵاتیان گرتەدەست[7]،و لە حەوشەی "قصر النهاية" دادگایەکیان بەسەرۆکایەتی تاها جەزراوی پێکەوەنا، تێیدا زۆر بەشڵەژاوی‌و خێرا عیراقییانی بێتاوانی سەردەبڕی، ئەویش لەخۆیدا نیشانەیە بۆ گومڕایی مرۆڤ‌و ئەو خووە شەڕانگیزەی لەناخی خۆی‌و ئەوانەدا هەبوو کە ئەو تواناو دەسەڵاتە تاوانئامێزەیان پێسپاردن. ئەوە لەخۆیدا نیشانەی مێشکپووچی‌و

[7] لەڕۆژی 17/ 7/ 1968دا ژمارەیەک ئەفسەر لە نەتەوەییانی عەرەبی (ناسری) ناو لەشکری عیراق بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم الداوود / سەرلەشکری گاردی کۆماری، لەگەڵ عەبدولڕەزاق النایف / بەڕێوەبەری گشتی دەزگای زانیارگری لەشکر، بە هاوکاری ئەو بەعسییانە کوودەتایەکییان ڕێکخست‌و دەسەڵاتەکەی عەبدولڕەحمان عارف‌یان هەڵتەکان. پاشان لەڕۆژی 30/ 7/ 1968دا بەعسییەکان بە سەرۆکایەتی بەکرو سەددام لە هاوپەیمانەکانیان هەڵگەڕانەوەو بەعس بوو بە پارتی سەرکردەو تاکڕەو لەعیراق. ـ وەرگێڕ





لاوازییە کە مرۆڤ نەتوانێت بێ کوشتارو خوێنڕێژی دەسەڵات بسەپێنێت. وەکتریش ناوبانگییان بەوەدەرکردبوو کە سەرشۆڕ وکلکلەقێن‌و کڕنووشبەرن بۆ خودی دیکتاتۆر.

سەردەمێک ڕژێمی سەددام ناوبانگی ((نازم گزار))ی زڕاند وەک کەسێکی تۆقێنەر لەبواری ئەشکەنجەو ئەو جۆرە دڵڕەقییەی لەڕادەو توانای مرۆڤ‌و دیدی مرۆڤایەتی بەدەرە. لەنێو عیراقییاندا دەنگیدایەوە کە ئەو بەهەڕەی ئەلەتریکی مرۆڤ دەبڕێتەوە یان دەیانخاتە بەر تەزووی ئەلەتریکی یانیش لەنێو دەزگای هەنجاندن یان تواندنەوە بە ئەسید نەیاران دەکوژێت. یانیش پانکردنەوە بە گوشەری ئاسن لەناویان دەبات. زۆر شێوەو کەرەستەی تریان بەکار دەهات لەبری شێوازی لێکۆڵینەوەی ڕامیاری. پاشان پرۆسەکە هەندە پەرەیسەند تا بگاتە بەکارهێنانی کەرەستەی زانستی‌و کوشتنی نەیاران بە ژەهری کوشندە بۆ ئەوەی پاش ماوەیەکی کورت‌و ناڕاستەوخۆ لەناوچن، جا (قصر النهاية)، موخابەرات، ئەمنی عامە، دەزگای ئەشکەنجەخانە تایبەتییەکانی زانیارگری‌و سیخوڕخانە تایبەتەکان لەعیراقدا ناوبانگیان دەرکردبوو بەوەی مەڵبەندن بۆ تۆقاندو ڕێگان بەرەو مەرگ. بەوە ترس‌و لەرزیان دەخستە دڵو دەروونی میللەت کە ئەگەر یەکێک بکەوێتە نێو ئەوانە چیتر دەرچوونی نابێت، مەگەر بەڕێکەوت.

ئەوەی بیەوێت لەو هەڵوێستانە بکۆڵێتەوە کە بەعس ودەسەڵاتدارانی لەنێوان 1963 ـ 1968دا بوویان دژ بەو شۆڕشەی گەلی کورد کە لەئەیلوولی ساڵی 1961دا بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی هەڵگیرسا، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ئەویش وەک ڕژێمەکانی پێشوو نەیستووە دان بەسادەترین مافی کورددا بنێت،و بێ ئاشکراکردنی مەبەست ئەو ڕژێمەیش هزرو پەندێری وەلاناوەو بەمەبەستی تێکدانی ئەو شۆڕشە ولەناوبردنی

سەرانی پەنای دەبرد بۆ جۆرەها بیری چەوتو لەوپێناوەدا جۆرەها پلانی دادەناو تویژینەوەی بۆ پلانەکانی خۆی دەکرد وایدەزانی دەتوانێت بەو مێشکە پڕتاوانەو شێوازی سیخوڕیو موخابەراتییەی گەلی کوردستان لەسەرکردایەتییەکەی دابڕێت. هەروەها دەتوانێت بە نەخشەو پلانەکانی دووبەرەکی بخاتە ناو ریزکانی میللەتی کورد، ئەوجا لەناودانی سەرکردەکانی بۆ دەرەخسێت. ئەوەبوو چەندین جاشو سەرەکخێڵی بێفڕی کوردی کڕی، بەڵام کەزانی ڕەنجی بێبەرە، بەئاشکراو بەجۆرێکی شۆڤێنییانەی زۆر زەقو ترسناک کەوتە هەڵوێستی دوژمنکاری دژ بەو گەلەو لێی کردن بەجەنگێکی بەربڵاوو تراجیدیای لەشکرێکی دڕ. داخوازییە میللییەکانو مافە ڕەواکانی کوردی بە نابەجێ ناودەبردو کۆمەڵگەی کوردیی بەوە تاوانبار دەکرد کە گومڕاو جوداخوازن، لەڕەوتی نیشتیمانی یاخینو نۆکەری دەرەکییانن. پاشان هێرشی کردنەسەرو زۆر هێزی عەرەبی وەک ئەو کوێرشۆڤێنیو هاوبیرانەی لەزۆربەی لەشکرکێشییەکانیدا پشتیان گرت. لەهەمان ئەو کاتی لەشکرکێشییانەدا هێرشی پڕوپاگەندەیی شۆڤینییانەی بەرفراوانییشی پیادە دەکرد خواستو ئارەزووە تایبەتەکانی گەلی کوردی بە ناجۆر دەردەخست. بەڵام ئەوکاتەی بلێسەو گڕی شۆڕش پلانەکانی ڕژێمی پووچەڵ کردەوە، بەعس بە کوودەتاکەی عەبدوالسەلام عارفی هاوپەیمانی لە 18 تشرینی یەکی 1963دا شاخی شکاو پووکایەوە. بەڵام وەنەبێت ڕژێمی نوێ سوودی لەبەدئەنجامییە وەرگرتبێت لەوانەکانی ئەزموونی دژایەتیو گرفتی مافی نەتەوایەتیو ئەو سووکایەتییانەی دەکرا بەمافی مرۆڤو پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، ئەمێش هەمان ڕەوشی کوشتوبڕو تاوانکاری زاڵ بوو بەسەر هزرو دیدو ڕەوتی ڕامیاریی چەوتیدا. لەلای ئەمیش وەک پێشینیانی، پێشێلکردنی مافي كورد هەڵوێستی گیرو نەگۆڕ بوو، چونکە مێشکی بەردین هەرگیز لەپرۆسەی چارەنووسو مافی گەلان ناگات.





کە لەتەمووزی 1968دا دووبارە بەعس دەسەڵاتی گرتەوە دەست، هێستا خووەکەی جاران لەمێشکیدا مابوو، بڵام لەبەر ئەوپەڕی لاوازی دەسەڵات ناچار وەک چارەسەرێکی کاتی نەرم لەکورد هاتە پێشە، بەڵام خەنجەرێکی لەپشت قنگیدا شاردبووەوە. دەیویست چۆک بە سەرانی کورد دابدات، چونکە ئەو خووەی لەمێشکی نەخۆشی ئەودا قەتیسبوو هەر هانی ئەوەی دەدا لەکورد هەڵگەڕێتەوەو بەوپەڕی دڕندەییەوە بەگژیدا بچێت، چونکە ئەو وەیدەزانی دەتوانێت بەزەبر ئاواتەکانییان خەفە بکاتو دەستبەرداری مافە ڕەواکانی خۆنیانیان بکات.

ڕژێمی بەعس هەلی ئەو ماوە ئاشتییەی قۆستەوە کەگوایە لەئازاری 1970دا مافی ئۆتۆمۆمی داوە بەکورد. تەنانەت لەوماوەیەیشدا دەستی لەتاوانکاری هەڵنەگرت، چی بەنهێنی بوو یان بەئاشکرا پەنای دەبرد بۆ بەڵگەی نایاسایی تا بزووتنەوی کوردی پێ لەناوداتو زۆر لەسەرانو ڕۆڵە بێتاوانەکانی لەناو بەرێت. لەبنەوە دەزگا داپڵۆسێنەرو سیخوڕخانەکانی کردبووە دەزگای نەخشەو پلاندانان بۆ ئەو تاوانکارییە چەپەڵانەی پاشان لەتراجیدیای ئەنفالدا ئەنجامیاندا.

کاتێک ڕژێم لەپاش ماوەیەک پشوو دەسەڵاتی گرتەوە بەسەر باری ناوخۆدا، کەوتە دان جیرکردنەوەو دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی، بەڵام پاشان دەرکەوت کە ئەو نیازە لێڵو بێئەمەکییەی لەمەڕ پرۆسەی ئۆتۆنۆمی کە داینابوو لەکاتی پێویستدا بۆی ببێتە داردەستو چاوپۆشی مێدیایی، بەپێچەوانەوە بۆی بووە نیشانەی بێباوەڕی بەگشت مافێکی دەستووری بۆ گەلی کورد لەعیراق. ئەو وایدەزانی دەتوانێت بە بەکارهێنانی ناسناوی ئۆتۆنۆمی، شۆڕشەکەی کورد لغاوکاتو وەک کارەکتەرێکی شانۆیی پووچو کەرەستەی مێدیاییو ریکلام، چەشنی ئەوانی پێش خۆی، لەزۆر بۆنەو

باری نیشتیمانیدا بەکاریانهێناوە تا سەرانی کورد ناچارکەن ملکەچی ئەوبارەبن، یان بەهەندێک لەو پلەوپایە پێپێزانە لەخشتەیان بەرن کە ڕژێم پێیانی دەبەخشێت، چونکە ئەوەی لەکەللەی پووچی ئەودا نەبوویێت ئەوەبووە کە گەلی کوردو سەرکردەو ناودارانی لەئامانجی پیرۆزو مافی ڕەوای گەلی کورددا یەکبیرن.

کە بۆیدەرکەوت کورد دەستبەرداری تێکۆشان نابن‌و هەرگیز لە نوێکردنەوەی خواستی مافە ڕەواکانی خۆیان بێزار نابن‌و سوورن لەسەر وەدەستهێنانی ماف‌و هەر ئامادەن بەرەنگاری ئەو ڕژێمە شۆڤێنییە ببێتەوە ئەگەرچی قوربانی زۆرو بەنرخ دەدەن لەپێناویدا ئەومافە مرۆڤانەییە کە پەسەندی ڕەوش‌و یاسای نێونەتەوەیی‌و مرۆڤایەتییە، ڕژێم پەنایبردە بەر پلانرێژی چەپەڵ‌و پێکهێنانی چەندین هێزی جاش‌و کرینی ویژدانی هەندێک کوردی ئەڵچاخی خۆفرۆش، بەونیازەی بتوانێت بەکردەوەی بێپێز چاویان کوێرکات‌و شۆڕشە چەکدارییەکەیان لێ تێکدات، بۆیە لەکاتی پێویستدا بۆ ناساندنی گەلی کورد خۆفرۆشەکانی دەهێنایەڕوو تا ئەوە بگەیێنن کە کورد لەکوردستانی عیراقدا خاوەنی گشت جورە مافێکن.

بەبۆنەی ئەو هەڵوێستی گوێنەدانەی جیهانییان‌و عەرەبەکان هەیانبوو بەرانبەر بە کردەوەکانی سەددام،و بەبۆنەی ئەو بێدەنگییە سامناکەی وڵاتان بوویان بەرانبەر بەو بزووتنەوانەی بارودۆخی تایبەتی خۆیی‌و بابەتی تەنگی پێ هەڵچنیون‌و ئەو هەڵوێستە شەرمئانگیزەی ڕژێمەکەی دیکتاتۆر پەیڕەوی دەکر لەو سەردەمەی سەددام لەپلەی بریکاری بەکری گۆڕبەگۆڕدا بوو،و ڕۆڵی باڵای تێدا دەبینی، هەر ئەوبوو ڕێکەوتننامە شەرمانگیزەکەی جەزایری لەگەڵ شای ئێران (1975) مۆرکرد. لەوێدا سەددام چاوی لەزۆر مافی سەروەری‌و نیشتیمانیی عیراق پۆشی بەرانبەر بەوەی شا یارمەتی بدات بۆ





لەناوبردنی شۆڕشە چەکدارییەکەی کورد لەعیراق. ئەوەبوو لەساڵی 1975دا لایەنی چەکدارانی کورد دووچاری نیسکۆ بوو. ئەوجا ڕژێم کەوتەوە کوشتکارو قەلاچۆکردن‌و بەجۆرەها شێوە سووکایەتیکردن بەگەلی کورد، چی بەگرتن یان ئاوارەکردن، لەکار دەرکردن، لەئۆردوگاو سەربازگەکاندا بەندکردن، بەکۆمەڵ لەسێداردان، لەوڵات دەرکردن‌و هەڵقۆستنەوە تا بە چەپەڵترین شێواز لەو جۆرە بارودۆخەدا ئاشکرا ڕق‌و کینەی خۆی دژ بەوان پیادە بکات.

هەر لەڕۆژانی سەرەتای نیسکۆوە، ڕژێمی سەددام کەوتە دارشتنی نەخشەو پلانی سیستێماتیکی بۆ گۆڕینی پێناسەی کورد،و بەڕەوشێکی فرەڕوویەوە گوشاری خستنە سەر تا پێناسەی نەتەوەیی خۆ بگۆڕن، بۆیە کەوتە گواستنەوەی گوندەکانی نزیک بەسنورو ئەو گوندانەی لەوە دەترسا بۆی ببنە مایەی نیگەرانی. هەروەک بەمەبەستی دابڕێت چەکداری کورد لەو شوێنانە ی لەوانەیە بۆیان ببێنە مەڵبەندو داڵدە،و لەبری ئەوان هاووڵاتیی عەرەبی دەهێنانە شوێن‌و سەرپشکی دەکردن بۆ ئەو شوێنانەی دەخوازن تێیدا نیشتەجێبن لەکوردستان. دیارە ئەوی‌ش بەمەبەستی نیشتەجێکردنی نەتەوەیەکە لەشوێنی نەتەوەیەکی تر، تا هەرێمەکەیان لێبکاتە بازنگەیەکی ئاسایشی‌و پڕی بکات لەبنکەی زانیارگری‌و زانیاردەری‌و سیخوڕخانەو بارەگای پارتەکانی سەربەخۆی تا بنەهۆی تۆقاندنی دانیشتووان‌و بەرپاکردنی ترس‌و لەرزو نائاسایشی لەنێویاندا.

لەنێو ژوورو هۆڵەکانی ئەو دەزگایانەیشدا ڕژێم قورسترین‌و دڕندەترین شێوە ئەشکەنجەی دژەمرۆڤی بەکار دەهێنا، تا ئەوئاستەی لەنێو کۆشکە سامناکەکانەدا بار بگاتە ئەوەی بێ لێکۆڵینەوەو فرمانی دادگا ژیان لەمرۆڤ

ببرِنو تەرمکانیان سەرنوگوم بکەنو پاشان قوربانییەکان لەگۆڕی بەکۆمەڵی ئەوتۆدا دەشاردەوە هەندێکییان تائێستایش نەدۆزراونەتەوە.

کورد بەوە نەدامرکان، نە لەخواستی مرۆڤانەیی ڕەوای خۆ پاشگەز بوونەوە، بۆیە ڕژێم کۆششەکانی درِو چرِتر کردو کەوتە دیلکردنی خێزانی پێشمەرگەو دوورخستنەوەیان بۆ بیابانە چۆڵەکانی عیراقو بەجۆرەها شێوەی دوور لە ساناترین مافەکانی مرۆڤ ژیانی لەو کۆمەلە کرد بە دۆزەخو زۆربەی زۆری لێ نیشتەجێ کردن لەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی لەگرتووخانەی سەربازی دەچوونو بە پێچەوانەی پرۆتۆکۆلو یاسا نێونەتەوەییەکان. تاوانکاریی قورسو درِی ئەوتۆیان دژ بەکاردەهێنان بەپێی یاساگەلێک مایەی ئەوەیە سزای تاوانی پاکتاوی بەکۆمەڵو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتییان بەسەردا بسەپێت، وەک، بەزۆر گواستنەوەو دوورخستەوەی مرۆڤ لەزێدی خۆی یان فشار خستنەسەر کۆمەڵێکی سیڤیلو سەپاندنی باری ژیانی ئەوتۆ ببێتە هۆی لەناوچوونیان، لەوانە ئابلۆوقەی خۆراکو دەرمان خستنەسەر، بەزۆر گواستنەوەی سیڤیل لەشوێنی ئاسایی ژیان، بەپێچەوانەی یاسا نێونەتەوەییەکانو بێهۆ لەکار دەرکردنو جۆرەها بابەتی ستەمی ترو بەزۆرو پرِمەبەست بێبەشکردنیان لەوجۆرە مافانەی یاسای نێونەتەوەیی ڕەوایکردووە بۆ هۆبەو کۆمەڵان.

پرۆسەی بەدواچوونی کێشە ئاسایشیەکانی کوردستان خرایە ژێر دەسەڵاتی ناوەندگەلێک وەنەبێت تەنها بریتی بووبێت لە بنکەی سیخورِیو ناوەندەکانی ژیان لەبەبرِەکانی تری لەو بابەتە، بەڵکوو چەندەها دەزگای لەوان باڵاتریان لەژێرناوی کۆمیتەی کاروباری باکووردا دامەزران. ئەوجا دیکتاتۆر گشت دەسەڵاتە یاساییو شکۆییەکانی دەوڵەتو پارتەکەیشی بەخشی بە عەلی حەسەن ئەلمەجیدی ئامۆزای، کەپاشان ناونرا "عەلی





کیمیاوی" و کردی بە فەرماندەی لەشکریی سەرپشکو شای خاوەن تاجی بکوژو ببرِ بەسەر کشت هەرێمی کوردستاندا.

لەڕاستیدا سەددامو ڕژێمەکەی پێشتر نەخشەی بۆ کۆمەڵکوژی نەتەوەی کوردیان کێشابوو، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی عیراق ـ ئێران بوو بەکۆسب لەرِێی ئەنجامدانی، چونکە ئەوسا ڕژێم ناچاربوو هێزەکانی ئامادە بکاتەوە بۆ بەرەنگاریو هێرشی تر. خاڵی گرنگ لەلای ئەو ئەوەبوو هێزی لەشکرو یەکەکانی پاڵپشتی ئەوان ئامادەکاتەوە بۆ جەنگێکی پرِستەم، بەڵام کاتێک سەرکردایەتی ڕژێمی شۆڤێنی لەناوچوو زانی دەتوانێت بەوهێزەوە درێژە بەجەنگ بدات، وەرچەرخایەوە بۆئەوی ژیان بخاتەوە بەر پلانە سرِکراوەکانی تا لەرِێی تاوانەوە تۆڵە لەکۆمەڵگەی کوردی بکاتەوەو هزری پرِلەقینو شۆڤێنیستانەیی خۆیانی لێبخەنە گەرِ، بۆیە لەوپێناوەدا سەددام ویستی سوود لەسوورەتەکانی قورئانی پیرۆز وەرگرێت تا بەدکارییەکانی خۆی پێ داپۆشێت، بۆیە ئەو تاوانکارییە سیستێماتیکییەو جینۆسایدەکەی دژ بەکوردی لکاند بەناوی ئەنفالەوە.

دیارە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو لەهەڵبژاردنی ئایەتی قورئان (الأنفال) بۆ ئەوەبوو تاوانی کۆمەڵکوژییەکانی لەئەستۆی خۆی لاباتو بیکات بە شێوەیەک لەشێوەکانی خواستی خودایی تابتوانێت تەنو گشت جۆرە زیندەوەرانی ئەو دەڤەرەی چالاکییەکان دەیگرنەوە قەلاچۆ بکات. ئەگەرچی هەڵبژاردنی ئەو ناوە شتێکی نامۆیە، بەڵام سووربوونی زۆردار لە بەکارهێنانی ئایەتی قورئان بۆ ئەوەبوو ئاینی پیرۆز بکاتە پەردە بۆ پۆشینی ڕووی ڕاستی ڕەوتی ئەو تراژیدیایەی تاخمە سیخورِیو لەشکرییەکانی دەیانگێرِا بۆ قەلاچۆکردنی کورد، جا ئەو هەڵوێستە شێوە لێکچوونێکمان بۆ دەردەخات لەنێوان زۆردار کە ویستوویەتی جۆرەمافێکی خوداوەندی ببەخشێت بەخۆ،

کەهەرگیز بۆ مرۆڤ نییەو ئەو ئارەزووەی لەمێشکی دیکتاتۆردا هەبو بۆ قەلاچۆکاری.

پرۆسەکە ئەو گۆڕانکارییەمان دێنێتەوە یاد کە لەودواییانەدا هێنایان بەسەر یاسای سەپاندنی عیراقیدا کە دیکتاتۆر وشەی پرشکۆی ( الله )ی لەسوێندا لابرد بەوە سوێنیان لەناوبردنی خودا ڕەهاکرد، دیارە ئەوەیش ڕێخۆشکەربوو بۆ سڕینەوەی ناوی خودا لە سوێنو دانانی ناوی خودی زۆردار لەبری ئەو تا بەهۆی ئەو سوێنەوە خۆی وەک خودایەکی سەرزەمین نیشان بدات.

وەنەبێت ئەنفال هەر ئەو پرۆسەی قەلاچۆکردنو کۆکوژییە بەرفراوانە بووبێت کە لەعیراقدا بەسەر گەلی کوردیاندا هێنا، بەڵکو تالآنی کالآو بەروبوومەکانیشیانی گرتەوە کە ببوونە پاشکۆی کێبرکێی کوشتوبڕەکانی پاش تاژ دابەشیان دەکرد، سەرئەنجام گشت کوردی گرتەوە، چونکە ڕەوش ئەوەبوو کە کالآی کوژراوان ڕەوایە بە کوژەرو ڕەهایە بۆ هێرشبەری براوە. بەڵام ئەو ڕەهاو ڕەوابوونە ئەگەرچی لەشێوەی سەرزارەکی یان پەندێریشدا بووبێت، نە بەهۆی دەقی پیرۆزەوەیە نە بەپێی فرمانی دادو یاسا ڕشتیاری، بەڵکو ئەوە خواستو ئارەزووی دیکتاتۆر سەددام بووە کە خاکو بووەو ئابرو، تەنانەت گیانیشیانی بۆ کوژەران ڕەوا کردبووە.

بەو بڕیارە کە لەمێشکە نەخۆشەکەی دیکتاتۆردا ڕوابوو، وەیدەزانی، یان دڵی خۆی بەوە خۆشکردبوو کە گوایە دەتوانێت بەرەبەرە کوردی کوردستانی عیراق لەناودات، بۆیە فەرمانیدات بە عەلی حەسەن المجیدی یاوەری بۆ بوون بە فەرماندەی ڕەها بەسەر هەرێمەکەدا تا ئارەزووە نەخۆشو شێتانەکەی بۆ بەدی بهێنێت، ئەوەبوو هەزاران مرۆڤی سیڤیلی بێتاوانی پێ لەناوبرد، هەر لەبەرئەوەی کوردن.





ئەوەیشمان لەلا سەیرنەبێت کە سەددام سووربوو لەسەر ئەوەی مرۆڤ بەگوللە یان لەسێدارەدان نەکوژرێت، چونکە خۆیو ئامۆزاکەی چێژیان لەوە وەردەگرت کە بەکۆمەڵ لەوگۆڕانەدا زیندبەچاڵ بکرێن کە شوفێری ماشینە زەویدڕەکان (شۆفڵ) یان کەرەستەو وزەی ئەدازیارانی لەشکرو دەزگاکانی تر هەڵیدەدڕینو ئەوانیان تێ فڕێدەداو خۆڵەکەیان بەسەردا دەکردنەوە تا لەو شەوەزەنگە تارەدا گیان بسپێرن. ئەوان پتر چێژیان لە گریانو هاواری ئەوانە وەردەگرت کە ئازارو فرمێسکییان تێکەڵ بەو خاکە دەبوو کە دەمی پڕ دەکردنو هەناسەی لێدەبڕین.



نای کەشوورەییە مرۆڤ چێژ لەمدیمەنە وەرگرێت !!!؟؟؟

لەلایەکی ترەوە زۆرجار هاوارو گریانی ژنو منداڵ بەوە کپکراوە کە یاساوڵو سیخوڕە تایبەتەکان گشت قوربانییانیان بەچاو بەستراویو دەست لەپشتەوە بەستراو بەتفەنگی ڕیز گوللەباران دەکران، چونکە لەلای ئەوان

ئاسانو لەبارترین ڕێگە بۆ لەناوبردنی زۆرترین ژمارە لەگەلی کورد ئەوەبووە هەر لەشوێنی خۆیان داپۆشرێن.

لەوانەیە ئەوان وا تێگەیشتبن کە لەئاسماندا داد نەماوە، یان ئەوتۆیان بۆ لواوە کە هیچ هێزو دەسەلاتێک سەرووی دەسەلاتی ئەوان نییە، بەلام لەڕاستیدا ئاسمان چاودێرەو خودای مەزنو پڕشکۆیش ماوەدەرە نەک بشتگوێخەر. کردەوەی ئەو درندانە زەوی هێنابووە لەرزو دەینالان لەبەر ئەو کارەی کوژەران لەژێر تاریکی شەوەزەنگو پەردەی ئایەتی قورئاندا بەدەم قاقای بەرزی پێکەنینی شێتانەو شادی سەرلێوی ئەوانەی ئەنجامیان دەدا هەرگیز لەڕەوانیاندا ویژدانی پیاوەتی یان مرۆیی نەڕواوە. ئەوەی لەواندابوو ویژدانی درندەی کێویو ئەوپەڕی هاریی سەگ بوو کە وەک بەرگەپێست لەبەریان کردبێت.

زۆرن ئەوانەی ویژدان وەلادەنێن تا ئەوئاستەی کارێک ئەنجام دەدەن ئەوجا بێویژدان دەمێننەوە چونکە شوورەییو شەرمەزارىو تارمایی قوربانییەکانیان بالّ بەسەر هزری بۆگەنی ئەواندا دەکێشێتو دیاردەی پیاوەتیو مەردایەتییان لێ دادەمالّێت چیتر هەست بە پیاوەتیو مرۆڤبوونی خۆ ناکەن، بۆیە لەشی گشت یەکیک لەوان لە بتێکی بۆشو بەتالّ بەوەلاوە هیچیتر نین. لەمێشکی هیچیان لەو وشەیە بەولاوە نییە کە دەلّێت بکوژە بکوژە!! و بۆ دامرکانی تینوێتیو هەناسەی ساردی خۆیان هەر چاو دەبڕنە خوێنڕێژی، بۆیە بە خوو ڕەوشی مرۆڤانەیی لێدامالّراوەوە نێچیرەکانیان بە چەند گوللەیەک دەکوشتو لەشەکانیان بەسەریەکدا لەناو چالّێک کۆ دەکردەوە تا بەشۆقلّو ماشینەکانی لەشکر داپۆشرێن، کە منداڵێکی ساوایش بۆ مەمکی دایکی دەگەڕا هەندێک لەیاساولانی تایبەت بەگوللە ناودەمیان پڕ





لەخوێنو مەرگو بێدەنگی هەتاهەتایی دەکرد، نەک لەبەر ئەوەی تاوانێکی کردبێت، بەلّکو تەنها بۆ ئەوە بووە کە ئەو کوردە.

ئەوەبوو ئەنفال! ئەنفال.. گشتلایەکی ئەو دەڤەرەی گرتووەتەوە، وێرای تاوانی بێوچان، تاوانی سیستێماتیکی، لەچالّانو شیمیاباران، کاروانی مرۆڤ ملی ڕێیان گرتووە بێ بۆلەو بەرگری، سووکو ئاسان ڕوویان لە مەرگ کردووە. بەوە مرۆڤایەتی لە بێدەنگییەکی سەرسامدا بە کوشتنی هەزاران کەس لاپەڕەیەکی تری تەلّخ بۆ مێژووی خۆی تۆمار دەکات.

ئای! لەو تفەنگانەی ڕیز لەجۆری کلاشنیکۆفی رووسی چۆن سنگیان دەپێکاو ملو کەللەسەری کوندەکردو بەلای ڕاست یان چەپدا شۆڕی دەکردنەوەو تێکەلّو پێکەلّ بەسەریەکدا خەوی لێدەخستن بێلەوەی ڕوویان لەو قیبلەیە بکەن کە دەبێت مردووی موسولّمانان ڕووی لێ بکەن، بۆیە ئەوەی لەمردنی گیاندارانی تر نەجێت تەنها ئەو مردنە کوردییەبوو کە لەچەرخی ئەنفالدا ڕوویداوە.

ئای بۆ پاقژی ئەوخاکەی لەشگەلێکی لەخۆگرت کە نە کوژەری خۆیان ناسیوە نەزانیویانە بۆچی دەمرن... ئای بۆ ئەو چرکە بێدەنگییەی سەرسامی دەخستە بری نکەو هاوارو فرمێسکی کپ دەکرا بە نەڕەی ماشێنو خاکدڕو شۆقلّەکانی خاکیان بەسەردا دەکردن. کات لەلای ئەوان گرنگ نەبوو ئەگەر شەو بووبێت یان ڕۆژ، جونکە مردن هەر یەکە، چیتر ئەوان ناتوانن گوێ ڕادێرن بۆ ئەو بانگەی دەلّێت: أن لاإله الاالله وإن محمداً رسول الله، چونکە نەیانتوانیوە تەنانەت بەورتەی نزمیش شایەتمانو بیسم الله بلّێن، یان گوێبیستی ئەو وتارەی ڕۆژی هەینی بن کە ملای مزگەوت سوورن لەسەر خوێندنەوەی ئەگەرچی گشت تاوانکارییەکانیش لەژێر ناوی ئەنفالدا بووە.. ئاخ لە ئەنفال!

نە خودا دەستی گۆج کردن! نە ئارەزووی براندنەوەی ئەو کوردکوژییە ڕۆژانەیەی بوو! نە ڕووی کوژەرانی ڕەش کرد! نە موعجیزەیش ڕوویدا! لەوکاتانەدا کە ماشینە زەبەلاحەکان لەشی ئەو منداڵە ساوایانەی دادەپۆشی کە پاش مردنی دایکان لەپاڵەوە دەمیان دەگێرا بۆئەوەی بەر لەشێک بکەوێت لێویانی پێ تەرکەن بەوبڕوایەی بۆیان دەبێتە سەرچاوەی شیر، بەڵام بەهەمان ئەو گوللانەی مەمکی دایکی کون دەکر خۆڵیان بۆ دەکردنە پاروو،و گشت بوونەوەرانی تریشیان لێ دەکردن بە سەنگی ڕەقوشک. کوژراو کوردەو کوژەر عەرەب. ئەوەیە هاوژیانی ڕاستەقینە کە هەمیشە دەقە دەستوورییەکانی عیراقی ڕۆژانی پێش جاریان بۆدەدا، ئەگەرچی کاتی بووبن یان هەمیشیی.

ئەو تۆپبارانەی بەگازی دەمارگیری لەچالاکییەکانی بالیسانو شێخوەسانانو شاخەکانی ئەو دەڤەرە کردیان، ڕژێم تەنها بە سەرەتای بێچێژی ژمارد، جونکە ئەنجامی مردنەکان بەو گازە شیمیاییەی نیسانی 1987 بەدڵی سەرکردەی دانسقە نەبوو، بۆیە بڕیاریدا چی زیندەوەر لەوێدا ماوە دەستگیر بکرێن. بۆ بەدیهێنانی ئارەزووی ئەو گشت زیندەوەرەکانیان بێجیاوازی تێدا ڕاماڵی، چونکە هەر خۆی بوو دەسەڵات، سەرکردەی دانسقە، عروبەو دادو گوللـەی سنگبڕ.

بەڵام ئەو ئەنفالەی تامەزرۆی ئەنجامدانیبوونو بوو بە یەکێک لەدوا تاوانکارییە شەرمانگیزە قورسەکانی سەردەم. نە پێنووسێکی عەرەب ئاماژەی پێکرد، نە فلیمی سینەمایی عەرەبو کۆمپانیاکانی هۆلیوود سوودیان لێبینی. نەویژدانی عەرەبانیش بۆی بزوا یان تاکە یەک سات خەو لەچاویان زڕا. نەشکۆی عەرەب کڕنووشی برد یان سەری نەوازشی نەوی کرد بۆ لەشی منداڵەکان تا لێبوردنیان لێ بخوازێت.





کوردستان دەستنوێژی دەگرت بەخوێنی ئەو کیژ، منداڵ، گەنج، پیرەمێردو پیرێژنەی چاوبەستراوو لەپشتەوە بە پشتوێنی خۆ دەستبەستراو یان بەجلی شڕی خۆیان. دیارە مەبەست ئەوەبوو بەو گوللانەی سنگی دەبێکان لەکوردستانی عیراقیان دابڕن، بەڵام ئەوان دەمیان دادەچەقان تا پڕبێت لەو خاکەو دیکتاتۆریش بیانبینێت چۆن خاکەکەیان ئەوان لەئامێز دەگرێت. ئەوکات کوژەر بێئاگابوو لەوەی کوژراو خاکی کوردستان دەکەن بەسەرینو نرخ هەرچێبێت ئەوان بەورەیەکی کوردانەوە سوورن لەسەر بەیوەست بوون بەو خاکە. بۆیە دەروونیان تێکەڵ بەخاکی کوردستان کردو ئەو زەوییەیان بەخۆێن ئاوداو خۆیان کرد بەشێک لەگوڵستانو بەهارەکەی.

وا خوێن چاڵەکان پڕدەکاتو ئەو خاکە پاقژە پاقژتر دەکات، ویژدان لە مەرگەساتدا دەچەقێتو هاوار لەجیهانییان دەکات لە بێدەنگیو گومانەیان بەئاگا بێنەوە. لە نەوەکانی ئایندەیش دەخوازێت دەست بهێنن بەسەر ئێسکو پارچەی قوماتو مەمکەمژەی منداڵو پرووشی ئەو گوللە تێکشکاوانەی جێمان. ئاواتی ئەوە دەخوازن کوژەر لەکوشتن بێزاربێت تا هەناسە وەبەر ئەماندا بێتەوە.

ئەو چاڵانەی خوشکو منداڵانی ئێمەیان لەئامێزگرت،و ئەو گوللانەی بە پێکانی لەشپاکان پاقژ بوون، نوێژی تەواونەبووی کاتی ئێوارەو بەرەبەیان، تەزبیحی نێژراو لەگەڵ تەرمی منداڵ، ئەو خوێنەی لەسەر خۆڵی گڵکۆیان قەتماغەی بەست، ئەو ئاژەڵە تاڵانکراوەی بوونە خۆراک بۆ کوژەری دڕندە، ئەو کەلوپەلەی لە سەربڕاوی دۆڕاو یانیش جاشی چەکبەشان سەندراو دابەشکرا بەسەر شاسوارانی نەوەی عرووبەی هەمیشە زیندوو. سەرئەنجام بۆ ئەو شەوە دۆشداماوەی مەرگ تێیدا لە کوژەرو کوژراو پەنهان بوو، بەڵام مەرگی ئەوان وەک مەرگی پاشبەهاری گوڵە قەوانەکانی کوردستان

لەسەرخۆ چاویان لێکدەناو سیس‌و سیستر دەبوون تا لەبەهاری پاش ئەنفالدا بزربوون، بەڵام لەبەهاری دواییدا بەکوێری چاوی کوژەر، وەک گوڵاڵەسوورەی قەشەنگ لەتوێی خۆڵ‌و خاکی کوردستانەوە سەوزبوونەوە.

خۆر بۆیان گەڕا بەڵام بێهوودە بوو چونکە ماشینە زەبەلاحەکان شاردنیەوەو کردنی بە بەشێک لەخاکی کوردستان. ئەگەر ئەوکەسەی بەگوللەیش نەمردبێت لەکاتی زیندەبەچاڵکردندا زۆری ئازار چەشتووە، چونکە بە خۆڵەکەی ناودەمی تاساوە، نەتوانای هاواری پێهێشتووە نە بۆڵەو جووڵە، کە هەناسەیشی لێبڕا دەمی هاتووەتە کەفوکوڵ تا نقە لێبڕاو بەبەرچاوی ئەو عرووبەی هەمیشە زیندووەوە هەڵاوساوە کە زاڵبوو بەسەر سیڤیلی کوردی بێدەسەڵات‌و بێتاوان.

هەندێک لەوبارە نامۆیانەی بوونەتە بیرەوەری ئەنفال ئەوەیە کە کوژەر نەشەرمی لابووە نەهۆش، هەر بەگەڕانەوەی بۆ ساتەکانی سەرگەرمی‌و ئاهەنگ، کەوتوونەتە خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی ئەنفال پێی حەڵاڵ کردن. پاش ڕابواردن دەستێکیان بەسمێڵدا هێناوەو خۆیان فشکردەووەتەو بەوپەڕی شانازییەوە بەو ژنە کوردانەی منداڵ لەئامێزز پێدەکەنین کە لێیان دەپاڕانەوە تا بەچکەکانیان نەکوژن‌و بۆخۆیانی هەڵگرنەوە چونکە ئەوان هیچ تاوانیان نییە!! بەڵام لەلای ئەو گەوجانە دەبوو گشت شتێکی کوردی ئەنفالکرێت، تەنانەت منداڵی ساوایش، چونکە ئەوە ئارەزووی سەرکردەی دڵخوازبوو. دیارە دڵخوازیش مەرجی خۆی هەبوو.

ئەوەبوو هزری بەعسی سەددامی کە بێ ڕتووش لەئەنفالدا ڕەنگیدایەوە. بەشێک بوو لەشێوەکانی جەوری ڕژێمی سەددامی‌و ستەمکارییەکانی کە هەمیشە تامەزرۆی کوشتنی مرۆڤ بوو، بێ دەستکاری‌و میکیاژ زەق خۆێ دەخاتە ڕوو. ئەوانەن گرووخانەکانی ئادەمی، مەرگە قەشەنگەکەی کورد،





مێژووی پڕ لەمەرگەسات، گریەو ئاستەنگی، مەرگی منداڵی بێ تاوان، پیرەکانی نەنزانیوە چیجۆرە تاوانیان کردووە. ئەو تاوان‌و کوشتاری ڕۆژانەیە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بە نەخشی پان‌و لەمێژووی بەعسدا بەهێڵێکی سیاو ناشیرین تۆمار کراوەو بووەتە نیشانەیەکی تەڵخی ڕەش‌و شەرمانگیز بۆ مێژووی عرووبە.

هێزەکان یەکانگیرو هەمەجۆربوون. یەکەکانی ئاسایشی تایبەت‌و گاردی تایبەت‌و زانیارگری‌و زانیاردەری بەچەکەکانییان دەنازی. کۆڕی سەران‌و تیپەکانی پڕچەک‌و هێزی سەربازی‌و هێزی ئاسمانیی وەک سەگی هار هێرشیان دەبردە سەر سیڤیلی بێچەک‌و لەپشتەوە دەست بەندکراوی چاو بەستراو، منداڵانی بەرئامێزیش هێشتا لەچێژی گوللە نەگەیشتو کەوتبوونە بەر بۆردومانی تایبەت‌و کەرەستەی شیمیایی تایبەت بەو جۆرە چەکە شیمیاییەی بۆنی سێوو میوەی گەنیوی لێدەهات. یەکە لەشکرییەکانی یەکیان دەگرت بۆ لێدانی ئەو سڤیلە بێچەکانەی نە وزەیان تێدابوو نەجووڵە.

جیهانێکی زۆرسەیرە، لەویش سەیرتر دۆشدامانییەکەیەتی چونکە ئەو بەو بە بێدەنگییەک بەشداری تاوان بوو نزمتر لە بێدەنگیی کپکراوی مردووان. هەروەها بەوەی بوونە ڕێگر لە بڵاوبوونەوەی پەیامی ئەو مردنە قەشنگەی کورد. مەرگەسات تەشنەی کردووەو گۆڕەکان پڕبوون لەتەرمی مرۆڤ تادەهات زۆرو زۆرتر دەبوو بێلەوەی ئێسکی مرۆڤ تێکەڵ بەوەی ئاژەڵان بێت‌و بێلەوەی بتوانن ڕیزبگرن چونکە لەمردنیشدا ماوەی ڕیزبوونییان پێنەدرا.

وەنەبێت ئەنفال تاکەناوبێت، بەڵکو ناوی پاکتاویی لەچەپەڵ‌و بێ ئەمەکیشی لێنرا، بۆیە بۆی بوو بە بەرچاوی گشت جیهانەوە کۆمەڵێک قەلاچۆ بکات.. بێدەنگی نێونەتەوەیی مرۆڤ‌و بەردو خۆڵی دەهێنایە گریە.

تەنانەت ئۆتومبیلو قاوقیژی ئەوان، پەتی کەلەبچەو چراکانیان، تەنانەت چەکەکانیش لەکاتی تەقەی تاکو ڕیزدا بەقیژەو لووره دەکەوتنە گریان، بلام پیاوکوژان هەرگیز نەگریاون چونکە ئەوان نەڕووی پیاوەتییان تێدا مابوو، نەسۆزی مرۆڤانە تا هەستیان بجوولێنێت. کە شانەی فیشەکەکانیان بەتاڵ دەبوو یەک لەدوای یەک دەیانگۆڕی. نە دڵیان پێمابوو نە ئەو ویژدانەی لەبەر بێکەڵکی لەخۆیان داماڵیو تووڕیان دابوون، بۆیە ببون بە بەشێک لەمەچەکی دیکتاتۆرو ئەو مێشکە ویژدان لێداماڵراوەی ببوو بە زێرابی پڕ لە گشتجۆره زبڵی شۆڤێنستی.

ئەوانەبوون گروخانەی ژنو منداڵمانو منداڵی ئەوانو منداڵی منداڵانمانیان هەڵلووشی. ئەوانەبوون کوشتخانەکانی ناویان گۆڕاو بۆ بە ئەنفال. لەوانەیشە ئەوناوە هەندێک قورسبێت بۆ سەر زمان، بەڵام ئەو گرووخانەو کوشتخانەو شوێنە بزره داپۆشراوکانی درزو قۆرتەکانی لە ئاخی کوردستاندا هەڵکۆڵران بەوە ناودەبرێن.

ئێسکی زۆر بەجۆرێک بەسەر یەکدا کۆمەڵ کران ناتوانرێت بچووک لەگەوره جودا بکرێتەوە، کامەیان تەرمی ژنە یان هینی پیاو. هیچیش لەو فرمێسکە ڕژاوەیان بەسەر ئەو خۆڵەوە نەماوە کە هێزەکانی لەشکر چاڵەکانیان پێ داپۆشیو خوێنیان ئاوێتەی خاک کرد. ئەو چاڵانە نە ژمارەیان لەسەره نە ڕیزبەندی ناوو رۆژی مردن، گشت گۆڕەکان تێکەڵوپێکەڵ بوون، لەئاستیاندا مێژوو هیچ واتایەکی نییە چونکە سەردەم هەر خودی ئەو گروخانەو کوشتخانەن کە بۆ کورد سازکران.

وەک ژیان لەوان قەدەغەکرا دەڤەر قەدەغەو کەلوپەلیشیان هەر لێ قدەغەبوو چونکە دیکتاتۆر بەپێویستی دەزانی بەیەک وچان ئەنفال بکرێن، نەخشە ڕاستەقینەکەی هزری بەعسی سەددامی بەوە کەوتە ڕوو کە





لەمێشکی سەرکردەی داپڵۆسەرو دیکتاتۆری دانسقەدا بوو، چونکە وایدەزانی دەتوانێت نەتەوەیەک قڕکاتو لەژیان دایانبڕێت، بەڵام ئەو گفتەی خوداوەندی پڕشکۆی لەبیرخۆی بردو پشتگوێ خست کە دەڵێت: ((وسيعلم الذين ظلموا أي منقلب ينقلبون)).

ئای چەند شەرمەزاره ئەومرۆڤەی بێدەنگ بوو لە کوشتنی مرۆی کورد، عەرەب، تورکمان، کلدانیو ئاشووری سەر ئەم خاکە. ڕووڕەشبێت ئەو مرۆڤایەتییەی نەیکرد مافە نەتەوایەتیو مرۆییو ئایینیە شایستەکانیان لەگەڵدا بخەنە چاڵو هەر لەسەر قاقەز هێشتییانەوە. ئای کە شەرمە بۆ ئەو مرۆڤایەتییەی ئەوانیان نایەتەوە یاد لەوکاتەدا کە شەرمەزاری سەری سەرکردەی دانسقەو خاوەن دەسەڵاتی پڕجەور قورس دەکات. یان لەوکاتانەی عەرەب بۆنەیەکی سەرکەوتنو خۆشییان بۆ دەرەخسێت.

کاتێک زەوییان بەسەردا تەخت دەکرا گشت شتێک بێ قیروقاڕ بوو. نە پیاوکوژەکان گریان نە گۆڕکەنەکان نە کەس گوێبیستی دەنگی کوژراوان بوو، نەک لەبەرئەوەی بە بێدەنگی مردن، بەڵکو گرمەی ماشینەکان دەنگی گریەو هاوارو لاوانەوەی ئەنفالکراوانییان قووت دەداو منداڵیش برسێتی نقەی لەبەر لێ بڕیبوو، چونکە بە وشکبوونی شیر لەمەمکی دایکیدا گشت سەرچاوەکانی ژیانی لێ داخراوە.

خۆشی لەگیانی عەرەب کە، نە کەرەستەکانی ئەنفالیان دادگایی کرد، نە پاڵەوانانی. ئەگەرچی گیرۆدەبوونی سەرانیان بەچاو بینی، بەڵام گوێبیستی دیدەران نەبوون، چونکە، وەک ئەوان زۆریان لەخۆ نەکرد دانیشن تا گوێ بگرن لەچیرۆکی مردنە کوردییەکەی ئەنفال. جیهانیانیش گوێیان نەدایە چێژی ئەو سەرگوروشتە دانسقانەی شەوانی تاری کوردستان. نە کورد توانی بەپێی تایبەتمەندییەکانی شوێنو بەر ڕۆشنایی دەقەکانی یاسای سزایی

کۆری دادگاییان بۆ سازدات، نە لەشوێنی ئەنفالکراودا دیاردە ماوە تا ئێسکەکانیانی لێ کۆکرێتەوەو یاد بکرێنەوە. تەنانەت تاوانکارییەکانیش بە چەپەڵ ناونەبران، چونکە کێشەکە ناوخۆیی بوو. لەوانەیە ئەوبارە هزری عەرەبو چاودێرانی عەرەبییشی ورِ کردبێت، چونکە بارێکە خەو لەچاوی گشت خاوەن ویژدانێک دەبرِێت، بەڵام زۆریشن ئەوانەی گوێیان نەدایەو گاڵتەیشیان پێدێت. تەنانەت بێویژدانی ئەوتۆ هەن تائێستایش نایەوێت بیری لێ بکەنەوە. جا ئەگەر ویژدان نابووت بوو ئیتر چۆن نەنگی ئەوجۆرە گرووخانانە دەرکەون.

درزەکانی زەویو گۆرِی پرِ لەئێسکی مردووی تێکەڵ بە جلو کاڵای خاڵی هاوبەش لەنێویاندا هەر مردنی کوردی بووە. هیچ یەکێک لەوان تاوانی نەکردووە، خودایش دەزانێت لەکوردبوون بەولاوە هیچ تاوانی تریان نەبووە، بەڵێ هەرە تاوانی مەزنی ئەوان کوردبوونە. لەو چەرخەی بەعسی سەددامی چەپەڵدا دەبوو کورد بەچەکی بەعسو شیمیایی بەعس بمرن، هەر لەبەر ئەوەی خودا کورد بەبووی هێناون.

گەلاوێژ، حەسیبە، عومەر، خولە، پەیمان، لەیلا، سروە، کاروان، محەمەد، پەخشان، نێرگزو فەتاح و...... گشت ئەو ناوو پیتانە ئاوێتەی یەک بوون، بەهەمان چەشنی ئاوێتەبوونی ئێسک لەگەڵ ناوەکان. وەک ئەو هاوارەی تێکەڵ بوو بە ئێشو ئازار، توخمو تەمەن، بێدەنگی سامناکو شکۆی بە پۆستاڵ شێلراوو ئاوێتە لەگەڵ ئابرِووی داچۆرِاوی نێو ئەو درزانەی زەوی کە پرِبوون لە تفو هاوارو ئارەقی ناوچەوانی پیاوکوژان. گۆرِی ئارام چاوەرِێی یەکێکن رِێیان بەرێتە سەر، یان بیاندۆزێتەوە.

ئاخی گۆرِستانو کارەساتو مەرگ ئەو خاکەیە میکرۆبی بەعسی سەددامی بەسەردا رِژا، ئەوەی تەمەنی رِۆڵەکانی خواردو بەروبوومی





سووتانو کردنی بە پووش تا ئایندەی ئەوانە پووچڵکات کە لەو چارەنووسە دەربازبوون. زەوی ئەو گۆرِستانەی هێشتا خێش پەی پێنەبردووە. ئەفالە ئەنفال "وما أدراک مالأنفال".

بەناوی خودای خاوەن بەزەییو بەخشندە **(ئەنفالت لێدەپرسن بڵێ ئەنفال بۆخوداو پێغەمبەرە، خوداپەرستبن ئاشتی نێوانتان رِاگرن، کە خاوەن باوەرِن ملکەچی خوداو پێغەمبەربن)**[8]

کاتێک فیڵو تەڵەکەی بێبرِوایانو هەرِەشەی کوشتن پێغەمبەری لەمەککە دەرپەرِاند وناچاری کرد بۆ کۆچو کە ئارەزووی کرد موسوڵمانان ببنە خاوەن دەوڵەت، لە مەدینە مایەوەو بۆی بوو بە داڵدە. ناچاربوو جەنگی خۆبەختی بکات تا دوژمن لێی دوورکەوێتەوەو باوەرِداران لێهەڵنەگێرِنەوە، تاژەکەی بەدری مەزن رِوویدا، تێیدا موسوڵمانان سەرکەوتنی ئاشکراو دەسکەوتی چاکیان وەدەستهێنا، بەڵام پاشان ناکۆکیو گومان کەوتە نێویان لەسەر جۆری دابەشکردنی ئەو دەسکەوتە " *لەمەرِ ئەو دەسکەوتانەت لێدەپرسن: چییانلێبکەین؟ بۆکێ دەبن؟و چۆن دابەش دەکرێن؟ ـ پێغەمبەر پێیگوتن: ئەوە هینی خودایەو پێغەمبەر دەسپێکی دەبێت. پێغەمبەر بەپێی فرمانی خودا دابەشی دەکات. لەسەر ئەوە ناکۆک مەبن،و ترس لە خوداو درووود بۆ ئەو بکەنە دروشم، لەگەڵ یەکتر کۆکبن، نوێژ لەنێوتاندا ببێتە مایەی خۆشەویستیو داد، جونکە ئەوتۆ دەبێت رِەوشی باوەرِ.*

[8] (( بسم الله الرحمن الرحیم* یَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ لِلّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بِيْنِكُمْ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ)) ـ وەرگێرِ

فەرمانی خودا بەوەی پێغەمبەر ئەو ئەنفالە ببەخشێتەوە، جۆرێک بوو لە دابەشکردنی دەسکەوت لەپێناو خودادا، باشە لێرەدا دەبێ ڕۆڵی دیکتاتۆر چیبێت؟؟ و کامەیە ڕۆڵی عەلی شیمیایی؟؟

ئەی ڕۆڵی دەزگاکانی زانیاردەرو زانیارگرو سیخوڕو یاساوڵانی تایبەتو جاش لەو سەرکەوتنە ئاشکرایەدا چیبوو کە زاڵکران بەسەر ڕۆڵە بێچەکەکانی گەلێک کە بوون بە پێشهەنگی گەلانی قوربانیدەر لەپێناو مافدا.

دەبێ کێبن ئەوانەی لەخاکی خۆ دەرکران؟ ئەی ئەوانە کێن کە بەفێڵبازو تەڵەکەبازو ترسنۆک دەرکەوتن؟ ئایا منداڵە ساواکانن یان ئەو ژنانە بوون کە کاتی گیانسپاردن ئێشوئازاریان لەدڵدا قەتیس بوو بۆ ڕۆڵەی لاوی پێشمەرگەیان؟ یان دەشێ وەڵام لەتوێی ڕیشی ئەوپیرانەدا خۆی شاردبێتەوە کە ورتەکانی بەزمانی کوردی بووە، چی بە سۆرانی بێت یان بادینی! کە هەردووکیان یەکن چونکە هەر کوردین. لەوانەیشە خۆی خنیبێتە نێو ئەو گۆرانییە ئاوازە خەمناکانەی ژنان لەکاتی خەواندنی منداڵ پێی دەلاوێنەوە.

لەوانەیە..و لەوانەیە.. بەڵام خودا بەدیدە ناخەوێتو ئەوان ترسی خودایان لەبەرچاو نەبووەو تا ئەو ساتانەیش ویژدانیان بەئاگا نەهاتووە. بەڵام ویژدان لای کەسانێک چیدەکات کە دڵیانی لێی شۆرابێتەوە هیچیان پێ نەمابێت. تێکڕا کەوتبوونە قیژەو وەڕینە، چونکە ئەوان سەربازی سەرکردەی دانسقەو ئەو دەستەی ئەون کە بە فرمانی خودا گۆج کرا.

ئەنفال ئەوەیە کە ئوممەی عەرەبی سەرنجی نەدایە. ئەو ئەنفالەیە کە نەکەس بۆی گریاو، نەکەسیش فرمێسکی لەچاوی تووشبوانی سڕییەوە. دیارە هۆیش ئەوەیە کە پێشتر کەسیان لاوانەوەی بەو زمانە کوردییە





نەبیستووە کە پڕە لە ناڵەو سۆزو پەژارە. سەرباری گشت ئازارەکانی ژیانو ئێشی باربوو بە بارستایی شاخ، کورد توانی بەرگەی جەوری "ئوممەی عەرەبی یەکگرتوو خاوەن پەیامی هەمیشە زیندوو" بگرێت، جونکە ئەوان وەریان لە سەختی بەردی شاخەکان وەرگرتووە. دڵی نێو سنگی ئەوان ناسکترە لەهەنجیری کوردیو شیرینتر لەگوێزو توو،و نانی ساجیی کورد.

کە گیانەڵا لەکاتی مەرگدا کەقوڕگ وشکدەکاتو دەبێتە هۆی پرخە هەناسەی پڕ لە کەفوکەڵ لەگەڵ خوێنی هەڵقوڵاو سەر دەمووچاوی لەخۆڵ چەقیو، بەشێکن لەجووڵەی ئەندامی لەشی ئەو منداڵە لەقەفرتێکەرەی تەمەن لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێنەپەڕیو. ئاخ بۆ ئەو تەمەنە کوردییەی خوێن لەبەرایی قورگیدا وشک دەبێتو ڕێی لەهەناسەی دەگرێت بەو گوللانەی سنگیان دەپێکاو لەپشتەوە دەردەپەڕینو دەیچەقێننە ناو خاکەکەی کورد. هەندێک لەوگوللانە کە پشتو کەللەسەریان دەبڕی، لەبەر ئەو ئەمەکەی بوویان بۆ مەرگە قەشەنگەکەی کورد، لەناو لەشی کورداندا گیردەمان. ئەوەیە ئەنفال.

ئەوتاخمەی (سەرکردایەتی پڕمژدەو دانسقە) ڕەشبگیری دەکردن، کۆمەڵە مرۆیەکبوون، ئەگەرچی لەتەمەنو باڵاو هۆشو ڕەگەزدا وەکیەک نەبووبنو لەشوێنی جیاجیاوە هاتبوون، باڵام لەکوردبووندا یەکبوون. کاتێک دەیانخنینە ناو ئۆتومبێلە داخراوەکان، پەنجەرەیشیان لەسەر دادەخستن نەوەک هەناسەیان با لەوان پێیس بکات، یان ئەوان لەخشتە بەرێتو بیانکاتە پێشمەرگە، جونکە وایان دەزانی هەرچی خۆ لەئۆقرەی یاخیبووان بدات دەبێتە پێشمەرگە. جا ئەو ئەنفالە بۆ ئەوان، لەیەکەم هەنگاوی ڕێ بەولاوە چیتر نەبوو.

جاش یا چەکدار، سیخوڕ یا نۆکەر، جەنگاوەر یا بەرگری میللی یانیش یاساوڵی نەتەوەیی، گشتیان ملکەچن بۆ فەرمانی سەرکردەی سیمبۆل. ئەوی لەخوار ئەوەوەن گشتیان لەشکرو باڵو تیپی پرجەکی ڕسوان، زانیارگران‌و سیخوڕو حەسحەسی شەوو ئەو زانیاردەرانەن کە جەکیان لەژێر جل دەشارنەوە. هەروەها ئەو سەرکردانەن کە ئەو نیشانەی ئازایەتی‌و شمشێرو جۆرەکانی نیشانە جەنگییەکانی تر بەکەم دەزانی کە لەسەر خوێنی کیژۆڵەیەک وەرگرتبوو کە هێشتا تەمەنی لەژمارەی پەنجەی دەست تێنەپەڕیبوو، ئەوجا مەترسی ئەوەی لێبووە کە ئەگەر گەورەبێت بیر لە پارچەکردنی عیراق دەکاتەوە. لەوانەیشە ئەو کچە کوردە کە گەورە دەبێت وەک ئەوانیتر هاوار بۆ ئەوە بکات کە باوەڕی پێیەتی‌و لەگەڵ ئەو گیرفانە نۆکەرەی لە پەراسووی نیشتیمانی عەرەبدا پەیدابووە ببێتە ئەندامێکی ترسناک‌و جودابوونەوە بخوازێت، بەڵام هەر دەبێ ئەو وڵاتە هەردەم بە عرەبی‌و یەکگرتوو بمێنێت وەک بەشێکی زیندوو لە ئوممەی عەرەبی یەکگرتوو. بۆیە پێویستبوو ئەنفال ئەوجۆرە داپڵۆسێت پێشلەوەی گەورەبێت‌و بچێتە ڕیزی یاخیبووان. دەبوو لەگەڵ دایکیدا یەک لەیەک چاڵدا بنێژرێن. دیارە ئەوە یەکێکە لە بەخششەکانی ئێمەی "عەرەب". باشە کورد لەگشت ئەو بەخشیشانە بەولاوە چیتری لەئێمە دەوێت؟؟

ئەوتۆبوو کاتی سەددامی چەپەڵ، کە ترسنۆک تێدا ئازایەتیی دەنواند بەسەر کیژۆڵەیەکی کەلەبچەکراو یان کوڕێکی لەرزۆک کەهێستا تەمەنی نەگەیشتبووە دە ساڵ، یان پیرەمێردێکی ڕەوانی لەلەش تۆراو بەهۆی دەموشکییەوە نە توانیویەتی بدوێت نە وزەی لەگیاندا مابوو. بەڵام دەیتوانی بەچپە وتەکانی ڕەوانەی لای خودا بکات،و خودای مەزن‌و شکۆداریش لەگەڵ ئەودا هەر دیدەر بوو.





ئەوەبوو چەرخی ئەو مەرگەی سەرکردەی دانسقە بڕیاریداو سەربازەکانی سوڵتان پڕئارەزوو، زۆر تامەزرۆیانە ڕوویان لە ئەنجامدانی دەکرد، چونکە ئەوان گشتیان تینووبوون بۆ دیتنی ئەو مەرگە جوانەی کورد کە لە بنکەکانی سیخوڕخانەو زانیارگری‌و زانیاردەری‌و گاردی نیشتیمانیدا دووچاری دەبوون، یان لە گرووخانەو کوشتخانەکاندا بەچەکی بێدەنگ یان دەستڕێژی بەپلان، یانیش لەو گۆڕانەی دواتر بۆیان هەڵکۆڵین‌و ئەوانەی تەنانەت دیاردەو نیشانیشیان نەهێشتن تا بدۆزرێنەوە. پرووسکی ئەو تەرمانەیان دڵسۆزانە بۆ پاراستن کە ڕەوانیان ئاوێتەی خاک کردن. بەڵام دەشێت ئەوەیان لەمێشکدا بووبێت کە هەرگیز ناتونن کورد لەخاکی کوردستان دابڕن؟

هەیانبوو ژمارە ڕاگرێت تا بیگەیێنێتە هەزار، سێهەزارو بەرزیکاتەوە بۆ چوار یان بیگەیێنێتە دە، یان ئەگەر بیشیگەیێنێتە بیست هیچ گرنگ نییە. تیایشیاندا هەبوو ناوی ڕادەگرت‌و ئەو ناوانەی دەخستەسەر ئەو لیستەی سەربازەکان بۆیان ئامادە دەکرد. لەبەشێکی ئەو ئەزموونانەدا هەر سەرۆک بە براوە نیشاندراوە. ئەوە بەراوردێکە هیچ مایەی چەندوچۆن نییە چونکە، سەرۆک پێیخۆش نەبوو لە وڵاتەکەیدا کەس بەزمانی یاخیبووان بدوێت یان نەبێتە پیاوی ئەوو کوڕنووشی بۆ ببات.

ئەوانە گۆشتخۆر بوون، بۆ تۆڵە لە پێشمەرگە چەکدارەکانی کورد کەسوکاریان لەچاڵی درێژ دەنان‌و دەیاندانە بەر دەستڕێژی گوللە ئەوجا خۆڵیان بەسەردا دەکردن‌و بە قاقای پێکەنینی شێتانە ئاسمانیان پڕدەکرد. بێدەنگی باڵی بەسەر شوێنی ناشتنی قوربانییاندا دەکێشاو ساواکانیش بەدەم برسێتییەوە یان بەگوللە خامۆش دەبوون.

چارەنووسی ئەو مەرگە کوردییە هەر بۆ سەرکردە ڕەوابوو نەوەک کەسیتر. ئەوەبوو مەرگی ڕۆژانەی ئەومرۆڤانەی لەخۆیان ئاشکرابوو چی چارەنووسێک چاوەڕوانیانە، بێقرە خۆیان بۆ ئامادە دەکرد. مردنی کوردی ئەو چەرخەی سەددام کە بەشێک بوو لەفانتازیای عیراق، بەشێک بوو لە مردنی باخو بێستان، گوڵو مەل، دارگوێزو هەنجیر، تەرەکردنی حاجی لەقلەقو چۆلەکە، مردنی ئەو کاروانە درێژانەی تائێستایش دۆشداماون نازانن بۆچی مردن. ئەوان سەرپشک کرابوون بۆ چۆڵکردنی دێهات لە دانیشتووانو درەختو ئاژەڵو گشتجۆرە جوولەوەرێکی تر.

مەرگ لەسەر ئەو زەوییە بەرفراوانە، یان سەرلمەکانی نوگرەسەلمانو ئەو بیابانەی هیچ پێیەکی بەرنەکەوتبوو، تەنانەت پێی وشتر یان خێڵەکییەکانی بەدوویش کۆچیان بەسەردا نەکردبوو. مەرگ لەو قەڵاو پێدەشتانەدا، بەدەم لەرزەوە لەبەر سەرما یان بەهۆی نەخۆشی دڵو سیی هەوکراو، یانیش مێشک. مەرگ لەگرتووخانەو کاتی لێکۆڵینەوە، یان لەو بەندیخانانەی پڕبوون لەوانەی تائێستا لەوە دۆشداماون بۆچیو لەبەرچی گشت ئەوانەیان پێکرا، بەڵام دەبێت چیبێت وەڵام؟

ئەوتۆبوو مردنی چەرخی سەددامو عەلی شیمیایی،و ئەوەیشبوو چارەنووس کە کورد بێدەنگو چەشنی شاخ بەرگەی ئازارەکانی دەگرتو دڵە بتەوەکەی چەشنی بەردی شاخەکانی کورد بەرگەی گرووخانەو کوشتخانەکانی دەگرت. لەگەڵ ترووکەی برژانگدا فرمێسک دەردەپەڕی چەشنی گەردیلەکانی ئاونگی بێخاڵو گەلی عەلیبەگ بوون.

پێویستە هەڵوێستەیەک بۆ وەبیرهێنانەوەی ساتەکانی ئەو مەرگەساتە بکەینو وەک وانەیەک بیهێڵینەوە تا نەوەی داهاتوو لێ ئاگاداربێت، چونکە ڕەوانی ئەوان هێشتا بەرز بائاسماندا دەخولێنەوە، خولیای زانینی هۆی مەرگە





کوردییەکەی خۆیانن. ئەو منداڵەی نە زمانی بۆ وشە سەرەتاییش پژابوو، نە توانیویەتی ناوی دایکی بڵێت، لەزمانی گریان بەولاوە هیچیتری نەزانیوە. بۆیە هەر لەسەر بەکوردی گریان لەشییان بەسەر ئەو خاکە کوردییەو توێی دۆڵەکانی کوردستاندا تواندەوەو کردیان بە بەشێک لە خاکو با.

ڕاستە ئەرکی ئەو مەرگەساتە ڕاستەوخۆ نەکەوتە ئەستۆی میللەتان، بەڵام هەرچەندە دەردەسەرییەکانی تەنها بۆ کورد بوو، وەک قەیران شانی مرۆڤی لەگشتلایەکی گرتەوە. ئەو بوو بە لیستێک بۆ ناوی ئەو قوربانییانەی تائێستا لەناوی کوژەرانییان دەگەڕێنو دەخوازن وەک ئەم تاوانبارانە بخرێنە نێو ڕکەی دادگاوە، خودایش ئاگای لەوە هەبوو. خودا لەساتی گیانەڵاو کاتی ناشتنیشدا بەسەریانەوە بوو، گوێی لەقیژەی گشت ئەو قوربانییانە بوو کە بەهیچ ڕەوشێک پەسەند نییە. ئەو مەرگەی زۆر خێرا ڕوویدەدا، دیمەنی کوژەری کەللەڕەق، پەشۆکاو لەرزۆک بەجۆرێک شڵەژابوو وەک تابلۆیەک ترسنۆکی خۆیو ئازایەتی کوژراوی نیشاندەدا. ئەوە یەکێکە هەردوو دەستی لەپشتەوە بەستراوەو پارچەیەک پەڕۆی لەسەر چاوە. کوژەریشی لەبارێکی تۆقاودا پەیتاپەیتا بەزمان لێوی وشکی تەڕدەکات لەرز دایگرتووە هەر وەک ئەو سەرکردە تۆقیوەی تەنانەت لەچوونە سەرئاویشدا بێپاسەوان نییە.

کوژەری بێئابرووی چڕوچاو تێکچوو، ناشیرینو بێویژدانی دڵ بێ دەروون، جۆرێکیان لێهاتبوو چەشنی سەگو گورگ کە هەرگیز جیاوازیی نەبوو لەگەڵیان. گشتجۆرە بەدخووییو هاریی ئاژەڵی کێوییان بەجۆرێک لەخۆ گرتبوو، لەوە دەچن بووبێتنە لیک بۆ ناودەمی ئەو سەگانەی تووشی دەردەهاری دەبن، بۆیە بەتاکە یەک فیشەکی "ئوممەتی عەرەبی یەکگرتوو خاوەن پەیامی هەمیشە زیندوو" نقەیان لەو کیژۆڵە کوردە دەبڕی کە هاواری بۆ مەمکی دایکی دەکرد.

ئەنفال ئەو جەنگەیە کەعەرەب هەر باسیان لێنەکرد. لەوانەیشە حەزیان نەکردبێت ناوبانگی بکەوێتە نێو لیستی بیرەوەرییەکانی ئازایی‌و قارەمانێتی عەرەبی ئەو سەردەمەی ڕق‌و کینە. سەردەمی ئەوانەی مێشکییان کونکردین بەو پەندە نیشتیمانی‌و دروشمە بەتاڵانەی عیراقیان پێ دەبرد بەرێوە.

لەمەڕ ئەو لێکۆڵینەوە کەلەی بەرانبەر تاوانکارییەکانی ئەنفال کراوە، نە بەگوێرەی قەوارەی ڕاستەقینەی خودی تراژیدیاکەن، نە توانراویشە بەچاکی تاوانە ترسئانگیزەکان کۆنترۆڵ بکەن، هەر بەژمارەیەکی کەم تاوانکار کە ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت کێشەکەیان ڕوانەی بەر دادگا کرد لەسەر تاوانێک سەردەمی نوێ لەوچەشنەی بەخۆوە نەدیوە. وەک کۆڵینەوە لەوجۆرە کێشەیە لەئاستی ڕاست‌و بەپێی قەبارەی خۆی نەبووە. وەکتر لێکۆڵەرەکان خاوەن ئەو ئەزموون‌و شارەزاییە نەبوون، ئەگەرچی لەعیراقدا هەڵکەوتووی شایستە بەوکارە زۆرن. پاشان دادگای تاوانی عیراقیش لەبڕیارەکەیدا ئاماژەی بۆ ژمارەیەکی تر تاوانبار کردووە تا ئەو کەلێنەی پێ پڕکەنەوەی کە لەکاتی لێکۆڵینەوە روویداوە. ئاماژەکەیش لەخۆیدا نیشانەیە بۆئەوەی دەستەی لێکۆڵینەوە نەیتوانیوە وەک پێویست لەو کارەساتە مرۆڤانەییە بگەن‌و خۆیانی بۆ ئامادەکەن، هەروەها نەیانزانیوە جۆن ڕووبەڕووی بینەوەو دیاردەو دیدەوان‌و بەڵگەنامەکانی بۆ هەڵبژێرن.

پێویستە، لەپێناو ڕاگرتنی بەرژەوەندی گشتی‌و چەسپاندنی ڕاستییەکان، بڕیاری تاوانبارکردن‌و سزاکان ئاشکرا ڕاگەیێنرێت. بۆئەوەی سزاکان بەگوێرەی باری کەسایەتی خودی تاوانبارانبێت،و گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی لەش‌و مێشک‌و باری سایکۆلۆژی‌و پلەوپایەی پیشەیی‌و بارودۆخی ئەنجامدانی ئەو تاوانەو زیانەکانی نەتەنها بەقوربانیان گەیشتوو یان بە کەسوکاریان، بەڵکو ئەوە بەگشت گۆمەڵگەی عیراقی گەیشت‌و ئەو





هۆکارانەی پاڵی بەتاوانبارانەوە ناوە بۆ پلانرێژی وئەنجامدانی تاوانەکان. گشت ئەوانە بارگەلێکن پێویستە دادگا وەک هۆکار بیانرەخسێنێت بۆ سەپاندنی قورسترین باری سزایی‌و پێویستە سزاکا گونجاوبن لەگەڵ کەسایەتی خودی تاوانبار، ئەگەرچی ئەو بارە سزاییە قورسە هەمەلایەنەبێت یان پەیوەست بەخودی تاوانبار. دیارە بەندی 288 لەیاسای سزایی عیراق ڕێگەیداوە بە ئەنجامدانی سزای لەسێدارەدانی تاوانبار لەناو بەندیخانەدابێت یان هەرجێکەکیتر، ئەویش بەپێی یاسا.

تیمی بەرگر لەخوازیارانی مافی گشتی ئەوەیان فرامۆشکردووە کە پارێزەر لەبرا عیراقییەکانی وەک عەرەب‌و تورکومان لەگەڵخۆ بەشدار بکەن تا کێشەکە لەقاڵبێکی نەتەوەیی تەسکەوەو زەمینە مرۆڤانەییەکەیان پتر ڕوون‌و ئاشکرابێت، چونکە تاوانەکانی ئەنفال، پێش لەوەی گەلی کوردستانی لەناو عیراقدا گرتبێتەوە، تاوانێکی پاکتاوی بەکۆمەڵە دژ بە گشت توخمی مرۆڤ،و پێش تەرخانکردنی بۆ لەناوبردنی کورد، دژبووە بە گشت گەلی عیراق.

سپاس‌و پێزانینی خۆم ئاراستەی سەرۆکی دەزگای حەمدی بۆ چاپ‌و بڵاوکردنەوە، کاک فوئاد مەجید میسری دەکەم بۆ هاوکاری‌و یارمەتی لەچاپدانی ئەم پەرتووکە، هەروەها ڕێز دەردەبڕم بۆ کاک محەممەد عوسمانی سەرنووسەر لە گوێگریبیا ناوەندی، بۆ هاوکارییەکانی، هەروەها ڕێزم هەیە بۆگشت ئەوانەی هاوکارم بوون لەگەیاندنی پەرتووک بەم شێوەیەی کەوتووەتە بەردەستی خوێنەری هێژا، ئومێدەوارم توانیبێتمان هەندێک لە لایەنە یاساییەکانی کێشەی ئەنفال ئاسان ڕوونکردبێتەوە، ئەوەیش ساناترین هاوکارییە لەو بوارەو خودا لەپشت مەبەستە.

**زوهێر کازم عەبوود**

**2007**







# بەشی یەک
# کورتەیەک لەسەر ئەنفال



لەتوێ ئەو سەردەمە پڕجەورانەی عیراق ڕۆژەکانی تێدا بەسەر دەبردو لەسایەی دەسەڵاتی ئەو دیکتاوۆرەی عیراقی دەڕانی لەجەنگێکەوە بۆ جەنگێکیتر، لەمەرگێکەوە بۆ یەکێکیترو لە قەیرانێکەوە بۆ چەندین قەیرانی تر کە بەگوێرەی مێشکی زاخدراوی ئەو پێیوابوو بە کوشتن، مەرگ‌و سەربڕین، تیرۆرکردنی نەیارن‌و بە فەرمی کردنی ئارەزووەکانی دەتوانێت مەرگ بکاتە ئامراز بۆ کپکردنی دەنگ هەر بەوپێیەی هاووڵاتییان دووچاری بوون. بۆیە کە بڕوانینە وردەکارییەکانی مێژووی عیراق، زۆر لەو وێنانەمان دێتە بەرچاو کە تراژیدیای تیرۆر، لەسێدارەدان، کوشتن، لەچاڵنان‌و جۆرەها تاوانکاری تر بەکارهاتوون دژ بە زۆر ناو لەو کەسە عیراقییانەی لەپیناویدا

شەهید بوون. بەوە دیکتاتۆر وایزانی توانیویەتی پاکیان بێدەنگ بکات یان لەناوبەرێت.

دیکتاتۆر هزرە ئەهریمەنییەکەی کردبووە وێنە بۆ بەدکارییەکانی. ئەویش لەکاتی ئاوڕدانەوە لەقەیرانەکەی گەلی کوردو ڕوانینە باری سووربوونی ڕۆڵەکانی بوو لەسەر خواستی ئەوچەشنە مافە ڕەوایانەی ڕەوشو ئاینو پرۆتۆکۆلەکانی مافی مرۆڤو یاسا نێونەتەوەیی پێیان ڕەوادەبینێت. هێزە ئازاو بێدەنگەکانی پێشمەرگە سووربوون لەسەر بەرەنگاریو پیادەکردنی کاروانی شەهیدو قوربانییە مەزنەکان،و بوونیان بە بازووی بەهێز بۆ پاراستنی گەل وئامرازو سوور لەسەر مافخوازی.

دیکتاتۆر، لەوڕێیە بەولاوەی نەبینیوە کە ڕقو کینەی بەسەردا زالو بۆنی تاوانی لێ هاتووە. ئەوە چهزرێکی نامۆیە بڕیاربدات بە قەلاچۆکردنی گەلی کوردستان، ئەوە لەڕووی مرۆڤایەتیشەوە نامۆو ناجۆر دەنوێنێتو لەتوانای باوەڕ بەدەرە. بەڵام بڕیارەکە لەومێشکە نەخۆشەی ئەودا وەک هەوێن هەڵهات بەوەی کۆتاییەکی قەشەنگی بینیوەتەوە بۆ ئەو کێشەیەی زۆر دەمێکبوو مێشکی دەسەڵاتدارە شۆڤێنیە گۆڕبەگۆڕەکانی ماندوو کردبوو. مێشکی ئەوانەی هەرگیز لەهێز، جەنگ، تیرۆر، مەرگو گرتووخانە بەولاوە ڕێگەچارەی تری مرۆڤانەیان تێدا نەبووە.

دیکتاتۆر ویستی گەلی کوردستان قڕکرێت بێلەوەی ویژدانی تاوێک هەڵوێستە بکات، وەک خۆی گوتی، تەنانەت موویەکیش لەسمێڵم نابزوێت. گوندی کوردیی ئاوەدانیان چۆڵکرد لەدانیشتووانی، خانووبەرەیان ڕووخان، ڕەزو باخ تەختکران گوایە هەرێمەکەیان بووەتە داڵدە بۆ قاچاغچیو ئەوانەی لەئێرانەوە دزەدەکەنو سنوور دەبڕن. بەوە بوونە هۆی لەناوبردنی درەختی پیرو باخی بەردارو وشککردنی سەرچاوە ئاوییەکان، تێکدانی سروشتی





ئەوهەرێمەو سڕینەوەی ژیان لە نزیکەی 500 گوندی[9] کورد. هەروەها لەنابردنی بەروبوومی یەکجار زۆر کە سەدەها ساڵبوو عیراق پێی دەژیا. ئەو سروشتەی عیراقیشی تێکدا کە مەنەی مرۆڤە ئەشکوت نشینەکانی عیراقی چەرخی نیاندارتالی[10] ئەو دەڤەری کوردستان بوون.

هەروەک جەختی زۆری کرد بۆ بەئەنجامگەیاندنی بڕیاری ڕپجەوری دوور لە گشت واتاکانی پیاوەتیو بەکارهێنانی گشت توانای لەشکرە چەکدارەکەی دژ بەدانیشتووانی سڤیلی لادێی کوردی، کە زۆریان جوتیاری بەتەمەنو ژنو منداڵی جێماو بوون. مەبەست هەر قڕکردنیانو تێکانی کۆمەڵگاو ڕاماڵینیان بوو بەرەو نەمان، ئەویش بەهێزی لەشکرو لەژێر ناوی سوورەتێکی پیرۆزی قورئانی پیرۆزدا کە ناوی "ئەنفال" ـە.

**بەناوی خودای خاوەن بەزەییو بەخشندە* ئەنفالت لێدەپرسن بڵێ ئەنفال بۆخوداو پێغەمبەرە خواپەرستبن ئاشتی نێوانتان ڕاگرنو کە خاوەن باوەڕن ملکەچی خوداو پێغەمبەربن**

بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو سوورەتەی ناوی ئەنفالی تێدایە، تاخمی توێژەران واتای جیاوازیان هەیە بۆ ئەوئەنفالەی خودا لەوبوارەدا ناوی هێناوە، هەندێک دەڵێن: مەبەست تالانییە، هەیشە دەڵێت: واتاکەی لەوتوێیەدا دێت کە دەڵێت: ئەی موحەممەد هاوڵەکانت ئەنجامی ئەو تالانییانەت لێدەپرسن کە ڕۆژی بەدر بوو بە دەسکەوتی خۆتو هاوڵانت، بۆکێ دەبێت؟ بڵێ بۆ خوداو پێغەمبەرەکەیەتی.

[9] دیارە مەبەستی نووسەر 5000 گوندە ـ وەرگێڕ

[10] ئەو توخمە مرۆڤەی چەرخی بەرد 30.000ـ350.000 ساڵ پ.ز لەئەوروپاو ڕۆژئاوای ئاسیا ژیاوە. لەئەشکەوتی زەرزی کوردستاندا تا 46،000 سال پ.ز هەبووە ـ وەرگێڕ.

ئەو ئارەزووەی لەمێشکی دیکتاتۆری جەردەدا بوو تەنها ئەو تالآنییە نەبوو کە لەشکرە جەردەکەی لە کەپرەکانی کوردی هەژاردا دەیانرفان کالآی ئاسایی‌و ئەو ئاژەڵانە بوو کە پێدەژیان، هەروەها سەرمایەو داراییەکانیان بوو بێگوێدانە هیچ ڕەوش‌و داد لێیان داگیر دەکردن، بەڵکوو مەبەست ژیانی ئەوان بوو کە دەبوو بەجۆرێکی بێهاوتا کۆتایی پێبێت لەمێژویەکی کوێری ئەوتۆدا کەس نەبوو ئاوڕی لێبداتەوە. ئای کە درێژبوون ئەو ڕۆژانەی تێیدا مرۆڤیان پۆلپۆل ڕادەماڵی بە ئوتۆمبیلی لەشکری چەکدارو زاڵ تەنها بەسەر گەلی خۆیدا. کۆمەڵە کەسی ئاوێتەی تەمەن جیاواز لە ژن‌و پیاو، کوڕو کچی لەتەمنی گوڵدا، پیری پشتچەماوەو شیرەخۆرەی هێشتا کوردی نەزان لەدێهات کۆدەکرانەوەو دەخنرانە نێو ئوتوموبیلی سەربازی، پاشان لەو گۆڕەپانانەدا هەڵیان دەڕشتن کە بوونە زەمینەی گیانکێشانیان، ئەویش لەژێر ئاسمانی ئەو خودایە کە لەوبەولاوە هیچ بەزەییداری لێنەبووە. لەوێدا بە تەلی سرتی تایبەت بەو مەبەستە دەستیان لەپشتەوە دەبەستن‌و گوللەی (ئازا!)یان پێوە دەنێن، لەشەکانیشیان فڕێدەدانە نێو قۆرتی بۆ ئەو مەبەستە هەڵکەنراو تا بەتاوانی کوردبوون بنێژرێن.

چزووی ویژدان هەرگیز نەچەقی لەدڵی هیچیەک لەو سەرکردانەو ئەوانی تری بەشداربوو لە پلانرێژی ئەو کوشتخانە مرۆڤانەیە کە تاوانێکە نە لەمێژووی پێش ئەوان ڕوویداوە نە لەپاشیان.

ئەگەر وشەی ئەنفال کۆکردنەوەی تالآنی جەنگ بگەیێنێت، باشە دەبێ کوشتنی سڤیلی بێتاوان چیبگەیێنێت، بێ لێکۆڵینەوەو دادگا، بێ کارڕاێکی یاسایی، بێ دەرچوونی بڕیاری سزای مەرگ‌و بێ ڕچاوکردنی ئایەتێکی تر





کە دەڵێت (تاوانی هێچکەس لەکەسیتر بارناکرێت)[11] کە بێگومان خودی بەرپرس لەو قۆرتە ناوزڕاوانە باوەڕی پێ نەبووە.

تاوانکاری ئەنفال بەیەکێک لەو تاوانە مەزنانە دەژمێردرێت کە لەمێژوی سەردەمدا دژ بە مرۆڤایەتی کرا. ئەوە کوشتکارێکی دەژەمرۆڤ بوو 182 هەزار کەس لەناوچەکانی کوردستاندا بوونە قوربانی، لەوانە 8 هەزار کەس لەخێڵی بارزانی کە تائێستایش ئێسکوپروسکی تەواوی شەهیدانی لەچاڵنراوی گۆڕە بەکۆمەڵەکان نەبینراونەتەوە، چونکە هێشتا زۆر لەو گۆڕە بەکۆمەڵانە نەدۆزراونەتەوە کە تەرمی قوربانییانی تێدایە.

ئەگەر دیکتاتۆر لەکوردستان دەرنەپەڕێنرایە، نیازی نەبوو کوشتار لە 182 هەزار مرۆڤەدا ڕاگرێت، چونکە بەپێی نیازو هزری ئەو دەبوو جەنگی پاکتاوی درێژەی بەبێت تا بەتەواوی ئەو توخمە مرۆڤە دەبڕێنێتەوە کە ڕژێمەکەیی بێزارو پەشۆکاندبوو‌و گەیاندبوویە ئاستێک نەتوانێت پلان بۆ کەرەستە نووزەبڕەکانی دانێت تا پاش ئەوە بیپەرژێتە دەمکوتکردنی دەنگەکانی تر. دەنگی ئەو شەهیدانەی تەنانەت ویژدانی ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەییشی نەهەژان، بەتایبەتی ئەوانەی وەک مەلوشتر سەری خۆان دەشاردەوە، هەروەها ئەو دەوڵەت‌و ڕێکخراوە مافی مرۆڤ پارێزانەی چاویان لەئاست تراجیدیاکەی ئەنفالدا داخست. هەر بەتەنها تینی دەنگی شەهیدانی کورد گشت قوژبنێکی عیراقی گرتەوەو بووە هۆی دەرکردنی ئەو دیکتاتۆرە کە هێشتا دەستی نەشۆردبوو لەو خوێنەی عیراقییان کە پێوەی بوو، بێ دەربڕینی پەشیمانی لەسەر ئێسکی کەللەسەری قوربانییان وەستاو هەڕەشەی لەعیراقییانی تر دەکرد.

11 سوره فاطرة الآیة رقم 18 (ولاتزر وازرة وزر أخرى) ـ وەرگێڕ

گوڵەگەنم بەزرێی تانگ پانکراونەوە، بۆردومانی تۆپ دارەکانی دەسووتانو رەنگی سەوزێکی بریقەداری دەگۆڕیو دەیکردن بە خەڵووزی سیا. هەروەها ئاژەڵو مریش پێکرانو بەشی خۆیان لە ئەنفال بەرکەوەتو بەسایەی سەری دیکتاتۆرەوە بوونە قوربانی، چونکە ئارەزووی دیکتاتۆر ئەبوو هیچ جۆرە واتایەک بۆ ژیان لەو کوردستانە نەمێنێتو بۆ ئەو نەتەوەیە هیچ دیاردەیەک لەسەر زەوی نەهێڵێت، تەنانەت لەمێژوویشدا. ئەوەیە تراژیدییای ئەنفال!

تاوان لەخۆیدا خووە لەلای تاوانکار، لەو خووەدا دوو کوچکە پەیدا دەبێت؛ کوچکەی مەتریالیو کوچکەی ماکی. جا هەچکەس ئەو هزرە تاوانکارییەی تێدابێت کەپێش دارو بەرد خاوەن ویژدان دەهەژێنێت، دڵنیادەبێت لەوەی کوچکەکانی تاوانی بۆ ڕەخساون. جا ئارەزووی سەددام لەوەدابوو ئاراستەیکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کوشتخانانەی چێژی لە ڕوانینە فلیمەکانی وەردەگرت، ئەویش بە چاوبڕینە جووڵەی دواساتەکانی مەرگی قوربانییانو هێمای نێوچەوانیان. ئەوەی ئەوی سەرسامی دەکرد بێدەنگیی ڕووی قوربانیان بوو، بەڵام بە بیستنی قیژەی منداڵەکانی زیندو دەخرانە چاڵیش دەیدایە قاقای پێکەنین. مەبەست لەتاوان لەو تاونکارریە دەستئەنقەستییەدا پەیدان کە ئەوەتا جیهانیان گوێبستی دادگاییەکەی دەبنو لەوانەیشە جیهانیان گوێبیستی گێلپاکانەکانیشی ببن بۆ ئەو تاوانکارییانەی دەڵێت گوایە مەبەستی ڕاگرتنی سکوزای کوردان بووبێت، یانیش مەبەست چاکسازی نەخشەی شارو دێهاتی کورد بووبێت بۆسەر شێوەی نوێ. لەوانەیشە ئەوە بڵێت کە ئەو ویستوویەتی پیرەکانیان لەناودات تا ژیان بۆ گەنجانییان ڕەهاتربێت. لەوانە... و لەوانەیە... بەڵام نە دەتوانێت هۆی مەرگی ئەو بەچکە شیرەخۆرانەمان بۆ ڕوونکاتەوە کە تا کاتی زیندوو لەچاڵنانیش





فێری زمانی کوردی نەبوون. نە ئەوەی لەبەرچی گیژە کوردەکانی لەتەمەنی گوڵدا بەخشران بە ڕابواردنگا عەرەبییەکان.

پرۆسەکەی "ئەنفال، کە پەیوەستە بەو دەسکەوتانەی لەجەنگی دژ بەخودانەناساندا گیراون" کاتێک ئاشکرابوو کە جەنگی عیراقو ئێران ڕووی لەکۆتا کرد، واتە ئەوکاتەی چەرخی ئەو دەستارە لەهەڵسوڕان کەوت کە ماوەی نێوان ساڵانی 1980 تا 1988 درێژەی بوو. ئەوسا عەلی حسن المەجید کە ناونرا عەلی شیمیاییو ئێستا بەندە، بوو بە پێشهەنگی چالاکییەکانی ئەو ئەنفالەی بووەهۆی مەرگو لەناوچوونی سەدەها هەزار کەسی سیڤیل لە دەیەها دەڤەر لەڕێی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی دژ بەسڤیلی بێچەکو نیمچە تێکدانی بووەی خێزانو کۆمەڵانی هەرێمو ئەو ژێرخانە بنەڕەتییەی کشتکارانو زۆر باریتر لەگشت قوژبنێکی لادێی کوردی.

لەئامەژەیەکدا توێژەرو دوکتۆر جەبار قادر دەڵێت؛ دیارە وشەی ((ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال)) وشیەکی بارەوشتو بێلایەنانەو بێگەردە کە توێژەری عیراقی فالح عەبدوالجەببار لێیدەدوێت، ئەو پێشنیاری ئەوەمان بۆدەکات، بەلایەنی کەم ئەو وشەی ((ئۆپەراسیۆنە)) پرشکۆیە بگۆڕین بەوشەیەک واتا چەپەڵە ڕاستەقینەکەی خۆیی لێبچۆڕێت، وەک ((گروخانە، قڕکردن، سەربڕخانە یان کوشتخانە)) و هێشتا لەوەیش دەترسێت، گشت ئەووشانەیش بەسەریەکەوە واتای چەپەڵی کردەوەکە نەبەخشن.

لەڕاستیدا، لەوانەیە گوێ خوێنەر ئەو وشانە بەشێوەی ئاسایی خۆی وەرگرێت وەکئەوەی دەمی ئێمەی پێ ڕاهاتووە. بەڵام ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال لەو گرووخانە مرۆییە بەولاوە هیچ واتایەکی تر نابەخشێت، ئەوە قەیرانێک بووە بۆ ئەوکەسانەی بەر ئۆپەراسیۆنەکانی پاکتاوی کەوتن، یانیش

ئەو مەلۆتکە دەم داخراوەی کاتی خۆڵ بەسەرداکردنی تەنانەت توانای هاواریشی نەبووە. واتە بار هەندە ئاسان نییە بتوانین کاری ئەوتۆ بکەینە سەر مێشکی مرۆڤی بەویژدان تابتوانێت لەڕاستی ئەو مەرگەساتە بگات کە ویژدان دەهەژێنن بەڵام بێدەنگ تێپەڕینو تاوانکارانی تائێستایش لەژیاندا هەناسەی پاقژ هەڵدەمژنو قاقا بە قوربانییەکانیان پێدەکەنن، لەوانەیشە هەر بۆ خۆهەڵکێشان بەرەنگاری گشت عیراقییان ڕاوەستن، چونکە تاوانکاری لەلای ئەوانە هەروەک هەناسە هەڵمژین یان وەک ئاو خواردنەوە کارێکی ئاسانە، چونکە ئەو ڕاستییانە زۆرجار بەدەستی ئەنقەست دەشاردرێنەوە، دەگۆڕێن یان ئاوەژوو دەکرێن.

ئەو تاوانە دژەمرۆڤانەیەی سەددام لەئەنفالدا گێڕای، بەتاوانی پاکتاوی کۆمەڵێک مرۆڤ دەژمێردرێت، جونکە ئەو بەهێزی چەکدارو جۆرێک لە نەخشەی سیستێماتیکی چوە خوێنی بەشی زۆر لە مرۆڤانی گەلی کورد. ئەو بووەهۆی قڕکردنی مرۆڤی ئەو هەرێمەو تێکدانی سروشتەکەی. ئەو زیانە زۆرەی ئەو گەیاندوویەتی بەژیانی ئەو هەرێمە لەخۆیاندا کارگەلێکی پێشێلکارن بۆ یاسای نێونەتەوەیی‌و نیشیمانی‌و دابو نەریت.

ئەگەر ئەو چالاکیانەی لە 1988وە سیستێماتیک کران بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، بەدەرچوونی ڕژێمی دیکتاتۆر نەبوایە کوردستانی لێ دەرباز نەدەبوو. ئەو پرۆگرامەی لەسەرەتای کودەتاکەیانەوە لەعیراقدا دژ بەگشت نەتەوەو چینەکان درێژەی بوو، دیکتاتۆر بیری بۆئەوە نەچووە کە یەکێک هەڵکەوێت ئەو دەسکەوتانەی لێدەسەنێتەوە. ئەو هەربەتەنها خۆی بە مافبەخش یان زەوتکەری دەزانی. هەر بەتەنها خۆی دەتوانێت هێزی بەرانبەر بێدەنکاتو ژیانییان لەبەر ببڕێتو لەو بەولاوە عیراق کەسی تری تێدانییە،و کەسیش ناتوانێت لەو هەڵگەڕێتەوە یان بەرەنگاری ببێت. دیارە نە





ویستوویەتی هیچ فێربێت، نە مێژووی زۆردارو دیکتاتۆرانی تری خوێندووەتەوە. زۆر لەو نەتەوەو گەلانەی کاروانی شەهیدیان پیادەکردووە سەرئەنجام سەرکەوتنیان وەدەستهێناوەو ئەنجامی زۆرداریان ڕوو لە سەرەنوێلکە کردووە، وەک ئەوەی وا ئەمڕۆ سەددام لەنێو ئەو ڕکەیەدا وەستاوە کە کۆتایی هێنا بە ژیانی نێو ئەوچاڵەی زۆر لەباربوو بۆ ئەوەی بیکاتە دوا بارەگای سەرۆکایەتی. دیارە دوائەنجام هەر پەتی ئەو قەنارەیە دەبێت کە دادگا بەناوی گەلەوە بڕیاری دەدات.

سەددامی زۆردار لەناوچوو، بەڵام کورد بەئێشوئازاری زۆرەوە ماوە بیر لەوزیانە مەزنانە دەکاتەوە کە داویانە. لەوانەیە ئەو کوشتخانانەی ئەنفال کە سەددام پڕئارەزوو بڕیاریداو عەلی شیمیایی ئامۆزای فرمانەکانی ئەنجامدا، گەورەترینی ئەو تاوانکارییانەبن کە دیکتاتۆران دەیگێڕن دژ بە گەلانی خۆیی بێچەک. لەوجۆرە تاوانەبن کە تەوێڵی مرۆڤایەتی پێتەڕدەبنو جیهانی پێ شەرمەزار دەبێت. هەرچەندە ئاڵچاغبێت هزری ئەو بەدکارەی دەیەوێت لەوجۆرە تاوانە ئەنجامدات، لەوانەیە هاواری منداڵێکی ناو مەلۆتکە، یان منداڵێکی تینوو ڕایبگرێت، بەڵام ئەوە لەو تاوانکارییە نەگریسانەیە کە دەکەونە مێشکی مرۆڤەوە، پێیان کوچکە مەتریالی‌و ماکی کۆدەکاتەوە لە یەک تاوانی سەردەمدا.

لەکاتی جەنگی عیراقو ئێرانداو لەژێر گرمەی تۆپو گێژاوی تێکهەڵچوونو قەیرانی سەردەمدابوو کە دەستکرا بە گواستنەوەی گوندە سنوورییەکانو ڕانینی دانیشتوانییان بۆ ئۆردوگاو گرتووخانەکان. پاشان بەتراژیدییایەکی سیستێماتیکی ئاراستەکراو لەلایەن بەرزترین پلەکانی سەرکردایەتییەوە بەکۆمەڵ لەناوییان دەبردن. دیارە بەرپرسێتی تاوانی لەخودی ئەوجۆرە خۆئامادەکردنو ئاراستەو دیاریکردنەدایە. دانانی عەلی

حەسەن المەجید بۆ ئەوکارە بەپێی فرمانی ژمارە 160 لە 29ی ئازاری 1987 و گشتجۆرە لێپرسراوەتی کاروباری هەرێمی باکووری عیراقی درایەدەستو سەرپشک کرا بۆ گشتجۆرە دەسەلاتە سەروەریو یاساییو ڕامیارییەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو سەرکردایەتی هەرێمی پارتی بەعس،و گشت دەسەلاتەکانی خودی دیکتاتۆرو هەندێک ناویش دەستنیشان کرا بۆی ببنە یاریدەرو پلانرێژ. ئەوجا دەستکرا بە تێکدانی گوندەکانو سڕینەوەیان لەسەر نەخشەی عیراقو بەکارهێنانی هێز بۆ کوشتنو لەناودانی مرۆڤەکانیان.

بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە، سەرکردایەتییەکانی وەک سپاسالاری گشتیو دەزگا گشتییەکانی زانیارگری لەشکرو ئاسایشو زانیاردەری دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی قۆناغە سەرەتاییەکانی پێویست تاوانکاریو پێکهێنانی چەند لیژنەیەک بە فەرمانی لەشکری توندوتیژو بڕیاردان بە چەندینجار بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لەزۆربەی ئەو دەڤەرانەی هێرش گرتنیەوە. جۆرەها مووشکئەندازی سەر لۆری (ڕاجمە)یان بەکارهێنا بۆ بۆردومانکردنی دەڤەری سەرگەڵوو بەرگەڵوو یاخسەمرو گوندەکانی سێوسێنانو هەڵەدن. تۆپی قورسو ماوەدرێژیش بەکارهێنرا بۆ قڕکردنی گشتجۆرە زیندەوەرێک لەو گوندانە کە هاوکات هێزی ئاسمانیش زۆر بەتوندی کەوتە بۆردومانکردنی پێدەشتەکانی قەرەداخو دۆڵی جافەتی. ئەوەی لەو بۆردومانانە ڕزگاری دەبوو دەکۆشین بەکەناری گۆمی دوکانو دەڤەری دەربەنیخاندا دەربازبن. زانیاری بلاوکرایەوە ئەوە دەسەلمان کە گشت قوربانییانی سڤیل بە (شەهیدی بۆردومانەکانی ئێران) بووبێت، گوایە بەبۆنەی جەنگی عیراقو ئێرانەوە بووە. ئەوانەی دەسگیر دەکران لەو کەسانەبوون کە ڕوویانکردە سەربازگە عیراقییەکانی نزیک بە ناوچە شیمیابارانکراوەکانی دەڤەری شاناخسێ. زۆر خیزان شاخیان بڕی بەرەو سنووری ئێران بێلەوەی بزانن





چارەنووسیان چییەو زۆریتر لهوانەی خویاندا بەدەست دەزگا سیخوڕییەکان یان هەڵهاتن بۆلای ڕاوێژکارانی (جاش) ڕەوانەی ئاسایشی میری دەکرانو لەوێ بەجۆرەها شێوەی چەپەڵ سەرنگوم دەکران تەنانەت لەشەکانیشیان بزربوو. پاش بۆردومانێکی زۆر، شاری هەڵەبجەیان بەچەکی شیمیایی بۆردومانکرد،و دیسان بە بۆمبی فسفۆریو ناپاڵم بۆردومان کرایەوە. ئەو تاوانە چەپەڵەی دژ بە هەڵەبجەو دانیشتووانەکەی کرا بەبڕیاری خودی سەددامی دیکتاتۆر بوو. لەشکرەکانی یەکو پێنج لەسپای عیراق بوونە ئەنجامدەری ئەو پاکتاوییە، کۆکردنەوەی هاوولاتییان لەئۆردوگای زۆرەملێ، بۆردومانی دەڤەرەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵوو چیای کوجار، ماوەت، شێخ وەسانان، بالیسان، سەرکۆ، جافەران، ملەکان شێخ بزێنیو هەڵەبجە[12].

نێوان ڕۆژانی 22/ 3 تا 1/ 4/ 1988 دەستکراوە بە بەشی دووهەمی پرۆسەی ئەنفال بە بۆردومانی دەڤەرەکانی تەکیە، بەلەکجار، قەرەداخ، قادرکەرەم، کۆشکی جەباری، هەنارە، لەیلان، قەیتەوانو گوندەکانی خێڵی زەنگنە، کاراوێ، قیرتسە، قەیتوول، سەنگاوو شاناخسێ کە تێیاندا چەکی شیمیایی بەکاهات بۆ مەبەستی قڕکردنی گشتجۆرە ژیان لەو دەڤەرانەو گوندەکانی دوکانییان کە بە مووشەکئەنداز بۆردومان کرا.

لەنێوان 7 بۆ 20/ 4/ 1988 یشدا بەشی سێهەمی ئەنفال گوندەکانی گەرمیان ـ دەڤەری تازەشار ـ و شارۆچکەی قادرکەرەم، شێخ تەویلو

12 ڕۆژی 14/ 4/ 2008 کە بیستهەمین ڕۆژی ساڵیادی ئەنفال بوو، پەرلەمانی عیراق بەزۆرینەی دەنگ بەبڕیاری فەرمی ناساندی تاوانەکانی ڕژێمی بەعسو پرۆسەی ئەنفالی وەک جینۆساید پەسەندکرد. ـ وەرگێڕ

گوندەکانی تازەو حامیدی گرتەوە، لەو هێرشەدا 120 گوندیان سووتاندو تەختکرد، سەئەنجام هیچ جۆرە ژیانێکیان تێدا نەهێشت.

لەنێوان 3 تا 8/ 4/ 1988 بەشی چاورهەمی ئەنفال بوو، تێیدا بەچەکی شیمیایی کەوتنە بۆردومانکردنی دەڤەرەکانی کالنجاخ، گۆپتەپە، چەمچەماڵ، ئاغجەلەر، تەقتەق، تیلەکۆ. لەو ئۆپەراسیۆنەدا گوندەکانی دۆڵی زێی خوارووی گرتەوە هەر لەعەسکەرو گۆپتەپەوە بەرەو باکوورو ڕۆژهەڵاتی گرتەوە تا دەگاتە لێوار گۆمی دوکانو لووتکە بەرزەکان لەشاخی قەرەداخ.

لەماەوی 15/ 5 تا 26/ 8/ 1988یشدا بەشەکانی پێنجو شەشو حەوت لە پرۆسەی ئەنفال دەڤەرەکانی شەقڵاوە ـ ڕەواندز، ئارا، شیروانە، هیران، شاخی ڕەشکی، بانیشیان، سماقولیو بنەمێردی گرتەوە. ڕژێمی سەددام ئەو پرۆسەی وێرانکاریو سووتانو قڕکردنەی ناونا (پاکتاوی). عەلی حەسەن المجیدیش سووربوو لەسەر ئەوەی چەکی شیمیایی بەشێوەیەکی زۆرو بەرفراوان بەکارهێنن دژ بە کورد. پیاوە زیندووەکانیان لەسەربازگەکانی ناوچەی تۆپزاواو ئۆردوگای بەرگری میللی تکریت کۆکردەوەو ژنانیشیان خنییە زیندانەکانی دووبزو پاشان ڕەوانە کران بۆ نوگرەسەلمان کە یەکێکە لە بیابانەکانی خوارووی عیراق، هەروەها لەقەڵای دهۆکو بەندیخانەی ژنان لە سەلامییە. ئەو بەندکراوانەی زۆریان منداڵی تەمەن جۆراوجۆرو بوون، لەوانەیش زۆریان شیرەخۆر یا ساواو نەخۆش بوون، یانیش خاوەن باری تایبەتی بوون. چڕیو قەڵەباڵغیی ئەوشوێنانە لەڕادەی باوەڕ بەدەر بوو. وەکتر هیچ جۆرە مافێکیش لەو بەندیخانانەدا بۆمرۆڤ ڕچاو نەکراوە.

سەرەڕای ئەوە، چەند تیمێکی ژیانبڕ هەبوون بۆ دەستبەجی کوشتنو لەناوبردنی زۆر سڤیلی بێچەکی کورد. تێیاندا هەبوو ڕاستەوخۆ دەبرا بۆ





زیندانو گرتووخانە، ئەوانەیشی پاش گەڕانەوە دەگیران یان خۆیان دەدا بەدەستەوە تاخم تاخم لەناویانداون.

بڕیاردرا چالاکییەکانی نێوان 25/ 8 تا 6/ 9/ 1988 ببێتە دواقۆناغی پرۆسەی ئەنفال کە ئەویش بریتیبوو لەلێدانی دەڤەرەکانی بادینانی وەک بیرچینی، تێلە، کرو، بەکرە قۆرە، بلە، جانە، ڕوسی، سواری، چیای کارا، بالوکەو زۆر شوێنیتر. لەو هێرشانەدا 16 تیپی سپا بەشدار بوو (هەریەک لەوان پێکهاتبوو لە 12000 سەرباز) لەگەڵ چەندین بەتالیۆنی هێزی بەرگری میللی (جاش)و بەهاوکاری زۆر لە یەکەکانی چەکی شیمیاییو هێزی ئاسمانی. ئەوە بە یەکهەمین لاپەڕەی ئەنفال دادەنرێت کە بەوەستانی جەنگی عیراق ئێران ئەویش ڕاگیرا. ئەگەرچی بڕیاربوو نەوەستێنن تا گشت زیندەوەرانی مرۆییو ئاژەڵو مەلو ڕووەکی هەرێمەکە لەناودەبەن، تا بە لەناوبردنی گەلی کوردستان لەعیراقداو خەونە نەخۆشو پڕتاوانەکەی سەددام وەدی بێت.

ماکی ڕەوانناسی کار ئەوە دەگەیێنێت کە ڕژێمی سەددام دەیویست بە لێدانی زۆر چڕو بەگشت هێزوتوانای چەکدارییەوە، تەنانەت ئەوانەیش کە ڕەوشو پرۆتۆکۆلە نێونەتەوەییەکان قەدەغەی کردوون بۆ لەناوبردنو سەرکوتکردنی هێزی دژ یان دەنگی مافخواز. بۆیە گشت تواناکانی ئەو سپایەی عیراقی خستەگەڕو سەرتاپای ئابووری عیراقی بۆ تەرخانکردبوو.








# بەشی دوو
# ئەنفالو یاسای نێونەتەوەیی



بڵاوکراوەی بانگەوازی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ[13] لە 10/ 12/ 1948دا بەهۆی زەق پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤو سووکایەتیکردن

---

[13] هەندێک دەقی پەیوەست بەو پرۆسەیە لە بڕگەو خاڵە گرنگەکانی ئەو بانگەوازنامەیە.
بڕگەی 1: مرۆڤ بەگشتی یەکسان لەدایدەبن،و خاوەی یەکجۆر مافو پیاوەتین...
بڕگەی 2: بۆ هەر مرۆڤێک هەیە گشت ئەو جۆرە مافە خۆییانە بەکارهێنێت کە لەم بانگەوازنامەیەدا هاتوون، بێ جیاوازی ڕەگەز، ڕەنگ، زمان، ئاین یا هزرو بۆچوونی ڕامیاریو....
بڕگەی 3: ژیانی ئاسوودەو سەربەست مافی گشت یەکێکە.
بڕگەی 5: نابێ هیچکەس تووشی ئازارو ئەشکەنجەو سزای زۆر قورسو درِندانە یان نشوستی بکرێت.
بڕگەی 7: گشت مرۆڤ لەبەردەم یاساو لەژێر سایەیدا یەکسانن....
بڕگەی 9: هەرگیز نابێت کەسێک بەبێ هۆ دەستگیر یان زیندانی بکرێت یانیش ڕاگوێزرێت.

بەو مافەو بوونیان بەهۆ بۆ هەڵوێستی بەربەریی ئەوتۆ ویژدانی مرۆڤ بهەژێنێت، تێیادا هاتووە دەڵێت: "مرۆڤ بەگشتی خاوەن مافەو ڕەوشی ئازادیو ژینی ئاسوودەن،و گشت گەلێک بۆیهەیە مافی چارەنووسی خۆی دیاریکات. هەروەک دەبێت خۆی چەقی ڕامیاری بۆخۆی دەستنیشان بکات، دەبێ سەربەستبێت لەکۆشین بۆ پەرەپێدانی باری ئابووریو کولتووری خۆی".

لەبەرئەوەی زۆرجار لەمێژوودا تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی دووپات بوەتەوە، لە 9/ 12/ 1948دا ئەو ڕێکەوتننامەیە مۆرکراو لە 12/ 1/ 1951دا خرایە بەرکار. قەدەغەکردنی تاوانەکانی پاکتاوی ڕەگەزیو سەپاندنی سزا بەسەر ئەنجامدەرانیان بڕیارداوە. لەوێدا پاکتاوی ڕەگەزی گشتیەک لەو

---

بڕگەی 11: گشت یەکێک بێتاوانە تا ئەوکاتەی لە دادوەرییەکی یاساییو پڕمافی بەرگری لەخۆدا تاوانی بەسەردا دەسەپێت.

بڕگەی 12: نابێت دەست بخرێتە ژیانی تایبەتی کەس یان خێزانو بنەماڵەو خانووبەرەو...و پێویستە یاسا بیپارێزێت ...

بڕگەی 16:... خێزان لە پێکهاتەی کۆمەڵدا یەکەیەکی سروشتییە، مافی ئەوەی هەیە کۆمەڵو ڕژێم پارێزگاری لێبکەن.

بڕگەی 19: گشتکەسێک بۆیهەیە بیرو بۆچوونی خۆ دەربڕێتو.... بێ گوێدانە جوگرافیاو سنوور....

بڕگەی 20: گشتکەس سەربەستە ئاشتییانە بەشداربێت لە کۆڕو کۆمەڵدا....

بڕگەی 25: گشتیەکێک مافی گونجاوی ئەوتۆی هەیە خۆیو خێزانی ئاسوودەو خۆشگوزەرانو تەندروستباش بژین....

بڕگەی 26: فێربوونو خوێندن مافی گشت کەسێکە....

بڕگەی 30: لەم بانگەوازنامەیەدا هیچ دەقێک نییە ماف بدات بەڕژێم یان کەسو کۆمەڵێک ئەو مافی سەربەستییانەی تێیدا ئاماژەیان پێدراوە پووچەڵ بکاتەوە.

ـ وەرگێڕ





کردەوانەی خوارەوە دەگەیێنێت کە مەبەستن بۆ قڕکردنی بەشێک یان گشت ئەندامانی کۆمەڵێکی نەتەوەیی، ڕەگەزیو توخمی یانیش ئاینی بەجۆرێک، ببێتە هۆی:

1- کوشتنی تاخمێک لە کۆمەڵ.

2- زەدەی تەنی یان ڕەوانی ترسناک گەیاندن بە ئەندامانی تاخمێک.

3- بەدەستی ئەنقەست ناچارکردنی تاخمێک بۆ ژیان لەدۆخێکدا ببێتە هۆی تێکشکانی بەشێک یان گشت باری ئابووری ژیانییان.

4- سەپاندنی جۆرێک لەهەڵوێست بەسەر کۆمەڵدا ببێتە هۆی نەزۆکیو منداڵ نەبوون.

5- گواستنەوەی منداڵ لەناو کۆمەڵێک بۆ ناو کۆمەڵێکی تر.

پرۆسەی پاکتاوی کۆمەڵ دەکەوێتە خانەی بە پێزانینەوە کوشتنی تاخم یان ناچارکردنی تاخمێک بۆ ژیان لەدۆخێکدا ببێتە هۆی لەناودانی گشت یان بەشێک لەوان. ئەگەر بۆ ئەو تاوانکارییانە ڕاستەوخۆ چەکی ئاسایی بەکارهاتبێت یان بە گازو ئەو جۆرە چەکە شیمیاییانەی بووبێت بۆ لەناودانی ڕەگەزی مرۆڤ، یانیش بەمەبەستی تایبەت. بەزۆر گواستنەوەو بەندکردنی نامرۆڤانەییو جۆرەکانی تری وەک، لێبڕینی خۆراکو دەرمان تا ببنە هۆی مردن. بۆیەو بەوپێیەی سەرەوە یاسا گشت ئەوانە بەهۆ دەژمێرێت بۆ پاکتاوی بەکۆمەڵ.

بڕگەی سێی ڕێکەوتننامەکە، سزای دیارکردووە بۆ خودی کاری پاکتاوی بەکۆمەڵو پلانڕێژی بۆ پاکتاوی بەکۆمەڵو ڕاستەوخۆو ئاشکرا هاندانە بۆ پاکتاوی بەکۆمەڵو کۆشین بۆ پاکتاوی بەکۆمەڵو بەشداربوون لەپرۆسەی

پاکتاوی بەکۆمڵدا. بڕگەی چواریش، سزا دەسەپێنێت بەسەر هەرکەسێکی بەشدار لەپرۆسەی پاکتاوی بەکۆمڵ ئەگەرچی سەرکردەی بەدەسەڵات بووبێت یان کارمەندی گشتی یانیش کەسێکی ئاسایی.

بەندی شەش، ڕوونو ئاشکرا لەوە دەدوێت کە، ئەوانەی تاوانبارن بە بەشداری لەپاکتاوی بەکۆمەڵ یان بەیەکێک لەو کردارانەی لەسەرەوە دیاریکران، پێویستە بدرێن بەیەکێک لەدادگا تایبەتییەکانی ئەو وڵاتەی تاوانەکان تێیدا ڕوویداوە (یان) دادگایەکی سزایی نێونەتەوەیی تایبەت.

ئەو ڕێکەوتننامەیە پرۆسەی کۆمەڵکوژی ناخاتە ڕیزی تاوانی ڕامیاریی، هەروەها پرۆتۆکۆلە نیونەتەوەییەکان ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە تاوانەکانی کۆمەڵکوژیو تاوانی دژەمرۆڤ بەر باری بەسەرچوونی تاوان ناکەون. تاوانی دژەمرۆڤ لەهەرکوێیەک ڕوویدات پێویستە ئەوشوێنە ببێتە زەمینەی لێکۆڵینەوە. هەرکات بەڵگە پەیدابوو لەسەر ئەوانەی بەشداربوون لەو تاوانکارییان، پێویستە بەگشتی بکەونە ژێرباری لەدووگەڕان، گرتن، دادگاییو سزا سەپاندن بەسەر ئەوانەی دەسەلمێت تاوانکار بوون.

بۆ گشت وڵاتێک هەیە هاووڵاتییانی خۆی لە تاوانکارانی دژەمرۆڤ دادگایی بکات، بۆیە پێویستە کۆمەڵەی مرۆڤایەتی پابەندبن بە پشتگیری بۆ لەدووگەڕانو گرتنو دادگایی کردنی ئەوانەی گومانی بەشداربوونی ئەوجۆرە تاوانکارییانەیان لێدەکرێت، تا بتوانن سزا بسەپێنن بەسەر ئەو کەسانەی تاوانبار دەردەکەون. پێویستا وڵاتان هاوکاری یەکتر بکەن بۆ گێڕانەوەی کەسانی ئاماژە پێکراو بۆلای یەک. لە ئاماژەیەکی زۆر گرنگو بەربەستدا بڕگەی حەوتی پرۆتۆکۆلەکە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان پابەند دەکات بۆ وەدەستدانەوەو سزادانی ئەوکەسانەی تاوانی دژەمرۆڤیان بەسەردا دەسەپێت. نابێ هیچ وڵاتێک ببێتە داڵدە بۆ ئەوانەی هۆی زەق هەن





بۆگومان لەبەشداربوونییان لەتاوانی دژەئاشتی یان جەنگو تاوانەکانی دژەمرۆڤ.

پرۆفیسۆر مەحموود شەریف بەسیونی دەڵێت: ((ڕێکەوتننامەی تایبەت بە قەدەغەکردنو سزا لەمەڕ تاوانەکانی کۆمەڵکوژی ئەو تاخمانەی لەژێر باری پارێزگاری نێونەتەوەییدان بەوە پێناسە کردووە کە؛ تەنها تاخمە نیشتیمانپەروەرو ڕەگەزیو ئاینی دەگرێتەوە. ئەو ڕێکەوتننامەیە سنووری بۆ مەبەستی تایبەتیش دیارکردووە، واتە مەبەست لەو وێرانکارییە یان قەلاچۆکردنەی بەشێک لەو کۆمەڵەی گرتبێتەوە یان گشتی، بەو مەرجە دەردەکەوێت کە بەرپرسایەتی لە مەبەستی تاوانکاری پێش پلانرێژو دەستپێکەرو ئەنجامدەرانی ئەو هەڵوێستە تێکدەرانە هەر بووە کە بەتایبەتی بووەتە هۆی ئەو ئەنجامە قەلاچۆکارییەی (گشت یان بەشێکی) لە تاخمی پارێزراوی گرتووەتەوە. پرسە تایبەتەکانی لەمەڕ بەرپرسێتی ئەوانەی لەڕیزی خوارەوەی ئەنجامدەریدا بوون چیدیڵێت بۆ سەپاندنی پێوەرە تایبەتییەکانی لەمەڕ باری یاسایی پێویست بۆ سەلماندن.

لەزۆر ڕەوشی یاساییدا، سەپاندنی مەرجی یاسای سزایی بۆ مەبەستی تایبەت زۆر دژوارتر بە بەراورد لەگەڵ مەبەستی گشتی.

دەتوانین بەپێی پێوەری یاساییو پەنا بەڕادەی زانیاری کەسێکی ئاسایی نێو دۆخەکە مەبەستی گشتی بسەلمێنین. لەڕاستیدا بارێکی قورس دێتە پێش سەبارەت بەو بەراییانەی لەسەرووی ئاستی ئەوانەی پلەی خوارەوەن، چونکە ئاساییە کە زۆر لەوان هیچ دیاردەیەکی نووسراوە جێنەهێڵن. بەڵام لەمەڕ سەلماندنی مەبەستی تایبەت لەلای سەرانی ئەنجامدەر، لەوانەیە زۆر دژوارتربێت ئەگەر دیادردەیەکی نوسراوەییان نەکەوتبێتە دەست. هۆکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کاتی دارشتنی ڕێکەوتننامەی لەمەڕ کۆمەڵکوژی،

هێشتا ئەزموونی نازییەکان لەمێشکدا مابوو، چونکە جەرمانەکان "ئەگەرچی لەکارەکانیاندا لەڕادە بەدەر هۆشیاربوون" دیاردەی نوسراوەیی دوورودرێژیان لەپاشخۆ جێهێشت. بەڵام چیتر ئەوبارە ڕووناداتەوە. نموونەیش، کێشەکانی یۆگسلاڤیاو ڕواندایە، ئەگەر دیاردەی نوسراوەییش بووبێت هیچیان لێ نەدۆزرایەوە. یانیش لەوانەیە ئەوانەی شتێکی لێدەزانن نەیانەوێ ئاشکرایکەن. هەر لەوبارەوە ڕاستیی کێشەی تر هەیە، وەک کێشەکانی کەمبۆدیا، ئەگەرچی لەهەندێک کێشەدا دیاردەی نوسراوەییش جێماوە هێشتا دیاردەکان ئاشکرا نەکراون.))

دوکتۆر "مونزر ئەلفەزل" لەتوێژینەوەکەی (ئەنفال، قەلاچۆکردنی توخمی مرۆڤو تاوانکاری نێونەتەوەیی )ی "الحوار المتمدن"[14] دا دەڵێت:

(( تاوانکاری نێونەتەوەیی ئەوەیە کە بەدەستی ئەنقەست بکرێت، واتە تاوانی قورس High crime. واتە ئەنجامدانی تاوان کەتاوانکار پێشکات خۆی بۆ ئامادە کردووە Criminal intent، واتە ئەنجامدانی تاوانی نێونەتەوەیی نە لەشێوەی **کەتن** دایە نە **سەرپێچی** یان **سەرپێچی دوور لەکردەوەی دەستئەنقەستو پێشمەبەست**، بۆیە تاوانکاری نێونەتەوەیی بە **کەتنی ترسئانگیز** Infamous crime دادەنرێتو دەبێتە هۆی ئاڵۆز کردنی ئاشتیو هێوەری نێونەتەوەیی چونکە کاردانەوەی تەنها لەدۆخی ئەو وڵاتەدا قەتیس نامێنێت، بەڵکو کاردەکاتە سەر کۆمەڵی نێونەتەوەییو هەر بەناوی کۆمەڵی نێونەتەوەییەوە سزای بەسەردا دەسەپێت. دەتوانین لە پێناسەکردنیدا ناوی بنێین ((پرۆسەیەکی تاوانی سەرپێچ بە ڕەوشەکانی

[14] الحوار المتمدن ـ ژمارە 1894 ـ 23/ 4/ 2007 ـ وەرگێڕ
( http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=94722)





یاسای نێونەتەوەیی، ئەگەرچی ئەو کردارە جۆرێک لەتاوانی لێبکەوێتەوە، تاوان لەئەنجامی کاری ئەرێنی، یان سەرپێچی لەکردار کە ئەویش تاوانێکی نەرێنییە)).

## دووهەم ـ کوچکەکانی تاوانی نێونەتەوەیی دژبەمرۆڤ.

دەکرێت کوچەکان بەوپێیەی خوارەوە شیکەینەوە:

1ـ کوچکەی ڕەوشێنی ـ واتە ئەودەقە یاساییەی سزای پێدەسەپێت بەسەر ڕووداوێک ( کردار یان سەرپێچی لەکردار ) لەنێو دەقەکانی ئەو ڕەوشو ڕێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلە نێونەتەوەییانەی وڵاتان واژوویان کردووە، وەک ڕێکەوتننامەی ڕێگرتن لە قڵاچۆکردنی توخمی مرۆڤ genocide کە تاوانی دژەمرۆڤەو ئەنجامدانی یان بەشێوەیەکی مەتریالی دەبێت، واتە بەکوشتن یان لەناوبەرنی نەتەوە یان ڕەگەز یانیش خێڵێک، وەک ئەوەی لەساڵانی جیاجیادا لەباشووری عیراقو کوردستان ڕوویداوە، بەتایبەتی کارەساتی هەڵەبجەو تراژیدیای ئەنفال. یان لەشێوەی تاوانی بایۆلۆجی وەک نەزۆککردنی مرۆڤ یان قەلاچۆکردنی کولتووری کە قەدەغەکردنی دوان بەزمانی نەتەوەییش ئەوە دەگەیێنێت، چونکە وەک ڕوونمانکردەوە کولتوور هێمایەکە بۆ جوداکردنەوەی پێناسەی نەتەوەو خێڵو کۆمەڵەکان لە یەکتر. هەروەها دەقی ڕەوشێنی ئەو دەقەیش دەگرێتەوە کە لەبەر ڕۆشنایی جەنگی نارەواو تاوانئامێزی دژبە ئاشتی دابڕێژرێت، بۆنموونە خاوەندارێتی چەکی قڕکەرو بڕیاری جەنگو تاوانی دژەمرۆڤ کە دەبنە هۆ بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، لەوانە ئەو دەیەها هەزار هاووڵاتییەی باشوور کە ڕاپەڕین وا جارجارە لەگۆڕی بەکۆمەڵدا دەیاندۆزنەوە دیاردەن بۆ تاوانبارێتی ڕژێم کە بێدادگایی ژیانی لەبەر بریون.

2. کوچکەی مەتریالی ـ ئەو کردار یان سەرپێچی لەکردارە دەگرێتەوە کە تاوانی نێونەتەوەیی لێدەکەوێتەوە، واتە کوتوومت هەڵوێستی پڕ ئارەزووی ترسئانگیزی وەک تێکدانی گوندو سروشتو سەرنوگوم کردنی مرۆڤو بەکارهێنانی چەکی بایۆلۆجیو شیمیایی وەک ئەوەی ڕژێمی سەددام بەکاریهێنا دژ بەهاووڵاتییانی باشوور.. بەتایبەتی لە هۆرەکانو کوردستان. لەهەرێمی باشووردا هۆرەکانیان زەهراوو وشک کرد سروشتیان پێ تێکداو زیان گەیشت بەنزیکەی 300 هەزار کەسو بوە هۆی ئاوارەبوونی 100 هەزار کەس بۆ ئێران کە تا ئێستایش پەنابەرن لەژێر چادردا دەژین. سەرئەنجام ئەو هۆرانە بوونە بیابانێکی ڕووتو پاش کوشتنی گشت مەلو لەناوبردنی ئاژەڵو ماسییەکانو زەهراوکردنیان ژیانی تێدا نەما. ئەو دەڤەرانەیان بەدەستی ئەنقەست دووچاری لێبڕینی ئاوی خواردنەوە کردو خزمەتگوزاری گشتی تێدا بێبایەخ کرد.

3. کوچکەی ماکی ـ ئەو تاوانە نێونەتەوەییەی بەئارەزوو، واتە (بە مەبەستی تاوان) ئەنجام دەدرێت، نیشانەیە بۆ تاوانکاریی ترسنئانگیزی نێونەتەوەیی کە دەبێتە هۆی هەژاندنی ئاشتیو هێوەری ژیانی جیهانی. بۆیە تاوانی نێونەتەویی دەکەوێتە ڕیزی تاوانە مەزنە ئاساییەکان، نەوەک پلەی کەتن یان سەرپێچی، چونکە ئەنجامدانی ئەوجۆرە تاوانکارییە نێونەتەوەییە بەدەستی ئەنقەست دەبێت. واتە (ئارەزووی کردار + ئەنجام) بەسەریەکەوە.

پێشرەوتی پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی پەیوەستە بە پێشڕەوتی خودی مرۆڤەوە، بۆیە وڵاتان کەوتنە گرنگیدان بەیاسا نێونەتەوەییەکانو دادەنی ڕێوشوێن بۆ پەیوەندی نێوانو بوون بەناوبژ لەڕێی ئەو پرۆتۆکۆڵو ڕێکەوتننامانەی لەنێوان دوو یان چەندین وڵاتدا دەبەسترێت. هەروەک





کۆششی بێوچانیان دەستپێکردووە بۆ دابینکردنی دیالۆگی شارستانییانەو ڕەوشی گونجاو لەگەڵ هەنگاوی سەردەم،و هەنگاونان بەرەو هەزارەی سێ بەجۆرێک دینامیکییەتی ژیانو ئابڕوو مافی مرۆڤ بپارێزن لە ستەمی زۆردارو تاوانکاران، هەروەها دابینکردنی هەرچی لەوەی دەبێتە هۆی پاراستنی مافی مرۆڤ بەگشتی،و شێوەی کاری یاسایی هاوپەیوەست بەو. ئەوبانگەوازەی مرۆڤ داویەتی بۆ دارشتنی بناغە گشتییەکانی مافی مرۆڤ لەژیانو سەرئەنجام بوونی بەخاڵی هاوبەش لەنێوان دەستووری گشت وڵاتانی جیهانو پرۆتۆکۆلی بانگەوازی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ. واتە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەوەیان واژوو کردووە کە بەگشتی کۆکبوون لەسەری.

لەگەڵ ئەوەی بانگەوازە جیهانییەکەی مافی مرۆڤ کە 10ی دیسەمبەری 1948 لەپاریس دەرچوو، بە گرنگترینو بەرفراوانترینی یاسا نێونەتەوەییەکان دەژمێردرێت، ئەگەرچی لەکاتی دەرچوونیدا بێ مەرجی گەرەکی بوو، هەر بوو بە سەرچاوەی یاساییو یەکێک لە بڕوانامە یاساییە نێونەتەوەییە گرنگەکانی زۆر پەسەندو هەنگاوێکی مرۆڤانەیی گرنگ بوو ڕاگرتنی شکۆمەندی مرۆڤو مافی ژیانێکی ئاسوودەو سەربەستو یەکێک لە هێماکانی پێشرەفتی شارستانییەتو پێوەری شارستانی بۆ هەڵسەنگاندنی پابەندبوون یان نەبوونی وڵاتان بەدەقی بەندەکانییەوە.

گرنگی ئەو بانگەوازە نێونەتەوەییە لەوەدایە کە زۆربەی وڵاتانی ئەندام پابەندی خاڵەکانی بوونو دەقە یاساییەکانی نیشتیمانی خۆیان بەجۆرێکی دارشتووە بگونجێت لەگەڵ ناوەرۆکی خودی بانگەوازە جیهانییەکەی مافی مرۆڤ. بۆیە پابەندبوونی میللەتان پێیەوە بووەتە پێوەرێک بۆ خستنەڕووی ڕادەی پێشوەچوونو شارستانێتی ئەوان لەمەڕ ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ.

گرنگترین کاری ئەو بانگەوازە جیهانیە ئەوەیە کە بووە بە بەندی ڕێگر لەبەر تاوانەکانی کۆمەڵکوژیو بوونی بە بنەماو دیاریکەری مەرج بۆ سزاو دادگاییکردنی ئەوانەی دەبنە هۆ بۆ دەسپێکی تاوانەکانی جەنگو ئەوانەی دەبنە هۆی هاندەر بۆ کۆمەڵکوژیو تێیدا بەشداربوون. هەروەها بووە بەڕێگر لە بەکارهێنانی ڕەوشی بەسەرچوویی ماوە لەکاتی سزا سەپاندن لەسەر ئەوجۆرە تاوانکارییەو ئەوەی کە سزا بسەپێنێت بەسەر تەنانەت ئەو سەرکردانەیشدا کە بەرگری دەستووری دەکەنە ئامراز بۆ دەربازبوون لە سزا، هەروەها فەرمەندەی گشتییو داروودەستەی.

گشت وڵاتێک مافی ئەوەی هەیە دادگایی هاووڵاتییانی خۆی بکات لەسەر تاوانکاریی جەنگو تاوانەکانی دژەمرۆڤ، بەڵام تاوانی هەندێک کەس یان لایەن کە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی نیشتیمانی خۆ تێدەپەڕن بۆ وڵاتو کۆمەڵە مرۆڤی لە دەسەڵاتو سەروەری ئەوان بەدەرن. وەک هەندێک وڵات لەپێناو ڕێگرتن لەتاوانو کۆشین بۆ ڕونەدانی، دووبەدوو یان چەندلایەنە پێکەوە دەبنە هاوکار، هەر ئەو وڵاتانە بێپشتگیر نابن لەکۆشش بۆ ڕاوەدوونانو گرتنی تاوانکارو سزا سەپاندن بەسەر ئەوانەی تاوانبار دەردەکەون. لەوێدا بڕیار دەگەڕێتەوە بۆ خودی دادگای نیشتیمانی کە بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەییو دەسەڵاتی یاسایی نیشتیمانی سەرپشک دەبێت بۆ هێنانەڕووی تاوانکارو دادگایی کردن یان ڕەوانەکردنیان بۆ دادگای نێونەتەوەیی.

بەرەوپێشچوونی کارڕاێکیو پراکتیزە کردنی ئەو دەقانەی لەپەیمانی ڤێرسای بەدواوە، خستنەگەڕی دادگای سزای نێونەتەوەیی پێکهاتووی تایبەت بە ڕواندا، سەرئەنجام ئەو ئاستەی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی تێیکەوتبوو





پێویستی بەدادگایەکی هەمیشەیی بوو بۆ وەگەڕخستنی ئەو دەقە یاساییە ڕوونو ئاشکرایانەی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنە تایبەتەکان بوون.

لەساڵی 1919 بەدواوە پێنج لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی پێکهات بریتی لە لیژنەی دەرخستنی بەرپرسان لە هەڵگیرسانی جەنگو سەپاندنی سزا. لیژنەی وڵاتانی یەکگرتوو لەمەڕ تاوانکارییەکانی جەنگ. لیژنەی ڕۆژهەڵاتی دوور. لیژنەی پسپۆرانی تایبەت بەیۆگسلاڤیای پێش 1992 و لیژنەی پسپۆرانی تایبەت بە ڕواندا 1994. هەروەها چوار دادگای تایبەت دامەزرا. لەوانە، دادگای سپایی نێونەتەوەیی بۆ دادگاییکردنی باڵاتاوانبارانی جەنگ لەگۆڕپانی ئەوروپا 1945. دادگاییکردنی باڵاتاوانبارانی جەنگ لەڕۆژهەڵاتی دوور 1946. سێ دادگایی نێونەتەوەیی لەساڵی 1919 بەدواوە ئەنجامدرا، کە بریتین لە دادگای باڵای جەرمانی (1921 ـ 1923)و دادگاییەکانی چوارهاوپەیمان لەگۆڕەپانی ئەورووپادا (1946 ـ 1955)،و دادگایی وڵاتانی هاوپەیمان کە لە ڕۆژهەڵاتی دووردا بەپێی ڕێنمایی لیژنەی ڕۆژهەڵاتی دوور گیرا.

لەنێوان 1995 تا 1998 خواستو پێداویستی زۆر هەبوو بۆ دامەزرانی دەزگایەکی دادوەری نێونەتەوەیی. سەرئەنجام دادگای سزایی نێونەتەوەیی بەپێی ئەو خواستە مرۆڤانەیە دامەزرا. بەوەی ڕەوڕەوەی ڕامیاری جیهان لەپێشکەوتندایە، کۆمەڵەی یاساناسانی نێونەتەوەیی توێژینەوەیان سازدا لەسەر دەستدارێتییە سزاییەکانی ڕێگرن لەپرۆسەی سەپاندنی سزا بەسەر تاوانکارانی جەنگو تاوانی کۆمەڵکوژیو تاوانەکانی تری دژ بەتوخمی مرۆڤ. چونکە تایبەتمەندی کەسایەتی وشوێنەواریو خۆجێی ناگونجێن لەگەڵ باری سەروەری نیشتمانیی وڵاتان، بەتایبەتی ئەوانەی یاسای نیشتیمانیی خۆ بەپێویستتر دەزانن، بۆیە پابەندبوون بە بەندەکانی ئەو پرۆتۆکۆلە

پابەندێتییەکی ڕەوشتییە، چونکە هەر بۆ یاسای نیشتیمانی هەیە بڕیاری دەستدارێتی کەسایەتیو شوێنەواریو بابەتی بدات لە ڕوانینە تاوانی ئەنجامدراو، ئەویش بەپێی بڕگەکانی یاسای سزایی "لەمەڕ تاوان". بێگومان لەتوانادا نابێت بەپێی ئەو یاسایانە کارڕایێکی لەسەر کەسانێکی تاوانباردا بکرێن کە هێشتا لەپلەی دەسەڵاتدان، بەتایبەتی لەسیستێمە دیکتاتۆریو نادیموکراسییەکاندا.

لەپێناو چەسپاندنی بنەما گشتییەکانی مافی مرۆڤو لەبەر دیتنەوەی جۆرەها شێوازی جیهانگیری بۆ پاراستنی مرۆڤو سزادانی تاوانکاران، کۆمەڵە یاساییە نێونەتەوەییەکان گردبوونو کەوتنە بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە تا گەیشتن بەوەی بنەمای ڕەوشێنی دیاری بکەن بۆ ئەو دادگایەی بڕیاردرا لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لەلایەن 60 وڵاتەوە ئەو شێوازە نێونەتەوەییە پەسەندیکرا کە پێیگەیشتن بۆ دامەزراندنی دادگایی تاوانەکانی نێونەتەوەیی. ئەوە لەکاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاداربوونی دەربڕی بەرانبەر بەو ڕێکەوتننامە نێونەتەوەییە. بەپێی ئەو بنەمایە، پێویستە وڵاتی خاوەن مەبەست ئەوەیان پێشتر پەسەند کردبێت کە تاوانباری ئەوجۆرە تاوانکارییانە بدەن بەدەستەوە بۆ دادگاییکردنی لەبەردەم دادگای سزای نێونەتەوەیی. پاشان لەپێش بەسەرچوونی کاتدا وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە 21 نۆڤەمبەری 2000 دا ڕێکەوتننامەکەی بەو دواشێوەیە پەسەندکرد. بەوە ژمارەی وڵاتانی واژووکەر بە پەسەندکردنی بریار گەیشتە 139 بەڵام تائێسایش 50 وڵات ماوە واژوو بۆ پەسەندکردنی بکەن.

خودی پێداویستییەکە لەئەنجامی ئەو دادگا نێونەتەوەییو ئەزموونە یاساییانەی پێشووی جیهان دەرکەوتن کە دادگاگەلێکی دەستیاربوون بۆ





کێشەی تایبەت، دەسەڵاتە یاساییەکانیشیان بوونە مایەی پرسی جەوهەری لەمەڕ گونجاوبوونی بنەما ڕەوشێنییە نێونەتەوەییەکان لەگەڵ بنەمای دادپەروەری. چونکە ئەوکات دەقی یاسایی هاوجۆر نەبووە لەنێوان لایەنەکان، هەروەها لە بەرانبەر تاوانباراندا کارڕایێکی یەکسان نەبووە لەنێواندا کە ئەوە لەخۆیدا هۆیە بۆ لاسەنگبوونی باری داد.

دادگای نێونەتەوەیی لەمەڕ یوگسلاڤیای پێش تایبەتکرا بە تاوانەکانی کوشتنی دەستئەنقەست و ئەشکەنجەو هەڵوێستی نامرۆڤانەو تووشکردنی هاووڵاتییان بە نەهامەتی قورس، یان زەدەی ترسناک گەیاندن بە لەش یان تەندروستی ئەوانو زیانی زۆر گەیاندن بە بووەو داراییو دەستبەسەرگرتنیان بێلەوەی هیچ هۆیەکی تاکتیکی سپایی هەبێت بۆ ئەو شێوە دەستبەسەرگرتنە لەخۆیدا هۆیە بۆ سەرپێچی هەرەمەکییانە لەیاساو تەنگ هەڵچنین بە دیلی جەنگو بێبەش کردنیان لەمافی دادگایی ڕەواو سیستێماتیکی. هەروەها ڕاگوێزانو بەندکرنی ناڕەواو بارمتەکردنی سڤیل. لەوانەیە دادگای نێونەتەوەیی ڕوانداییش هەمان تایبەتمەندی پێ بدرێت.

هەمان ئەو سەرپێچیو تاوانکارییانە لەتوێی دەقەکانی سیستێمی سەرەکی دادگای تاوانەکانی نێونەتەوەییدا هەن کە لە 17 جولای 1998 کاری پێکراو پەرەپێدرا تا باڵبکێشێت بەسەر سەرپێچییە ترسناکەکانی دژن بەو ڕەوشو یاسایانەی لەبواری ناوبژیی ناکۆکییە چەکدارییەکانی جیهاندا کارانو ئەو هێرشانەی بەدەستی ئەنقەست دەکرێنە سەر کارمەندانی دەزگاو یەکەکانو ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەکاردێنن بۆ یارمەتی مرۆڤو ڕاگرتنی هێوەری جیهان، ئەو هێرشانەی سوور دەزانن زیانی گیانییان لێدەکەوێتەوە یان کەسانی سڤیلیان پێ تووشدەبن، یانیش زیانی یەکجار زۆرو بەرفراوان دەگەیێنن بەژیانی سڤیل. هەروەها هێرشو بۆردومانکردنی ئەو شارو گوندو

خانووبەرانەی پەیوەندییان نییە بە پێگەی لەشکرییەوە، یان کوشتن‌و بریندارکردنی ئەوکەسانەی خۆ دەدەن بەدەستەوە یان چەک دادەنێن. یانیش بەئارەزوو هێرشبردنە سەر شوێنی ئاینی، فێرگە، بنکەی هونەری‌و زانستی، شوێنەواری مێژوویی، نەخۆشخانە، بەناڕەوا کوشتنی کارمەندانی هێزی لایەنی دژ، لەناودانی کالا، پێشێلکردنی مافی بەرانبەر، بەکارهێنانی چەکی شیمیایی‌و زەهراوی، دەستدرێژکردنە سەر شوورەیی‌و ئابڕوو. هەروەها لەکاتی ئاشتیدا نواندنی هەڵوێستی نابەجێی‌و گشت جۆریتر لەو سەرپێچییە ترسناکانەی ڕێکەوتننامەی ژونێڤ دەستنیشانی کردوون.

وڵاتانی ئەندام قایلبوون بەوەی دادگای تاوانەکانی نێونەتەوەیی بە دەزگایەکی یاسایی یەدەگی بژمێردرێت. وڵاتان لە دەستوورو یاسای خۆیاندا ئاماژەی پێدەدەن، بەڵام ناخرێتە بری یاسا نێشتیمانییەکانی تاوان‌و لەهیچ دەقێکیشدا خاڵی کارتێکەری نابێت بۆسەر سەروەری نیشتیمان‌و بەپێی بنەماو ڕەوشێک کاردەکەن کە پەسەندی لایەنەکان‌و ناجۆر نابن لەگەڵ بارەکانی یاسایی نێستیمان. دادگای تاوانەکانی نێونەتەوەیی هێزو دەسەڵات‌و باری ڕەوابوون لەو پەسەنداریێتییەی ئەندامانی وەردەگرێت کە پرۆگرامە بنەڕتییەکەیان واژوو کردووە، بۆیە سیستێمی نیشتیمانی ئەو دادگایە بە بەشێک لەخۆی دەزانێت.

لەڕووی ڕەوابوونی یاساییەوە ئەو دادگایە، سەرڕای ڕەوشی بنەڕەتیی خۆی‌و ئەوپرۆتۆکۆلەی وڵاتان پەسەندیان کردووە، پشتئەستوورە بە بنەما یاساییە نێونەتەوەییەکان‌و یاسا نیشتیمانیەکانی وڵاتانی واژووکەرو ئەو پێشینە دادوەرییانەی لەتوێی بڕیارەکانی پێشتری دادگای ناوبراودا هاتوون.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەوهەنگاوی ئامادەکاری‌و چەندین جار دانەوسانەی لەسەر ئاستی بەرز کراون بۆ گەیشتن بە پرۆگرامە





بنەڕەتییەکانی دادگای نێونەتەوەیی کەچەندین ساڵ لەسەر ئاستی پسپۆری‌و یاسایی بەرز کۆششی بۆکراو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕووی زۆر پێشنیاری شاندو نمیاندەکاندا وەستا. لەدواقۆناغدا کۆششە مرۆڤانەییەکان گەیشتنە بڕیاردانی ئەو پرۆژەی ڕەوشە بنەڕەتیەی بریتیبوو لە دیارکردنی پێناسەی تاوانکاری‌و دەستداریێتی دادگاو میکانیزمی دەسپێک‌و کۆتا بۆی‌و ڕۆڵی دادیاری گشتی‌و ئەنجومەنی ئاسایش‌و میکانیزمی دەق‌و بڕیارە بابەتییەکانی دادگا.

ئەوەی شایانی وەبیرهێنانەوەیە، بەپێی بەندی 11 لەڕەوشی بنەڕەتی لەورۆژەوە وەگەڕدەخرێت، دادگا بەگوێرەی دۆخ‌و پێداویستی ڕۆژ دەستبەکار دەبێت‌و دەسەڵاتی یاسایی خۆی بەکاردێنێت. واتە لەورۆژەوە دەستداریێتی دادوەری خۆ بەکاردێنێت بۆ دیتنی پرۆسەکانی سەرپێچی‌و تاوانکاری کە ڕەوشی بنەڕەتی تێدا کارا دەکرێت (واتە لە یەکهەمین ڕۆژی دووهەمین مانگ، واتە پاش بەسەرچوونی 60 ڕۆژ بەسەر مۆرکردنی ئەو پرۆتۆکۆلە لەلایەن ڕازگری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان) کە دەکاتە ڕۆژی یەکهەم لەمانگی حەوت (جولای)ی ساڵی 2002. ئەگەرچی بەهۆی کەلێنەکانی نێو دەقی ناوبراوەوە زۆر تاوانبارو کوژەر لەسزا دەربازبوون، بەڵام ئەوە پرۆسەیەک نییە توناکان پووچەڵکاتەوە لە سزادانی تاوانکار لە ناوخۆی وڵاتدا. هەروەک وڵات‌و گەلی هیچ لایەنێک بێماف ناکات لەخواستی ئاراستەکردن بۆ ئەو دادگایەی خۆی لایەن بووە لە دانانی ڕەوشە بنەڕەتییەکەی، هەر وەکئەوەی دادگایەکی نیشتیمانیی خۆی بێت. نموونەیش ئەوەیە کە لەمدواییانەدا لەعیراق ڕوویدا کە کێشەکانی سەددام‌و دەستوپێوەنەکەی ئاراستەی دادگای ناوەندی عراقی تایبەت کرا لەسەر ئەو تاوانکارییانەی لەسەردەمە لەناوچووەکەی سەددامدا ڕوویداوە.

بەوەی دادگای تاوانەکانی نێونەتەوەیی پابەندە بە بنەما گشتییەکانی یاسا، ناکرێت تاوانکارێک دووجار لەسەر هەمان تاوان دادگایی بکرێت، بۆیە ئەو تاوانکارەی بەپێی یاسای وڵاتی خۆی دادگایی دەکرێت، بۆ دادگای سزایی نێونەتەوەیی نییە دووبارە دادگایی بکاتەوە. هەروەک پرۆسەی دادگایی دووبارە ناکرێتەوە، ناکرێت سزایش دووجار بسەپێت.

هاندەری سەرەکی بۆ دامەزرانی ئەوجۆرە دادگایە ئەوەیە ڕووداوی کوشندەو تاوانو هەڵوێستی دڕ یەکجار زۆر سەریهەڵداوەو وەک سووکایەتی کردن بەژیانی مرۆڤو هەڕەشە بردنەسەر توخمی مرۆڤ لەلایەن کەسانێکەوە سەروەری وڵاتو بەرگری دەستووری بۆخۆ دەکەن بە قەڵغان. جا بۆئەوەی لەسەر ئاستی جیهانی هۆکاری پابەندو پایندار ببیننەوە، دەبێت کۆمەڵانی پێ ناچارکەن تا بەهیچجۆرێک ڕێگە نەدرێت تاوانکار لەدەست دادو سزا دەربازبێت. ئەوە لەوانەیە ببێتە هاندەری بەجێ بۆ هاتنە ڕیزی هەرچی زۆرتر لەو وڵاتانەی ئەو دادگا نێونەتەوەییە پەسەند دەکەن کە بارەگای لەشاری لاهایی هۆڵەندایە. پێویستە ئەو هۆکارانەیش لەیاد نەکەین کە خۆیان سەپاند بەسەر وڵاتاندا، ئەویش بەهۆی ڕووداوە دڵتەزێنو کارەساتی مرۆڤکوژیو جەنگی چەپەڵو ترسئانگیزو لەپڕی زۆر وڵاتی تری جیهان کە عیراقی ئەمسالانەی دوایی لەهەرە گرنگەکانیەتی. هەروەها ئەو هەڕەشە توندەی دەکەوێتە سەر مافی ژیانو سەربەستی مرۆڤ کە لەتوێی دەقەکانی پرۆگرامی دادگاو کونگرەی ڕۆمایشدا چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەویش دەسەڵاتی بەخشراوە بەئەنجومەنی ئاسایش لەمەڕ پێناسەکردنی هەڕەشەو ئەو لایەنانەی دەبنە هۆی ئەنجامدانی. دووهەم لەمەڕ دەسەڵاتو توانای بەرەنگاربوونی ئەو پرۆسانەی لەخودی مافی ڕاگرتن (فیتۆ)دایە کە تەنها بۆ ئەنجومەنی ئاسایش هەیە بەکاری بهێنێت،





واتە کارەکە دەبێتە هۆی دەستێوەردانو گرێدانی دەسەڵات بەلایەنێکەوە. ئەوە لەکاتێکدا پاینداریێتی یاسا گەرەکی سەربەخۆبوونی دادگا دەسەپێنێت لە خۆگرێدان بەهەرجۆرە لایەنێکەوە، چونکە ئەو بەکۆی دەنگو بڕیاری نێونەتەوەیی هاتووەتە کایەوە. هەرخۆیشی دەبێتە خاوەن دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو ڕاپۆرت. سەرەڕای گشت ئەوانەی سەرەوە، پرۆسەی مانەوەی ئەو دادگایە ئاماژەی بەهێزە بۆ ئەوەی کە هەنگاوی نوێی مرۆڤایەتی بەرەو لەئەستۆگرتنی ڕەوشی ڕێزگرتنە لەمافی مرۆڤو پاراستنی مرۆڤایەتی لە دەستدرێژیو تاوانکاریو جەنگ.

بۆیە پرۆفیسۆر مەحموود شەریف بەسیونی لەمەڕ دادگای تاوانی نێونەتەوەیی دەڵێت؛ " لەوەتەی لەهاوینی 1998وە پەیدابوو، بووەتە کۆڵەکەیەکی بناغەییو وزەی هاندەر بۆئەو لایەنو باڵە ڕامیاریو یاساییە جیاجیانەی زۆرچاک لەوە گەیشتوون کە ئەو بەتاڵاییەی مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو بینی لەگۆڕەپانی دادوەری نێونەتەوەیی بۆ سزادان پەیدابوو، وەک ڕابوردوو نییە. چونکە دادگای تاوانی نێونەتەوەیی، لەحەقدەی جوڵای 1998دا وەک کۆڵەکەیەکی بتەو دەرکەوتو بەبتەوکردنی ژێرخانی دادوەری نێونەتەوەیی لەبواری سزادان زۆر ئاشکرا خواستو ئارەزووی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هێناوەتە دی ".

بێگومان هاوکات لەگەڵ زۆربوونی تاوانکاری دژ بەمرۆڤ داخوازی بۆ دادگاییکردنی تاوانکار پەرەیسەندووە، ئەگەرچی بە پێشنیار بۆ دامەزرانی دادگایەکی سزادەری نێونەتەوەیی هەمیشەیی بووبێت یان بە پشتگیری ڕژێمە نیشتیمانپەروەرەکانو هەنگاونان بێت بۆ بەرەنگاریو تۆمارکردنی لاپەڕەگەلی شایستە بەدۆخی مرۆڤایەتیو سەردەم بەوجۆرەی بگونجێت لەگەڵ قەوارەی ئەو زیانای بەمرۆڤ گەیشتوون، بەرانبەر بە ڕادەی چەپەڵی

تاوانکارییەکان،و ڕێگەنەدان بەتاخمەکانی تاوانکار لە دەسەڵاتی داد دەربازبن. نەک هەر لەبەر تۆڵەی قوربانییان بەڵکو بۆ چەسپاندنی دادو ڕوونەدانەوەی ئەوجۆرە کارە ناپەسەندانەی دژن بە مافی مرۆڤ.

ئەگەر یاسای نێونەتەوەیی تاوانکاری دەسئەنقەستی کردبێتە پێناسە بۆ ئەو تاوانانەی کۆکوژی کە بەواتای قڕکردنی بەشێک لەکۆمەڵ یان گشتی دێت، ئەوا هەرگیز یاسا نێشتیمانییەکان لەو جیاوازنین، جونکە ئەوە لەڕیزی ئەو تاوانکارییانەدا دێن کە دادگای سزای عیراقی لێیان دەڕوانێت. هەروەک بەندی 11 خاڵی یەکەم لەیاساکانی داد ئاماژە بەوە دەدات کە لەبەر کاراکردنی یاساو بەپێی ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی تایبەت بەڕێگرتن لەکۆمەڵکوژی کە 9ی دیسەمبەری 1948 سزای بۆ دیاریکردو عیراق لە 20ی جەنیەوری 1959 پەسەندیکرد، تێیدا هاتووە کە:

یەکەم ـ قەلاچۆکرنی بەکۆمەڵ ئەمەی خوارەوە دەگەیێنێت:

ئەو کردەوانەی بەمەبەستی کوشتنی گشت یان بەشێک لەکۆمەڵێکی نەتەوەیی یان کەمایەتی ڕەگەزیو ئاینی ئەنجام دەدرێت ـ وەک:

أ – کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵێک.

ب – زەدەی قورس گەیاندن بەگیان یان مێشکی ئەندامانی کۆمەڵێک.

ج – بەئارەزوو ناچارکردنی کۆمەڵێک بۆ ژیان لەبارودۆخێکی ئەوتۆدا ببێتە هۆی لەناوچوونی ئەو کۆمەڵە یان بەشێک لەو.

د – سەپاندنی جۆرێک لە قەدەغەکردنی پەیوەندی کەسانی بیانی بەکۆمەڵێکی دیارەوە.

هـ - بەزۆر گواستنەوەی منداڵ لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

دووهەم – پێویستە سزا بۆ ئەم کردەوانەی خاورەوە دیاریکرێت ـ





أ – کۆکوژی.

ب – پلاندانان بەمەبەستی کۆکوژی.

ج – بەئاشکراو ڕاستەوخۆ هاندانی کۆکوژی.

د – کۆشش بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆکوژی.

هـ - بەشداربوون لە پرۆسەی کۆکوژی.

لەسەر ڕۆشنایی ئەوانە، پرۆسەی ئەو تاوانکارییانەی لەعیراقدا دژ بەگەلی کوردستان ئەنجامدرا، کە ڕژێمی سەددام ناوی ئەنفالی لێنا، ڕووبەڕووی دادگای سزایی باڵای عیراق کرا. ئەو دادگایە پێکهات لەهەڵبژاردەی تاخمێک دادوەرو یاساناسی عیراقی کە لەپرۆسەی دادگاییکردنو کۆکردنەوەی زانیاریدا پەنا دەبەنە بەر یاساو ڕەوشی دادگای سزایی ژمارە (23) بۆ ساڵی 1971و پاشکۆکەی کە بریتییە لەڕەوشی چۆنێتی بەکارهێنانو کۆکردنەوەی بەڵگە،و بە بەشێکی تەواوکەرو جودانەبوو لەو دەژمێردرێت.

ئەگەر لەم یاسایەو ڕەوشەکانی دەرئەنجامی ئەودا دەقێکی یاسایی نەدۆزرێتەوە، ئەوا دەسەڵاتی ڕەوشە گشتییەکانی سزا بۆ تاوانبارکردنو دادگاییکردنی کەسانی تاوانبار بەمپێیەی خوارەوە بەکاردێت:ـ

أ – بۆ ماوەی نێوان 17/ 7/ 1968 تا 14/ 12/ 1969 یاسای سزادانی بەغدادی بۆ ساڵی 1919.

ب – بۆ ماوەی نێوان 15/ 12/ 1969 تا 1/ 5/ 2003 یاسای سزادانی ژمارە(111) بۆ ساڵی 1969 کە لەساڵی 1985دا لەکاردابوو (چاپی سێ).

ج – یاسای تاوانەکانی سپایی ژمارە (13) بۆ ساڵی 1940و ڕەوشەکانی دادگایی سپایی ژمارە (44) بۆ ساڵی 1941.

دووهەم:ـ بۆ دادگاو کۆمیتەی تویژینەوە هەیە کاتی ڕوانینە دەسەڵاتی بەندەکانی (11و 12و 13) پشت ببەستن بەدادگای سزای نێونەتەوەیی.

سێهەم:ـ کاتی پەیڕەوکردنی دەستیارێتی لەمەڕ خۆشبوون لە بەرپرسیارێتی تاوان، دەستیارێتی یاسای سزاکان بەکاردێت بەمەرجێک دژنەبێت بە دەستیارێتی ئەم یاسایەو پابەندێتی بە ڕەوشەکانی یاسای نێونەتەوەیی لەمەڕ ئەو تاوانکارییانەی دەکەونە بەر دەسەڵاتی دادگا.

چوارهەم:ـ ئەو تاوانانەی بەندەکانی (11و 12و 13و 14)ی ئەم یاسای خوازیاریی سزاییە ئاماژەیان پێدەدات، بەر کۆنێتی خوازخەر ناکەون.

دەقە یاساییەکانی دادگا، سەبارەت بە لێپرسراوێتی یاسا دەڵێن؛ ئەوکەسەی تاوانییێک ئەنجامبدات‌و پێی بکەوێتە بەر سنووری دەسەڵاتی دادگا، خۆیی بەرپرس دەبێت لێی‌و بەپێی ڕەوشی ئەم یاسایە سزاکەی دەچێژێت.

دوو:ـ ئەگەر کەسێک ئەمانەی خوارەوەی کردبێت، بەپێی رەوشی ئەم یاسایەو دەستیارییە یاساییەکانی سزایی بەرپرسیار دەبێت لێی.

أ – گەر خۆی یان بەهۆی کەسێکی ترەوە بەشداربووبێت لە ئەنجامدانی تاوان، ئەگەرچی ئەوکەسە لەڕووی یاسای سزاییەوە بە لێپرسراو دابنرێت لەتاوانەکە یان نا.

ب – فرمان بۆ ئەنجامدانی تاوانێک کە بەڕاستی ڕوویدابێت یان دەستپێکرابێت یانیش بووبێت هاندەر یان ئارەزوو خستنەبەر بۆ ئەنجامدان.





ج – بوونە هاوکار یان هاندەر یانیش هەرجۆرێکیتر لەیارمەتی بۆ پیادەکردنی تاوان یا دەستپێکردنی. هەروەها ئامادەکاری کەرەستەی تاوانیش دەگرێتەوە.

د – بە هەرجۆرێکیتر بەشداربوون لەگەڵ کۆمەڵێک بۆ مەبەستی تاوانکاری هاوبەش‌و ئەنجامدانی تاوان، یا بوونە دەسپێک بۆ ئەنجامدان، بەمەرجێک ئەو بەشدارییە بەدەستیئەنقەست،و بەنیازی:

1 ـ یان بەمەبەستی پشتگیری لەپرۆسەیەکی تاوانکارییبێت، یانیش ئارەزوو بۆ تاوانکاری لەگەڵ تاخمێک. ئەگەر ئەو چالاکی یان ئارەزووە بووبێتە هۆی تاوانێک بکەوێتە سنووری دەسەڵاتی دادگا.

2 ـ ئاگاداربووبێت لەمەبەستی تاوانکاری تاخمێک.

هـ – بەئاشکراو ڕاستەوخۆ هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی کۆکوژی.

و – دەستپێکی تاوان بەهۆی کردەوەیەکەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی، بەڵام ئەگەر تاوانەکە لەبەر هۆیەکی بەدەر لەخواستی ئەنجامدەر نەگەیشتبێتە ئەنجام، ئەوا دەبێتە هۆکار بۆ لێخۆشبوونی سزا لەکاتێکدا ئەنجامدەر هەڵوێستێکی نواندبێت بۆ دەستپێنەکردنی تاوان یان تەواونەکردنی. بەپێی ئەم یاسایە بە دەستپێکەری تاوان ناژمێردرێت ئەگەر ئەنجامدەر بەتەواوی‌و پڕئارەزوو پاشگەزبووبێت لەوکارە.

سێهەم ـ ئەو دۆخە فەرمییەی تاوانباری تێدابووە نابێتە هۆی پاکانەی لە تاوان یان سزای سووکتر ئەگەرچی تاوانبار سەرۆکی وڵات بووبێت یان سەرەک شالیاران یان ئەندام لەپارتی بەعس. هەروەک نابێت زرێبەندی بکرێتە هۆ بۆ دەربازبوون لە لێپرسراوێتی ئەو لەوجۆرە تاوانەی بڕگەکانی (11و 12و 13و 14)ی ئەم یاسایە لێیان دەدوێت.

چوارهەم ـ بەرپرسیارێتی سزایی لەئەستۆی پایەداری باڵا لانابرێت لەسەر ئەو تاوانکارییانەی کەسانی ژێر فرمانی ئەو ئەنجامیان دابێت ئەگەر

ئەو لەکاتی سەرۆکایەتییەیدا پێیزانیبێت، یان هۆکار بووبێت بۆ زانینی ئەو لە ڕوودانی کارەکە یان ئەگەری ڕوودان، بەڵام هیچ کارڕاییێکیی پێویستو گونجاوی بۆ ڕێگرتن لەڕوودانی نەگرتبێتە بەر، یانیش پرۆسەکەی ئاراستەی دەزگای تایبەت بە لێکۆڵینەوەو دادوەری پێویست نەکردبێت.

پێنجەهەم ـ ئەرکی لێپرسراوێتی لەسەر هیچ کەسێکی تاوانبار لاناچێت ئەگەر تاوانی بەپێی فرمانی ڕژێم یان سەرۆکەکەی ئەنجامدابێت، بەڵام لەوانەیە دادگا سووککردنی سزا لەبەرچاو گیرێت ئەگەر بەرەوای بزانێت.

شەشەهەم ـ هەر فرمانێکی لێبوردن لەپێش دەستبەکاربوونی ئەم یاسایە دەرچووبێت هیچیەک لەو کەسانە ناگرێتەوە ئەگەر یەکێک لەو تاوانانەی ئەنجامدابێت کە لەدەقەکانی ئەم یاسایەدا هاتوون.

یاسای سزایی نێونەتەوەیی هێرشەکانی ئەنفالی دژ بەسڤیلانی گەلی عیراق کراوە بە قلاچۆکاری توخمی مرۆڤ دەژمێرێتو بە تاوانگەلی چەپەڵو دڕی ئەوتۆ دادەنێت، نەتەنها قڕکەری توخمی مرۆڤ بووبێت بەڵکو بەهێزی وێرانکەری ئەوتۆ پێناسە کراون تەنانەت سروشتو ئاژەڵیشی گرتەوەو هاوکات بووەتە هۆی سووتاندنی گوندو وکوێربوونەوەی سەرچاوەی ئاوو وێرانکردنی خانووبەرەو دەسگیرکردنی دانیشتووانو چەخت خستنە سەر ژیان لەژێر بارودۆخی زۆر دژواردا بە مەبەستی قەلاچۆکردنی گشت یان بەشێک لەوان. لێپرسراوێتی کردار دەکەوێتە سەرشانی ئەو تاوانکارانەی ڕاستەوخۆ فرماندەرو نەخشەکێشی ئەو تاوانکارییانە بوونو بەشێک لەو سەرکردە لەشکرییانەی بوونە ئەنجامدەرو تاوانکارییەکانیان لەلا پەسەندبووەو خۆیشیان لەتاوانەکاندا بەشداربوون، چی بە پێکهێنانی لیژنەکانی مەرگی دەسبەجێیی، یان خۆیان بەشداربوون لە گرتنی ئەو هاووڵاتییانەی لەجەوری بۆردومانو هێرشەکانی سەربازی هەڵدەهاتنو





بێدادگایی یان تاوانی شایستە دەیانکوشتنو ژیانییان لەبەر دەبڕین. بەشێک لەو فرمانانەی سەرکردە بڕیاریداوە بۆ ئەنفالو ئەنجامدانی پرۆسەکەی لەوئاستو ڕادەیەدابووە کە فرماندراوە بۆ کوشتنی سڤیلی نەخۆش، ڕێگرتن لە خۆراک بۆ گوندە قەدەغەکراوەکان، فرمان دەرکردن بۆ یەکەکانی لەشکر لەوەی سەرپشکبن ڕاستەوخۆ گوند بەدانیشتووانییەوە بۆردومان بکەن. لەوێدا ڕژێم ئەوەی کردبوو بە بەهانە کە گوایە ئەو دژ بە لەشکری (پێشمەرگە) جەنگیوە، بەڵام ئەوەی پەڵپەکانی بەدرۆ دەخەنەوە ئەو ژمارە زۆرەی ژنو منداڵو پیرەیە کە ژیانییان لەبەربڕاوەو پاشان تەرمەکانییان لەگۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە. هەروەها بۆردومانکردنی گوندەکانە بەچەکی شیمیایی قڕکەرو لەسەرئاستی جیهانی قەدەغەکراو. سەرئەنجامی گشت ئەو ماڵوێرانیو ئاوارەییو زامە ترسئانگیزە زۆرەی بوونەهۆی تێکچوونو کەمئەندامی هەمیشەییە، بڵاوبوونەوەی گشت ئەو نەخۆشیە دەروونییە ترسناکانەی پەیدابوون لەئەنجامی ئەو کوشتارە هەڵەشۆییە، بەکارهێنانی چەکی قورسی لەشکری، چەکی شیمیاییو چەکو تەقەمەنییەکانی لەشکروئەو مینانەی یەکەکانی سپا دەیانچاند.

بەرپرسیارێتی دادگای سزاکانی عیراقی ئەوەیە کە لەپێناویدا پێکهات بۆ وەڕووخستنی ئەو تاوانکارییانەی لەنێوان 17/ 7/ 1968 و 1/ 5/ 2003 دا لەعیراقدا ئەنجامدراوە دژ بەگەلی عیراقو گەلانی هەرێم، سەرئەنجام ئەو کوشتارە دڕندانەیەی لێی کەوتووەتەوە.

بۆئەوەی ڕێوشوێنو سزا دیاریکرێت بۆ تاوانبارکردنی ئەنجامدەرانی تاوان لەدادگاییەکی مافپەروەرانەی تایبەت بە تاوانەکانی جەنگو کۆمەڵکوژیو تاوانکاری دژەمرۆڤ. ئەو پرۆسەیە سپێردرا بە دادگای نیشتیمانی بەرزی عیراقی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک دادوەری عیراقی خاوەن توانا و ئەزموونی

بەرزو پاقژو تایبەت بە دادگاییکردنی ئەو تاوانکارانە تا ڕاستی ڕووداوەکان،و ئەو جەوروستەمەی تاوانکاران بوونەهۆی ئاشکراکەن. هەروەها بۆ پاراستنی مافی زۆرینەی هاووڵاتییانو قەرەبووکردنیانو دەرخستنی دادی ئاسمانی بەوپێیەی خواستی خودای مەزنو پڕشکۆیە.

قيادة مكتب تنظيم الشمال العدد ٢٨/٤٠٠٨
مكتب السكرتارية التاريخ ١٩٨٧/٦/٢٠

من/ قيادة مكتب تنظيم الشمال
الى/ قيادة الفيلق الاول/ قيادة الفيلق الثاني/ قيادة الفيلق الخامس
م/التعامل مع القرى المحظورة امنيا

بالنظر لانتهاء الفترة المعلنة رسميا لتجميع هذه القرى والتي سينتهي موعدها
تعديـ ... ا العمل ابتداء من يوم ١٩٨٧/٦/٢٢ معمولا بما يلي (١) تعتبر جميع
والاستثمار الزراعي ... التي لم تزل لحد الان اماكن لتواجد المخربين عملاء ايران
الموضوع بجدية كل ضمن ... العراق (.) (٢) يحرم التواجد البشري والحيواني
واخرى بالمدفعية والمروحيات و ... الرمي فيها حرا غير مقيدا بأية
المحرمات وخلال جميع الاوقات ليلا ونهارا واعلامنا ... سفر منها واليها او الزراعة
القبض لتواجده ضمن قرى هذه المنطقة وتحقق معه الاج ... ة المختصة متابعة هذا
يتجاوز عمره (١٥) سنة داخل معمولا الى عمر (٧٠) سنة داخل ... ضربات خاصة بين فترة
واعلامنا (.) (٦) تقوم الاجهزة المختصة بالتحقيق مع من يـ ... ن يتواجد ضمن هذه
الحكومية او الحزبية لمدة اقصاها ثلاثة ايام واذا تطلب الامر لـ ... م من يلقى عليه
اعلامنا عن مثل هذه الحالات واذا استوجب التحقيق اكثر من هذه ... الاعدام بعد
موافقتنا هاتفيا او برقيا وعن طريق الرفيق طاهر العاني (.) (٧) يعتبر ... ياته
عليه مستشارو افواج الدفاع الوطني او مقاتلوهم يؤول اليهم مجانا ما عدا الاسلحـ
الثقيلة والساندة والمتوسطة اما الاسلحة الخفيفة فتبقى لديهم ويتم اعلامنا باعداد
هذه الاسلحة فقط وعلى قيادة الجحافل ان تنشط لتبليغ جميع المستشارين وامراء
السرايا والمفارز واعلامنا بالتفصيل عن نشاطاتهم ضمن افواج الدفاع الوطني (.) مكرر
رئاسة المجلس التشريعي (.) رئاسة المجلس التنفيذي (.) جهاز المخابرات (.) رئاسة
اركان الجيش (.) محافظو (رؤساء اللجان الامنية) نينوى ، التاميم ، ديالى ، صلاح
الدين ، السليمانية ، اربيل ، دهوك (.) امناء سر فروع المحافظات اعلاه (.) مديرية
الاستخبارات العسكرية العامة (.) مديرية الامن العامة (.) مدير امن منطقة الحكم
الذاتي (.) منظومة استخبارات المنطقة الشمالية (.) منظومة استخبارات المنطقة
الشرقية (.) مدراء امن محافظات - نينوى ، التاميم ، ديالى ، صلاح الدين ،
السليمانية ، اربيل ، دهوك (.) يرجى الاطلاع والتنفيذ كل ضمن اختصاصه (.) انبؤونا ،

(توقيع)
الرفيق
علي حسن المجيد





# بەشی سێ
# بەڵگەنامەکانی لەمەڕ پرۆسەی ئەنفال


دادوەر موحەممەد عرێبی مەجید ئەلخەلیفە

دیمەنی بەڵگەنامەکان لەئاستی نواندنی ئەو ڕاستییانەدا بوون کە تاوانباران پرۆسەکەیان بەمەبەستی قڕکردنی کۆمەڵو جۆرەها تاوانکاری چەپەڵی تر پێ ئەنجامداوە، وەک ئەو ئارەزووەی بوویانە لە بێدادانە کوشتنو بەکارهێنانی جۆرەها چەک کە لەسەر ئاستی جیهانیو ڕەوش قەدەغەن، وەک ڕەشبگیری ناپاساییو بەهەڵوێستی نابەجێو بەزۆر دوورخستنەوەو ڕاگوێزانو چەوساندنەوەو لێکدابڕین، هەروەها جۆرەها تاوانکاریی لەشێوەی کۆمەڵکوژیو سیستێماتیک بوون، وەک ئەوەی تاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجید لەکاتی دادگاییکردندا دانی پێدانا بەوەی تاوانکارییەکانیان بە

نەخشەو پڕمەبەست ئەنجامداوە، هەمان ئەو بەڵگەنامانەی دادیاری گشتیش خستنیە ڕوو، سەلمادی کە مەبەستی گشتی لەو پرۆسەیە قڕکردنی گەلی کوردستان بووە.

ئەوەی دادیاری گشتی، بەڕێز مونقز تەکلیف ئەلفیرعەون لە کۆڕەکانی پرۆسەی ئەنفالدا نیشانیدا، ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی فەرمی وەک بروسکەو نووسراوی تاوتوێکراو بوون لەڕووی یاساییەوە جێیباوەڕ بوون چونکە وەک دیاردەی فەرمیبوونیان پێوە دیارە، هیچیەک لە تاوانبارو بریکارەکانیشیان بەقەڵبو نابەجێ ناویان نەبردن، بۆیە وەک بەڵگەنامە بەکارهێنران بۆ تاوانبارکردنی هەریەک لەوان بەگوێرەی کردەوەی نایاسایی خۆیو قەوارەو چۆنێتی بەشداربوونی لەو سەربڕخانە مرۆڤانەیە.



عەلی شیمیایی

برووسکەی ژمارە 1س/ 615ی فرمانداریێتی کۆهێزی بەرگری نیشتیمانیی پێنج دەریخست کە تاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجید فرمانی داوە بە سەرلەشکری یەک بۆ کوشتنی بریندارانی سیڤیل پاش دڵنیابوون لەوەی سەر بەدەسەڵاتی کام ناوچەی پارت یان بنکەی ئاسایشیو ناوەندی زانیارگری بوونو جۆرو باری دژبوونیان بەرژێم چی بووە. هەروەها بڕیاری ژمارە 28/ 3650ی 3 / 6 / 1987 کە عەلی حەسەن ئەلمەجید تێیدا فرمانیداوە بە بەکارهێنانی ئەوپەڕی توندی بۆ هەرگیز نەگەیشتنی خۆراکو کەرەستەی مرۆییو میکانیکی بەو گوندانەی قەدەغەکرابوون. بە بڕیاری ژمارە 28/ 4008ی ڕۆژی 20/ 6/ 1987 یش سەرپشکیان دەکات بەوەی ئەو گوندانەی لەڕووی ئاسایشییەوە قەدەغەکرابوون، ڕەهاو بێنەخشە بۆردومان بکەن. هەروەها فرمانەکانی عەلی





حەسەن مەجیدو تاوانبارانی هاوکاری لەکاتی پرۆسەکەدا دەریانکردووە بۆ بەکارهێنانی جۆرەها چەکی لەسەر ئاستی جیهانی قەدەغەکراو،و فرمانەکانی دەریانکردووە بۆ لەنێو بنکە سەربازییەکاندا بەئارەزووی خۆ ژیانیان لەبەر ببڕن. ئەو کاسێتە ڤیدیۆیەی دادیاری گشتی نیشانیدا ئەوەی دەرخست کە تاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجید بەئاشکرا دەڵێت؛ وا ئەو سەری ئەو نەتەوەیە پاندەکاتەوەو چەکی تایبەت (شیمیایی) دژیان بەکاردێنێت، با یاسای نێونەتەوەییە ڕێی لێبگرێت. سەرەڕای ئەوەیش جوێن دەدات بە کۆمەڵی نێونەتەوەیی. گشت ئەوانە لەڕووی یاساوە بەڵگەی بەجێن.

ئەو دیدنامانەی پێشکەشکران ڕاستی بۆردومانەکانی شیمیاییان سەلمانو ڕۆڵی ئەوکاتەی تاوانبارانیشیان ئاشکراکرد، پەردەیان هەڵماڵی لەسەر ڕادەی کارابوونی ڕۆڵی هەریەک لەو تاوانبارانە بۆ سەر دۆخەکەو ڕادەی درندەبوونی کردەوەی هەندێک لەوان کە گوایە لەبەر بەرگری لە عیراقو پاراستنی رژێمەکەی بووە. هەندێکیش لە بەهانەی ئەو تاوانکارانەی کاتی دانیشتنەکانی دادگا دەریانبڕی، گوایە ئەوان وەک ئەفسەری سپاو خاوەن پلەی سەرکردەیی بوون لەهێزێکی چەکداردا ئەوەیان لەسەربووە کوێرانە ملکەچی گشتجۆرە فرمان بنو ئەنجامی بدەن. هەروەها ئەو دانپێدانانە دادوەرانەیەی ڕوونو بنبڕ هەندێک لەتاوانباران سوور دانیان پێدانا کە ئەوان قایلو پڕباوەڕ، فرمانی لەشکری نیشتیمانییان بەجێیانهێناوە (واتە کوشتنی سڤیلی بێچەک لەڕۆڵەکانی گەلی کوردستان). عەلی حەسەن ئەلمەجیدیش ڕاستی بۆچوونەکانی خۆی سەپاند کە ئەگەر هەلێکی تری بۆهەڵکەوێت هەمان ئەو تاوانکارییانەو پێشێلکردنی بەهای مرۆڤ دووپات دەکاتەوە، هەروەها ئەو گەمەی بەمافی مرۆڤ دێت چونکە ئەوپەڕی باوەڕی بەو

کردەوانەی خۆی هەیە. ئەوانە لەخۆیاندا دانپێدانانێکی بتەوی زەق‌و ئاشکران بۆ ڕۆڵی تاوانکاریانەکانی تاوانبار لەو پرۆسەیەدا.

ئەو بنبڕ، ڕوون‌و ئاشکرا دانپێدانان‌و پێداگرتنانە ڕۆلی تاوانبار لەو پرۆسەیە زەق دەسەلمێنن.

دیکۆمێنتەکانی کاتی دادگاییکردن ڕووبەڕووی تاوانباران کرانەوە. لەگەڵ بروسکەو فرمان‌و نووسراوی فەرمیی کاتیخۆی لەیەکەکان‌و لایەنی فەرمییەوە دەرچوون، وەک پەیوەستن بەکردەوی تاوانباران‌و ئاستی لێپرسراوێتییان پەیوەندیشیان هەیە بەخودی ئەو کردەوانەی پێی تاوانبار کراون، بۆیە ڕەوتی ئەو بەڵگەنامانە پێوەرن بۆ کرداری تاوانباران بەرانبەر بە کردەوە تاوانکارییەکانیان.

وەک لەکاتی ئەو دانیشتنانەو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەڵگە ئاشکراکانیدا، تاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجید ڕوون‌و ئاشکرا دانینا بە لێپرسراوەتی خۆی لە دوژمنایەتییە نامرۆڤانەکەی‌و ئەنجامدانی تاوانکارییەکان. هێشتا پاکانەی دەکردو هۆی تاوانکارییەکانی دەگەڕانەوە بۆ بارودۆخی ڕۆژ. یاسا بەرانبەر بەوە دەیڵێت؛ دادگا دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی ڕەهای هەیە بۆ تاوتوێ‌و ڕچاوکردنی دانپێدانانەکانی تاوانبار. بەتایبەتی ئەگەر بەڵگەیتر هەبن ڕاستی ئەو هەڵوێستە ئاشکرا بکەن. (بەندی 217 لەیاسای ڕەوشی دادگای سزایی عیراق).

بریکاری تاوانبار فەرحان ئەلجبووری لەدادگای خواست ئەو دیکۆمێنتە لەناودەن کە مێژووی لەسەر نییە، ئەگەرچی پەیوەندی بە تاوانبارەوە هەیەو واژووی ئەویشی لەسەرە، ئەوە لەخۆیدا دروستە بۆ ئەوەی دادگا وەک بەڵگەنامە پەسەندی بکات بۆ سەپاندنی تاوان، چونکە بەپێی بڕگەی سێی





ڕەوشی 59 لەڕەوشەکانی کۆشش بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بەدادگای سزایی عیراقی باڵا، دادگا پشت بەگشت جۆرە دیکۆمێنتێکی هاوپەیوەند دەبەستێت ئەگەر گرنگبێت بۆ پرۆسەی سەپاندن.

ئەو پرۆسەی کۆکوژییەی سەددام‌و تاوانبارانی تری پێدراوەتە دادگای سزایی عیراقی باڵا تا دادگایی بکرێن لەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال. لەو بابەتە تاوانکارییانەن کە پیادە دەکرێن دژ بەکۆمەڵانی (نەتەوەیی)، (ئیتنی)، (ڕەگەزی) یانیش (ئاینی). بەپێی ئەو دیاردانەی ڕوونکرانەوە، مەبەست قەلاجۆکردن بووە، ئەیا ڕاستەوخۆ بووبێت یان ناڕاستەوخۆ، یان هەرشێوەیەکی تر، ڕاستەوخۆ کوشتنی کەسانێک لەو کۆمەڵە بووبێت یان بە فرماندان‌و زانیاریدان لەسەر پرۆسەی تاوانکاری‌و زیانی قورس گەیاندن بەلەش یا هزرو مێشکی تاخمێکی لەو کۆمەڵە، یان (بەدەستی ئەنقەست) زۆرکردن لەتاخمێک بۆ گۆڕینی دۆخی ژیان کە لەوانەیە ببێتە هۆی لەناوچوونی گشت یان بەشێک لەوان.

هەروەک کێشەی ئەنفال ئەو تاوانە دژەمرۆڤانایە دەگرێتەوە کە لەچوارچێوەی هێرشی بەربڵاوو سیستێماتیکی ئاراستەکراودا، بەپێی زانیاری پێشکات بەمەبەستی هێرشکردنە سەر کۆمەڵێک مرۆڤی سڤیل ئەنجامدراوە.

کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر کێشەیەکی وەک تاوانکارییەکانی پرۆسەی ئەنفال کارێکی یەکجار گرنگە، ئەوێش بە ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان‌و قەوارەیان‌و وەرووخستنی لێپرسراوێتی سزایی گشتیەک لە تاوانباران بێ گوێدانە چەندی ژمارەی قوربانییان‌و ئەو بەڵگانەی لەزەمینەی تاوانەکان جێماون، هەروەها گشت ئەو بەڵگەو دیاردانەی لەکاتی لێکۆڵینەوەو دادگاییداو بەهۆی ئەوانەوە دەردەکەون، تا دادگا بکارێت پشت بە بەڵگەو دیاردەکان ببەستێت‌و وەک هۆکار ئاماژەیان پێبدات بۆ دەرکردنی بڕیاری

تاوانبارکردن‌و سزا، چونکە ئەوانە لەلای دادگا دەبنە بنەما بۆ بڕیاری کۆتایی کێشەکە.

بەوپێیە دادگا بڕیاری خۆی دادەڕێژێت لەسەر بنەمای بارێکی قایل‌و بتەو بەو ئەنجامەی زایدەی بەڵگەن، دیارە ئەویش ئەو دیکۆمێنت‌و نوسراوە فەرمییانەن کە کردەوی تاوانباران تێیاندا ڕەنگدەداتەوە. لەگەڵ دانپێدانانی هەندێک لەوان‌و ئەوەی دیدەران دەیخەنەڕوو، هەروەها بەگوێرەی زانیاری ڕاپۆرتەکانی لێکۆڵەران‌و توێژەرنامەو ئەو ڕاپۆرتە تەکنیکییانەی لایەنی پسپۆڕو زانستیی کۆیدەکەنەوەو بۆئەمانی دەنێرن. لەگەڵ دڵنیابوونی دادگا لەو بەڵگانەی دەرئەنجامی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاو باوڕ بەوان.

بە بەرچاوگرتنی وتەی سکاڵاکارو خوازیارانی مافی تایبەت‌و ڕادەی گونجاوبوونیان لەگەڵ دۆخی تاوانەکان، سەرگوروشتەکان لەو قەوارەیە نەترازان کە لەلایان گەلاڵەبوو بەوەی سەددام کە تاوانباری یەکهەمە بەهاوکاری تاوانبارانی تر بارێک لەتاوانی دژەمرۆڤیان ئەنجامداوە، مەبەست قڕکردنی هەندەی دەتوانن لەکۆمەڵە مرۆڤی گەلی کوردستان بووە، بەتایبەتی لەعیراق. ئەویش لەرێی بەکارهێنانی هێزی سپاو هێزە ئاسمانییەکەی‌و خستنەگەڕی بەرپرسەکانی. هەروەها بەکارهێنانی چەکی شیمیایی‌و بایولۆژی کە بەپێی گشت ڕەوش‌و یاسایەک قەدەغەن تەنانەت ئەگەر لەکاتی جەنگیشدا بەکاربێت. ئەوەیش کە ئەو تاوانبارو دەستوپێوەنانەی فرمانیان داوە بۆ کۆکوژیی کەسانی سڤیل‌و بەکۆمەڵ شاردنەوەیان لەچاڵگەلی پێشتر بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراو. ئەوەی دیدەران گێڕایانەوە ڕاستی ڕوودانی ئەو بۆردومانە شیمیاییانەی سەپاند کە بەکارهاتوون لەشوێنانی دیاریکراوی کوردستان کە سکاڵاکارو دیدەران ناویان دەبرد، لێپرسراوێتی ڕاسەوخۆی هەندێک لە تاوانباران دەردەخەن. گێڕانەوەی هەندێک لەسکاڵاکاران





جیاوازبوو لەگەڵ هەندێکی تریان، دیارە لەبەرئەوەی هەندێک لەشوێنی خۆیدا بەچاو ڕووداوەکانیان بینیوە‌و کۆمەڵێکی تر لەوان هەر هەستیان پێکردووە. یان لەنێو سکاڵاکاراندا هەیە خۆیان لەنێو کێشەکەدا ژیاون‌و لەوانەی بەرکەوتووی چەکی شیمیایی بوون، یان لەوانەن کە لەو تراژیدیا ژیانبرە دەربازبوون کە هەزاران سڤیلی بەرکەوت، یانیش لەوانەی بەبریندداری لەوشوێنانە کشاونەتەوە بە قۆستنەوەی ئەو هەلی هەڵدەکەوتوو بۆ هەڵهاتن‌و خۆ دەربازکەن لەو قۆرتانەی پێشتر بۆیان ئامادە کرابوون، دیارە ئەویش پاش دەسرێژ لێکردن‌و خۆڵ بەسەردا کردنی قوربانییانی برینداردا بووە. یانیش لەوانەن کە لەلایەن هەندێک دانیشتووی ئەو گوندەوە یارمەتیدران کە نزیک بە گۆڕەبەکۆمەڵەکان بوون. هەندێکیش لەوانەن لەگوندو شارۆچکە بۆردومان کراوەکاندا بەچاو سووتان‌و وێرانکردن‌و زیانی مەزنی تریان بینیوە. ئەوەی ڕاستی دیدنامەکان بسەلمێنێت، سەرەڕای سوێندخواردنی هەریەک لە دیدەرو سکاڵاکاران، بیرتیژی‌و ئەو وتەو ڕوونبێژییەیە کە لەزمانیان بیسترا، بووە هۆی ڕامالینی گشتجۆرە گومان‌و سەرسامی لەسەر ئەو دیدنامە گرنگانەی دەرئەنجامی خودی تراژیدیاکە بوون‌و دەقی ڕاستی ڕووداوەکانیان نواند. هەروەک ئەوەیش دەرکەوت کە تاوانباران سووربوون لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارە کۆکوژییەی، بێگوێدانە تەمەن‌و توخم چونکە تاکە مەرج لەلایان ئەوەبووە کەئەوانە کورد بوون. بەوپێیە دیدنامەکان باوەڕیان پێکراو بوون بە دیاردە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییانەی لایەنێک لە تراژیدیای تاوانکاریی ئەنفالیان سەلماندو توانرا براوردی بکەن لەگەڵ خودی بڕیاری بەدادگا سپاردن کە لەسەر ڕۆشنایی ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی تایبەت بە ڕێگرتن لە تاوانکاریەکانی کۆکوژی کە لە 9ی دیسەمبەری 1948 دا دەرچووە‌و عیراق لە 20ی جەنیوەری 1959دا باوەڕی پێبەخشی.

دیدنامە یەکێکە لەو بەڵگە گرنگانەی دادگا لەکاتی بڕیاردانیدا پشتی پێ دەبەستێت. گرنگیی دیدنامە پاش دان بەتاوانداناندو بەڵگەیتردا دێت کە لەسەر پرۆسەکە کۆدەبنەوە. ئەو دیدنامانەی دادگا گوێبیستیان بوو لەو دیدنامە ڕاستەوخۆیانەن بوون کە سکاڵاکارو دیدەرانیش زۆر بەوردیو بەرفراوان ئەو ڕووداوانەیان گێڕایەوە کەخۆیان تێیدا گیرۆدەبوون. ئەوان بەوە بوونە هۆ بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان. دیدەر موحەمەد ڕەسووڵ مستەفای تەمەن حەفتا ساڵ یەکێکبوو لەوانەی ناو لیستی سکاڵاکاران، لەوێدا ئەوانەی گێڕایەوە کە بینیونی، گوتی کاتێک فڕۆکە گوندێکی نزیک بە گوندی ئەوانی بۆردومان دەکرد لەگەڵ پەیدابوونی پەڵە هەورێکدا جۆرێک بۆن بڵاوبووەوە لەبۆنی سێو دەچوو تووشی هەناسەتەنگی کردن، هەروەها چۆن خراوەتە بەندیخانەو دوا چاوپێکەوتنی ژنو پێنج منداڵەکەی هەر لەو بەندیخانەیەدا بووە. ئەوەیشی گێڕایەوە کە بەبەرچاوی خۆیەوەوە پیاوێک لەبەردەستی یاساوڵێکدا بەلێدان گیانی لەدەستداوە، ئەوەیشی گوت کە لەو بەندیخانەیەدا 400 تا 500 کورد گیانیان لەدەستداوە.

سکاڵاکاریکی تر بەناوی رفعەت موحەممەد سەعید گوتی؛ لە بەندیخانەکەی بیابانی نوگرەسەلماندا منداڵ لەبرسا دەمردن، لەگەڵیاندا کیژی بەندکراویان هەبوو، ئەفسەرێک بەناوی حەجاج لەکاتی ئەشکەنجەدانی ئەو کیژە بەندکراوانە دەستدرێژی دەکردە سەریان. هەروەها گێڕایەوە، چۆن زۆر منداڵ لەبرسا دەمردن،و چۆن سەگ گۆڕی ئەومردووانەی هەڵدەدڕی کە لەشەکانیا بەیارمەتی هاورێکانی خۆیان تێیدا شاردراوەتەوە.

ئەسکەندەر مەحموود عەبدولرەحمان یەکێکبوو لە سکاڵاکاران، چیرۆکی ئەو هێرشەی گێڕایەوە کە لەساڵی 1988دا بەچەکی شیمایی کرایە سەر





گوندەکەی، گوتی: " کەخۆماندا بەزەویدا، هەورێکی سپی بۆن ناخۆش بەسەرماندا هات ، دڵم کەوتە لێدانو پێی ڕشامەوە. هەستم بە بێهۆشی کردو چاوەکانم دەکزانەوە. خۆم بەپێوە بۆ ڕانەگیرا".

ئەو دیدەرە بەبەرچاو پەیامنێرانی ناو دادگاوە کراسەکەی داکەن تا شوێنی برینە ڕەشەکانی سەرپشتی نیشاندات، وەک خۆی دەڵێت، پزیشکانی ئێرانی پێستە سووتاوەکەیان لەسەر لابردووە.

سکاڵاکار عەبدوڵلا موحەممەد حوسێن گوتی؛ پاش ئەوەی لە هێرشەکانی ئەنفالدا خێزانەکەیی لێ بزربووە، کە بەسکاڵایەکەوە چووەتە لای سەددام تا چارەنووسیان بزانێت، بەڵام گوتی: "کە سەددام لێیپرسیم: لەکوێ گیراون؟ گوتم لەشارۆچکەی خۆمان. لەوەڵامدا گوتوویەتی: دەمت داخە، خێزانەکەت بەر (هێرشی) ئەنفال کەوتوون".

هەروەها ئەو سکاڵاکارە گوتی، دووساڵ لەمەوبەر ئێسکوپروسکی کەسەکانی لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزراونەتەوە.

سکاڵاکار مەجید ئەحمەد گوتی؛ گوندەکەی کە سەرگەڵووە، بسیت ڕۆژی ڕێک لەژێر بۆردوماندا بووە، بۆیە دانیشتوان ناچار هەڵهاتوون بەرەو ئێران. ئەوەیشی گوت کە ئەو دێهاتییانەی گەڕانەتەوە بۆ عیراقو خۆیاندا بەدەست لەشکری عیراقی داوە "گیرانو ڕەوانەی بەندیخانە کراون". ئاماژەیشی بەوەدا کە لەوڕۆژەوە کەس هیچیان سەبارەت نازانێت. دیارە لەبەرئەوەی لەشکرەکەی سەددامی تاوانبار کوشتوونیو سەرنگومی کردوون.

سکاڵاکارێکیش بەناوی عومەر عوسمان موحەممەد، گوتی؛ فڕۆکە جەنگییەکان جۆرە شتێکیان فڕێدا لەباڵۆن دەجوو، دیاربوو جەکی شیمیاییان پێوەبوو، ئەوجا بەمووشەکیش بۆردومانیان دەکردین.

یەکێکیتر لە سکاڵاکاران بەناوی غەفوور حەسەن عەبدوڵڵا گوتی؛ پاش 15 ساڵ لەبزربوونی کەسوکار پێیزانیوە کە پێناسەکانییان لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزراونەتەوە.

دوکتۆر کاتری میخائیل کە ئێستا دانیشتووی وڵاتە یەکگرتووەکانە، کاتیخۆی لەگەڵ پێشمەرگەدا جەنگاوەر بووە، گێڕایەوە کە چۆن لەجولای 1987دا بەچاو هێرشێکی شیمیایی بینیوە. هەروەک گوتی؛ فڕۆکەکان جۆرە بۆمبێکیان دەهاویشت کاتی تەقین دەنگییان وەک ئەوانی پێش بەرز نەبووە، پاشان دانیشتوانی تووشی ڕشانەوە کردو هەندێکیشی بۆماوەی چەندین هەفتە نابینا کردووە.


کاترین میخائیل

هەر ئەو دیدەرە بەرەخنەوە هێرشی کردە سەر ئەو ڕێکخراوو کۆمپانیا جیهانییانەی "ئەوجۆرە چەکەیان داوە بەرژێمی (پێشووی) عیراق"، هەمانکات ئەو دیدەرە توانی وەڵامی پرسیارەکانی سەددام بداتەوەو گشت بۆنەو بەهانەکانی پووچەڵ بکاتەوە، بۆیە دیدەرنامەکەی بەیەکێک لە دیدەرنامە گرنگو بەسوودەکان دەژمێردرێت.

دیدەر ئەدیبە عەوڵا بایز کە ژنی یەکێک لە دیدەرەکانی پێشترە بەناوی عەلی مستەفا حەمە، گوتی؛ کاتێک فڕۆکەکان لە16ی ئەپریلی 1987دا بۆمبارانی گوندی بالیسانیان کرد، هەستیان بەبڵاوبوونەوەی بۆنێک دەکرد لەبۆنی "سێوی گەنیو" دەچوو، هەروەها ئەو دیدەرە گوتی، دیاردەی نەخۆشی بەئەندامانی خێزانییەوە دەرکەوتو هەندێکیانی بۆ ماوەی چەند ڕۆژ نابینا کرد، ئەوسا پێیانزانی کە ئەو دووکەڵە ژەهراوی بووە. بۆ دادگایشی گێڕایەوە گوتی " کە پاش پێنج ڕۆژ توانیومە هەندێک چاو بکەمەوە، دیمەنێکی





ترسناکم بەرچاوکەوت. کە پێستی لاشی خۆمو منداڵەکانم بینی ڕەش هەڵگەڕابوو". هەروەها گوتی، یەکێک لە منداڵەکانی مردوونو خۆیشی پاش ئەوکاتە دووجار منداڵی لەبارچووە.

دیدەرێکی تر لەدانیشتووانی گوندی بالیسان بەناوی بەدریە سەعید خدر، بۆ دادگای گێڕایەوە، چۆن نۆکەس لەخزمانی لەو هێرشانەدا کوژراون، لەوان مێردەکەیو دوو لەمنداڵانی. گوتیشی، تائێستایش بەئێشو ئازاری ئەو هێرشانەوە دەتلێمەوە.

یەکێکیش کە پێشتر جەنگاوەر بووە لە ڕیزەکانی پێشمەرگە، بەناوی موسا عەبدوڵڵا موسا، گێڕایەو کە لەساڵەکانی 1987و 1988دا بەچاوی خۆی چەندین هێرشی بینیوە، ئەووەیشی بینیوە کە چۆن براکەی لەگەڵ کورێکیدا بەمردوویی باوەشیان بەیەکدا کردبوو.



هەرچۆنبێت، باری نرخاندنی ئەو دیدەرنامانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی توانای هەڵسەنگاندن لەلای دادگا کەخۆی خاوەن مافی بەراوردو دیاریکردنی پێزیانە بۆ سەپاندنی باری تاوان. هەروەک دەرکەوت گشت دیدەرنامەکان دەقاودەقی ئەو دیدو توێژینەوانەبوون کە دادیاری گشتی پێشکەشی کردن. بەوە دیدەرنامەکان بوونە مایەو تەرازووی پڕبایەخ بۆ پرۆسەی سەپاندن.

هەروەک دادیاری گشتی توانی بەڵگەو دیاردەی ئەوتۆ هەڵێنجێت سوود بگەیێنن بەو پرۆسەی دادگاییکردنەکە، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئەو باری هەڵسەنگاندنەی خودی کەموکووڕییەکانو بارودۆخی کێشەکەو گشت ئەو

زیانە مەترياليیانەی لەئەنجامیان پەیدابوون، بوونە مایەی هێزو خاڵی دەستنیشانکەر بۆ لێپرسراوێتی تاوانکارانو ئەوەکەسەی ڕاستەوخۆ یا ناڕستەوخۆ فرمانی داوە. بۆیە دادیاری گشتی توانیویەتی سووکوئاسان، بێ تەمومژو گومان ئەوە بڵێت کە 182 هەزار کەس لەو پرۆسەیەدا گیانیان لەدەستداوە کا کاتیخۆی ڕژێم ناونیاوە "ئەنفال".

هەروەها دادیاری گشتی، مونقز ئەلفیرعەون گوتی؛ گوند هەن تێکرا لەگەڵ زەوی تەختکراونو هێزەکان چەندینجار گازی شیمیاییان بەکارهێناوە. لەگرتووخانەکانیشدا پیرو ژنو منداڵ لەبارودۆخی زۆر ناهەمواردا ژیاون، بۆیە ئەو کردەوانەیانی بە "بەربەری" ناوبرد.

ماموستا جەعفەر مووسەوی سەرۆکی دەستەی دادیارانی گشتی لەدادگای سزایی گشتیدا ئەوەی دەربڕی کە لەبەر زۆری ژمارەی سکاڵاکارانی پرۆسەی ئەنفال کە تائێستا گەیشتوونەتە 1175 کەس، دەستەی دادیاران پێشنیاری کرد بەو ژمارە سکاڵاکارەی ئێستا قایلبن. هەروەها گوتی، لەبەرئەوەی ژمارەی سکاڵاکاران بۆ کێشەی ئەنفال یەکجار زۆرن وای بەباش دەزانین بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ حەفتا کەس یان ژمارەیەکی نزیک لەو قایلبینو گشتجۆرە مافی ئەوانیتر پارێزراوبێت.

لەکاتی دادگاییکردنیشدا دادیاری گشتی دەریبڕی کە کاسێتێکی دەنگو ژمارەیەک دیکۆمێنتی لایە دەریدەخەن چۆن لەهەشتاکاندا خودی سەرۆکی پێشووی عیراق فەرمانی داوە بە لێدانی کورد بەچەکی شیمیایی.

هەروەک لەو پرۆسەیەدا چەندین بیرۆکەی هونەری پەیدابوون بریتی لە دیدەرنامەی توێژەرانی پسپۆر لە زەمینەی پزیشکی ڕەوشێنیو ئەنترۆپۆلۆجی. یەکهەمیان ناوی "کلایکولون سنۆ"ی لەدایکبووی ساڵی 1928تە لەشاری





ئۆکلاهۆمای ئەمریکا دەژی. ئەو یەکێکە لەزانایانی بواری زانستی بایۆلۆژیو پسپۆر لەسەر ئاستی جیهان. دووهەم دۆگلاس سکۆتی ئەمریکاییە، پسپۆر لە بواری چەکو زانستییەکانی سزایی. لەو دادگاییەدا ئەو دووهەمین پسپۆری بیانییە ببێتە دیدەر. پاشان دادگا گوێبیستی پزیشکێکی پسپۆر بوو بەناوی ئەسفەندیار ئەحمەد شوکری کە بەڕەگەز کوردو بەپێناسە ئەمریکییە. یەکێکە لەوانەی لەدەزگایەکی مرۆڤانەییدا کاردەکات، سەردەمێک چاودێری ئەو پەنابەرانەبووە کە بەرکەوتووی گازی شیمیایی وەک خەردەلو زارین بوون کە بوونەتە هۆی کوشتنی تەنانەت مەلو ئاژەڵیش. هەروەها ئەو پسپۆرە وێنەی ئەوانەی نیشاندا کە بەرکەوتووی پێکهاتە شیمیاییەکان بوون لە خێزانە ئاوارەکانی ئۆردوگای کوردانی عیراقی لەماردینو دیاربەکری تورکیا، وەک دەیگوت بەهەزاران پەنابەریان تێدابوو. ئەو پسپۆرە ئەوەیشی گێڕایەوە، چۆن ژنێکی زەیستان دوو منداڵی لەناوچووە چونکە پاش هەڵهاتن لە بۆردومانێکی شیمیایی نەیتوانیوە هەڵیانگرێت، هەر ئەو ژنە سێ ڕۆژ پێش گەیشتنی ئەو پسپۆرە لەئۆردوگادا منداڵێکی تری بووە. ئەوەی ڕاستی ڕاپۆرتەکانی سەلماندیان ئەو بۆچوونە هونەرییانەو گێڕانەوە ساناو ئاساییانە بوو کە سەبارەت بەو کێشەیە هاتنە پێش. هەروەک مایکل تریبلی پسپۆر لەباری پزیشکی ڕەوشێنیو دیاردە سزاییەکان دیدەرنامەیەکی بۆ سەلماندنی ڕاستی ڕاپۆرتەکەی خۆی پێشکەشکرد تێیدا روونکردنەوەیەکی لەسەر ئەنجامی ئەو پشکنینە پێشکەشکرد کە خۆی کردوویەتی لەسەر ئێسکی ئەو ژنو پیاوو منداڵانەی لەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی موسڵی باکووری عیراقو موسەننای باشووردا دۆزراونەتەوە.

ئەوجا ئەو پسپۆرە وێنەی ئێسکی دەرهێنراو لەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی نزیک مووسڵی باکوور نیشانداو گوتی؛ ئەنجامی پشکنینەکان دەریدەخەن کە ڕێژەی

67%ی قوربانییان بەگوللە سەریان پێکراوە، لەوانە زۆریان منداڵن. گوللەکان لەلوولەی تفەنگی ڕیزەوە دەرچوون. بەڵام کوشتنی ئەوانیتر بە کەرەستەی تری وەک پارچە ئاسن یان قۆناغی چەک بووە.

هەروەک وێنەی کەللەسەری نیشاندا هێشتا پەڕۆی چاوبەستنەکانی پێوە مابوو. هەندێک لەو نموونانەی نیشاندران پێناسنامە بوون لەگەڵ پاشماوەی جلوبەرگ کەهێنی منداڵی ساوایشی تێدابوو. ئەوەیشی ڕوونکردەوە کە لەنێو لەشەکانەدا ژمارەیەک هەن نزیکەی 18 گوللە بەر شوێنی جیاجیای لەشیان کەوتووەو ئەوەیشیان پێوەدیارە کە هەندێک دەستیان لەپشتەوە بەسترابوو. هاوکات لەگەڵ ڕوونکردنەوەکانیدا لەسەر توێژینەوە لەمەر لەشی دۆزراوە لەیەکێک لەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی پارێزگای موسەننا (سەماوە)ی باشوور وێنەیشی نیشاندا. ئەوەی دووپاتکردەوە کە پشکنینەکان نیشانیدەدەن کە کۆمەڵکوژییەکان بەشێوەیەکی سیستێماتیکیو ورد ئەنجامدراونو چاڵەکان بەشۆڤڵ هەڵکەنراون.








تریبل وەک پسپۆڕێک ئەوەیشی ڕوونکردەوە کە گۆڕی بەکۆمەڵی زۆر هەن لەبیابانی سەماوەی نزیک بەسنووری سعوودیە، لەو شوێنەی گرتووخانەکەی 'نوگرەسەلمان'ی لێیە کە لەکۆتایی هەشتاکاندا هەزاران بەندکراوی کوردی تێدابوو.. هەروەک ئەوەی دووپاتکردەوە کە لە یەکێک لە گۆڕەکانەدا 114 لەش دوزراونەتەوە دوانیان هینی پیاو بووەو 27ی ژن کە یەکێک لەوان زەیستان بووە، ئێسکی بەچکەکەی نێو زگی دەریدەخات کە تەمەنی لەنێوان 36و 40 هەفتەدا بووە، واتە نزیکبووە لەبوون. هەروەها 85 لەوان منداڵی تەمەن ژێر 13 ساڵ بوون. ئەوەیشی ڕوونکردەوە کە بەگوێرەی پەرشبوونی قەوانی ئەو گوللانەی کوشتوونی لەو شوێنەدا ئەوە دەگەیێنن کە تیپی ژیانبڕ لەلای باشووری گۆڕەکەدا وەستاون. بەوێنە ئێسکو پروسکی چەندین منداڵی نیشاندا تەمەنیان لەنێوان 5 و 6 ساڵدا بووە گوللە بەر شوێنی جیاجیای لەشیان کەوتووە.

هەروەک پشکنین ئەوەی دەرخستووە کە ماشینی زۆر قورس ئەو گۆڕەبەکۆمەڵانەیان کەندڕ کردووەو زۆربەی قوربانییان کە ژنو منداڵن دەستوچاویان بەستراوە پاشان بە دەمانچەو تفەنگی ڕیز ژیانیان لەبەر براوە ئەوجا خۆڵیان بەسەرداکراوە.

دیدەرنامەکەی ئەو بریتیبوو لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر شێوەکانی کوشتنی منداڵانو چۆنێتی ناشتنیان لەوگۆڕە بەکۆمەڵانەی لەبەر پەرتەوازەیی شوێنەکان نمرەیان خراوەتە سەر. هەروەک ئەو ڕاپۆرتەکەی بەوێنەو کارتەی ڕێنمایی پشتئەستوور کرد. وێنەی زۆری لەو لەشانە نیشاندا کە منداڵی تەمەن 7 تا 12 ساڵی بوونو بەدەستڕێژی گوللە کوژراون. ئامادەبوونی هەندێک لەوانەو تاوتوێکردنی ڕاپۆرت لەگەڵیاندا بووەتە یاریدەر بۆ باوەڕ پێبەخشینو ئەوەیشی باوەڕەکەی بتەو دەکرد ئەو شێوازی

قایلکەرانەو زانستییانە تایبەتو هونەرییە بوو کە شارەزابوونی ئەوانی دەرخست. لەمەڕ سەرنجی پسپۆری ئەگەرچی هەڵسەنگاندنی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی دادگادا، ئەو لایەنی هونەریو زانستییە ڕووندەکاتەوە کە لەخۆیدا سوودبەخشن بۆ بوارەکانی کەرەستەیی بۆ سەپاندن لەمەڕ کێشەکەی بەردەم دادگا. دادگا بەڕادەی پێویست پشتی بەست بە بۆچوونی پسپۆران بۆ تێگەیشتنو سەپاندنی هەندێک زانیاری پەیوەست بە کارگەلی بەدەر لە قەوارە زانستییەکانی دادگا. بنەمای 62 لە ڕەوشی کارڕاێکیو کۆشش بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی تایبەت بە دادگای سزایی عیراقی باڵا ئەوەی دەرخست کە وەرگرتنی دیدەرنامەی پسپۆری لە کەسانی پسپۆرو بەتواناو شارەزا یان ئەو ڕۆشبیرانەی لەوبواری تەکنەلۆژیا یان جۆرەکانی تری زانستی دەبنە یاریدەر بۆ تێگەیشتنی دادگای سزاکان لەو بەڵگانامانە.

کەسی پسپۆر زانیاریو بۆچوونەکانی لەسەر ڕۆشناییو تایبەتمەندی ئەو ئەزموونانە دەدات کە لەبواری ڕەوشە هونەرییەکانی زەمینەی پیشەیی خۆیدا کاری پێکردوون، هەر بەوپێیەیش کە توێژینەوەی لەسەر کردوون بڕیاری وەرگرتووی خۆی لە ڕاپۆرتێکدا پێشکەش بەدادگا دەکات، بۆیە مەرجنییە پسپۆر لەکاتی ڕوودانی لەوشوێنە بووبێت یان بەشێک لەو چیرۆکەی زانیبێت. دیدەر ئەوکەسەیە کە ڕووداوەکەی بینیبێت یان بیستبێت یانیش زانیاری تەواوی لەسەر وەرگرتبێت، بەڵام ئەوەی پسپۆر لەدیدەر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەمیان هزرو توانای زانستییانە بەکاردێنێت بۆ ئاشکراکردنی کار، بەڵام دیدەر بۆ دیدەروانییەکەی هۆشو هەست بەکار دەهێنێت. دەیشکرێت پسپۆر ڕۆڵی دیدەر ببینێت ئەگەر هەردووک باری تێدا کۆبووبێتەوە.





وەک یاسای ڕەوشێنی دادگاییە سزاییەکانی عیراقی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971 ڕێگەیداوە بەدادگا یەک پسپۆر یان پتر دیاریکات بۆ سەرنج دەربڕین لەبارەی ئەوتاوانەی تاوانکارەکەی لەبەر دادگادایە، چونکە باری هونەریی ئەو پرۆسەیە پێویستی بە شارەزایی زانستییانەو سەرنجی تایبەتی پسپۆرانەی ئەوتۆ هەیە لەلای دادگا ببێتە نیشانە بۆ بتەوکرنی بەڵگە.

تاوانکارییەکانی ئەنفال لەجۆری تاوانی ڕەوڕەوەییی، یان لەو بابەتەن کە شارەزایانی یاسا پێیدەڵێن درێژەتاوانو لەخودی ئەو خووی تاوانکارییە پێکهاتوون کە بۆیان بوونەتە کوچکەی مەتریالیو دۆخی ئەوتۆی پێ بەخشیون شێوازی درێژخایانی سروشتی لەخۆ بگرن، ئەگەرچی ئەو بارانە پۆزەتیف بووبن یان نێگەتیف. درێژەتاوان هەر لەدەسپێکی درێژەدان بە تاوانەوە دەبێتو درێژەی دەمێنێت تا ئەوکاتەی بارە ڕەوڕەوەییەکەی بەسەردەچێت ئەوسا ئەویش نامێنێت. هەرکات بڕیاری داد دەردەچێت لەسەر تاوانی ڕەوڕەوەیی ئەوسا هێزی ئەوبارەی بەسەردا دەسەپێت کە سەپاوە بەسەر ئەو تاوانانەی پێش دەرچوونی بڕیارەکە ڕوویانداوە، واتە ئەوانەی لای دادگای بڕیاردەر ئاشکرابووبن یانیش هێشتا نەبووبن. خۆ ئەگەر پاش دەرچوونی بڕیار ڕووداوی تری لێ بکەوێتەوە ئەوا دەچێتە دۆخی درێژەتاوان. بەپێی ڕەوش تاوانی ڕەوڕەوەیی دەبێتە بە دووبەش، تاوانی ڕەوڕەوەیی درێژخایانی تاوتاوو تاوانی ڕەوڕەوەیی هەمیشەیی. خاڵی 32 لەبنەماکانی کارو کۆشش بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بە دادگای تاوانەکانی عیراق ڕێگەیداوە بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو تاوانکارییانەی لەیەک پرۆسەی دادگاییدان بۆ ئەوەی یەک بڕیاری سزایی بۆ دەرچێت، ئەویش دەبێت بەپێی یەک بەندو یەک یاسابێت. هەروەک دادیاری گشتی بەڵگەو دکۆمێنتی فەرمیی کۆدەکاتەوە تا لەکاتی یاسایی

خۆیدا بیانداتە پارێزەرانی بەرگری. هەروەها تاوانکارییەکانی ئەو پرۆسەیە لە چوارچێوەی ئەو تاوانکارییە دژەمرۆڤانەیە دەژمێردرێن کە دژ بەگەلی کوردستان کراو لەو تاوانە کۆکوژییانەن کە بوونەتە هۆی لەناوچوونی 182 هەزار هاووڵاتی سیڤیل، تێکدانو سووتاندنی زەویوزارو دێهاتیان، کوشتنی ئاژەڵەکانیان، کوێرکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاوی دەڤەر، بەکارهێنانی گشتجۆرە چەکی قورسو سووکی وەک گازی ژەهراویو چەکی قڕکەرو بۆمبی هێشوییو ناپالم، بەندکردنی ئەندامانی خێزان بە مەبەستی لەناوچوون، کە گشتیان لەسەرئاستی جیهانی قەدەغەکراون. ئەویش بەپێی ئەو نەخشەیەی سەددام کە تاوانباری یەکەمە دایناون بە هاوکاری هەندێک لەو تاوانبارانەی بوون بە ئەنجامدەر وا لەسەر ئەو پرۆسەیە دادگایی دەکرێن کە ناونرا ئەنفال.

هەروەک بەڵگەنامەکانی تری وەک دەستنووسو هەندێک فرمانو ڕاگەیاندنی هاوپێچی بڕیارەکانی تاوانباری یەکەمو تاوانبارانی تردا هەبوون بۆ ئەنجامدانو شێوازی کارو ڕوونکردنەوەی ئەو کاسێتانەی دادیاری گشتی نیشنیدان ڕاستی ڕوودانی تاوانکارییەکان دەسەپێنن.

گشت ئەو بەڵگەنامەو بڵاوکراوانە دەبنە پاڵپشت بۆ تاوانە زەقەکانی ئەو پرۆسەیەو دادگا ناچاردەکەن لەکاتی بڕیارداندا پشتیان پێ ببەسترێت، چونکە لەو بەڵگانەن کە لێیدواونو پشتئەستوور بوون بە بەڵگەکانی تر و نموونەن بۆ سەدەها هەزار کێشەی لەو پرۆسە کۆکوژییەدا ڕوویانداوە. ئەوە لایەنێک بوو لە گۆشەکانی قڕکردنی گەلی کوردستان کە دیکتاتۆر پێیوابوو دەتوانێت بەو هەڵوێستە بەربەرییە قەڵاچۆیان بکات. لەڕاستیشدا دەرکەوت شێوەی کوشتنو ئەو کەرەستانەی بەکارهاتن بۆ لەناوبردنی ژنو منداڵو پیری سڤیل کە راپۆرتەکانی پزیشکی یاساییو پسپۆرانی تر ئاشکرایان کردو





ئەوەی لەدیدەرنامەی هەندێک لە سکاڵاکاراندا هاتووە لەگەڵ دیاردەکانی تری بوونەتە پاڵپشت بۆیانو ئەوانەیشی دادگا لەتوێی دیاردەکاندا دەیخستنە ڕوو، قەبارەی تاوانە ئەنجامدراوەکانو مەبەست لە ئەنجامدانی دەردەخەن هەر بەوشێوە وردەکارییانەی خراونەتە ڕوو.

کە پرۆسەکە هەنگاوی هەڵنا بەرەو قۆناغی کۆتایی، ژمارەیەکی زۆر لەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی لەگەڵخۆ برد کە لەدانیشتنەکاندا نیشاندران بێلەوەی بەرپەرچدانەوە لەلایەن تاوانبارانەوە کاربکاتە سەر سەپاندنی تاوان بەسەریاندا. ئەو بۆڵەو بەهانانەی هەندێک لەتاوانباران کاتی بەرگری لێیدوان کە گوایە ئەوان وەک سەرکردەی ڕیزەکانی سپادا بەرگرییان لەنیشتیمان کردووە بێسوود بوو. ئەوەی باری قایلبوونی دادگای بتەوکرد دووربینی کارڕاییێکی گشت ئەو لێکۆڵینەوە یاساییانە بوو کە باڵی کێشا بەسەر ڕۆڵی دادگاو سەرپەرشتی چۆنێتی لێکۆڵینەوەکان، تا بەسەلیقەی دادوەرییانە لاپەڕەیەکی چەپەڵ ئاشکرا بکەن لە لاپەڕەی پێشێلکارییەکانی دژ بەمافی مرۆڤ دەکرا، ئەگەر بە قڕکردنی سڤیل بووبێت یان بەکوشتنی منداڵو لەچاڵنانی بریندارو مرۆڤی زیندو، یانیش بە نامەردانە کوشتنو دوورخستنەوەی نایاساییو زەبرو بەگیرهێنان، یان ماڵو دیهات وێران کردنو بارمتەگرتنی دانیشتوان، یان هێرشی لەشکر بۆ سەر دانیشتوانی سیڤیل. ئەوانە زەق پێشێلکردنی یاساو دەستووری کاتی بوو کە پڕئارەزوو زیانی قورسی دەگەیان بە هاووڵاتییانی سڤیلو ئاوارەکردنیان. چەکی ژەهراویو شیمیاییو جۆرەکانی تری چەکی قڕکەریان بەکار دەهێنا. هەروەها گوللەی تایبەتی وەک توێکڵ ڕەقو ئەوانەی لەکاتی پێکاندا دەکشێن بۆئەوەی پتر کاراو کوشندەبنو زۆر جۆری ترو جۆرەها ڕێگەی ئەشکەنجەی تریان بەکارهێنا، وەک دەستدرێژی بۆ سەر مرۆڤو ئابڕووبردنیانو

بەئارەزوو برسیکردنو نان برین لەمرۆڤو شێواندنی دیمەنو زیانی گیانی پێگەیاندن. ئەوەیە چالاکییەکانی ناویان نا ئەنفال کە نزیکەی 182 هەزارکەس بووبە قوربانی.

بەشێک لەوانەی کارڕایەکێی لێکۆڵینەوەو دادگایی پرۆسەی ئەنفال ئاشکرای کردن، خاڵەکانی جەختو سووربوونی رژێمی سەددام بووە لەسەر بەئەنجام گەیاندنی تاوانکارییەکان بەجۆرێک، تەنانەت تۆسقاڵێکیش ویژدانو ڕوشتی لەهزری خۆدا نەهێشتووەتەوە، بۆیە تاوانگەڵێکی ئەنجامدا ڕەنگی ئەوجۆرە تاوانە ترسئانگیزانەی داوەتەوە کە هزری سەرکردەی پێگەیشتبوو لە زیانگەیاندن بەگشت بووەیەک پەیوەندی بووبێت بەکوردەوە.

یەکێکی تر لەوبارانەی ئاشکرابوون، بازرگانی کردنە بە کیژانی کوردی ئەنفالکراو. ئەوە لەکاتێکدا تاوانی بازرگانیکردن بە ژنو منداڵ یان کۆیلە، بە یەکێک لە تاوانانەکانی سەرپێچی دەژمێردرێت لە یاسای سزایی گشت وڵاتێک، ئەمجۆرە دەکەوێتە سنووری دەستیاریی هەرێمی ئەگەر ئەنجامی تاوانکارییەکە لەنێو عیراق بووبێت، بەهەر بارێک بووبێت، سزا دەسەپێت بەسەر گشت یەکێکی بەشدار لەوجۆرە تاوانە ئەگەرچی گشت یان بەشێکی تاوانکارییەکە لەنێو عیراقدا ڕوویدابێت، یا بەشداربوو لە دەرەوەی عیراقیش بووبێت، ئایا تاوانکاری ڕاستەوخۆ بووبێت یان هەر هاوکار. (بەندی 6 لە سزای عیراقی).

هەروەک دەشێت بەوجۆرە تاوانکارییە بژمێردرێت کە بەپێی دەقی یاسای سزایی، دەستیاریی بەرفراوانێتی دەیگرێتەوە، ئەو ئەگەر تاوانەکە لە دەرەوەی عیراق ڕوویدابێتو خودی تاوانبار لەعیراقدا بووبێت. دانایان لە بواری یاسا، دەستداریی بەرفراوانێتیی بە ڕەوشی جیهانیبوونی یاسای سزایی یان دەسەڵاتی بەرفراوان ناوزەد کردووە. ئەو ڕەوشە زەمینەیەکی بەرفراوان





دەرەخسێنێت بۆ سەپاندنی یاسا بەسەر ئەنجامدەرانی ئەوجۆرە تاوانە، بێ گوێدانە شوێنو ئەو هەرێمەی تاوانەکە تێیدا ڕوویداوە یان ناسنامەی تاوانکار سەر بەکام واڵات بووبێت، بۆیە لەو بارو ئاستەدا شوێنو ناسنامەی تاوانبار هێچ گرنگیی نابێت. شایانی وەپیرهێنانەوەیشە کە یاسای سزایی عیراقی کار بە بنەمای بەرفراوانێتیی دەسەڵاتی یاسای سزایی دەکاتو دەسەپێنێت بەسەر تاوانبارانیدا.

لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوکەسانە دەکرێت کە تاوانبارن بە بازرگانی کردن بە ژن، منداڵ یان کۆیلەو دەخرێنە بەر دەستداریێتی دادگای سزایی، ئەگەرچی تاوانباری سەرەکی بووبێت یان هاوکار.

ئەوەی شایانی وەبیرهێنانەوەیە، ئەگەرچی یاسای سزایی عیراق لە کارەکانیدا ڕەوشی کۆنێتی خوازخەر لەبەرچاو ناگرێت بۆ خواستی سزاییو سەپاندنی سزا، بەڵام یاسای دادگای سزایی لە توێی بڕگەی چوار لە بەندی 17ی یاسادا پابەندبوونی دووپات دەکاتەوە، هەروەها یاسای نێونەتەوەییو ڕێکەوتننامە نێونەتەوەییەکانیش ئەوەیان کردووە.

کاتێک ڕژێم بەفرمانی سەددام ئەو هێرشانەی کردە سەر گەلی کوردستان، بارێک لە تاوانکاری نامۆ بە کۆمەڵگەی عیراق پەیدابوو. ئەوەی ڕاستی ئەو ڕووداوە بسەلمێنێت، نوسراوی فەرمی ژمارە 1101ی ڕۆژی 10/ 12/ 1989 (نهێنیو بەپەلە)یە کە بەڕێوەبەرایەتی زانیاردەری پارێزگای تەئمیم (کەرکووک) بەرزی کردووەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی زانیاردەری گشتی (کاتێک بەرزان تکریتی سەرۆکی بوو پێیدەگوترا، سەرۆکایەتی دەزگای زانیاردەر، بەڵام پاش لابردنی بەرزان گۆڕا بۆ بەڕێوەبەرایەتی زانیاردەری گشتی) لە ناوەڕۆکی ئەو نووسراوەدا هاتووە؛ (پاش ئامۆژداری ڕاستەوخۆی سەرکردایەتی ڕامیاری ..) کە هەرگیز

ئەوشێوە ئاماژەیە بەهەڵە یان لەخۆوە نانووسرێت، لەبەرئەوەی ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی زانیاردەری ئاموژگاری ئەوتۆی بۆ نەهاتبێت بۆی نابێت لە نووسراودا ئەو شێوە ئاماژەیە بدات، چونکە ئەوجۆرە ئاماژەیە بەپێی بۆچوون نابێت، بۆیە ئەوە جێبەجێکردنی فرمانەو وشەی دووهەم لە نووسراوی سەرەوە دیاردەیە بۆ ئەوە. ڕوونو ئاشکرا مەبەست لەتوێی خودی ئاڕاستەی



ئەو نووسراوەدا دیارە کە ئاماژەیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی زانیاردەری کەرکووک تا فرمانەکەی (سەرکردایەتی ڕامیاری) جێبەجێ بکات. بەوپێیەی سەرکردایەتی ویستوویەتی تاخمێک لەو کیژانەی لە پرۆسەکانی ئەنفالی یەکو دوودا دەستگیرکران بنێرن بۆ ڕابواردنگەو یانە شەوانییەکانی کۆماری میسری عەرەبیو لەهەمان نووسراودا ناوی کیژەکانو تەمەنیان دیاری کردبوو.

هەروەک پێویستە ئەوەیش بهێنینەوە یاد کە لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا پێشتر ڕێکەوتن هەبوو لەسەر ئەوەی بەپێی بەندی 27 و بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی 9ی مارتی 1927 ی ئەو ڕێکەوتننامەیە بگۆڕدرن بۆ ئەوەی 7ی جەنیوری 1953 کە لە نیویۆرک نووسراو تێیدا بڕیاردراوە گشت جۆرە کارو سەنگوسەوایەک بەکۆیلە قەدەغە بکرێت. هەروەک کۆمەڵەی گشتی بە بڕیاری ژمارە 317 لە 2ی جەنیوەری 1949 ئەو ڕێکەوتننامەیە بڕیارداوە کە بازرگانی کردن بە مرۆڤو سوودوەرگرتن لە لەشفرۆشی کەسانیتر قەدەغە بکرێت، هەروەها نابێت بازرگانی بە ژنو منداڵو کۆیلەی سپیش بکرێت.

ئەو پرۆتۆکۆلە مرۆڤانەیە لەخۆڕا پەیدا نەبوو، بەڵکو دەرئەنجامی ئەو جەورە بووە کەمرۆڤ چەشتوویەتی لەدەست هەندێک لایەنو ئەو وڵاتانەی





بە ناشیریترین شێوە سووکایەتی بە مرۆڤایەتی خودی مرۆڤ دەکەن. سەرئەنجام، بانگەوازی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ هاتە کایەوە بۆ پاراستنی ئابڕووی مرۆڤو ڕاگەیاندنی یەکسانی مرۆڤ لەڕووی یاسا. لەساڵی 1948یشدا کۆمەڵەی گشتی ئەو بانگەوازە جیهانییەی بڵاوکردەوە کە زۆر وڵات کردیان بە ڕەوشێکی ڕێنمایی بۆ پەیوەندی نێوانیانو لە ڕێکەوتننامەو ڕەوشە یاساییەکانیاندا کردیان بە خاڵێکی پابەند.

لەنێوان ساڵانی 1948 تا 1989 یشدا کە دەکاتە پتر لە چل ساڵ، باری کۆیلەییو بازرگانیکردن بەژنان لەناوچوو. لەنێو میللەتو گەلاندا جۆرێک ڕێوڕەوش ڕەگیان کوتاوە ئابڕووی مرۆڤو پاقژی لەشو بوختی هۆشی. میللەتان بوونە خاوەن ڕەوشگەلێک مایەن بۆ پشتگوێخستنی گشتجۆرە چەپەڵکاری بە لەشی مرۆڤ، ئەوە لە دەستوورو یاساو هەڵوێستی سەرکردەکانیشدا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆیە لەشفرۆشیو سوزانی بوون بەجۆرێک لە چەوساندنەوەی مرۆیی سووکو بازرگانیی بێنرخو شەرمئانگیز دەژمێردرێت. وەکوتر، پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ بووەتە پێوەر بۆ دیاریکردنی باری ژیارو پێشکەوتن یان دواکەوتوویی وڵاتێک بەرانبەر بە وڵاتانی تر.

بێگومان ڕەوشتی عێراقییانەو ئەو نەریتە باوەی گشت ڕەنگو پێکهاتەکانی عێراق هەیانە، کۆڵەکەی بنەڕەتین بۆ ژیانی کۆمەڵگەی عێراقی،و نموونەن بۆئەو گونجاوییەی لەزۆر دەقی یاسایی ودابو نەریتی عێراقیدا هەن. خاڵێ بتەوکەریش ئەوەیە کە لەکاتی نەبوونی دەق بۆ ناوبژی دەگەڕێنەوە بۆ یەکێک لەو ڕەوشە کۆمەڵایەتییانە. هەروەک ئەو باری ڕەوشتو ئابڕووەی لەکۆنەوە بۆ عێراقییان ماون نەریتگەلێکن عێراقییان دەستبەرداری نابنو کۆمەڵ توانیویەتی بیانگونجێنێت لەگەڵ پێشکەوتنی ژیاردا. عێراقییەکان

لەوڕووەوە سوورن لەسەر پەیڕەویکردن بەوجۆرە نەریتە بێ گوێدانە پلەو بارو چین یان کۆمەڵایەتی.

گریمان ئەو ڕژێمە کە دەبوو دەسەڵاتی دەوڵەت بنوێنێت بەسەر کۆمەڵەوە، ڕەنگدەرەوەی چینەکانی کۆمەڵ بوایە، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕەنگ‌و خووی تاخمی دەسەڵاتدار نواند. هەرچەندە نالەبار بوو ئەو هەڵوێستانەی دەینواند بۆ بەزۆر سەپاندنی بەسەر گشت چینەکانی کۆمەڵدا تا پێی قایلبن‌و ئارەزووەکانی ئەو پەسەند بکەن، با ئەوان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە هاتبن‌و بووبن بە نمایندەیان یانیش بەزۆر خۆیان سەپاندبێت. بەسەریاندا، بەهەر شێوەیەک بووبێت دەبوو بەپێ ڕەوش‌و نەریتە باوەکانی عیراقی، خۆ نەگەێننە ئەو پلە نزمە لە ئەڵچاغی ڕێگەی بە گرتەبەری ئەوجۆرە هەڵوێستە بۆگەنانە کە ناگونجێن لەگەڵ ڕەوشی کۆمەڵەکەمان.

ئای کە دەڵبە قەوارەی ئەو تاوانە سیستێماتیکییەی ئەنفالەکەی سەددامی پێ درایە دادگا لەگەڵ ژمارەیەک لە دەستوپێوەنی هاوکارو یاریدەرو ئەنجامدەری بڕیارو کلیلسازی تاوانکارییەکانی ئەو بوون بۆ قەلاچۆکردنی زۆرترین ژمارە لە کوردانی سڤیل، بەزۆر جۆرە هەڵوێست‌و زۆر لەو جۆرە چەکانەی لەسەر ئاست‌و ڕەوشی جیهانیدا قەدەغەن. یان بە گوللە کوشتنی سیستێماتیکی‌و هێرشی سیستێماتیکی بۆ قڕکردنی کۆمەڵی سڤیل لە گشتجۆرە توخم‌و تەمەن چونکە گشتیان کوردبوون. گشت ئەو هێرشەی دەکرایە سەریان بە دەسڕێژی گوللە مەبەستیش قەلاچۆو نەهێشتنیان بوو ئەو یەکانەی سپای عیراق کە پێکهاتبوو لە (هێزەکانی گاردی کۆماری‌و ئاسایشی تایبەت‌و هەندێک لە دەستە تایبەتەکانی قڕکاری) هەروەها زیندەبەچاڵکردن‌و زیندوانی‌و دوورخستنەوە بۆ دەڤەرەکانی بیابان. یان ئابڕووبردن‌و دەستدرێژی لەسەر ئەو کیژانەی دیلی





بەردەستی ئەو گورگە دووپێیانە بوون، ئەوانەی ناویان لە دیدەرنامەی سکاڵاکاراندا هات. ئەوەی مایەی سەرنج‌و دۆشدامانە، دیتنی بەڵگەنامەیەک بوو بەدەست یەکێک لە سکاڵاکەرانەوە کە بەدەمیش ناوی خوشکەکەی هێنا لەنێو ئەو لیستەدابوو کە دەزگای زانیاردەری لەپێناو هێنانەدی ئارەزووی سەرۆکی تاقانەی عیراق ناردوونی بۆ کۆماری میسری عەرەبی، جا لەژێر هەچ ناوو ناتۆرەیەکدا بووبێت، لەوڕۆژەوە نە چارەنووسیان دیارە نە هیچ دیاردەیەک.

ئەگەر ئەوکارە ڕاستبێت، پێویستە ئێمە بۆ ئاماژە یاساییەکەی ئەو هەڵوێستە بگەڕێین کە دەزگای زانیاردەر لەسەر خواستی سەددام کردوویەتی. هەروەها پێویستە بەڕێوەبەری دەزگای زانیاردەری گشتی‌و بەڕێوەبەری دەزگای زانیاردەری تەئمیم‌و باڵیۆزی ئەوکاتەی عیراق لە قاهیرە ڕاستەوخۆ بەرپرسیار بکرێن لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە چەپەڵەی هەرگیز لیستی تاوانە سزاییەکانی عیراق بەخۆیەوە نەدیوە. هەروەها پێویستە دەزگاکانی لێکۆڵینەوە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوەی سەرەتایی‌و یاسایی.

هەروەک پێویستە دانوسان لەگەڵ کۆماری عەرەبی میسر بکرێت بۆ ئاشکراکردنی دوائەنجامی ئەو کیژانە، ئەوەیش کە ئەگەر کەسێک لەوان ئەمرۆ لەژیاندا مابێت!

گریمان ئەو کردەوەیە ڕاست نییە (ئەگەرچی ئێمە بێئاگا نین لەو پلان‌و تەڵەکەبازییانەی دەزگای زانیاردەری عیراق بوویان‌و دەزانین هەڵوێستێ ئوانە چۆن بووە) پێویستە تاوانبار سەددام‌و بەڕێوەبەری دەزگای زانیاردەری گشتی‌و بەڕێوەبەری زانیاردەری تەئمیم دوائەنجامی ئەواوانە دەربخەن، چونکە ئەو کیژانەی لەوێدا ناویان هات لەگێراوانی بن سایەی میهرەبانی‌و

دەسەڵاتی ڕژێم بوون، بۆیە پێویستە تاوانبار سەددامو بەڕێوەبەری دەزگای زانیاردەری ڕاستەوخۆ بەرپرسبن لە چارەنووسیان.

تاوانی دژەمرۆڤ، بریتییە لەکوشتنی دەستئەنقەستیو تاوانەکانی تری وەک قڕکردن، کۆیلە کردن، ئاوارە کردن یان بەزۆر لەشوێنی تر نیشتەجێ کردن یانیش بەندکردنو بژێوی ژیان ئاڵۆز کردن،و لێبرینی بواریتر لە بوارەکانی ڕەهایی لەش بەوجۆرەی دژبن بە بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێونەتەوەیی.

ڕووی یاسایی کۆیلەکردن ئەوەیە، جۆرێک یان گشت جۆرەکانی مافی خاوەندارێتی بەکارهێنرێت لەسەر مرۆڤ. ئەوبارە تەنانەت ڕژێمیش دەگرێتەوە ئەگەر بازرگانی بەلەشی مرۆڤەوە بکات، بەتایبەتی منداڵو ژن.

بەپێی ڕێکەوتننامەی تایبەت لەمەڕ ڕێگرتن لە تاوانی کۆکوژیو سزاکانی کە لە 9ی دیسەمبەری 1948دا دەرچووەو عیراق لە 20ی جەنیوەری 1959دا مۆریکرد. تاوانی کۆکوژی، دەکاتە کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵێک بە مەبەستی لەناوبردنی بەشێک لە کۆمەڵ یان ئەو کۆمەڵە بەگشتی، یان سەپاندنی جۆرە بارێک کە ببێتەهۆی نازۆکی ئەو کۆمەڵە، یانیش گواستنەوەی منداڵ لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر. دیارە گشت ئەوانە بۆ سڕینەوەی تێکڕا کۆمەڵێکی نەتەوەیی، توخمو تاخمی ڕەگەزی یان ئاینیی یان بەشێک لەوان.

ئەوانەی سەرەوە دەریدەخەن کە تاوانی ڕەوانەکردنی ئەو کیژە کوردانە بۆ کۆماری میسر لەوکاتەدا بووە کە دیل بوون. کەواتە نە بەئارەزووی خۆیان بووە نە لەلایان پەسەندبووە. بۆیە ئەوە بەدەبڵتاوان دەژمێردرێت





چونکە لەلایەکەوە مەرجەکانی تاوانی کۆکوژییان بەسەردا دەسەپێتو وەکتریش تاوانی دژەمرۆڤ.

نە تا ئێستا بووە ڕژێمێک بەوجۆرە تاوان ئەنجام بدات، نە بە درێژایی مێژوو ڕوویندەداوە، سەرکردە هەندە ڕەوشتنزمبێت کیژی کۆمەڵگەی خۆی ببەخشێت بە هەرێمیتر تا لەڕابواردنگەی شەوان کاریان پێبکەن. ئەگەرچی ئەوان نە سەماکەربوون نە بەهرەی هونەری ئەوتۆیان لێ بینراوە بۆ ئەو بوارە بشێت، چونکە ئەوانە لادێی بوون لە گوندەکانی کوردستانی عیراقدا ژیاونو پیشەیان هەر کشتکاری بووە. ئەگەر ڕوودانی ئەوکارە ڕاست دەرچێت ئەوا ویژدانی ئەو سەرکردەیەی ڕێگەیداوە بە ئەنجامدانی ئەوجۆرە کارە لەئاڵچاغترین پایەدایە. خۆ ئەگەر ڕاستیش نەبێت ئەوا کوشتنی ناوبراوان بەبێ بێتاوانو ئابڕووبردنو جەرگ سوتانی کەسوکاریان بەوجۆرە سووکایەتی پێکردنە دەکەونە ڕیزی ئەو کۆمەڵە تاوانەی دیکتاتۆرو تاخمی هاوکاری لەسەر تاوانکارییەکان پێدران بەدادگا.

لەنێو ناوەکاندا هەیە تەمەنیان لەنێوان 12 و 15ساڵدایە، واتە منداڵی بەستەزمان بوون. لەوانەیشە لەوە بچووکتریان تێدابێت. دیارە پتر کۆڵینەوە لەوبارەی لە مێژووی عیراقدا بەزۆر قورسو بێهاوتا دەژمێردرێن، دەمانخەنە بەر گومانی ئەوەی لەوانەی لەدەزگای زانیاردەری عیراقی چەرخی سەددامدا فایلی ترو شێوازی تر بەشێوەی بەرفراوان پەیڕەویو تەرخان کرابن بۆ هەڵبەستنی هۆو بەهانە تا تاوانی پێئەنجامدەن.

ئەگەر تاوانکاری لەقۆناغێکدا بووبێتە دیاردەی کۆمەڵایەتیو بەهەر هۆو دۆخێکی تایبەتەوە لەنێو کۆمەڵدا دەرکەوێت، بە نەمانی ئەو بارە مەتریالییەی بووەتە هۆی دەرکەوتنی ئەویش لەناودەچێت. بەڵام مەترسی لەوەدایە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر پەیوەستە کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە پێویستە

تاوانبارانی بەدیهێنەری سزا بدرێن، چونکە ئەو مەترسییە کۆمەڵایەتییانەی لێیدەکەونەوە، پێشلەوەی ڕەوشە مرۆڤایەتییەکان تێک بدەن، کاردەکەنە سەر ڕەوش‌و نەریتی عیراقییان، چونکە کاتێک سەددام تواناو دەسەڵاتی ڕژێم‌و دەزگا ئەنجامدەرەکانی تەرخانکردبوو بۆ ئەوجۆرە تاوانکارییە چەپەڵانە، مەترسییەکی نیشتیمانی‌و مرۆڤایەتی بەرپاکرد. جا لێرەدا خودی ئەو مەترسییە دەبێتە ترسناکترین دیاردەی مەتریالی بۆ تاوان.

ئەو تاوانکارییە بەچەندین خول پێکدێت یەکهەم خول بەندکردنی ئەو خێزانە بێتاوانانە دەبێت کە بەپێی ئامۆژگارییەکانی ئەنفال بوو،ئەوجا ڕانینی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە لەژێر چاودێری هێزی سەربازی‌و پاشان بەپێی تەمەن جیاکردنەوەی ئەندامانی خێزانیان بەویپێیەی خودی (تاوانبار سەددام) دیاری کردووە، چونکە ئەوەی لەلای هاووڵاتییان ئاشکرا بوو لە عیراقدا هەر ئەو ڕازگری دەسەڵاتی ڕامیاری بووە. ئەوەیش ئاشکرایە کە هێچیەک لەئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی پێیدەگوترا سەرکردایەتی شۆڕش یان ئەنجومەنی شالیاران هەرگیز خاوەن ڕۆڵی ڕاستەقینەو کارا نەبوون. سەرئەنجام، ئەوەی دەستەی لێکۆڵینەوە ئاشکریکرد، لە کردەوەی دەزگاکان بە ڕاگوێزان‌و دوورخستنەوەی خێزان یان کوشتن‌و ژێرخاککردنیان لە (گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەزەرو سەلمان‌و شوێنانیتر)، بەویپێیەی دەزگاکانی لێکۆڵینەوە دەریانخست‌و حوسێن ڕەشید تکریتی لەبەردەم دادگادا دەریبڕی، ئەگەر ڕاپۆرتی لایەنەکان نەبوایە کەبۆیان بەرزدەکردنەوە، ئەوان ئەو هێرشانەی ئەنفالیان ئەنجام نەدەدا.

بێجگە لەو کیژانە کەتایبەتن، لەوتەی هەندێک ژنی سکاڵاکەردا هات بەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەر بەشێک لەوان‌و دەرمانی شیمیاییان لەسەر هەندێک لەو ژنە سکاڵاکەرانە بەکارە هێناوە کەخۆیان لەپێش دادگا





ئامادەبوون، هەندێک لە کیژەکانیانیش جوداکراوەتەوە بۆ مەبەستی تایبەت کە هەر خودی تاوانکاران دەزان بۆچی. ئەوجا یان ڕەوانەی میسریان کردوون بۆئەوەی لە ڕابواردنگادا لەگەڵ میوانیان دانیشنن، چونکە ئەوانە هیچ کاری هونەری‌و نمایشییان نەزانیوە. یانیش لەوانەیە سەرنوگومیان کردبن تا گشت دیاردەکانی تاواننیان بزرکەن ئەوجا ئەو چیرۆکی ڕەوانە کردنەی میسریان هەڵبەستووە تا ناوی میسری پێ بزرێنن. هەرچۆنێک بووبێت ئەو کیژانە لەناوچوون. ئەوجا بەوە پەیوەندییەکی هۆکارانە پێکدێت لەنێوان کردارو ئەنجامەکانی‌و بەوە گشت کوچکەکانی تاوان یەکدەگرن. بۆیە لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانکاران دەپرسرێتەوە، چیجۆرە کارێک گەیاندوونی بەو ئەنجامە، لەوێدا سەددام زۆر بەئاشکرا لەبەردەم دادگادا گوتی خۆی لێپرسراوی یەکهەمە لەو بڕیارو هەڵوێستانەی لەڕۆژانی دەسەڵاتی ئەودا دەرچوون.

سەرئەنجام، هەر تاوانێکی تری نوێ دەکەوێتە بەر دەستداریتی دادگای تاوانەکانی عیراق کە بە بەشێک دەژمێردرێت لە تاوانەکانی ئەنفال‌و بەپێی یاسای سزایی دەکەوێتە بەر دەستیاریتی شوێنەوارو کاتی ڕووداو.







## بەشی چوارهەم

## تاوانەکانی ئەنفال لەدیدی یاساوە



استمرارا في تنفيذ عمليتي الانفال وبعد تشديد القبضة على مناطق تواجد المخربين

اعداد من الخونة تسلم الى قواتنا المسلحة الباسلة

٧٧ مقاتلا من مستشاري و آمري افواج الدفاع الوطني الشجاعة ساهموا في العمليات

استمرارا في تنفيذ عمليتي الانفال الاولى والثانية وبعد ان شددت قواتنا المسلحة الباسلة والمقاتلون الابطال من ابناء شعبنا الكردي من قبضتها على مناطق تواجد المخربين وسدت بوجوههم منافذ الهروب فقد سلمت الى قواتنا المسلحة اعداد من هؤلاء الذين باعوا انفسهم وضمائرهم للعدو الاجنبي الطامع بثمن بخس وارتضوا سلوك الخيانة لصالح النظام الايراني الصهيوني المعادي المتخلف ضد شعبنا العراقي بعربه واكراده.

ولطالما ارتضى هؤلاء لانفسهم ان يكونوا جواسيس للعدو وادلاء في ظروف الحرب المفروضة على بلادنا ولم يترددوا عن ارتكاب الجرائم بحق مواطنينا وفي مقدمتهم ابناء شعبنا الكردي.

ان الخونة الشلة قد تنكروا لارض العراق الطاهرة ولثورته ولاهدافه العظيمة ومنجزات ثورته ولاسيما تجربة الحكم الذاتي الفريدة من نوعها والبناء الشامخ الذي ارست ثورتنا المعطاء دعائمه في شمال الوطن الحبيب وفي شتى مناطق العراق.

ومرة اخرى وكما سقطت بقية الرهانات للنظام الايراني المجرم فان رهانهم على الجيب العميل يسقط هو الاخر وترتد نصال الغدر الى اصحابها.

ان وطنا تلتقي فيه قلوب الملايين (البقية ص...)

ئەو زنجیرە تاوانەی ڕژێمی سەددام لەژێر ناوی هێرشەکانی ئەنفالدا ئەنجامیدا، هەر بەتەنها یەک هێرشو نەئەنجامەکانی لەتەنها یەک ماوەو کاتدا نەبووە. واتە هەر بەتەنها یەک وچانی تاوانی کوشتنی کۆمەڵێکو لەیەک شوێنی دیاریکراودا نەبووە. بۆیە بەپێی ڕەوشی دەستیاریێتی یاسای سزایی، ئەو ڕەوشە بەسەر تاوانکاردا دەسەپێت کە لەکاتی ڕوودانی تاواندا کاری پێکراوە. ئەوجا بۆ دیاریکردنی کاتی ڕوودانی تاوانکاری دەبێت خودی ئەوکاتە بەرچاو بگیرێت کە تاوانەکان تێیدا ڕوویداوە، نەک کاتی کۆتاییو گەیشتن بە ئەنجام.

سووکو ئاسانی سەپاندنی دەسەڵات لەوەدایە کە تاوان لە ئەنجامی یەک کردار بووبێت. واتە تاوان لە ئەنجامی یەک کردار بووبێتو بەکۆتایی ئەو تەواو بووبێت. واتە کردەوەیەکی تاوانی گەیشتبێتە ئەنجام، وەک ئەوەی

یەک فیشەک بە تاوانلێکراوێکەوە نرابێت. بەڵام ئەوبارە قورستردەبێت ئەگەر درێژە بەپرۆسەکە درابێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی کوشتن، یان تاوانی کۆکوژی بێوچانی ڕۆژانە تادەگاتە ئەو ئاستەی لەیاسادا پێی دەگوترێت (تاوانی ڕەڕەوەیی).

ساڵی 1987 دەزگا تایبەتەکانی سەددامی دیکتاتۆر کەوتنە ئەنجامدانی ئەو بڕیارانەی دەیانویست گەلی کوردی پێ بێهێز بکەن لە دەستدانە چەکو دژایەتی کردن بەڕژێم، بۆیە فرمان دەرچوو بۆ نووسینگەی کاروباری باکوور لەپارتی بەعسی هەڵوەشاو بۆ تا هێرشیان بکەنە سەر، بەپشتگیری تەواوی هێزی ئاسمانی پاڵپشت بۆ هێزەکانی سپاو هێزی گاردی کۆماریو بەڕێوەبەرایەتی زانیارگری لەشکرو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لەگەڵ یارمەتی هێزی تایبەتی پێکهاتوو لەجاشی کوردو هێزە ناکاوییەکانو کۆهێزەکانی بەرگری نیشتیمانیو لیژنەی پێشوازیکەر لەوکەسانەی دەگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی میری، گەروەها لیژنەکانی تری ئاسایشو لیژنەی بەرەنگاری چالاکییەکانی مێملی، بە هاوکاری لیژنەی بەدواچوون بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەی ناونرا (پاکسازی لادێ) گوایە بۆ قلاچۆکردنی پێشمەرگە چەکدارەکانی کوردو خاوخێزانو لایەنگرانی ئەوانان. ئەوەبوو کەوتنە نەخشەکێشان بۆ چۆنێتی خۆئامادەکردنو دیاریکردنی پێداویستییو تەرخانکردنی توانای ماکیو مەتریالی. ئەوجا فرمانی ڕەوشییان بۆ دارشتو بنکەی پشتگیرییان بۆ دامەزران. تا بەپێی فرمانی ژمارە 160ی ڕۆژی 29ی مارسی 1987 گشت جۆرە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاو سەبارەت بەوهەرێمە بەخشرا بە عەلی حەسەن ئەلمەجیدی ناسراو بەعەلی شیمیاییو سەرپشک کرا بۆ دەسەڵاتی ڕەها، واتە پێویستی نەکردووە پرس بە هیچلایەک بکات. بووجەی تایبەت بۆ عەلی





حەسەن ئەلمەجید دیاریکرا تا بتوانێت گشت خەرجی چالاکییەکانی ئەنفال دابینکات بێ گەڕانەوە بۆ شالیارگەی دارایی یان گەنجینەو دەزگا کۆنترۆڵییەکانی وڵات.

خودی دیکتاتۆر وشەی (الأنفال)ی کرد بە ناو بۆ ئەوهێرشانەی ویستی ئەو ئارەزوەی لەناو مێشکو ویژدانیدا قەتیسماوبوو پێ بخاتەگەڕ بۆ قەڵاچۆکردنی کۆمەڵێک مرۆڤی بێچەکی ئەوتۆ، نەتوانای بەرەنگاری ڕژێمیان هەبووە نە ڕاگرتنی هێزە چەکدارەکەی، نە هیچیان پێدەکرا بۆ گۆڕینی ئەو چارەنووسەی چاوەڕوانی دەکردن، چونکە ئەوان کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتو بەزەیی ڕژێمو هێزو تواناکەی. بەپێی ئەو پێوەرە دەتوانین بڵێین تاوانباران ئەو تاوانانەیان لەبەر چەندهۆیەکی چەپەڵ هەلی ئەوەیان قۆستووەتەوە کە تاوانلێکراوانی کەسانی بێتوانان، واتە قوربانیی بێ هێزو دەسەڵات بوونو ملکەچ لەبن دەسەڵاتی ئەوهێزە پڕچەکەی ڕژێم کە بەو دەڤەرەدا بڵاوبوونەوە بۆ ئەنجامدانی فرمان. ئەوەدەڤەرەی بڕیاردرا ببێتە هەرێمێکی ئۆپەراسیۆنی لەشکریو فرمانی نائاسایی سەپێنرا بەسەر دانیشتووانیدا.

تاوانکاران هەرچی لەتواناییاندا بوو بەکاردەهێناوە تا بتوانن بەو تراژیدیایە زۆرترین زیان بگەیێنن بەمەزنترین چینی کۆمەڵی کوردی.

ئەگەر ئەو هۆیەی بۆ سەددام ببوو بەهاندەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەوشێوەیە تۆڵە بسەنێتەوە لە کەسوکاری پێشمەرگەو ئەوانەی یاخی بوون لە ڕژێمی دیکتاتۆر. بەهانە ئەوە چیبوو کە ئازووقەو کۆمەکو یارمەتی بڕێ تەنانەت لەمنداڵی ساواو پیرو ژنانی دەرکەوت هیچ پەیوەندییان بە جەنگاوەرانەوە نەبووە.

ئەگەرچی لەقورئاندا هاتووە دەڵێت **((ئەوەی دێتە سەرڕێ بۆخۆی دێتە سەرڕێ # ئەوەیشی ڕێبزرکات ڕێی بەرەودۆزەخ دەبێت # باری هیچ باربوویەک ناچێتە سەر باری کەسیتر # ئەشکەنجەدەر نین کە پێغەمبەرێکتان بۆ ڕەوانە دەکەین))**[15]، بەڵام سەددامی دیکتاتۆر لە ئاستێکدا نەبوو لەو دەقانەی قورئان بگات کە لە کوشتخانەو گرووخانە مرۆڤانەکانیدا بەکاری دەهێنا.

ئەنفال یەکێکە لەسوورەتەکانی قورئانی پیرۆز، دیکتاتۆر دەیویست بە مەردوم ڕاگەیێنێت کە خودا فرمانی داوە بەو بڕیار بۆ کوشتنی ئەوانە دەرکات. هەروەک خودای مەزن فرمانی داوەتێ دەست بگرێت بەسەر کاڵاو بووەکانیاندا. واتە بەپێی فرمانێکی خوداوەندی ئەو بێتاوانانە لەژیان دەسڕێتەوە.

**((بەناوی خودای خاوەن بەزەیی‌و بەخشندە # ئەنفالت لێدەپرسن بڵێ ئەنفال بۆخوداو پێغەمبەرە خواپەرستبن ئاشتی نێوانتان ڕاگرن‌و کە خاوەنباوەڕن ملکەچی خوداو پێغەمبەربن)).**

شیکەرەوانی ئەو سوورەتەی وشەی ئەنفالی تێدا هاتووە لە خودی واتای ئەو وشەیەی ئەنفال هاوبیر نین کە خودا لەوشوێنەدا ناوی دێنێت. هەندێکیان دەڵێن: تالآنی دەگەیێنێت، هەیشە دەڵێن: واتاکە بەمجۆرەیە: **هاوڵەکانت سەبارەت بەو تاڵانییانەت لێ دەپرسن ئەی موحەممەد ئەو دەسکەوتانەی ڕۆژی بەدر خۆت‌و هاوڵانت گرتووتانە بۆکێ دەبێت، بڵێ بۆ خودایەو پێغەمبەر.**

---

[15] ـ ((مَّنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدي لِنَفْسِهِ* وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا* وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى* وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً)) وەرگێڕ





عوبادە ئیبن سامید دەڵێت: پێغەمبەر درودی خودای لەسەربێت، دەرچوو بۆ بەدرو ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە؛ کە خودا ئەوانی بەزان تاخمێک لەموسوڵمانان دوویان کەوتن‌و کوشتنیان‌،و تاخمێک مانەوە بۆ پاراستنی پێغەمبەر درووی خودای لێبێت. ئەو تاخمەی دەستیان گرت بەسەر ئۆردوگاو تاڵانییەکاندا؛ دوژمنانیان ڕاونا تا ئەوئاستەی خۆدا بەزاندنی، کاتێ گەڕانەوە گوتیان: تالآنییەکان بۆ ئێمە دەبێت چونکە ئێمە دوژمنمان ڕاونا، خودا بەئێمە بەزاندنی. بەڵام ئەوانەی بۆ چاودێری لە پێغەمبەری خودا "درووی خودای لێبێت" مابوونەوە گوتیان: لەوەدا ئێوە لەئێمە مافدارتر نین، ئەوە بەشی ئێمەیە. ئێمە پارێزگاری پێغەمبەرمان دەکرد درووی خودای لێبێت، تا دوژمن لەناکاو هێرشی نەکەنە سەر. پاشان ئە تاخمەی لەشکرەکەیان بەزاند، دەستیانگرت بەسەر تاڵانییەکانداو گوتیان: مافداریی ئێوە وەک ئێمە نییە. ئێمە کۆکەرەوەو دەستبەسەرداگری ئەوانەین. ئەوجا خودای خاوەن شکۆ ئەو ئایەتەی داگرت کە دەڵێت:" **ئەنفالت لێدەپرسن بڵێ ئەنفال بۆخوداو پێغەمبەرە خوداپەرستبن ئاشتی نێوانتان ڕاگرن‌و کە خاوەنباوەڕن ملکەچبن بۆ خوداو پێغەمبەر**".

ڕۆژ لەدوای ڕۆژو لەگشتلایەوە سەرباز هێرشی دەکردە سەر گوندەکان‌و بەزۆر دانیشتووانی سڤیلیان لێ ڕادەگوێزان. بە فرمانی بەگێرهێنانی ناپاسایی لە قەڵای چۆڵکراوی کۆن‌و دوور،و لەسەربازگەو ئۆردوگای تەلبەنکراودا گیریان دەکردن. هەروەک زۆریان لەبەندیخانەی فەرمی‌و بنکەکانی تیمی بەرگری میللی دوور لەشوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەنددەکران،و کاڵاکانیان داگیردەکردن.

لەتوێی هێڵە سەرەتاییەکانی پێش چالاکییەکانی ئەنفال، عەلی شیمیایی کە بەرپرسی گشتی لەشکربوو، فرمانی دەرکرد بۆ بەکارهێنانی چەکی

شیمیایی قەدەغەکراو. ئەوجا بە بۆردومانی دۆڵی بالیسانو شێخوەسانانو باشووری ڕەواندز دەستپێکرا بەجۆرێک بۆمب کە سەری شیمیایی هەڵگرتووە. لەوەدا سەرتیپو سەرلەشکرەکان هەرگیز دوودڵییان نەکردووە لە ئەنجامدانی فرمانەکەی عەلی شیمیایی بۆ بەکارهێنانی گازی شیمیایی، کە کارەکەیان بووەتە هۆی مەرگەساتی مرۆڤانەیی‌و کوشتنی کەسانی سڤیل کە زۆریان بە گازی شیمیایی مردن. 500 کەس لەوانەی بەگازی شیمیایی مردن گەیێنرابوونە نەخۆشخانە، بەڵام پزیشکو پیاوانی دەزگای ئاسایش ناسناوی (ئەوکەسانەی لەهەولێردا کوژران)یان لێنابوون. هەروەها 300 لەش بەفرمانی دەزگای ئاسایش گەیێنراونەتە نەخۆشخانە بەلەشی هەریەک لەوانەوە شوێنی چەندین گوللە هەبوو. تێیاندا هەبوو چاویان بە پارچەیەک پەڕۆ بەسترابوو. هەرچی کاژمێرو پێناسەو شتومەکی تایبەت هەبوو لە تەرمکان داماڵرابوو، بۆیە لەباتی ناو نمرە خراوەتە سەر تەرمەکانیان.

لەقۆناغی پاکتاوییەکەی بەهاری ساڵی 1987دا هێزەکانی پیادە بە هاوکاری بلدۆزەر 711 گوندی کوردییان تەختکرد. لەوانە 219 گوند لەدەڤەری هەولێر، 122 لە تەختاییەکانی سنووری گەرمیانو 320 گوند لە دەڤەری سلێمانی. لەدەڤەری بێهدینانیشدا 50 گوندی دهۆک بوو.

لە 10ی ئەپریلی 1987یشدا عەلی شیمیایی بەپێی بڕیاری سەددام فرمانی دەرکرد بۆ ژیانبڕین لە خزمانی پلەی یەکو پلەی دووی کەسوکاری چەکدارانی کورد. لەبەر ڕۆشنایی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان ژمارە 106309ی نهێنیو کەسێتی کە لە 1ی مایی 1987دا دەرچوو لەمەڕ لەناوبردنی کەسوکاری پێشمەرگە، دەستکرا بە کوشتنی دەیەها هەزار کەسی بێتاوان هەر لەبەر ئەوەی کوڕ بوونو پیاوکانیان لەگەڵ پێشمەرگە بوو.





هەروەها علی شیمیایی فرمانێکی تری دەرکرد بەوەی پێویستە ئەو بریندارانە بکوژرێن کە دژایەتی بەڕژێمی سەددامیان لێ دەردەکەوێت. ئەو فرمانە دەسبەجێ کەوتە گەڕ.

گوندەکانیان گەمارۆدا تا ڕێگە بگرن لە چوونو دەرچوونی ئازووقە. هەروەها ڕێگەی هاتوچۆی پیادەو تراکتۆرو ئۆتۆمبیلیشیان لێگرتن، ئەوجا گشت دانیشتووانی دەڤەرەکەیان ڕاگوێزا، گوایە لەبەر باری ئاسایشی. هەروەها نەخشەیان کێشا بۆ دەستنیشانکردنی ئەو دەڤەرانەی کوشتو بڕین گرتنیەوە، بەوە کۆمەڵان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی یەکە سپاییەکانو بڕیاری هستیریی ئەوان.

لەنێوان 23ی فێبریوەریو 19 مارسی 1988 قۆناغی 24 ڕۆژەی ئەنفالی یەک، دەڤەری سەرگەڵوو بەرگەڵووی گرتەوە،و لەهەر خولەکێکدا یەک تاوان دەکرا. لێرەدا ناوهێنانی ژمارە بەپێویست نازانین چونکە بەوە چەواشەدەبین کە ژمارەی ئەوان تێکەڵ دەبێت بە ژمارەی گوللەی ئەو مووشەکهاوێژانەی سپا دەیگرتە دانیشتووانی سڤیلی گوندەکان،و لێشاوی ئەو گوللە تۆپانەی فڕۆکەو دەسترێژەکانی چەکی ڕیزو مووشەکهاوێژ دەیپرژان بەسەریاندا. هەردەم هەلیکۆپتەریشیان بەسەرەوە بوو.

لەنێوان 22ی مارسو 1ی ئەپریلی 1988 هێرشی شیمیایی بەرفراوان دەڤەری قەرەداخی گرتەوە. لەکاتێکدا ڕژێم زۆربەی ناوچەکانی ناوەندی ئەو شارۆچکەیەی چۆڵکردو دانیشتوانی لەکۆمەڵگە زۆرەملێکانی نەسرو زەڕایەن کۆکردەوە سەرباز دەستیانگرت بەسەر شاردا، لە ئەنجامی بۆردومانی شیمیایی زۆر لە جوتیاران بە هەڵمژینی ئەوگازە شیمیاییە مردن کە بۆنی سێوی لێدەهات، بەسەریشیانەوە مووشەکهاوێژ هەر ڕیزی کردووە.

بۆردومان لەوێوە درێژەی بووە تا گوندی دوکان. تەنانەت مریشکو ئاژەڵی ماڵیو کێویش بێبەش نەبوون لە پارچە تۆپو مووشەکی وێڵ.

دانیشتووانی سقیل لەترسی بۆردومان ئەو دەڤەرەیان جێدەهێشتو هەریەک لە ئەندامانی خێزان هەندەی توانیویەتی کاڵای لەگەڵخۆ هەڵگرتووە. هێزی چەکدار پێشیان لێگرتنو لەبنکەکانی زانیارگریدا کۆیان کردوونەتەوە، پاشان لەیەکیان دابڕیون. گەنجەکانیان دەڕانی بەرەو ڕێگەی نەهات کە تائێستایش نازانرێت لەکوێیەو تەرمیان نەدۆزراوەتەوە، ئەوانەیشی باوەڕیان بەبڕیاری لێخۆشبوونی ڕژێم کرد، کە بۆیان بوو بە تەڵە، خۆیان بەدەستەوەداوەو کەوتنە بەر لێکۆڵینەوە. کێشەمان لەژمارەی گێراواندا نییە بەڵکو کێشە لەچارەنووسی ئەواندایە کە هیچ پاکانەیەک نییە بۆ ئەو هەڵوێستەی هێزەکانی ڕژێمی سەددام کە بەگوللە کوشتوونیو تەرمەکانی لەگۆڕگەلێکدا شاردووەتەوە تا ئەمڕۆ نازانرێت لەکوێن.

دەستپێکی ئەنفال بەهێرشی یەکە سەربازییەکان بوو بۆسەر گوندەکانی دەڤەری گەرمیان لە 7 تا 20ی ئەپریلی 1988. پاش تێکدانی 120 گوندو سووتاندنیان، سەدەها پیاو گیرانو لەیەک بنکەی دیاریکراودا کۆکرانەوە. ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتووی ئەو گوندانە سەرنوگوم کران، بەتایبەتی گوندەکانی (زەنگنە) کە ڕژێم لەو کوشتنو وێرانکارییانەدا ئازاری زۆری پێ گەیاندن، چونکە هەر پیاوێکیان لەو دەڤەرەدا گرتبێت لەناوبراوە.

هاوکات لەگەڵ چالاکی تاوانکارییە دەستنەپارێزەکاندا کە بێگومان بەمەبەستی قڕکردن، بۆ بێدەنگو لەسەرخۆ لەناوبردنی تەواوی گەلی کورد بوو، بە هێرسێ یەکلەدواییەکی نەخشە بۆ کێشراو، بەهۆی هێزێکی جەنگسازی پڕچەکو هێزەوە، لەژێر بەهانەی ئەو ئەنفالەی سەددامی دیکتاتۆر بەوشێوەیە لێکیدابووەوە گشت بووەو داراییان تاڵانکردن.





کەسانی زۆر لەوانەی خۆیان بەدەستەوەدا بەپێی ئەو بڕیاری لێخۆشبوونەی ڕژێم دەریدەکردو بەناو کۆمەڵدا ڕوونو بڵاودەکرایەوە، لە ئۆردوگادا کۆکرانەوە، چونکە بانگەوازەکان تەڵەبوون بۆ بەئاسانی سەربڕینی ئەوکەسانەی خۆیان بەدەستەوەدا، بڕیاری درۆبوو بۆ لەخشتە بردنی کۆمەڵ. جا وەرە بڕوانە دژواری مەرگەسات لەچی ئاستێکدایە کە ڕژێم هاووڵاتیی زەبوون لەخشتە بەرێت، یان ئەو دۆشداماوانە چۆن باوەڕیان بەو بارە دەکرد بەخاوخێزانەوە دەچوونە بەر ئەو تەڵەیەی ڕژێم. بێگومان ئەو داوانە بەگوێرەی بۆچوونو پێوەری ڕێژەیی دەزگاکانی زانیارگریو ئاسایش نراوەتەوە بۆ کوشتنی گشتیەکێک لەوانەی دەستیان چەکی گرتووە. بەوبابەتی کوشتارە زۆر ژنیشی بەرکەوت، تەنانەت دووگیانەکانو ئەوانەیش گرتەوە کە بەچکەیان لەئامێزدابوو یان تێیاندا هەبوو تازە منداڵیان ببوو.

لەماوەی 3 تا 8ی مایس 1988دا لەدۆڵی زابی خواروو ئەنفالی بە بۆردومانی شیمیایی دەڤەرەکە دەستپێکرد. تیمەکانی دەزگای زانیارگری کەوتنە گرتنی گەنجو لاوای تەمەن 15 تا 20 ساڵی هەڵهاتوو لەو بۆردومانە شیمیاییەو مێینەکانیان لێ دابڕین. ئەوەی کوژرا تەرمەکانیان شوێنەون کرا. ئەوەی مایەی ئاماژەیە، تەرمی ژمارەی زۆر لەژنانی تەمەن جیاوازی ئەو دەڤەرە نادیارن.

شاخەکانی شەقڵاوەیش بێبەش نەبوون لە ئەنفال کە 15ی مای تا 26ی ئۆگوستی 1988 گرتنیەوەو هێزەکانی سپایان بەسەردا کشا. دانیشتووی زۆر لەوگوندانەیان ڕاپێچ کرد کە هێرشی شیمیاییان لەسەربوو. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی بەگازی شیمیایی مردنو لەو ئەنجامەیشدا ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ کوژران. بەشێک لە دانیشتوانی سقیلی گوندی گوڵان

خۆیانداوە بەدەستەوە، بەگوێرەی ڕاپۆرت، زۆر لەوانەی پێش ئەوان خۆیان بەدەستەوەدابوو تائێستایش سەرنوگومن.

دواقۆناغی ئەنفال لە دەڤەری بێهدینان 25ی ئۆگوست تا 6ی سێپتەمبەری 1988 بوو. لەو هێرشانەی 14 تا 16 تیپی سپا کە بەشداربووانی دەگەیشتە 12 هەزار سەربازو یەک بەتالیۆنی شیمیایی لەگەڵ یەکەکانی هێزی ئاسمانیو جاش، دەسپێک بە بۆرومانی خەست بووە، پاشان بۆمبارانی شیمیاییو هێرشی هێزی چەکدار بەو دەڤەرەدا بڵاوبوونەوەو کەوتوونەتە پشکنینی دێهات بێ دەستپاراستنو هیچ هۆیەک ماڵ بەماڵ دەیانپشکنیو بەدڕترین شیوازەکانی ئەنفال کوشتاریان تێدا دەکرد، هەروەها تاخمەکانی سەرباز بینراون چۆن پۆلی گەنجانیان بە چاوبەستراوی پێشخۆیان دەداو بێ دادگاو لێکۆڵینەوە بە دەسرێژی گوللە دیانکوشتنو لەچاڵیان دەنان، یان بە لۆری سەربازیی (جۆری ئیڤا) دەیانگواستنەوە بۆ شوێنی کۆکردنەوەو گۆڕەپانەکانی کوشتن. لەئەنجامی گازی شیمیاییو برسیکردنو کەوتنە بەر زەبری ناهەمواری کەشو دۆخو بێدەرمانی، زۆر لەو سڤیلانە مردن. فرمانیان دابوو بە کوشتنی گشت ئەوچەکدارە کوردانەی خۆیان داوە بەدەستەوە، ئەگەرچی دەبوو بڕیارەکانی لێبوردن بیانگرێتەوە.

ئەوە بێ لە ژمارەکانی لەوهەرێمەدا بەبڕیاری فرماندەی بەتالیۆنو تیپەکانو دەزگاکانی زانیارگری سپا قڕدەکران. لەولاوە ژمارەی تریان دەنارد بۆ بنکە ئاسایشییەکان تا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن، بەڵام دژواری بار لەوەدایە کە نەزانین ئەوانە بەپێی کام ڕەوش دەدران بەئاسایشو هۆی ڕاستەقینە چییە. بێگومان ئەو ژمارەیەیش کرابوون بە دوو بەشەوە. یەکهەم پیاوانی دەستگیرکراویان ناردووە بۆ بەندیخانەی سەلمان لە بیابانو ئۆردوگاکانی سپای میللیی تکریت، ژنەکانیش بۆ بەندیخانەی ژنان لە





موسڵو بەندیخانەی تەلبەنکراو لەشوێنانی تر، بەڵام چارەنووسی ئەو ژمارەیەی مابوونەوە نادیارە، جونکە ناویان لە لیستی ئاسایشی ئەو هەرێمەدا تۆمار نەکراوە.

گومان لەوەدا نییە کە ڕژێم بڕیاری لێبوردنی گشتی دەردەکرد. بەڵام لەڕاستیدا دەبێت لێبوردن بەیاسایەکی کارا بژمێردرێتو ئەو ڕژێمەی بڕیاریدەریەتی پێویستە پێش گشتکەس خۆی ڕێزی لێبگرێت. بەڵام لێرەدا کارەکە زۆر نامۆ دەنوێنێت کە ڕژێم پەنا بەریتە بەر فێڵو تەڵەکە تا میللەتی خۆی پێ گیرۆدە بکاتو یاسا بکاتە ئامراز بۆ قڕکردنیان. لە درێژایی مێژووی کۆنو نوێیشدا ڕووینەداوە ڕژێمێک میللەتی خۆیی لەخشتەبەرێت. بڕیاری لێبوردنیان بۆ دەرکات پاشان بە مەبەستی دەستگیرکردنو سەربڕین لێی پەشیمانبێتەوە. کارەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە خۆیان یاساکانی عیراقیان پێ پێشێلدەکرد، ئەویش بەهۆی چەوت بەکارهێنانی دەسەڵات، یان ئەو هەلی پلەوپایەیەی سەددام بەهۆی هێزە چەکدارەکەیەوە بەکار دەهێنا بۆ تاوانەکانی کۆمەڵکوژی.

تاوانی کۆکوژی ڕۆڵەکانی گەلی کورد برتیبوون لەوەی لە کوشتخانەکانی ئەنفالدا سفیلو چەکداری ئەو گەلە وەکیەک دەکوژران. زەبرو زیانی زۆریش گەیشت بەگیانی زۆربەیان، چەکی شیمیایی لەسەر ئاستی جیهان قەدەغەکراو دژ بەوان بەکارهاتو بەدەستی ئەنقەست دەخرانە ژێر بارودۆخی زۆر دژوار تا گشتیان بەتەواوەتی لەناوبەرن، یان هەرنەبێت بەشێک لەوان.

ژمارەیەک مرۆڤی زۆر بەندکرانو ڕاگوێزرانو بەزەبر دوور لە شوێنەکانی خۆیان نێشتەجێ کران. سەرباری ئەوانەیش ئازادییان لی زەوت کراوە بە پێچەوانەی بنەمای ڕەوشە یاساییەکانی نێونەتەوەیی، بێبەش کراون

لە تەنانەت کەمترین مافەکانی مرۆڤو تووشی مەرگەساتو بەدکاری جۆراوجۆری نامرۆڤانە بوون لەو گرتووخانانەی هیچۆرە مافی مرۆڤیان تێدا نەبوو، تێیاندا پیاوەتی لەمرۆڤ دادەماڵرا. لەولایشەوە گوندو باخەکانیان تەخت دەکرا. ڕوانییە پێناسەی کەسایەتی هەر لەسەرپێ بوو. گەر گومان لەهەچکەس بکرایە پەیوەندیی بووە بە چەکدارانەوە، پیاوانی ڕژیم ڕاپێچو بزری دەکردن بەجۆرێک کەس چارەنووسیان نەزانێت.

هێرشەکانی ئەنفال بەوجۆرە درێژەی بوو بۆ گیانکێشانی سڤیلی کورد تا مانگی جوونی 1989. لەوماوەیەدا دیکتاتۆر زۆر تاوانی تری ئەنجامدا بە پاڵپشتو فرمانی ڕاستەوخۆی فرماندەی گشتی لەشکر عەلی حەسەن ئەلمەجید، ئامرازەکانی ئەنجامدەری وەک کۆهێزەکانی گاردی کۆماریو دەزگاکانی زانیارگریو دەزگا پشتگیرییەکانی تر بۆ کوشتنی سەدەها هەزار سڤیلی بێتاوان، کە تێیدا چەکی لەسەرئاستی جیهانی قەدەغەکراو بەکار دەهات، وەک چەکی شیمیاییو گازی ژەهراوی. هەروەها کوشتنو لەسێدارەدانی چەکدارانی کورد کە زۆریان بێدادگاو لێکۆڵینەوە بوو. هەروەک بێدادانە دەستیانگرت بەسەر گشت کاڵاو بوەی دانیشتووانی ئەوگوندانەی چالاکییەکانی ئەنفال گرتنیەوە. باخیان تەخت دەکردو خانووەکانیان وێران دەکردو گشت ئاژەڵی کێوی ئەو دەڤەرانەیان کوشت، دانیشتووانی سڤیلیان گرتو ڕاگوێزرانەوە بۆ گرتنگەو بنکەو قەڵای دیاریکراو. زۆریان لەهاووڵاتییان کردووە پێناسەی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕنو خۆ بکەن بە عەرەب.

سەرئەنجام زانیارییەکان دەریانخست کە ژمارەی کوژراوو سەرنەگەم کراوان گەیشتە 182.000 کەس،و وێران بوونی 4.000 گوندی کوردی بەشی زۆر لەوان لەگەڵ زەوی تەختکراو ئەو بەشەی شوێنەواری مابوو،





کەڵکی ژیانیان لێ بڕابوو، وا پاش وێنە گرتنیان بۆئەوەی بکرێتە بەبەڵگە، چاک کراونەتەوەو بوونەتەوە بە شوێنی ژیان.

دەبینین ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی تایبەت بە ڕێگرتن لەتاوانەکانی کۆکوژی (جینۆساید)و سزاکانی کە بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە 2670 لە 9ی دیسەمبەری 1948و لە 12ی جەنیوەری 1951دا کەوتە بەکارهێنان، پاش پەسەندکردنی گشت لایەنەکان کە عیراق یەکێک بوو لەوان. ئەو ئامرازی دادە بۆ دادگایی کردنی ئەو کردارانەی دەبنە هۆی تاوان. چونکە تاوانی کۆکوژی بەوجۆرە تاوانە دەژمێردرێت کە بەئارەزوو کرابێت لەدۆخێکی مەتریالیدا بۆ لەناوبردنی گشت یان بەشێک لە کۆمەڵی نێشتیمانی، ڕەگەزی، ڕەچەڵەکی یان ئاینی، ئەگەرچی لەکاتی ئاشتیدا ڕوویدات یان کاتی جەنگ، هەر بەتاوانی نێونەتەوەیی دەژمێردرێت. ئەوجۆرە تاوانە ڕەوڕەوەییانەی ناونران (کوشتاری ئەنفال) کوتوومت لەوانەن کە بەندەکانی ئەو بڕیارە نێونەتەوەییە لێیدەدوێت. بەپێی پێوەری یاسای نێونەتەوەییو گرێبەندیی ڕێکەوتننامەکانی هەروەها بەپێی یاسای نیشتمانی، ئەوجۆرە تاوانانە بە تاوانی ڕامیاری ناژمێردرێن. دەکرێت دووی تاوانبارانی هەڵهاتوو بکەون تەنانەت بۆ دەرەوەی عیراق کە پێویستە بەپێی ئەو دەقە خواستی عیراق بهێنرێتە دی بۆ وەدەستدانەوەی تاوانباران تا بەپێی یاسای عیراقیو ڕێکەوتننامەکانی نێونەتەوەیی لەدادگا تایبەتەکانی دەوڵەتی عیراقدا بەپێی دەقی بەندی 6 لەبڕیاری ناوبراو دادگایی بکرێن لەسەر تاوانێک لە ئەقاری ئەوداو لەسەر خاکی ئەو ڕوویدابێت، تا لەچوارچێوەی دەسەڵاتی یاسادا دەستدارێتی شوێنەواری بچەسپێت. خۆ ئەگەر پرۆسەکە بەوجۆرە سەرنەگرێت ئەوا دەکرێت کێشەکە ڕووبەڕووی دادگایەکی سزایی نێونەتەوەیی تایبەت بەو

لایەنانە بکرێتەوە کە پرۆتۆکۆلیان لەگەڵ مۆرکردووەو باوەڕیان بە دەسەڵاتی بەخشیوە.

دەرچوونی یاسا لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدادایە،و گرنگی سنووردارکردنی دەستدارێتی یاسای سزایی لەمەڕ کات، لەتوێی بنەمای بەرەودوا کارنەکردنی یاساو چوارچێوەی دەستدارێتی ئەم ڕەوشەی یاسای سزاییدا دەردەکەوێت. بەڵام لەمەڕ ئەوتاوانە ڕەورەوەییانەی لەڕابوردوودا ڕوویانداوە بێ چەندوچۆن دەکەونە بەر دەسەڵاتی یاسای نوێ. خوەتاوانیشی هەر بەهەمان چەشن دەبێت، بۆیە دەقی بەندی (4) لەیاسای سزادان بەمجۆرەی دەسەپێنێت:

(( دەسەڵاتی ئەم یاسا نوێیە ئەو تاوانکارییانە دەگرێتەوە کە پێش کارابوونی ڕوویانداوە، وەک تاوانەکانی ڕەورەوەییو درێژەتاوان. یانیش تاوانە نەرێتییەکانی لەشێوەی تۆڵەدا ئەنجام دەدرێن. لەیاسای نوێدا ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەو ڕەوشانەدا هاتووە کە تایبەتن بە فرەتاوان یا دووپاتبوونەوەی تاوان،و دەستدارێتی دەبێت بەسەر گشت ئەوجۆرە تاوانانەی تاوانکار لەئاستی دووپاتکردنەوە یان چەندپاتکردنەوەیدا بووە، ئەگەرچی پێش کارابوونیشی ڕوویدابێت)).

هەروەک لەتوێی دەقی ڕەوشە گشتییەکانی یاسای سزایی بەشی پێنجەهەم لە یاسای داگا سزاییەکانی عیراقیدا هاتووە:

بەندی 17

یەک ـ ئەگەر دەقێکی یاسایی لەتوێی ئەم یاسایەو ئەو ڕەوشانەی لەسەر ڕۆشنایی ئەم دەرچوون نەبینرا، ئەوا پشت دەبەسترێت بە ڕەوشە گشتییەکانی یاسای سزایی تاوانبارکردنی ئەو تاوانبارانەی ئەم دەقانەی یاسایانە دەیانگرێتەوە:





ئا ـ بۆ ماوەی نێوان 17/ 7/ 1968 تا 14/ 12/ 1969 یاسای سزایی بەغدادی بۆ ساڵی 1919.

ب ـ بۆ ماوەی نێوان 15/ 12/ 1969 تا 1/ 5/ 2003 یاسای سزایی (111) بۆ ساڵی 1969 کە تاساڵی 1985 یش کارابوو (چاپی دوو).

ج ـ یاسای سزایی سپا ژمارە (13) بۆ ساڵی 1940و ڕەوشی دادگایی سپا ژمارە (44) بۆ ساڵی 1941.

دوو ـ بۆ شیکردنەوەی بەندەکانی (11)و (12)و (13)ی ئەم یاسایە، دادگاو دەستەی پێداچوونەوە دەکارن پشت ببەستن بە ڕەوشەکانی دادگای نێونەتەوەیی.

سێ ـ ڕەوشەکانی یاسایی سزایی کارا دەمێنن تا ئەوئاستەی دژنەبن بە ڕەوشی ئەم یاسایەو پاپەندێتی بە یاسا نێونەتەوەییەکانی لەمەڕ ئەو تاوانانەی دەسپێردرێن بەدادگا بۆ سەپاندنی ڕەوشی تایبەت بە خۆشبوون لە بەرپرسیارێتی سزایی.

چوار ـ ئەو تاوانانەی ناویان لەدەقی بەندەکانی (11)و (12)و (13)و (14)ی ئەم یاسایەدا دێن بەر ڕەوشی کۆنێتی خوازخەر ناکەون بۆ داخوزیی سزاییو سزاکانیان.

لەپاش ئەو بڕیارە، بڕیارێکیتر دەرکرا بە ژمارەی 2391 لە 26 نۆڤەمبەری 1968، لە 11ی نۆڤەمبەری 1970یشدا کەوتە کار، تێیدا ڕێکەوتن لەمەر بەسەرنەچوونی تاوانی دژەمرۆڤو تاوانەکانی جەنگو تاوانی کۆکوژی، گوێنەدەنە کاتی ڕوودان، واتە ئەو تاوانانە هەرچەندە کۆن بووبن هەر بەسەر ناچن.

هەروەها کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە 3074ی ڕۆژی 3ی جەنیەوری 1973 وڵاتان پابەند دەکات بە بۆیەک گێڕانەوەی تاوانبارانی ئەوجۆرە تاوانکارییەو وڵاتان کاتی کۆکردنەوی زانیاری ببنە پشتگیرو هاوکار بۆ یەک‌و هەرگیز نەبنە دالّدە بۆ کەسێک هۆی ڕاستەقینە هەبێت بۆ گۆمان لێکردن لەوەی ئەنجامدەری ئەوجۆرە تاوانە بوون. بویە نابێت هیچ جۆرە پارێزبەندیی یاسایی بۆ ئەو تاوانکارانە دابین بکرێت، وەک وەرگرتنی لەشێوەی پەنابەری ڕامیاری. یان ئەوەی بۆ بکەن بە بەهانە کە گوایە هەندێک لەوان ئەو پێناسەیەی خۆیان گۆڕیوە کە کاتی ئەنجامدانی تاوان یان کاتی بەشداربوون لە پرۆسەی تاواندا بوویانە.

لەسەر ئەو کوشتخانە مرۆڤییە دیاردەو بەڵگەو دیکۆمێتی زۆر کۆبوونەوە ڕاستی ڕوودانی تاوانەکان دەسەلمێنن‌و لەکاتی لێکۆڵینەوەیشدا گشت لێپرسراوێتییە سەرەتاییەکان کەوتنە ڕوو، هەروەک شوێنی بەشێکیش لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی تەرمی قوربانییانی تێدابوو لای دەستەی لێکۆڵینەوە ئاشکرا بوون‌و دەستنیشان کران‌و تەرمەکان ناسرانەتەوە.

ئەوەی بەردەست کەوتن بۆ پرۆسەی لێکۆڵینەوە بریتیبوون لە کاسێتی دەنگ‌و وێنەو بڕیارەکانی خودی سەددام‌و ئاگاداری نوسراوەیی، دەمی‌و تەلەفۆنییەکانی لەمەڕ درێژەدان بە پرۆسەی ئەنفال‌و سپاردنی لێپرسراوێتی ڕاستەوخۆ بە تاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجید. هەروەها دانپێدانانی ڕوون‌و ئاشکرای ژمارەیەک لە خودی تاوانباران کە دەزگای لێکۆڵینەوە باوەڕی بەخشی بەوانەی لەلای هەندێک تاوانبارو دیدەرو زیانلێکەوتووان‌و دادیارانی مافی کەسایەتییەوە ئاشکرا بوو. ئەوەی باوەڕ بە ڕاستبوونی بەڵگەنامەکان بتەو دەکات خودی نوسراوو نامە فەرمییە دۆزراوەکانە کە لەنێوان دەزگاکانی ئسایش‌و زانیارگری‌و سپاو پارتی هەڵوەشاودا ئاڵوگۆڕ کراون.





هەروەها ڕاپۆرتی پزیشکانی دادیارو پزیشکی تیمەکانی مافی مرۆڤ پارێزو تیمەکانی تری توێژەرو ئەوەی بینەرەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان داویانە، هەروەها ئەوانەی لێکۆڵینەوەی دادوەریی کاتی دادگاییکردن دەریدەخات.

پێکهاتەی دادگای تاوانەکانی بەلای عیراقی بەپێی خودی دەستووری عیراقی بووە،و دەستدارێتیی تایبەتکرا تەنها بە ڕوانینە تاوانکارییەکانی کۆکوژی‌و تاوانەکانی دژەمرۆڤ‌و تاوانی جەنگ‌و پێشێلکاری یاساکانی عیراقی. میکانیزمی کارە یاساییەکانیش سنووردارکرا بە پەیڕەکردنی دەقە یاساییەکانی ڕەوشی دادگای سزایی، پێکهێنانی دەستەی هەڵسەنگێنەر بۆ پێداچوونەوەی بڕیارەکانی دادگاو ئەو سزایانەی دەیسەپێنێت. هەروەها دەستنیشانکردنی ڕوشی کارو کۆشش بۆ وەدەستهێنانی بەڵگەنامەی تایبەت بەو دادگایەو بڵاوکرنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی ڕۆژی 18ی نۆڤەمبەری 2005 پابەندبوونی ئەو دادگایە دەردەخات بە دەقی بنەماکانی یاسای ڕۆژو دەیانخاتە ڕیزی دادگا ڕەوشی‌و سزاییەکانی عیراق‌و دەستیار دەبێت لە ڕوانینە جۆرێکی تایبەت‌و سنوورداری تاوان‌و زەمینەی کاری ئەو دادگایە بەگوێرەی یاساو ڕەوشە یاساییە گشتییەکان. ئەگەر دەقێکی یاساییان لەم یاسایەدا بەدینەکرێت ئەوا پێویستە بگەڕێنەوە بۆ دەستدارێتی ئەو یاسای سزایی بەغدادییەی ماوەی پێش دەستبەکاربوونی یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969 کارابوو. هەروەها یاسای سزایی سپا ژمارە 13 بۆساڵی 1941. بۆ توێژینەوەی بارێک لەڕەوشەکانی یاسا دەتوانن پشت بە دەستدارێتی یاسا سزاییە نێونەتەوەییەکان ببەستن.

سەبارەت بەو تاوانکارییە ڕەوڕەوەییانەی دەبوو بەپێی یاسا دابەشکرێن بۆ چەندین پرۆسە، ڕەوشی 32ی تایبەت بە فرەتاوان لە بنەمای کارڕایێکی‌و کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بە دادگای سزایی عیراقی باڵا، دادگا پابەند

دەکات بەوەی ئەگەر سزای فرەتاوان بسەپێنن بەسەر یەکێک لە تاوانباراندا پێویستە بگەڕێنەوە بۆ بەندی 132 لەڕەوشی یاسا سزاییەکانی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971 کە ڕێدەدات تاوانکاری بە پتر لەیەک تاوانی نێو یەک پرۆسە ئاراستەی دادگا بکەن، بەومەرجەی سزای ئەو تاوانکارییانەی تاونباری لەسەر دەدرێت بە دادگا بەپێی یەک بەندو یەک یاسابن.

ئەوەی پەیڕەییان کردووە بەگوێرەی دەستیاری یاسای سزاییو بەپێی شوێنەوارە. بەشێوەیەکی گشتی لە یاسای سزاییدا خودی شوێنەوار دەستیارییەکە دیاردەکات. چونکە تاوانکارییەکان لەناو عیراقدا ڕوویانداوە، کە ئەوە زەمینە خۆشکەرە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی دادگا بەپێی یاسای سزایی کە پوختەو گونجاوە لەگەڵ ڕەوشەکە. واتە ئەو ڕەوشەی بە هاوئاهەنگی داڕێژراوە، چونکە ئەو کردەوانەی بوونەتە هۆی تاوان ئەگەرچی تەنها یەک تاوانکاری بووبێت یان زۆر، گرنگ ئەوەیە لەسەر خاکەو هەرێمی ئەو دەوڵەتە ڕوویداوە.

لەیاسای سزاییدا دەکێت، دەقەکانی بەندی 11ی ئەو یاسایە بەسەر کەسانێکدا ناسەپێت کە خاوەن جۆرێک لەو پارێزبەندییانەبن ڕێکەوتننامە نێونەتەوەییەکانو یاسای نێونەتەوەیی یانیش نیشتیمانی بڕیاری لەسەرداون. ئەوە بەدەرکردنێکە سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاو،و ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیش دەگرێتەوە لەسەر گشتجۆرە دربڕینو پێشنیارەکانی کاتی کارکردنیان. بەڵام یاسای نێونەتەوەییو ڕێکەوتننامە نێونەتەوەییەکان دەستیارێتی یاسای سزایی لەمەڕ تاوانەکانی کۆکوژی ڕەوا دەکات بۆ سەپاندنی بەسەر گشت یەکێک لەوان بێ جیاوازی باری فەرمی، چی سەرکردە بووبێت یان کارمەندی فەرمی. وەک بەهیچ جۆرێک لێپرسراوێتیو پلەی فەرمی تاوانی سزایی لانابات، ناکرێت ببێتە





هۆیش بۆ سووککردنی سزا. هەروەها ئەو تاوانکارییانە کە ترسئانگیزو هەڕەشەئامێزن بۆسەر مرۆڤایەتی نە بەسەرچوونی کات دەیسرێتەوە نە بەر ڕەوشی بەسەرچوویی خوازخەر دەکەوێت.

بەپێی ئەوبنەمایە، لەداڕشتنی دەقی (برگەی 3 لەبەندی 15)ی یاسای دادگای سزایی عراقی، باری پیشە فەرمییەکەی تاوانبار نەکراوە بەهۆ بۆ دەربازبوون لە سزا، یانیش سووککردنی، ئەگەرچی تاوانبارەکە سەرۆکی دەوڵەت یا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، یانیش سەرەک شالیاران یان ئەندامی ئەنجومەنەکەی بووبێت یان ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بەعس. ئەوان بۆیان نییە ئەوە بکەن بە بەهانە بۆ دەربازبوون لەو کارانەی بوونەتە هۆ بۆ تاوانی کۆکوژی، تاوانەکانی دژەمرۆڤ، تاوانی جەنگو تاوانی پێشێلکردنی یاسا عیراقییەکان.

ئەوەی شایانی وەبیرهێنانەوەیە، یاسای سزایی نێونەتەوەیی لە دەقی بەندی ژمارە 27ی ڕەوشی بنەڕەتیدا پابەند بووە بەو بنەمایە. دادگای سزای نێونەتەوەیی ناکەوێتە بری دادگای نیشتیمانی، چونکە ئەو تەواوکەری دەسەڵاتە بۆ دادگای سزایی نیشتمانی تا ئەوئاستەی دادگای نیشتیمانی تواناو ئارەزووی هەبێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی دادخوازییەکان بەپێی پابەندێتی یاسای نێونەتەوەیی. وەک ئەوەی دادگای سزای عیراقی پابەند بوو بە ناوەڕۆکی دەقی بەندی (17 ـ یەک) لە یاساکانی دادگا.

بەوپێیەی لەسەرەوە لێیدواین، پاش تەواوبوونی کارەکانی دەزگای لێکۆڵینەوە لەمەڕ پرۆسەی ئەنفال (کۆکوژیی ئەنفال) و دڵنیابوونی دادوەری لێکۆڵینەوە بەوەی دیاردەو بەڵگەی تەواو وەدەست هاتووە بۆ ڕەوانەکردنی تاوانبار سەددامو عەلی حەسەن ئەلمەجیدو تاوانبارانی تر بۆ دادگای سزایی عراقی تایبەت،بڕیار دەدات بە ڕەوانەکردنی دۆسێکەیان بۆئەوەی دادگایی

بکرێن بەپێی دەقی بڕگەی چوار لە بەندی 18ی یاسای دادگایی پشتئەستوور بە بڕگەی (ب) لە بەندی 130ی یاسای ڕەوشی دادگا سزاییەکان.

لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادو پرسو وڵام لەگەڵ تاوانباران ئەو بەڵگانە هاتنەدەست کە ڕاستی ڕوودانی کردەوەی تاوانباران دەسەلمێننو لەگەڵ پڕئارەزووبوونی ئەوان لە ئەنجامدانی پرۆسەی کۆکوژیو تاوانە چەپەڵەکانی دژەمرۆڤ کە بەدەستی ئەنقەست کەوتوونەتە کوشتنی بێدادگایی، بەندکردنی نایاسایی، ڕاگوێزان بەشیوازی نارەوشی، دوورخستنەوە، لێکدابڕینو ئەشکەنجە. واتە ئەوجۆرە تاوانکارییانەی گشتی بەشێوەیەکی سیستێماتیکی بوونو لەشوێنی جیاجیاو بەنیازی پێشکاتو نەخشەبۆکێشراو ئەنجامدراون. خودی عەلی حەسەن ئەلمەجید لەبەردەم دادگادا دانی بەوەداناو لەکاتی وتوویژی دادگایی لەسەر ئەو بەڵگانە چەندین جار دووپاتیکردەوە کە ئەو لێپرسراوەو گەر هەلی تری بۆ هەڵکەوێت لەوجۆرە کردەوانە بەولاوە هیچ جۆرە هەڵوێستی تری نابێتو هەر ئەوانە دەکاتەوە کە ئێستا لەسەریان دادگایی دەکرێت. دیارە مەبەستی گشت کردەوەکانی بۆ تەواو قەلاچۆکردنی گەلی کوردستان بووە بەو شێوازەی لە بەڵگەنامەکانەدا هەن کە دادیاری گشتی خستنیە ڕوو.

نوسراوەی فەرمیو بروسکەو نامەی باوەڕپێکراوی زۆر نیشاندران گشیان مایەی پشتپێبەستنن چونکە مەرجی یاسایی ئەوتۆیان تێدایە پێویستن بۆ سەلماندنی خودی بەڵگەنامەو ناوەڕۆکیانو ڕاستی دەرچوونیان. هیچیەک لەتاوانبارو بریکارەکانیان بەناڕاست ناوزەدیان نەکردن، بۆیە کرانە بەڵگە لەسەر تاوانباران، هەرکەس بەگوێرەی کردەوەی نایاسایی خۆی، ئەگەرچی بەکردار بوبێت یان هەر بەشداربوون لەو کوشتخانە مرۆییەدا.





ئەو دیکۆمێنتانەی لەدادگا بەئامادەبوونی تاوانباران نیشاندران بریتیبوون لە بروسکەو فرمانو نووسراوەی فەرمی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان دەزگاو لایەنە فەرمییەکان، ڕادەی پەیوەستی تاوانباران دەردەخەن بەو کردەوانەی بوونەتە هۆی تاوانبارکردنو بەکێشکردنیان بۆ دادگا. ڕووی دیاردەکان بەرەوئەوە دەچن کە کردەوەکان هاودەق بن لەگەڵ ئەو تاوانانەی پێی تاوانبار کراون.

کاتی نیشاندانی بەڵگە زیندووەکان تاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجید ڕوونو ئاشکرا دانی نا بە لێپرسراوەتی خۆی لەو تاوانو کردەوە نامرۆڤانانەیەی پاکانەی بۆ دەکردنو دەیبەستنەوە بە بارودۆخو ڕووداوی ڕۆژ، بەڵام لەڕووی یاساوە پێویستە دادگا دەسەڵاتی ڕەهای بەکارهێنێت بۆ لێکدانەوەی ئەو دانپێدانانەی تاوانبارو چۆنێتی پەسەندکردنی، بەتایبەتی ئەگەر بەڵگەنامەی تر هەبن بۆ سەلماندنی ڕاستی ڕووداوەکان (بەندی 217 لەیاسای ڕەوشی دادگا سزاییەکانی عیراقی).

بریکاری تاوانبار فەرحان ئەلجبووری پێشنیاری کرد بۆئەوەی دادگا دیکۆمێنتێکی فەرمی بدرێنێت چونکە مێژووی بەسەرەوە نییە، ئەگرچی پەیوەندی بە بریدارەکەیەوە هەیەو واژووی ئەوی لەسەرە کە ئەوە لەخۆیدا باوەڕێکە دادگا پەسەندی دەکاتو کاتی بڕیار بۆ تاوان سەپاندن دەبێتە مایەی پێقایلبوون، چونکە دادگا بەگشت ئەوجۆرە بەڵگەنامانە قایل دەبێت کە پەیوەستبن بە پرۆسەکەو سوود بە سەلماندنی دەگەێنن بەوپێیەی بڕگەی سێ لەبەندی 59ی ڕەوشی کاروکۆشش دیاریکردوون بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بەدادگا سزاییەکانی باڵای عیراقی.

ئەو ئامۆژگارییەی دادیاری گشتی دەربڕی بۆ بریکاری تاوانباران کە واز لە بانگەشەی ڕامیاری بهێننو لەباتی ڕووبکەنە بەرگری لە بریخەرانیان کە باری تاوانیان قورسە، بۆ ڕاگرێتنی بەڵانس بوو لەنێوان تاوانو سزاکانی. ئەوە

لەکاری دادگاییدا بە وتەیەکی دڵسۆزانە دەژمێردرێت لەدەمی یاساناسێکەوە دەربچێت، واتە پەیڕەوکارێکی ڕاستو دروستە.

هەرچەن دانیشتنەکانی دادگا درێژخایان بکرێت هەندە لەو بەڵگانامانەی بەردەم کۆدەبنەوە کە بەرگرەکان نە ڕەخنەی دژیان نیشانداوە نە بەرپەرچیان دانەو. تاوانبارەکان تاڕادەیەک دەستخەڕۆبوون لە پەیداکردنی دیدەری داکۆک یان پەیداکردنی ناونیشانی هەندێک لەوان، کە ئەوە بەرپرسیارییەکە دەکەوێتە ئەستۆی خودی تاوانبارو پارێزەرەکانیان. بۆیە ڕێڕەوی ئەو پرۆسە گرنگە رووی لەوبارە کرد کە سوور ڕاستی ڕوودانی کردەوەی ئەو تاوانبارانە بگەیێنێت. بەتایبەتی لەو ئاستەدا کە دادگا نەتەنها گوێبیستی دیدەرانی بوو بەڵکو بەشێوەیەکی بەرفراوان گوێیان ڕادێرا بۆ ئەو پسپۆرانەیش کە لەبواری زانستیو لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی شارەزای کارەکەن. هەریەک لەوان ڕاپۆرتو بۆچوونی زانستی پسپۆرانەی خۆی لەسەر ئەو کارو فرمانانە داوە کە پێیان ڕاسپێردرا.

پرسی کۆکردنەوەی بەڵگە لە پرۆسەیەکی وەک تاوانکارییەکانی ئەنفال پرسێکی یەکجار گرنگە ئەویش لەڕێگەی ڕوونکردنەوەی ڕووداوو دەستنیشانکردنی لێپرسراوێتی سزایی بۆ گشتیەک لە تاوانباران. ئەو بەڵگانەی بۆ دادگا ئاشکرابوون، هۆن بۆ دەرخستنی ڕۆڵی هەریەک لە تاوانباران، بێ ڕوانینە کەم یان زۆر ژمارەی قوربانییان. هەروەک لەکاتی پرۆسەی سەلماندندا بەڵگەی تر دەردەکەون خودی کارە تاوانئامێزەکانو ئەو بەڵگانە بسەلمێنن کە تائێستا لەکاتی پرۆسەی لێکۆڵینەوەو دادگاییدا ڕوونبوونەتەوەو دادگا دەتوانێت کاتی سەپاندنی بڕیارەکانی تاوانبارکردنو سزا پشتیان پێ ببەستێتو وەک هۆکار بەکاریان بهێنێتەوە. دادگا دەتوانێت هەر بەهۆی ئەوانەوە دڵنیابێت لە دەربڕینی دوابڕیارەکانی بۆ ئەو پرۆسەیە.





بڕیارەکانی دادگا بەوپێیەو پەنا بە دڵنیایی بتەوی خۆیو لەسەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامانەی هاتوونەتە بەردەست کە بریتین لەو دیکۆمێنتو نووسراوە فەرمییانەی کردەوەی تاوانبارانی تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها لەئەنجامی دانپێدانانی هەندێک لەخۆیانو دیدەروانیی دیدەرو سکاڵاکارانو بەرچاوگرتنی ڕاپۆرتەکانی لێکۆڵەرو توێژەران، ئەو ڕاپۆرتە زانستیو هونەرییانەی لایەنی پسپۆرو باوەڕپێکراوان. هەروەها دڵنیابوونی خودی دادگا لەو دیاردەو بەڵگانەی لەپرۆسەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاییدا دەرکەوتن.

داداگا هەلی بۆ چەندکەس لەتاوانبارو بریکارانیان ڕەخسان تادیدەری داکۆک ئامادەکەن، بەڵام سەرەڕای تەواوبوونی کاتی ڕەخساو، دادگا لەبەر وەدیهێنانای داد سەرلەنوێ هەلی بۆ نوێکردنەوە کە پاش گوێگرتن لە دیدەرانی داکۆک، گوێ بگرنەوە لەو تاوانبارو بریکارانە کە بەرپەرچی تاوانی ئاراستەکراویان دەدەنەوە. دادگا گشت ئەو گفتارە تۆماکراوانە لەبەرچاو گرت کە لەکاتی دانیشتنەکانیدا نووسراونەتەوە.

پاشان دادگا هەنگاوی هەڵهێنا بۆ قۆناغی ڕوانینە ئەو بەڵگانەی لەلایان کۆبووەتەوە لەسەر پرۆسەکەو ڕۆڵی هەریەک لە تاوانبارانو پەیوەندی ئەوان بە تاوانکارییەکانەوە، چونکە بڕوای دادگا بەگوێرەی دڵنیایی دەبێت لەو بەڵگانەی لەبەردەستایە.

لەڕاستیدا، کوچکەکانی تاوان پێکدێن لە کوچکەی مەتریالی، کوچکەی ماکیو کوچکەی ڕەوشێنی. ئەوبارەی لەم پرۆسەیەدا کۆچکە مەتریالیی هێنابێتە دی خودی ئەو هەڵوێستە تاوانئامێزەیە کە لەپرۆسەی ئەنفالدا لەشێوەی دەبڵتاواندا ئەنجامدراوە دژ بە کۆمەڵێکی گەورەی مرۆڤ. ئەو هەڵوێستە تاوانئامێزەیش قەوارەی لەو بڕیارە فەرمییانەدا گرتووە کە پڕمەبەست داویانە بۆ قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵەو ئەنجامدانی تاوانەکانی

کوشتن. هەرچی چالاکی مەتریالیی دەرەکیی تاوانیشە، لەو کوشتنانەدا دەردەکەون کە بێدادگاو لێکۆڵینەوە بوون. هەروەها تیرۆرکردنو ڕەخسانی هۆ بۆمردن، ڕاگوێزان، بەندکردن، برسی کردنو قڕکردن بەچەکی قەدەغەکراو، سەرەڕای گشت ئەوانەیش وێرانکردنی ماڵو سوتاندنی ڕەزو باخو کوشتنی ئاژەڵەکانیان. بەپێی ئەو ئەنجامانەی خراونەتە بەردەست دادگا دەرکەوت ئەنجامی نەرێنی زیانبەخشیان لێکەوتووەتەوە، هەروەک پەیوەندیی نەرێنی پەیدابووە لەنێوان کارو ئەنجامەکانی. هەروەک کوچکەی ماکیی تاوان زایدەی هەستی ئەهریمەنییە، توند، پڕهەستو خواست، ویستو ئامادەیی بوونو سووربوونە لەسەر ئەنجامدانی تاوان. ئەوجا کوچکی ڕەوشێنی تاوان خودی ڕەوشی نابەجێ پەیدادەکات لەگەڵ بوونی دەق بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تاوانکاریدا.

ئەوەی بەشداری تاوانکارییەکانی پرۆسەی ئەنفال ئاشکرا بکات خودی ئەو هاوکارییە هەمیشەییەیە کە هەبوو لەنێوان هەندێک سەرکردەی سپاییو دەزگای زانیارگریو خودی دیکتاتۆرو هەندێک لەسەرانی پارتی بەعس کە هاوبەش بوون لەمەڕ ئەنجامدانی زۆر لە ئۆپەراسیۆنەکان. واتە ژمارەیەک تاوانکار یەکیانگرت بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی دیاری دژ بە کۆمەڵێکی گەورەی مرۆڤ لەیەک پرۆسەی پڕئارەزو قڕکردندا کوژرانو بوونە قوربانی،. ئەویش بەهۆی کۆمەڵێک کرداری مەتریالیو هەڵوێستی تاوانکارییانەی جۆراوجۆر. بۆیە ئەو کۆمەڵە کەسە بە ئەنجامدەر، نەخشەکێش، فرماندەرو هاوکاری ڕاستەقینەی تاوان دەژمێردرێن. چونکە هەڵوێستی هەریەک لەوان هۆکاربووە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەو تاوانکارییانە، لەگەڵ ڕۆڵی کەم یان زۆر مەترسیداری هەریەک لەوان لەو پرۆسەیەدا. هاوبەشبوونی لێپرسراوێتیی ئەوان لەوەدایە کە لەپێناو وەدیهێنانی ئارەزووە تاوانئامێزەکانی





سەددام حوسێنو عەلی حەسەن ئەلمەجید پێکەوە بەشداربوون لە پیادەکردنی تاوان دژ بە سڤیلی بێدەسەڵات.

یاسای سزایی، لەبەشی تایبەت بە هاوبەشبوونی تاواندا دەقی جوداکەرەوەی داناوە بۆ دیاریکردنی تاوانکارو هاوکارەکەی. بەندی 47 کەسێک بە تاونکار دادەنێت ئەگەر بە تەنیا کارێکی تاوانی ئەنجامدابێت یان بە هاوکاری لەگەڵ بەشداربووی تر لەتاوانێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک کردار تێیدا یەکێک لە کردارەکانی ئەو بەدەستی ئەنقەست ئەنجام درابێت، یان کەسێکی بەهەر شێوەیەک هانی ئەوی دابێت بۆ کارێک تاوانی لێبکەوێتەوە، ئەگەرچی ئەوکەسە لەبەر هەرهۆیەک، لەڕووی سزاییەوە کەمترین لێپرسراوەتیشی نەکەوێتە ئەستۆ.

بەندی 48یش ئەوکەسانە بەهاوبەشی تاوانکار دادەنێت کە بەهاندانی کەسێکی تر بووبێتە هۆ بۆ ڕوودانی تاوان. یان ڕێکەوتن لەگەڵ یەکێک بۆ تاوانکارییەک لەئەنجامی ئەو ڕێکەوتنە ڕوویدابێت. یان ئەگەر کەسێک چەک یان کەرەستە یا هەرشتێکی تر بدات بە کەسانی تر ئەویش تاوانی پێ ئەنجامدابێت، ئەگەرچی ئەو تاوانکارییە ڕاستەوخۆو بە مەبەست گەیشتێتە ئەنجام یان بەهەر شێوەیەکی تری ئامادەکاری، یانیش ئاسانکاری کردبێت بۆ ئەنجامدان. بەپێی بەندی 49 گشت هاوبەشێک بەتاوانکار دادەنرێت، ئەگەر کاتی ڕوودانی تاوان یان هەرجۆرە کردارێکی ئەو بووبێتە هۆی تاوان یان لەو شوێنەدا بووبێت، بەتاوانکار دەژمێدرێت. بۆیە هەچ تاوانکارێک لەشوێنی ڕوودانی تاواندا ببینرێت، بە تاوانکاری بنەڕەتو هاوبەش دەژمێدرێت.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە بەندی 50 لەیاسای سزای عیراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969 سەبارەت بەمانەی خوارەوە دەڵێت:

1. هەرچکەس بە کردار یان وەک هاوبەش دەستی لەئەنجامدانی تاوانێکدا بووبێت، سزایەکی دیاری بەسەردا دەسەپێت ئەگەر لە یاسادا خاڵی پێچەوانەی بەوە نەبێت.
2. سزای یاسایی بەسەر هاوبەشدا دەسەپێت ئەگەرچی سزا بەسەر تاوانکاری سەرەکیشدا نەسەپێت لەبەر نەبوونی مەبەست لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە، یان لەبەر هەرهۆیەکی تری تایبەت بەخۆی.

هەروەها یاسای سزای عیراق جیاوازی داناوە لەنێوان هاوبەشی سەرەکی‌و هاوبەشی پاشەڵ، واتە نێوان ئەوکەسەی لەتاواندا ڕۆڵی سەرکی بینیوەو ئەوەی ڕۆڵێ یاریدەری هەبووە، یان دووهەم کەسی بووە. گرنگی‌و جیوازی نێوان ئەو دووجۆر بەشداربوونە لەو بڕیارە سزاییەدا دەردەکەوێت کە دادگا دەیدات. هەروەک بۆ کاتی سەپاندنی دۆخی یاسایی قورس، دادگا لەڕۆڵی هەریەک لە تاوانبارانی دەکۆڵێیتەوە لەڕێی جۆری ئەنجامدانی تاوان،و چۆن‌و چی بووەتەهۆی ئەنجامەکان. بۆیە بەشداری سەرەکی (هاوبەش) بەر سزای یاسایی دەکەوێت، ئەگەر هەرخۆی ئەنجامیدابێت یان لەگەڵ کەسێکیتر، یانیش بەشدار بووبێت لە پرۆسەیەکی پێکهاتوو لەکۆمەڵێک تاوان. هەروەها دادگا بنەمای ڕێکەوتن بەرچاو دەگرێت‌و بڕیارەکە جێدێڵێت بۆ پێوەری خودی دادوەر، کە بێگومان ڕێکەوتنە لەنێوان دوو خوازیار یان پتردا بۆ ئەنجامدانی تاوانێک ڕواڵەتە مەتریالییەکەی هۆیە بۆ دەربڕینی ئارەزوو.

لێرەدا پێویستە دادگا بۆ بڕیاری سەپاندنی سزا ئاماژە بەو ڕێکەوتنە بدات کە بووەتە بنەما بۆ تاوان، هەروەک بۆ دادگا هەیە گشتجورە ڕێگای سەپاندن بگرێتە بەر، سەرئەنجام ئەگەر دەرکەوت تاوانەکە بە هاوکاری چەندین تاوانبار ئەنجامدراوە پێویستە سزا بسەپێنێت بەسەر گشت یەکێک





لەوانەی ئەنجامدەری کار بوون یان هەر هاوکار. تەنانەت ئەگەر ئاگای لە چەندوچۆنی ئەوکارە بووبێت یان نا.

ئەو سزایانەی دادگای سزاکانی باڵای عیراقی دەیسەپێنێت هەمان ئەو سزایانەن کە لە دەقی یاسای سزایی ژمارە 111ی ساڵی 1969دا هاتوون، جگە لەسزای بەندکردنی هەمیشەیی کە درێژایی ژیانی سزادراو دەگرێتەوە، بەوپێیەی بەندی 24/ یەکهەم لەیاسای دادگا ئاماژەی پێداوە.

بۆیە دادگا بۆ بڕیاری تاوانبارکردن‌و سزادان دووشتی گرنگی بەرچاو گرتووە، یەکهەمیان پەیڕەوکردنی باری یاسایی سووک یان قورسە. هۆیەکی سووکی تریشی خرایە پاڵ باری دادگایی، ئەویش گەوهەری ئەو هاوکارییەیە کە کەسی تاوانبار پێش یان پاش سەپاندنی سزا دەیکات لەگەڵ بەرپرسانی خوازیارێتی گشتی یان دادوەری لێکۆڵینەوە. ئەوەی بۆ دەبێتە باری سووک کەر. دووهەمیش دەسەلاتی بەندی 142ی یاسای سزاییە کە دەڵێت: ئەگەر ژمارەیەک تاوانکاری دەرئەنجامی کۆمەڵێک کرداری جیاواز بووبن بەجۆرێکی ئەوتۆ یەکانگیر بووبن هەرگیز جودابوونیان نەبێت‌و یەک ئامانج لەیەکی گرێدابن، پێویستە لەسەر هەر تاوانێک سزای بڕیاردراوی خۆی بەسەردا بسەپێت‌و لەکاتی بڕیاردا قورسترینی سزاکانی بۆ دیاری بکرێت لەگەڵ بەرچوگرتنی ئەو کارڕاپێکییانەی یاسا بڕیاریان دەدات یان سزای تری لەسەر تاوانی تر بەسەریدا سەپابێت.

ئەگەر سزای سەپاو بەسەر تاوانکارێکدا بەسووک زانرا بۆ دادگا هەیە لەسەر هەمان تاوان دادگایی بکاتەوەو قورسترین سزای بەسەردا بدات. ئەوسا بەپێی فرمانی دادگ،ا دواترین سزای بەسەردا دەسەپێت‌و سزای پێشوو هەڵدەوەشێتەوە.

ئەوەی دەبێتە بنەما بۆ هەڵوێستو کار لەمەڕ کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بەدادگای سزایی باڵای عیراقی، لەبەندی 65 دا هاتووە کە پێویستە دادگا لە بڕیارەکانیدا ئاماژە بەوە بدات، ئایا سزاکانی بەندکردن یەک لەدووی یەک دەسەپێنرێت یان بەسەریەکەوە.

دادگا ماف دەدات بەخوازیارانی مافی کەسایەتیو زیانلێکەوتووانی تاوانکاری بۆ ئەوەی ڕووبکەنە دادگا شارستانییەکان تا قەرەبوو بکرێنەوە سەبارەت بەو زیانانەی لێیان کەوتووە. بەڵام لێرەدا، لەبەر زۆری ژمارەی قوربانییان پێویستە لەوە بگەین کە ئەو پرۆسەیە دەبێتە ئەرکێکی قورس بەسەر دادگاو هەروەها خاوەن مافەکانیش، بۆیە بە دیاریکردنی لیژنەیەکی دادوەری تایبەت بۆ ڕوانینە کاری قەرەبووکردنەوەی کێشەکانی ئەنفال ئەرکو بار لەسەر دادگا سووکدەکاتو ڕێگەی داوەریشیان بۆ سووک دەبێت تا مافەکانیان پێ بێتەوە دەست، بەمەرجێک بڕیارەکانی لیژنە ملکەچبن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڵسەنگێنەر.

ئەوانەی لە دیدنامەی سکاڵاکارانو خوازیارانی مافی تایبەتیان ڕوانی ئەوەیان بەدی کرد کە دادگا هەر گوێ لەو ژمارەیە گرت پێیان وابوو بەسە، چونکە ژمارەی خوازیارانی مافی کەسایەتیو قوربانییانی ئەوپرۆسەیە پترن لە سەدەها هەزارو لەخۆیدا ئەرکی قورس دەخاتە سەر دادگا ئەگەر گوێ لەگشت ئەو ژمارە زۆرە بگرێت. بۆیە ئەنجومەنی خوازیاران پێشنیارێکی فەرمی بەرزکردەوە بۆ دادگا تێیدا دەڵێن لەبەر ئەوەی ژمارەی سکاڵاکاران کە گەیشتووەتە 1175 کە ئەویش یەکجار زۆرە با ئەو ژمارەیە بەسبێت کە گوێبیستی بوون. ئەوەبوو دادیاری گشتی فەرمووی؛ لەبەرئەوەی ژمارەی سکاڵاکاران لەسەر کێشەی ئەنفال لەڕادە بەدەرە، بۆیە بەچاکی دەزانم





قایلبین بە گفتاری ئەو نزیکەی حەفتا کەسەو بەپێی یاسا مافی گشت ئەوانیتر بپارێزێت.

دادیاری گشتی بەڕێز مونقیز تەکلیف ئەلفیرعەون زۆر پیاوانە ڕۆڵی خۆی بینیو فرمانە یاساییەکانی بەجێ گەیاند، هەروەها ڕۆڵی نیشتیمانپەروەریو مرۆڤانەیی ئەو لەگشت قۆناغەکانی دادگاییدا ئاشکراو بەڕاستی دەریخست کە نوێنەری ڕاستەقینەی مافی گشتییە.

لەبەرئەوەی تاوانکارییەکانی ئەنفال تاوانکاریی ڕەوڕەوەیین، ناکرێت تەنها بەیەک کێشەیان بژمێرین، یان بەیەک کاری تاوانی، چونکە تاوانکارییەکان هەندە زۆرن لەژمارە نایەنو ئەوجۆرە کارانەی ڕوویاندا دژن بە سووکترین بنەماکانی ڕەوشو یاساو ڕەوشتی مرۆڤانەییو پرۆتۆکۆلە نێونەتەوەییەکان. ئەنجام نارەوا دەبێت ئەگەر بەیەک تاوان بزانرێت، یان چاودێر واتێبگات کە تەنها دەرئەنجامی یەک جەنگو یەک ڕووداوە. لەبەرئەوە هەرگیز ئەو تاوانکارییانە ناخرێنە ناو تاکە یەک دۆسێی لێکۆڵینەوە، چونکە بریتین لەکێشەی جۆراوجۆرو باڵی جیاوازیان لێ دەبێتەوە. بنەمای 32 لەکۆی بنەماکان، کارڕاییێکیی گشت ئەو تاوانکارییانە لەیەک کێشەدا کۆدەکاتەوە چونکە سزاکانیان بەگوێرەی یەک بەندو یەک یاسا دەسەپێت. ئەو تاوانکارییانەی کێشەکە پێکدێنن لەقەوارەی ئەوجۆرە تاوانی دژەمرۆڤانەیەن کە دژ بەگەلی کوردستان کرا. لەو جۆرە تاوانی قەلاچۆکردنەن کە چووە خوێنی 182هەزار هاووڵاتی سڤیلو وێرانکردنی گوندو زەویوزاریانو قڕ خستە بەر ئاژەڵەکانیان. تێیدا گشت ئەوجۆرە چەکە قورسو سووکە لە ژەهراوی، کۆکوژ، بۆمبی هێشوییو ناپالم بەکارهات کە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی قەدەغەکراون، هەروەها خێزانەکانیان بەند دەکردوون بە مەبەستی قڕکردنی پڕنەخشەو بە بڕیاری هەندیک لەو تاوانبارانەی وا

لەبردەم دادگادان لەسەر ئەوکێشەیەی بەگوێرەی ئارەزووی دیکتاتۆر ناونرا ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال.

ئەگەرچی دەقی بەندی 132 لە یاسای ڕەوشی دادگای سزایی ژمارە 23ی ساڵی 1971 دەڵێت: ئەگەر ریزێک تاوان لەئەستۆی کەسێکدا بێت پێویستە بۆ کارڕاییێکیی ئەو ئاستانەی خوارەوەی بۆ بەرچاو بگیرێت وەک یەک دادخوازیی ناو یەک پرۆسە:

( أ ) 1 ـ ئەگەر تاوانەکان ئەنجامی یەک کرداربن.

2 ـ ئەگەر تاوانەکان ئەنجامی ریزێک کرداربن بەڵام یەک مەبەست بەیەکییەوەی گرێدابن.

3 ـ ئەگەر تاوانەکان یەکجۆر بووبن‌و بەدەستی هەمان یەک تاوانبار ئەنجامدرابن، ئەگەرچی لەکاتی جیاوازیشدا بووبێت.

4 ـ ئەگەر تاوانەکان یەکجۆر بووبن‌و لەماوەی هەمان ساڵدا دژ بە ژمارەیەکی زۆر قوربانی ئەنجامدرابن، بەومەرجەی ژمارەیان لەیەک دادخوازیدا لە سێ تاوانکاری تێنەپەڕێت.

(ب) ـ ئەو تاوانانە بەیەکجۆر دەژمێردرێن کە یەکجۆر سزا بیانگرێتەوە بەپێی یەک بەندو یەک یاسا، هەروەک بەپێی ئەو بەندەی سەرەوە لەتوێی یەک دادخوازیدا کارڕاییێکییان بەرانبەر دەکرێت ئەگەرچی چەند تاوانکار پێکەوە ئەنجامدەری یەک تاوان بووبن یان هاوکار.

دەقی بەندی 32ی ڕەوشی کارڕاییێکی بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بە دادگا سزاییەکانی عیراقی دەڵێت:





أ ـ ئەگەر تاوانی زۆر خراپە پاڵ یەک تاوانبار، پێویستە بەپێی بەندی 132 لەیاسای ڕەوشی دادگای سزایی ژمارە 23ی ساڵی 1971 کارڕاییێکیی لەگەڵ بکرێت.

ب ـ ئەگەر پتر لەیەک تاوان خرایە پاڵ تاوانبارێک، دەکرێت بەیەک کێشە بخرێتە بەردەم دادگای باڵای عیراقی. ئەوە ئەگەر سزای تاوانەکان بەگوێرەی یەک بەندو یەک یاسا بێت.

هەروەها ئەو بەڵگە نووسراوانەی نیشاندران بریتیبوون لە فرمان‌و ئامۆژداریی تاوانباری یەکهەم **(کە کارڕاییێکیی یاسایی لەسەر ڕاگیرا چونکە مرد بەهۆی جێبەجێکردنی بڕیاری سزایی لەسێدارەدان تا مەرگ**[16])و تاوانبارانی تر،و ئەو بڕیارە فەرمییانەی دەرچوون لەمەڕ چۆنێتی‌و شێوازی ئەنجامدانی تاوانەکان،و ئەو کاسێتی دەنگ‌و ڕەنگەی دادوەری گشتی بۆ سەلماندنی تاوانکارییەکان نیشانیدان، ڕاستی ڕوودانی ئەو تاوانکارییانە دەردەخەن.

گشت دیاردەو نیشانەی تاوانە قورسەکانی ئەو پرۆسەیە هەندە سەلمێنەرن دادگا ناچار دەکەن بیانکەن بە بەڵگەی پاڵپشت بۆ کاتی بڕیاری تاوانبارکردن، چونکە ئەو بەڵگەنامانەی نیشاندران‌و بەڵگەکانی تریش ڕاستی ئەوانەیان سەپاندووە. دیارە ئەوانە نموونەن بۆ سەدەها هەزار باری تری لەو

[16] تاوانباری یەکهەم سەددام حوسێن، سەرۆکی ڕژێمی لەناوچوو، لە 5/ 11/ 2006دا بڕیاری لەسێدارەدانی تا مەرگ دەرچوو لەلایەن دادگای سزایی عیراقی باڵا بە تاوانی کوشتنی 142 کەسی لە دانیشتوانی شیعەی شارۆچکەی دوجێل لە ساڵی 1982. لە 26/ 12/ 2006دا دەستەی پێداچوونەوە بڕیارەکەی دادگای سزایی عیرای باڵای پەسەند کرد. لە بەرەیانی 30/ 12/ 2006 دا لە بەغدا بڕیاری لەسێدارەدانی جێبەجێ کرا.ـ وەرگێڕ

ئۆپەراسیۆنانەی ئەنفال‌و کۆکوژییەکەدا ڕوویانداوە. بەوەیش دەژمێردرێن کە بارگەلێک بوون بۆ قڕکردنی گەلی کوردستان کە دیکتاتۆر وایدەزانی دەکارێت بەوشێوازە بەربەرییانە قەلاجۆیان بکات. لەڕاستیدا ئاشکرابوونی شێوازو چۆنێتی کوشتارو ئەو کەرەستانەی بەکاریان هێنا بۆ لەناوبردنی مرۆڤی سڤیل، ژن، منداڵ‌و پیر، بەو شێوەیەی ڕاپۆرتەکانی پزیشکی دادیاری‌و پسپۆرانی تر ئاشکرایان کردن، ئەوەیشی لەدیدەروانی هەندێک لە سکاڵاکاراندا هات، لەگەڵ دیاردەکانی تری بوونەتە پاڵپشت‌و ئەو کۆششەی دادگا کردی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی نیشانەکانی بوونەتە دینامیکییەت بۆ بارە ڕەوڕەوەییەکەی تاوان بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی دژ بە هاووڵاتییانی سڤیلی بێچەک‌و بێ تاوان. هەروەها قەوارەی ئەو تاوانکارییانەی ئەنجامدران‌و مەبەست لە پیادەکردنیان بەوپێیەی وردەکارییەکان ئاشکرای کردن.

پرۆسەکە بەوپێیەی سەرەوە ڕووی لەقۆناغی کۆتایی کردو لەگەڵخۆی گشت ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتە زۆرەی برد کە لەمەڕ کێشەکە نیشاندران. بۆ تاوانباران زۆر جۆر مافی دادگایی ڕەواو ئاشکراو پاقژ دابین کراو یەک بەیەکی تاوانباران ئاگادارکران لەو تاوانانەی خراوەتە پاڵیان‌و بۆیان هەبوو بەو دیکۆمێنت‌و بەڵگەنامانەیشدا بچنەوە کە بوونەتە کەرەستە بۆ تاوانبارکردنیان‌و ماوەی تەواویان پێدرا رستەی داکۆکی ئامادەکەن‌و لەگەڵ پارێزەرانیان تاوتەێی بکەن. هەروەک مافی ئەوەیان پێدرا پشتگیری یاسایی بخوازن تا لەبری بریکاری ئامادەنەبوو پارێزەری بریداری داکۆکییان لەسەر خەرجی دەوڵەت بۆ دابین بکرێت، هەروەها یارمەتی بدرێن بۆ ئامادەکردنی دیدەرانی داکۆک. مافی ئەوەیشیان پێدرا وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەنەوە کە بەدڵیان نەبووە، بێلەوەی بۆی ببێتە نیشانەی تاوان یا بێتاوانی. بەهیچ بارێکی





داکۆکی تاوانباران نەیانتوانی بێتاوان بوون‌و بەشدارنەکردنی خۆ بسەلمێنن تاوانکارییەکان. ئەوەی پاش گشت لێکۆڵینەوە یاساییەکان، دڵنیایی دادگا بسەپێنێت، ڕۆڵی خودی دادگاو ڕوانینە ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەیە کە بەسەلیقەیەکی یاسایی توانیویەتی ناشیرینترین سووچ لە گۆشە تاریکەکانی دیدی پێشێلکاری نامرۆڤانە ئاشکرا بکات، چی ئەوانەی بە گیانکێشانی مرۆڤی سڤیل بووە یان بە کوشتنی منداڵ‌و زیندەبەچاڵکردنی قوربانیی بریندار،و هەڵوێستی نامرۆڤانە لە کوشتن‌و ڕاگوێزان‌و وێران کردنی گوندو خانوبەرەو گرتن وەک بارمتە، یان هێرشی سیستێماتیکی لەشکری بۆ سەر دانیشتووانی سڤیل. یانیش هەڵوێستی ترسئانگیزی دژ بە یاساو دەستووری کاتی، بەدەستی ئەنقەست زیانی قورس گەیاندن بە هاووڵاتیی سڤیل‌و ئاوارەکردنیان، بەکارهێنانی گازی ژەهراوی‌و شیمیایی قڕکەرو جۆرەکانی تری گاز، کوشتن بەگوللەی تایبەتی وەک قاوغ ڕەق‌و کشەرو جورەها ئەشکەنجە، دەستدرێژی ناڕەوشتی، ئابڕوو بردن‌و سووکایەتی کردن بەمرۆڤ، پڕمەبەست برسیکردن‌و مرۆڤ لەژیان دابڕین لە ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنەی ناونرا ئەنفال کە چووە خوێنی نزیکەی 182 هەزار هاووڵاتی‌و جەستەی زۆرکەسی پێشێواو لەشیان زەدەدار بوو.

ئەوەیش شایانی سەرنجە، بۆ هیچیەک لە قوربانییان کەمترینی هەلی دادگایی نەڕەخساوبوو لەوەی بۆ ئەمانە دابینکرا. هەرهیچ کارڕاییێکیی شایستەو مرۆڤانەییشیان بەرانبەر نەکراوە، بەڵکوو پتر لەیەک جارو بێ گوێدانە هێچ ڕەوشێک، بەرفراوان‌و دڕندانە، گازی شیمیاییان دژ بەکارهێنان. خاڵێکی تری سەرنج ئەوەیە کە قوربانیان خاوەن هێچجۆرە مافێک نەبوون بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی وا ئێستا تاوانەکانیان بەسەردا دەسەپێت، ئەویش بەگوێرەی ئەو تاوانکارییانەی ڕووبەڕووی دادگای کردوونەتەوەو لەگشت

ڕوویەکەوە گونجاون لەگەڵ تاوانەکان. بەهیچ جۆرێک لادان نابینرێت تەنانەت بە ئاماژەیش لە دۆخی ئەو کێشەیە بەدەر کە لەکاتی خۆیدا گەڵاڵە کرابوو بۆ پیادەکردنی لایەنێک لەو تاوانە دژەمرۆڤانەیەی بەمەبەستی قەلاچۆکردنی کۆمەڵێکی گەورە لە گەلی کوردستان، بەتایبەتی لەنێو عیراقدا، بە بەکارهێنانی هێزێکی سپاییو ئەو چەکە لەشکرییەی جلّەوی بزواندنی بەدەست سەرکردەی هێزەکانەوە بوو بۆ وێرانکردنی دیهاتو تەختکردنی ڕەزو باخو تێکدانی سروشتو کوێرکردنی چاوگەکانی ئاوی پاک. هەروەها چەکی میکرۆباوییو شیمیایی ئەوتۆیان بەکارهێنا کە ڕەوشو یاسا بەکارهێنانی قەدەغە کردبوون تەنانەت لەگۆڕەپانی جەنگیشدا. بەڵام ئەوان کۆمەڵانی مرۆڤیان پێدەکوشتو ئاژەڵو کشت زیندەوەری تریان پێ قڕدەکرد. هەروەها فرمانیان دەرکرد بۆ تراژیدیای کۆمەڵکوژیو سەرنوگومکاردنیان لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی پێشکات ئامادە کرابوون بۆ هەمان ئەو مەبەستە. لێرەدا دیدەرو سکاڵاکاران بەوردی گێڕایانەوەو ئاماژەکانیان ئەوەی سەلمان کە بۆردومانی شیمیایی زۆر شوێنی دیاریکراوی کوردستانی گرتەوە،و بەرپرسیارێتیان گێڕایەوە بۆ هەندێک لەو تاوانبارانە. گفتارەکان بریتیبوون لەئاماژەی هەندێک لەوانەی بەچاوی خۆ ڕووداوەکانیان بینیوە،و ئەوانیتر خۆیان لەکێشەکەدا لایەنبوون. ئایا برینداری شیمیایی بووبن یان لەوانەی لەو کوشتارە دەربازبوون کە سەدان هەزار سڤیلی بەرکەوت، یانیش ئەوانەی بەبرینداری لەشوێنی ڕووداو کشەیان کردووە. یان هەندێک لەو ژمارە کەمەی پێش خۆڵ بەسەر بریندااران کردندا هەلی هەڵهاتنیان بۆ هەڵکەوتووە خۆ لەچاڵەکان بدزنەوە،و پەنا بەرن بۆ هەندێک دانیشتووی گوندەکانی نزیک بە گۆڕە بەکۆمەڵەکان کە بەهانایانەوە هاتوون. هەندێکیش لەوانەبوون کە ڕووداوی سووتاندنو زیان لێکەوتنە زۆرەکەی شارو شارۆچکەو لادێیان بەچاو بینیوە. ئەوەی دیدەروانییە گرنگەکان بسەلمێنن،





سەرەڕای ئەوەی دیدەرو سکاڵاکاران سوێندیان خوارد، خودی لەشساغیو مێشک بتەوییانە کە لەزمانی خۆیانەوە بیسترا. ئەوەی بوو بەهۆ بۆ ڕامالّینی گشتجۆرە گومان لەسەر گفتارە سوودبەخشەکان لەمەڕ ئەو پرۆسەیە، گونجانیان بوو لەگەڵ ڕاستی ڕووداوەکان، دیاردەی بتەوی ئەوتۆیان تێدابوو سووربوونی تاوانباران دەسەلمێنێت لەسەر ئەنجامدانی کردەوە کۆکوژییەکانی دژ بە قوربانییان بێگوێدانە تەمەنو توخم بەڵکو تاکە مەرج لەلایان ئەوبووە کە ئەوانە کوردن. بۆیە دیدەروانەکان بوونە یاریدەر بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووی ڕاستیی ڕووداوگەلێک ببنە بنەما بۆ لایەک لە تراژیدیای ئەنفال. هەروەک ئەوبارەی خستەڕوو کە تاوانەکان پڕ بەپێستی ئەو سزایانەن کە بەگوێرەی ڕێکەوتننامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە قەدەغەکردنی تاوانی کۆکوژی لە 9ی دیسەمبەری 1948دا بڕیاردرا،و عیراق لە 20ی جەنیوەری 1959دا موریکرد.

سەرئەنجام، هەرچۆنبێت ئەو ڕۆڵانەی لە کوردستاندا بوونە قوربانی بەگشتی چاویان بڕیوەتە مرۆڤایەتی، بێدەنگ بەسەرهاتی خۆیانیان بۆ نمایش دەکەن، ئەو تاوانکارییانە ئاشکرا دەکەن کە دەگوترێ بەهۆیەوە 182هەزار هاووڵاتی سڤیل کوژران تاکە تاوانیان ئەوەبوو کە بەڕەگەز کوردبوون. هەروەها هزری ئەوانە ئاشکرادەکەن کە بەئاسن دەسەلاتی خۆیان دەسەپاند بەسەر مرۆڤداو مافیان لێ قەدەغە دەکردن، نەتەنها لە ڕەوشو یاسا، بەڵکو تەنانەت لەمافی ژیانیش وەک مرۆڤ.

لەو کوشتخانەیەدا مندالی تازە لەدیکبووی هێشتا زمانی کوردی نەزانیان لەگەڵ ئەو پیرو پەککەوتانە بەسەر یەکدا هاڕیوە کە لە دواساتەکانی ژیاندا بوون. بۆیە پێویستە جیهان بەئاگابێت لەو قەیرانەی بەسەر کوردی عیراقدا هات. ئەگەرچی زۆرجار کورد تووشی قەیرانی جۆراوجۆر بووە. بەڵام

ئەمەیان کردەیەکی نائەمەکیو دڕندانەبوو لەلایەن ئەو ڕامیارانەی عیراقیان دەبرد بەڕێوە،و خۆیان وەک سەرکردە سەپاند بەسەر لەشکرداو گشت دەسەڵاتیان لەبن باڵی خۆدا گیردا تا بەکاریهێنن بۆ کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاشکرا بوو، هەروەها تێکدانی گوندە جوانو بەپیتەکانی کورد،و پیسکردنی کەشو با و دۆخو تێکدانی ژینگە، تەنها لەپێناو دامرکانی ئارەزووە شەڕئانگیزەکەی نێو ئەو هزرەی وا لەدادگادا دەردەکەوێت هیچ بەلای خووی مرۆڤی ئاساییدا ناچێت.

یاسای دادگای تاوانەکانی عیراقی تایبەت بە تاوانکاریی دژەمرۆڤی ژمارە 1 بۆساڵی 2003ی پوختەکراو بەیاسای ژمارە 10ی ساڵی 2005، واتە ئەو یاسایەی تاوانبارانی پێ دادوەری کرا، لەداڕشتنی پرۆفیسۆر موحەممەد شەریف بەسیونیی یاساناسە کە بەڕەگەز عەرەبی میسرەو بە پێناسە ئەمریکاییە، پێشتر لە دادگای تاوانەکانی نێونەتەوەییدا دادوەربووەو ئێستا مامۆستای یاسایە لەزانکۆی دیپۆڵ،و سەرۆکی پەیمانگای سزای نێونەتەوەیی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە. مامۆستا بەسیونی لەسەر خواستی ئەنجومەنی دەسەڵاتی پێشوو، بەهاوکاری چەند یاساناسو دادوەری عیراقی، یاسای دادگای سزایی نێونەتەوەیی کرد بەسەرچاوە بۆ داڕشتنی ئەو یاسایەی پێکهات لە 40 بەند، تێیدا کلێشەی ڕێکخستنی دەستنیشان کردووە بۆ ئەو دادگا تایبەتەو بەشەکانی تریو ئاستی زانستی دادوەران. لەنێو دەقەکانیشیدا ئاماژەیداوە بەو کردەوە تاوانئامێزانەی یاسا دادوەرییان دەکاتو شێوەی کارڕاییکیی سزایی تایبەت بە لێکۆڵینەوەو ڕەوشی ئاراستەکردن بۆ دادگا، تادەگاتە پرۆسەی دەرکردنی بڕیاری دادو بەرپەرچو پێداچوونەوە لەلایەن دەستەی پێداچوونەوە، بەپێی ئەو ڕەوشەی لەم یاسایەدا دیاریکراوە. هەروەها دایناوە سەرۆکی دەستەی توێژینەوە ببێتە باڵاترین سەرۆکی دادگای سزایی





باڵای عیراقیو سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتیو ئابووری بۆی (بەندی 3 برگەی چوار/ ئا). ئەگەر لەدەقێکی ئەم یاسایەو ڕەوشکانی لەسەر ڕۆشنایی ئەم دەرچوون کەلێن بینرا، پێویستە بگەڕێنەوە بۆ بنەما گشتییەکانی یاسا سزایی کە لەکاردان بۆ دادوەریو سەپاندنی سزا بەسەر تاوانباراندا، بەمپێیەی خوارەوە:

1 ـ بۆ ماوەی نێوان 17/ 7/ 1968 تا 14/ 12/ 1969، یاسای سزایی بەغدادی بۆ ساڵی 1919ی لەکارخراو.

2 ـ بۆ ماوەی نێوان 15/ 12/ 1969 تا 1/ 5/ 2003، یاسای سزایی عیراقی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969 بێ گوێدانە ئەو گۆڕانکارییانەی تێدا کراون.

3 ـ یاسای سزایی سپا ژمارە 13ی ساڵی 1940و ژمارە 44ی ساڵی 1941.

هۆی ئەوی پاڵی بە داڕێژەرەوە ناوە دادگا ناچارکات بۆ ئاوڕدانەوە لە ڕەوشی ئەو یاسا لەکارخراوە ئەوەیە کە تاوان هەن لەژێر سایەی ئەوانەدا ڕوویداوە، چونکە برگەی 2 لەبەندی یەکی یاسای سزایی عیراقی تایبەت بە دەستیارێتی دادگا بۆسەر ئەو تاوانکارییانەی کەسێکی عیراقی یان نیشتەجێبوو لەعیراق ئەنجامیدابێت، لە نێوان 17/ 7/ 1968 تا 1/ 5/ 2003 لەنێو سنوورو سەر خاکی کۆماری عیراق یان دەرەوەیدا بووبێت، ئەوجۆرە تاوانانە دەگرێتەوە:

1 ـ تاوانی کۆکوژی
2 ـ تاوانەکانی دژەمرۆڤ
3 ـ تاوانەکانی جەنگ

4 ـ تاوانی پێشێلکردنی یاساکانی عیراق. مافگەرێتی دادگا کەسانی ئاسایی دەگرێتەوە (بڕگەی 3 لە بەندی 1).

یاسای سزاکانی ژمارە 111ی ساڵی 1969 لەڕۆژی 19ی جولای 1969دا دەرچووەو پاش سێ مانگ کە لەڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاوکرایەوە، یاسای سزایی بەغدادی لەکارخرا.

هاوکات لەگەڵ تاوانبار سەددام کە لەسەر پرۆسەی ئەنفال درا بە دادگا پێش لەسێدارەدانی بەهۆی ئەو سزایەی لەسەر کێشەی دوجەیلەوە بڕیاری بۆ دەرچووبوو بە خنکان تامەرگ، ئەم تاوانبارانەیش دران بەدادگا؛ عەلی حەسەن ئەلمەجید، سوڵتان هاشم ئەحمەد کە شالیاری بەرگری بوو، سابیر عەبدولعەزیز ئەلدووری سەرۆکی دەزگای زانیارگری پێشوو، تاهیر تۆفیق ئەلعانی پارێزگاری نەینەوای ئەوکاتە، حوسێن ڕەشید ئەلتکریتی یاریدەری سپاسالاری پێشترو فەرحان موتلەگ ئەلجبووری بەڕێوەبەری زایارگری کۆمیتەی باکوور.

لەپێناو دابینکردنی باری دڵنیایی بۆ تاوانباران بەوپێیەی ڕەوشی یاسای دادگا سزاییەکان بڕیاریداوەو یاسای دادگای باڵای سزایی عیراق پەیڕەویی دەکات لەڕێی ئاسانکاری دادپەروەرییانەو ئامادەکردنی پارێزەر بۆ ئەو تاوانبارانەی خۆیان نەیانتوانیوە بریکار دابین بکەن، چونکە لەڕەوشەکانی یاسای دادگا سزایی ژمارە 123 بۆ ساڵی 1973دا دەقێک هەیە سوورە لەسەر ئەوەی دەبێت دادگای سزایی تایبەت، لەلیستی سەندیکای پارێزەراندا یەک پارێزەر هەڵبژێرێت تا ببێتە بریکار بۆ ئەو تاوانبارەی لەبەر هەرهۆیەک کەس نابێت بە بریکاری یانیش ئەوانەی درامەتیان نییە بۆ گرتنی پارێزەری داکۆک لەو کێشەیەی لەبەردەم دادگایە. لەوێدا پێویستە دادگای تایبەت بڕێک کرێ بۆ ئەو پارێزەرە دیار بکاتو لەبڕیارە





سزاییەکەی دادگادا ناوی ئەو بڕەپارەیە بهێنێت، بەڵام وەرگرتنی دەکەوێتە ئەوکاتەی بڕیارەکە پلەی بنبڕی تەواوی لەسەپاندن وەردەگرێت، چی بە پڕبوونەوەی کاتی یاسایی بێت یان بە پەسەندکردنی لەلایەنی دادگای پێداچوونەوە.

لەودواییانەدا بڕیاردرا گۆڕان لە یاسای ڕەوشی دادگای سزاییدا بکرێت تا ببێت بەوەی، ئەگەر لەقۆناغی لێکۆڵینەوەو لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەدا پارێزەری نەبوو بۆ داکۆکی لە تاوانبار لەسەر ئەو کێشەی لەبەردەم دادوەردایە، پێوەیستە پارێزەرێکی بریکاری بۆ بگیرێت.

هەروەک یاسای بریکارێتی عیراقی چەسپاوە. شایانی سەرنج ئەوەی کە ئەو کارڕاییکییە لەکاتێکدا دەبێت تاوانبار لەسەر کردەیەکی تاوانی درابێت بە دادگای تایبەت بەتاوان. بەڵام هەمان ئەوبارە یاساییە ناگیرێتەبەر لەسەر کێشەیەکی کەتنی بەردەم دادگای سزایی لەمەڕ کێشەی کەتن. ئەوجا لەبەرئەوەی هەندێک کەتن بە تاوانی ترسئانگیز دەژمێردرێنو کاردانەوەی نەرێنییان دەبێت بۆسەر کۆمەڵ، پێویست دەکات لەکاتی سەلمانی تاواندا لەو سزایە قورستری بەسەردا بدرێت کە لەدەقدا دیاریکراون،و ڕەوتی دادگا توندبێت بۆ سەپاندی، بۆیە لەهردوو باردا تاوانبار زۆری پێوێست بەبوونی بریکار دەبێت. واتە ئەگەر هیچ پارێزەرێک لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە نەبوو بە بریکاری کە نایشبێت تاوانبار بێ پارێزەربێت، ئەوا پێویستە دادگا بۆی دابینکات تا لەبەردەم دادگای تاوانەکان بێ داکۆک نەمێنێت. پێمانوایە لەیاسادا هیچ بەهانەیەک نییە بۆ ڕێگرتن لەوەی تاوانباری بەردەم دادگای کەتن بریکاری هەبێت بۆ داکۆکی لێکردن، چونکە ئەوەی دەڵێت گوایە کێشەکانی کەتن سووکنو ناگەنە ئاستی تاوان، بە سرپشک کردنی دادگا ـ دادگای کەتن ـ بۆ بڕیاردان ئەگەر تاوانبار پێویستی بەو بارە

هەبێت، ئەویش بەپێی ڕەوتی دەقە یاساییەکانو ئەو تاوانەی خراوەتە پاڵ تاوانبار، جۆرێک لەئازادیو داد دەڕەخسێنێت بۆ ئەو پرۆسەیەی لەبەردەم دادگادایە.

ئەوە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بەپێی ئەو شارەزاییەی لەماوەی دوورو درێژی کار لەبواری داد لامان پەیدا بووە، لەوە گەیشتووین کە سستی پارێزەر لە بوون بە بریکاری کێشەکانی کەتن یان هەر وەرنەگرتنی، دیارە سەرەتا لەبەر کەمی ئەو خەرجەیە کە دادگا دیاریدەکات بەرانبەر بەو ماندووبوونەی پارێزەر لەکێشەی سزاییدا دەیبینێت، پاشان ئەوەیە کە خەرجی دیاریکراوی نایەتە دەست تا بڕیارەکە نەگاتە پلەی بنبڕ کە لەوانەیە ماوەی درێژخایانبێت، ئەویش بەپێی پەسەندکردن یا نەکردنی ئەو بڕیارە لەلایەن دادگای پێداچوونەوە کە لەوانەیە دووبارە پێویست بە دادگاییو دەرچوونی بڕیاری نوێ بکات، ئەوسا بەگشت جۆرێک پارێزەری بریکار ناچار دەبێت لەگەڵ کێشەکەدا بمێنێتو ئامادەی دانیشتنەکانی تری دادگا ببێت، هەروەها ئەگەر دادگای پێداچوونەوە لەبەر کەموکوڕی پرۆسەکە بگێڕێتەوە بۆ دووبارە دادگایی کردنەوە کە بێگومان بە پێویستو کارای دەزانن بۆ بڕیاری داد، ئەوا پێویستە پارێزەری بریکار دیسان تێهەڵچێتەوەو لەگەڵ کێشەکەدا بمێنێت.

هەروەها ئەوبڕەپارەیەی دادگا دیاریدەکات بەپێی ئەو دەقانەی یاسا بڕیاریداوە بۆ کرێی پارێزیارانی بریدار بەزۆری بڕێکی سیمبۆلییە نە ئەرزشێکی ئەوتۆی هەیە نە لەبارو گونجاوە بە ڕادەی ڕاستی کۆششو ماندوبوونو درێژی ئەوکاتەی ساندیکای پارێزەران بۆی پێشبینی دەکات.

گەربێتو گۆڕان بەسەر ئاستی ئەو بڕەپارەیەدابێت کە دیاریکراوە بۆ پارێزەری بریکار لەکێشەیەکی سزایی بەجۆرێک بگونجێت لەگەڵ ڕاستو





دۆخی لایەنی پارێزبەندیو باری ژیان لەعیراقداو سپاردنی ئەو کارە بە سەلیقەو ڕادەی زانیاری دادگاو پشتبەستن بە ساندیکای پارێزەران کە دیاریکردنی ئەوبڕەپارەیەی لەسەرە. ئەوانە کاردەکەنە سەر دیاریکردنی ئاست بۆ کرێی پارێزەرانی داکۆک لە کێشەیەکی سزایی ئەوتۆ ئاسایی. هەروەها ئەگەر پارێزەر هاوکات لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری داددا کرێکەی وەربگرێت، بێچاوەڕوانکردنی ئەنجامی دادگای پێداچوونەوە، لەوانەیە کارەکە ببێتە هۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەی دواکەوتنەی کرێو کەمی بڕی ئەو پارەیەی لە گەنجینەی دەوڵەت دەردەچێت، مەرج لەسەر پارێزەر ئەوەبێت کە ئەگەر سەرپێچیکرد لە تەواوکردنی کێشەی ئەو تاوانبارەی دەبێتە بریکاری. یان ئەگەر کاتی جێهێشتن نەیسپارد بە هاوکارێک تا بۆی تەواوکات، کە ئەویش بەپێی بڕیاری دادگای تایبەت بەو کێشەیە دێت، ئەوسا دەبێت بڕە پارەکە لەڕێی ساندیکاوە بگێڕێتەوە.

دەقی یاسایی تایبەت بە بریدارکردنی پارێزەر بۆ تاوانبار لە کێشەیەکی سزایی، دادگا بە بارێکی پێویستو گەرەک پابەند دەکاتو کەمتەرخەمی لە پابەندبوون بەو دەقانە بەسەرپێچی دادەنرێتو دەبێتە هۆ بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی دادگا لەلایەن دادگای پێداچوونەوە.

هەروەک دادگای لاوانیش لەکاتی دادگاییکردنی لاودا لەسەر تاوانێک لەجۆری کردەوەی تاوانی، پێویستە پابەنبێت بەو دەقانەی یاسای نەوجەوانان کە لەبەر کاردایەو پێش دەرکردنی بڕیار بۆ تاوانبارکردن، پارێزەرێکی بریدار بۆ تاوانبار دابین بکات. بەڵام هەمان ئەو دادگای لاوانە پابەند نابێت بە بریدارکردنی پارێزەر بۆ داکۆکی لە کێشەیەکی کەتنیی لاو.

پێویستە لەسەندیکای پارێزەرانو بەشەکانیدا لیستی ناو ئامادەبێت بە ڕیزبەندیی ئەو پارێزەرانەی ئامادەنو دەشێن بۆئەوەی وەک بریداریی داکۆک لە لاوی تاوانبار بچنە بەردەم دادگاکانی لاوانو کەتن.

لەوانەیشە کەمی بڕی ئەو پارەیەی دیاردەکرێت بۆ پارێزەری بریدار،و وەرنەگرتنی لەماوەیەکی کورتدا، ببێتە هۆی سەرەکی بۆ خۆدزینەوەی زۆر لە پارێزەرانو پابەند نەبن بەوەی لەبەردەم دادگادا ببنە بریکاری داکۆک لە تاوانبار.

ئەو پرۆسەی بە بریدارکردنی پارێزەرەی دەزگای داد دەیگرێتەبەر بۆ داکۆکی لە تاوانبارێکی کێشەی سزایی بەو تەواوکەریی کارڕاییکی دادپەروەرییانەیە دەژمێردرێت کە دەزگای داد لەبڕیاری ناوبژیو سەپاندندا بەرچاوی دەگرێت لەسەر ئەو کێشەیەی لەبەردەمیدایە.

ئەگەر ئەوپارێزەرەی لەنێو لیستی پارێزەرانی دیاریکراو هەڵدبژێردرێت بۆ بریکاری خۆبدزیتەوەو ئەوانیتر لێبوردن بخوازن لە چوونە شوێنی ئەو، ئەوە لەکاتێکدا دەق نەبێت دادگا پابەند بکات بۆ زۆرکردن لە یەکێک لەو پارێزەرانەی دانراون بۆ بریداری، ئەوسا دەبێتە کۆسپ لەڕێی گەیشتن بەئەنجامو پرۆسەکە دواخەن بۆ کاتیتر. لەوانەیشە کات لەئاستی دیاریکراوی خۆی بترازێت. ئەوە کێشەیەکی ڕەوشتییە لەدۆخی هاوکاری نێوان دادگای وێستاو[17] و دادگای ئاساییدا لەئاراستەکردنی داد بەشێوەیەکی پەسەند.

بەگرنگی دەزانم گەر دەزگای دادوەری کە پێکدێت لە ئەنجومەنی دادگای باڵا توێژینەوەیەک بە هاوکاری سەندیکای پارێزەران ئەنجام بدات

[17] دادگای وێستاو، واتە پارێزەر. دادگای ئاسایی، خودی دادگایە ـ وەرگێڕ






بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی بەجێو کارا بۆ ئەو کێشەیە، لەوانەیە بمانگەیێنێتە هەندێک ئەنجامی بەجێو سوودبەخش بۆ یەکلاییکردنەوەی پرۆسەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، هەروەک ئەوجۆرە توێژینەوانە دەبنە هۆ بۆ دیتنەوەی ڕەوت لە دیاریکردنی کرێی گونجاو بۆ پارێزەر لەسەر ئەوکێشەیەی بۆی دەکرێت بە بریدار. هەروەها ڕاستکردنەوەی ئاستو بڕی کرێ بەوجۆرەی بگونجێت لەگەڵ بەهای ئەو بابەتە داخوازییانەی سەندیکای پارێزەران دەیکات، چونکە ئەوان شارەزاترن لەگشت لایەنەکانی تر.

وەک یاسای ڕەوشی دادگا سزاییەکان ڕێگرنییە لە ئامادەبوونی پارێزەر بۆ قۆناغی لێکۆڵینەوە، بەڵام لەو ڕووەوە چارەسەری کێسەکەی نەکردووە. بەرانبەر بەوە، لەیاسای هەندێک وڵاتی عەرەبیدا دەقی ڕوونو ئاشکرا هەن ماف دەدەن بەتاوانبار لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا پارێزەر لەگەڵخۆ بەرن، وەک (یاسای کارڕاییکیی کوێتی)و (یاسای کارڕاییکیی سزایی میسر). هەروەک لەیاسای ڕەوشیی دادگایی عیراقیدا دەقێک نییە وەک پێویست تاوانبار ئاگادار بکات لەوەی ئەو مافی بێدەنگیو وڵامنەدانەوەی پرسیارەکانی لێکۆڵەر یان دادوەری لێکۆڵینەوەی هەیە.

هەروەک لەویاسادا ئەوەیش نییە کە تاوانبار بۆیهەبێت پارێزەری بریدارکراو پەسەند نەکات بۆ داکۆکی لەکێشەی ئەو، ئەگەر وابزانێت داکۆکی ئەو پارێزەرە نایگەیێنێتە ئامانج، یانیش ناکۆکی کەسایەتی لەگەڵ خۆی یان خێزانی ئەو هەیە، کە ئەوە لەخۆیدا هۆیە بۆ کارکردنە سەر باری داکۆکی لە کێشەکەی.

لەدۆخی لێکوڵینەوەو دادگاییشدا هەندێک بارو هەڵوێست هەن پێویستە چاویان پیدا بخشێنرێتەوەو بەدەقە یاساییەکانیدا بچنەوە. دیارە ئەویش بە

سەرپەرشتی کەسانی پسپۆڕ بۆ توێژینەوەو زەمینە خۆشکردن بۆ کۆڕێک تێیدا بەدەقەکانی یاسای سزاییو ڕەوشی دادگا سزاییەکانی عیراقیدا بچنەوە.



پارێزەری فەرەنساوی جاک فیرجس کە بەڵێندەری داکۆکییە لەوانەی تاوانبارن بەکێشەی پێشێلکاری مافی مرۆڤو تاوانەکانی جەنگ. دەریبڕی کە ئامادەیە بۆ داکۆکی لە تاریق عەزیز کە ئەندازیاری جەنگو مەرگەساتو نەخشەکێشی وێرانکاری نیشتیمانی عیراق بوو، بەڵام بە یەک ملیۆن یورو. پەیامەکان ئەوەیان ئاشکراکرد، کە دانوسان کراوە لەسەر کەمکردنەوەی کرێی داکۆککاری، بەڵام کاتێک ئەزموونە نابەجێکەی تیمی داکۆکی لە سەددام لەسەر پرۆسەکەی دوجەیل بۆ خزمو خێشی تاوانبار دەردەکەوێتو دڵنیابوون لەوەی هەر ئەوان بوونەتە هۆی پەلەکردن لە گەیاندنی بە پەتی سێدارە، دوودڵی کەوتە مێشکی ئەو کەسانەی تاریق عەزیزو لە کارەکە پاشگەزبوونەوە. بۆیە لەوانەیە هەر کارەکە بسپێرن بەچەند پارێزەری عەرەب کە هەندێکیان خۆبەخشو خۆڕایین. بێگومان ئەویش لەبەر ناوەرکردنو خۆ ناساندنە لەسەر بەختو چارەنووسی تاوانباری ناوبراو. ئەوە لەکاتێکدا فیرجس کەوتە بەگوێدانی بڕی دەملیۆن یوروی بۆ کرێی خۆی. سەرەڕای گشت ئەوانە، دانپێدانانی خودی تاوانبارو سووربوونی لەسەر ئەوەی تاوانەکانی بەوپەڕی خواستو ئارەزوو ئەنجامداوە ئەوە دەسەلمێنێت کە هاوکارو بەشداری تاوانکارییەکان بووە، بەڵام سەرئەنجام باری هەڵسەنگاندن دەگەڕێتەوە بۆ پێوەری دادگا کە بەسە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوکێشانەی خراونەتە بەردەمی.





لەبەرئەوەی سەددام حوسێنی تاوانبارکراو بە کێشەی دوجەیل بڕیاری سزای لەسێدارەدانەکەی جێبەجێکرا، گشت دادخوازییە سزاییەکان بەپێی بەندەکانی 300و 304 لەیاسای ڕەوشی دادگای سزایی لەسەر ئەو تاوانبارە پێی ئاراستەی دادگای سزایی کرابوو، بەسەردەچن.

لەگشت ئەو وڵاتانەی پشتدەبەستن بە یاسا سزاییە تایبەتەکان بۆ کۆڵینەوە لەکاری تاوانیو دۆزینەوەی ئەنجامدەرانو گەیاندنیان بە دادگا تا تاوانباربوونیان دەرخەنو سزای گونجاویان بەسەردا بدەن، ئەوان لە یاساکانیاندا پشتدەبەستن بەو دەقانە بۆ کۆنترۆڵکردنی کاری تاوانیو بەربەستکردنی بەهۆی پشکنینو دەسگیرو لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنو سزا سەپاندن بەسەریاندا بەپێی کارڕاێکیو ڕەوشی دیاریکراو، چونکە گرنگترینی پێداویستیی داد ئەوەیە کۆمەڵ بپارێزن لە تاوانو تاوانکاران. بۆیە زۆر پێویستە ڕەوشگەلی پابەندێتی دارێژرێت بۆ ڕێکخستنی ئەو جۆرە کارڕاییێکییەو ڕێڕەوی باسنور دیاریکرێت بۆ کارڕاییێکیی کارا. ئەوەی پتر سوودبەخشبێت بەو کارڕاییێکییانە، بوونی پەیوەستی هەمیشەییو ڕاستەوخۆیە بە مافی کەسایەتیو ئازادیی ئەوان، هەروەک ئەوجۆرە کارڕاییێکییە دەسەڵاتی دەستارێتی دەزگای داد دیاریدەکەنو شێوەی کارەکانی ڕێکدەخەن، وەکتر دەبنە ڕەوشرێژ بۆ چۆنێتی بەرپەرچدانەوەی ئەو بڕیارو دەسەڵاتانەی دەزگاکانی لێکۆڵینەوەو دادگا دەریدەکەن. لە هەندێک وڵاتدا بەوە دەگوترێت ڕەوشی کارڕاییێکیی سزایی، یاسای کارڕاییێکیی سزایی، یاسای ڕەوشی دادگا سزاییەکان، بنەمای کارڕاێکی سزایی یانیش دادبینی سزایی، بەڵام ڕەوتی گشت ئەو ناوانە لەیەک بازنگەی توێژینەوەدایە بۆ نواندنی هەنگاوەکانی سزاو ئەو ڕەوشە ڕەوڕەوەییەی دەزگای لێکۆڵینەوەو دادوەرییەکان کردویانە بە ڕەوش بۆ دۆزی لێکۆڵینەوەو دادگا.

گرنگی ڕەوشی دادگا سزاییەکان لەوەدا دێت، لەخۆیاندا بنەمای یاسایی پێویستن دەبێت پەیڕوییان پێبکرێتو پێوەریشن بۆ ڕاگرتنی بەلآنس لەنێوان مافی ئەو ئازادییەی دەستوورو یاسای کارا بۆ تاکەکەسی دیاردەکەن، لەگەڵ مافی کۆمەڵ.

ئەو یاسایە لەیەکەمین دەقیەوە نەخشەی ڕشتووە بۆ چۆنێتی بزواندنی دادخوازی سزایی، قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە، ڕەوشی کارڕاییێکیی دادوەرانی لێکۆڵینە، چۆنێتی ئاراستەکردن بۆ دادگاو هاوجۆرانی، بە بریدارکردنی پارێزەر بۆ داکۆکی لە تاوانبار، شێوەکانی بەرپەرچ، دادگایی کردنی ڕووبەڕوو یان پاشەملە، سزادانو هۆکارەکانی، هەروەها کەرەستەی تر کە دەبنە هۆ بۆ دادخوازیی سزایی. بەڵام پرۆسەی بەسەرچوونی دادخوازی سزایی، یان ڕاگرتنی کارڕاییێکیی یاسایی مایەی دۆشدامانو پرسن لەلای زۆر لەوانەی پێناسەی ئەو دەقە یاساییانەیان لەلا ڕوون نییە. بۆیە ئەوبارە پێویستی بە ئاسانکاری هەیە تا مرۆڤ بەچاکی لە بیرۆکەکەی بگەن.

بەپێی فاکتەو یاسا، مردنی تاوانبار دەبێتە هۆ بۆ بەسەرچوونی دادخوازی سزایی. واتە هیچ زەمینە نامێنێت بۆ دادگاییکردنی لەسەر کێشەیەکی سزایی کەهێشتا نەبینراو یان هێشتا نەگەیشتبێتە ئەنجام. بۆیە پاشلەوەی دادگا ئەو بەڵگەیە دەبینێت کە ڕاستی مردنەکەی دەسەلمێنێت، بڕیارێک دەردەکات بۆ بەیەکجاری ڕاگرتنی کارڕاییێکی لەسەر کێشەی تریش ئەگەر لەسەر ئەو مابێت.

یاسای ڕەوشی دادگا سزاییەکانی عیراقی ژمارە 23ی ساڵی 1973 لەبەندی 304یدا ئاماژە بەو هەڵوێستە دەدات کە:.





(ئەگەر تاوانبار لەکاتی لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردندا مرد پێویستە بڕیارێک دەرچێت بۆ بەیەکجاری ڕاگرتنی کارڕاییێکی لەسەری، لەبەر هەمان هۆ دادخوازیی شارستانیشی لەسەر ڕاگیرێت. ئەوسا بۆ دادخوازانی شارستانی هەیە ڕووبکەنە دادگای شارستانی).

لەوانەیە تاوانبار لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بمرێت یان لەماوەی ئاراستەکردنیدا بۆ دادگا، یا پاش دەستبەکاربوونی دادگا، یانیش پاش دەرچوونی بڕیاری داد بەلآم پێش سەپاندنی. لەگشت ئەوجۆرە بارانەدا مەرجە لێپرسینەوەی یاسایی لەسەر تاوانبار بکرێت بۆ ئەو کێشانەی هێشتا تەواو نەبوون، یان لە دادگایەکی دەستیارەوە بڕیاریان لەسەر دەرچووە، بۆیە بەپێی ئاماژەی سەرەوە، ئەگەر تاوانبار لەخولی لێکۆڵینەوەدا بمرێت پێویستە دادوەری لێکۆڵینەوە کارڕاییێکیی لەسەر ڕابگرێت. خۆ ئەگەر لەخولی دادگاییدا بمرێت ئەوا دادگا بەیەکجاری کارڕاێکێ لەسەر تاوانباری مردوو ڕادەگرێت.

مردنی تاوانبار پێشلەوەی سزاکەی بگاتە پلەت سەپاندنی یەکجارەکی، سزاکەی لەسەر دەسڕێتەوە، ئەوسا بۆ زیانلێکەوتووی دەرئەنجامی تاوانکاریی ئەو هەیە ڕووبکاتە دادگا سڤیلییەکانو مافی خۆی لەوان بخوازێت. خۆ ئەگەر سزادراو پاش دەرچوونی بڕیاری سزاو گەیشتن بە پلەی بنبڕو کۆتا بمرێت، ئەوا سزاو گشت ئەو بارانەی کەوتوونەتە ئەستۆی لادەچێت. بەمردنی تاوانبارێکی هاوکار لەگەڵ تاخمێک تاوانبار لەسەر کێشەیەکی تر نابێتەهۆ بۆ ڕاگرتنی کارڕاییێکییو سڕینەوەی پرۆسە لەسەر ئەو تاوانبارانەی تر، هەروەک بڕیاری ڕاگرتنی کارڕاییێکی لەسەر تاوانباری مردوو نە ئەوانیتر دەگرێتەوە نە کاردەکاتە سەر کارڕاێکیی لێکۆڵینەوە یان پرۆسەی دادگایی، ئەویش بەگوێرەی باری پرۆسەکە.

پەند لەڕاگرتنی کارڕاییکیی یاسایی لەسەر تاوانبار یان سزادراوی مردوو ئەوەیە کە، تەنها کارڕایکیی لەسەر تاوانبار یان سزادراوی زیندوو دەبێت، چونکە هەر زیندوو سزای بەسەردا دەسەپێت، واتە ئەوکەسەی بەڕاستی لەژیاندایە، لەبەرئەوە هەرگیز ناکرێت سزا بەسەر لەشێکی مردوودا بسەپێت. بۆیە یاسای دادگای تاوانەکانی عیراقی تایبەت لە دەقی بەندی 16دا ڕێدەدات بە پەیڕەوکردنی یاساو ڕەوشی دادگا سزاییو بنەماکانی کارڕاییکیو کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بە دادگای تاوانەکانی عیراقی کە وەک بەشێک لێی جودا نییەو تەواوکەری کارڕاییکییەکانی دادگایە. بۆیە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ دەستیاریتی بەشی شەش لەمەڕ بەسەرچوونی دادخوازی سزایی کە لەبەندی 300یدا دەڵێت؛ ئەوکاتە دادخوازیی سزایی بەسەردەچێت کە تاوانبار بمرێت، یان بڕیاری تاوانبارکردنی تەواوی بەسەردا بسەپێت، یانیش دەرچوونی بڕیارێکی تەواو بۆ سڕینەوەی لێپرسیارێتی ئەو، یان بەیەکجاری ڕاگرتنی کارڕاییکیی لەسەر ئەو، یان هەر دۆخێکی تر کە یاسا دیاری دەکات بەوپێیەی لەبەندی 304دا دەڵێت؛ ئەگەر تاوانبار لەکاتی لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردندا مرد ئەوا بڕیارێک دەردەچێت بۆ بە یەکجارەکی ڕاگرتنی کارڕاییکی. وەک ئەوەی دادگای سزایی عیراقی تایبەت لەدوا دانیشتنیدا سەبارەت بە پرۆسەی ئەنفال بڕیاری لەسەرداوە.

بەگشت بارێک، کارڕاییکیی یاسایی لەسەر سزادراو ڕادەگیرێت ئەگەر تاوانی کێشەی تری لەسەربێتو هێشتا بڕیاری بنبڕی دادگای بۆ دەرنەچووبێت، بەڵام سزای لەسێدارەدانی گەیشتبێتە ئەنجام لەسەر کێشەی تر کە بڕیاری دادگایی گەیشتووتە پلەی بنبڕو ئامادە بۆ ئەنجامدان، بۆیە لێرەدا بەمردوو دەژمێردرێت ناکرێت لەسەر کێشەیتر دادگایی بکەن،





چونکە لەشی مردوو ناتوانرێت دادگایی بکرێتو سزای بەسەردا بسەپێت، پاش لەسێدارەدانیش دەبێتە لەشێک توانای لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردنی نابێت. هەروەک ناکرێت تاوانی ئەو بخرێتە سەر بنەماڵەکەی چونکە (هیکەس تاوانی کەسێکیتر هەڵناکرێت) بۆیە گشت ئەو تاوانانەی لەسەر تاوانباری لەسێدارەدراو ماون بەسەردەچن،و ئەو بەسەرچوونە کارناکەتە سەر ئەوانەی لەپرۆسەیەکدا هاوبەشی تاوان بوون لەگەڵ تاوانبار، یانیش ئەوانەی تاوانی تریان لەگەڵ ئەو تاوانبارە ئەنجامدابێت کە کارڕاییکیی یاسایی لەسەر ڕادەگیرێت.

بۆ چاکتر ڕوونکردنەوەی بارە تایبەتییەکانی مردنی تاوانبار؛ جارهەیە مەرگ دەکەوێتە پێش بزواندنی دادخوازی سزایی، ئەویش دەکاتە مردنی تاوانبار پێشلەوەی سکاڵاکار دادخوازیی سزایی بزواندبێت. بۆیە لەدۆخێکی ئەوتۆدا کە مردنی تاوانبار دەکەوێتە پێش بزواندنی دادخوازیی سزایی، نابێت ببزوێنرێتەوە، ئەوسا دادوەر بەپێی ڕەوشەکانی بەندی 300 لەیاسای ڕەوشەکانی دادگای سزایی فرماندەدات بەداخستنی دۆسێکەی.

بەڵام ئەگەر مردن لەکاتی دیتنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا ڕوویدا، ئەوا دادگای لێکۆڵینەوە، پەنا بە ڕەوشەکانی بەندی 304 لەیاسای ڕەوشەکانی دادگای سزایی، بڕیار دەدات بەڕاگرتنی یەکجارەکی پرۆسەکەو دەست دەکێشێتەوە لە سەپاندنی هەرجۆرە سزایەکو دادگاییو لێکۆڵینەوە ڕادەگرێت لەسەر ئەو مردووە.

بەڵام ئەگەر مردنەکە کەوتە پاش دەرچوونی بڕیار بەڵام هێشتا نە خوێنرابێتەوە، نە گەیشتبێتە بەپلەی بنبڕ، واتە ئەگەر مردنەکە بکەوێتە پاش دەرچوونی بڕیارو پێش تاوتوێکردنی دەستەی بەرپەرچدانەوە، ئەوا لەگەڵ

ڕاگرتنی کارڕاییێکیی لەسەر مردوو بەسەردەچێتو تەنانەت دادخوازی سزایی‌و سزا بڕیاردراوەکەی دادگایش بەسەردەچێت.

دواباریش ئەوەیە کە ئەگەر مردنی تاوانبار کەوتبێتە پاش بڕیارێکی گەیشتوو بە ئاستی بنبڕ، لەو ئاستەدا دوو باری دەبێت، یەکەم ئەوەیە کە سزادراو پێش بەئەنجام گەیشتنی سزا بە مردنێکی ئاسایی بمرێت. یان ئەوەیە کە سزای لەسێدارەدانی لەسەر کێشەیەکیتر جێبەجێ کرابێت بە بڕیاری دادگای‌و گەیشتبێتە پلەی بنبڕ بەڵام هێشتا کێشەی تریش هەن تەواو نەبوون، ئەوسا مردن دەبێتە هۆی کوژانەوەی تاوانی سەپێنراو ئەگەرچی بڕیاری لەسێدارەدانی تاوانباریش هێشتا بەئەنجام نەگەیشتبێت.





# بەشی پێنجهەم
# بڕیارەکانی دادو سزا

**ئاماژەی دادیاری گشتی بەڕێز مونقز ئەلفیرعەون:**

**بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان**

دروودو سۆزو بەخششی خوداتان لێبێت ...



دەستەی دادیاری گشتی کە ئەمکێشەیەی ڕووبەڕوو کراوەتەوە دەخوازێت ڕوونکردنەوەیەک لەمەڕ تاوانکارییەکان دەربڕێت بێگوێدانە کەسی ئەنجامدەر، چونکە ئەوە لەئەنجامی قۆناغەکانی دادوەریدا بۆ دادگای ڕێزدار دەردەکەوێت کێ هۆکار یانیش ئەنجامدەری ئەو تاوانانە بووە، بەڵام لەسەرەتای دانیشتنەکاندا دەستەی دادیاری گشتی تەنها یەک ڕوونکردنەوەی هەیە سەبارەت بە تاوانکارییەکانو دەخوازێت پێشکەش بە دادگای بەڕێزی بکات.

**بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان**

مەزن دەفەرموێت [ وامەزانە خودا کردەی زۆردار فرامۆش دەکات بەڵکوو دەیهێڵێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی چاو بەچاو دەکەوێت]، ڕاستفەرموودەی خودای مەزن.

ڕێزداران سەرۆکو ئەندامانی دادگا: دروودو سۆزو بەخششی خوداتان لێبێت ...

ئەمە ئەوڕۆژەیە کە هەزاران قوربانی بەدەم ئازارەوە خەویان پێوە بینیوەو هەر لە سەرەتا ساتەکانی ئەشکەنجەدا لەوە دڵنیابوون کە سەرئەنجام یاسا باڵادەستر دەبێت لە تیرۆرو دڕندەکان. ئەوەتا ئەمڕۆ ڕەوانی ئەو قوربانییە بێتاوانەی بەدەم ئازارەوە مردن، بەناو هۆڵی دادگادا دەخولێنەوە چاویان بڕیوەتە دادپەروەری ئێوە. وا ئەمڕۆ ئەنجومەنی داد دەستدەکات بە ڕوانینە دۆسێی ئەو ئەشکەنجانەی مرۆڤ لەکاتی ڕوودانی ئەو هێرشانەدا چەشتیان کە لەمێژووی عێراقو جیهاندا بە ئەنفال ناوبانگی دەرکرد. ئەو زنجیرە هەشتینەیەی هێرشەکانی سپا کە لە مانگی فەبریوەرەوە تا 6ی سێپتەمبەری 1988 ڕوویانداو لەمێژووی ویژدانی مرۆڤایەتیدا بە یەکێک لە ناهەموارترین زنجیرەی تراژیدیا دەژمێردرێت. بەرلە کەوتنە گێڕانەوەی تراژیدیای هێرشەکان، دەستەی دادیاری گشتی دەخوازێت تاوێک لەمەڕ ناوی ئەو ئەنفالە بدوێت کە بوو بە ناسناو بۆ ئەو هێرشانە. ببورن، ئەگەرچی پێشتر دادگا ئەوەی ڕوونکردووەتەوە، هەروەها سەرۆکی دادیارانی گشتی، بەڵام تکایە ڕێگەم بدەن فراوانتر ئەوە ڕوونکەمەوە:

ئەنفال ناوی سوورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆزو پابەندێتی ئەنفال لە یەکەمین ئایەتی سوورەتی ئەنفالی ئاماژەپێکراودایە (بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان: لەمەڕ دەسکەوتی جەنگ لێتدەپرسن بڵێ دەسکەوتی جەنگ بۆ خوداو پێغەمبەرە* خوداپەرستبنو لەنێو خۆتاندا پێکبێن* کە





باوەڕهێنەرن ملکەچی فرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی* "ڕاستفەرموودەی خودای مەزن") کاتی ناکۆکبوونی موسوڵمانان لەسەر دەستکەوتەکانی جەنگی بەدر، لاوەکان دەڵێن ئەوە بۆ ئێمەی دەسپێکەری جەنگە، پیرەکان دەڵێن، بۆئێمەیە کە بووینە پاڵپشت ئەگینا ئێوە دەردەکەوتنو دەستخەڕۆ دەگەڕانەوە، بۆیە مەیخوازن. ئەوجا ئەم فەرموودەیەی مەزن دادەبەزێت (ئەی موحەممەد "دخ" پرسیاری ئەنفالت لێدەکەن، دەستکەوتەکان، بۆکێیە* بڵێ: ئەنفال بۆ خودایە* دەیخاتە بەر ئارەزووی پێغەمبەر تا بەپێی فرمانی خودا بیبەخشێتەوە*. "الحاكم في المستدرک" دەڵێت [دروودتان بۆ خودابێتو لەنێوخۆتاندا ڕێکەون]، واتە ڕاستی نێوانتان بەسۆز بۆ یەکتر ڕاگرنو ئەگەر باوەڕدارن خوداو پێغەمبەر بپەرستن – لاپەڕە 234 لە شیکراوەی جەلالەین / چاپی ـ عالم الكتب، بیروت). ئەگەر سەرنج بدەینە جۆری ئەو پەیوەندییەی ئەنفالی گرێداوە بەو ئۆپەراسیۆنە لەشکرییە سەرتاپا دڕندانەیە. هەرگیز نامانگەیێنێتە ئەنجامێکی دڵنیاکەر، چونکە مەبەستی سەرەکی لە خاکگیریی پێشینیان پەخشکردنی ئاینی ئیسلام بوو، سەرەتا بەناو ناموسوڵمانانی دوورگەی عەرەبیداو پاشان بەناو گەلانی دراوسێ. ئەنفال کە دەسکەوتی جەنگ دەگەیێنێت، پێداویستییەکی لایەدە بوو بۆ درێژەدان بە ئاواڵەکارییەکان. بەڵام ئەم هێرشانەی نێونران ئەنفال بۆ هەمان مەبەستە نەبووە، چونکە ئەوانەی ئەم هێرشانەیان کرایەسەر خۆیان پەیڕەوکاری ئاینی ئیسلامی پیرۆز بوون. هەروەک مەبەست لەو هێرشانە نە بۆ خۆدەوڵەمەندکردن بووە نە بۆ تاڵانی، چونکە سەرانو لێپرسراوانی هێرشەکە پێویستییان بە بووەو دارایی ئەو لادێییە زەبوونانە نەبوو. بەڵێ ڕاستە سەرکردەکانی ئەو پرۆسەیە ڕێگەیانداوە بەهێزی هێرشبەر هەرچیان لە دارایی جوتیاران بەردەسکەوێت تاڵانی بکەن، بەڵام هەرگیز ئەوە ناگەیێنێت کە هێرشیان بۆ ئەو مەبەستە بووبێت. ئەگەر بپرسن، باشە مەبەست

چیبووە؟ وڵام تەنها یەک وشەیە، دژبوون بە مرۆڤ. چونکە ئەم ئەنفالە هیچ لەئەنفالی موسوڵمانانی پێش ناچێت. لەبەرئەوەی موسوڵمانانی پێش لەو کۆششانە سوودیان وەرگرتووە بۆ بەرژەوەندی هێرشبەران، یان بۆ سوود گەیاندن بە گەنجینەی "بیت المال" یانیش بەکاریانهێناوە بۆ فێرکردنی بنەماکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز. بەڵام ئەوانەی لەم هێرشانەدا دەگیران کە نێونرا ئەنفال، بێجیاوازی ڕەوانەی مەرگ کراون.

**ڕێزدار سەرۆک. ئەندامانی ڕێزدارو هێژا..**

دادگای پایەبەرزتان لەوقۆناغەدایە گوێبیستی ئەو سەرگوروشتانەبێت کە خوازیارانی مافی کەسایەتیو دیدەران پێشکەشی دەکەن، هەروەها ڕوانینە ئەو دیکۆمێنتو بەڵگەنامانەی دەستەی دادیاریی گشتی سوور دەزانێت ویژدانی گشت مرۆڤایەتی دەهەژێنن. وەک ئێوەیش ئاگادارن، قەوارەی ئەو پرۆسەیەی لەبەردەستدایە بریتییە لە 9312 لاپەڕە، بەڵام وا دەردەکەوێت تەنانەت ئەو بەڵگەنامە تێرۆ تەسەلانەیشی لەم پرۆسەیەدا هەن توانای بەتەواوەتی خستنەڕووی ئەو دیمەنی دڕندەییو بەربەرێتییە دەرخەن کە قوربانییانی دووچاری بوون. دەیەها هەزار گیرۆدەی ئەوان هەنو ئامادەن بێنە بەردەم ئەم دادگایە لەبری خۆیانو ئەوانەیشی لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەدا نێژران کە پەرشە بە گشتلایەکی عیراقدا، دەست دەخەنە سەر قورئانی پیرۆز تا ڕاستی ئەو نەهامەتییانە بگێڕنەوە کە چەشتوویانە. بەڵام ئەوانەی ماوەی ئامادەبوونمان داون هەندێکن لەوانەی شانس یارمەتیدان لەژیاندا بمێنن، دێنو ئەوە دەگێڕنەوە کە بینیانو بیستیانو چەشتیان. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤایەتی کە ئێوە دەمڕاستیانن ئەرکو باری ئەو تاوانانە بزانن کە دژ بە گەلی کوردستان کرا.





**سەرۆکی ڕێزدار. ئەندامانی ڕێزدار..**

دەستەی دادیاری گشتی زۆر بەڕێزەوە لەدادگای پایەدارتان دەخوازێت وردو چاک گوێ ڕادێرن بۆ سەرگوروشتەی ئەو ڕووداوانە، چونکە باوەڕ بەڕادەی دڕندەیی ئەو تاوانانە کردن لەتواناو کێشی مێشکی مرۆڤ بەدەرە. دێهات یەک لەدوای یەک دەسووتان بە بۆردومانی تۆپو مووشەکو چەکی شیمیاویو پاشان لەگەڵ زەویدا تەخت دەکران وەک ئەوەی هەر بەتەنها کوشتنی دانیشتووانی بەسنەبێت. بەوجۆرە هەزاران گوند وێرانکراو دانیشتووانی یەک لەدوای یەک بەخاکی پانو بەرینی عیراقدا پەرتەوازە کران. ئێستایش ژن چاوەڕوانی مێردی دەکات،و کەسوکار چاوەڕێی گەڕانەوەی بەچکەکانیان دەکەن، بێوەژن بێهوودە بوونو جەرگسوتاوان پەژارەن لەبەر نەگەڕانەوەی ئەو خۆشەویستانەی پاشان دەرکەوت بوونەتە قوربانی باری دڕندەییتیو بێبەزەییتی. کۆمەڵی مرۆڤ هەن دووچاری برسێتیو ئەشکەنجە بوون یان دەستدرێژی کراوەتە سەر ئابروویان، هەیشبوو ڕاگوێزان بۆ هەرێمی ترو لەوێ وەک عیراقی مردن هەر لەبەر ئەوەی کورد بوون. هەتاهەتایە ناوی ئەنفال لەفەرهەنگی کوردیدا دەمێنێت، وشەی ئەنفالکاراو بوو بە ناسناو بۆ ئەوانەی تا ئێستایش بزرن. بیستنی وشەی ئەنفال ئێشو ئازاری ئەوڕۆژانە دێنێتەوە یاد کە تێیدا دانیشتووانی لادێی کوردی لەپێناسەو نەریتی کوردبوون بەولاوە هیچی تریان پێنەما.

**سەرۆکی ڕێزدار ، ئەندامانی بەڕێز..**

دەخوازین بۆ دادگای پایەدارتان ڕوونکەینەوە چۆن ئەو ئۆپەراسیۆنانە ئەنجامدراون. هێزێکی گەورە پەنا بە زرێپۆشو تۆپ چڕ گەمارۆی ئەو دەڤەرانەی داوە بەمەبەستی گواستنەوەی دانیشتوانو ڕێگەی دەربازبوون لەگشتیان ببڕن، لەئاسمانیشەوە فڕۆکەی جەنگیو هەلیکۆپتەر پشتگیری

هێزی زەمینی بوون بۆ لێدانی بەرهەڵستکارو ئەو هاووگوندییانەی دەیانکۆشی هەڵبێن. کەهێز دەچوونە نێو گوند بۆ کۆکردنەی دانیشتوان، بێ چاوپۆشی دەیانخنینە نێو لۆری سپاییو دەیانگواستنەوە بۆ ئۆردوگا بێلەوەی بهێڵن هیچ لەگەڵ خۆ هەڵگرن، جگە لەوەی لەگیرفاندا بوو. گشت ئەو ئاژەڵو داراییەیان جێما کە پاشان هێزەکانی هێرشبەر تاڵانی کردن، گشت خانووبەرەی گوندییان سووتانو وێرانکران. هەرگیز ئەو بارە دژوارەی گوندنیشینە تۆقێنراوەکان لەگێڕانەوە نایەت. بەتایبەتی ئەوانەی هەڵهاتن بۆ دەشتو کێوو هەڵدێرو ئەشکەوت. یان ئەوانەی شەو بەمنداڵەوە خۆیان دەدزییەوە بەرەو شارو کۆمەڵگای تر تا ڕزگاربن لەو برسێتیو ترسو تینوێتییەی تێیکەوتبوون. زۆریان لێ کوژران یانیش بریندار دەبوون یان دەکەوتنە نێو بۆسەکانی دوژمنەوە. بەر لەگێڕانەوەی یەکیەکەی قۆناغەکانی هێرش، کە دیارە کراو بە 8 قۆناغی جیاواز، بەپێی نەخشەی وردو دروستی پلان بۆ ڕێژراو ئەنجامدرا. پێش دەستپێکی ئۆپەراسیۆن بەمەستی گیردانی گوندنشینو دانئشتووانی، لەگشت دەڤەرێکدا ئۆردوگایان بۆ ئامادە کردبوو. ئەو هێرشانەی ئەنفال سەرتاپا بریتییبوون لە پرۆسەیەکی لەپێشدا نەخشە بۆکێشراوو بەپێی پێداویستی کاتو شوێن کردوویانە بە 8 بەش. ئێستایش یەک لەدوای یەک قۆناغەکان بۆ دادگای بەڕێز شیدەکەینەوە:

**هێرشەکانی ئەنفالی یەک:** سەرەتا ڕۆژی 22/ 2/ 1988 کۆمەڵێک هێرش بەچەکی شیمیاییو کلاسیک لەزەویو ئاسمانەوە کرا بۆسەر دۆڵی (جافەتی) سەربە پارێزگای سلێمانی، ئەو هێرشە بەتایبەت گوندەکانی (سەرگەڵو) (بەرگەڵو) (یاخسەمەر)ی گرتەوە تێیدا ژمارەیەکی کەم هاووڵاتی سقیل دەست هێزی هێرشبەر کەوتن چونکە زۆر لەوان هەڵهاتبوون بەرەو سنووری وڵاتانی دراوسێ. زۆرکەس لەئەنجامی ئەو هێرشەی لەشکر مردن، بەتایبەتی





ئەوانەی بۆردومانی شیمیایی گرتنیەوە. بەوە ئاشکرابوو، ئامانجی سەرەکی لەهێرشەکانی ئەنفالی یەک داگیرکردنی بنکەکانی هێزی بەرگریی کوردو وێرانکردنی گۆمەڵگاکانی سقیلی دۆڵی (جافەتی) بوو، ئەوبوو لەرۆژی 1988/3/19دا ئامانجیان پێکا.

**هێرشەکانی ئەنفالی دوو:** لەشکر لەڕۆژی 1988/3/22دا بەچەکی شیمیایی هێرشی کردە سەر گوندی سێوسێنانی سەر بە قەراخ لە پارێزگای سلێمانی، ژمارەی کۆژراو لەوهێرشەدا (70 بۆ 90) کەس دەبووە. هەروەها بۆردومانی شیمیایی گوندەکانی (دوکان) (بەلەکەجاڕ) (مەرسووبی[18])و (جافەران)یشی گرتەووەتەوە. هەر بەو شێوە چالاکییانەی ناوی ئەنفالی پێ زرا، جەند سەد کەس لە گەنجی سقیل دەستگیرکراونو ڕەوانەی بنکەی فریاکەوتنی سلێمانی کراون کە تائێستایش بزرن. هەروەها هێزەکان زۆر خێزانیان بەندکردووەو ڕەوانەی بەندیخانەکانی (دوبز)و (نوگرەسەلمان)یان کردوون، زۆر خێزانیش پاش گرتن شوێنەوەن کردووە. ئەو هێرشەی ئەنفالی دوو تا 1988/4/1ی خایان. (نوگرە سەلمان) کە ناوبرا، دەکەوێتە بیابانی سەماوەی نزیک بە سنووری سعوودییە.

**هێرشەکانی ئەنفالی سێ:** لە 1988/4/7دا پێدەشتەکانی گەرمیانی گرتەوە، تێیدا هێزەکانی لەشکر پیادە بەچەکی قورسو هاوکاری تانگو هێزی ئاسمانی هێرشی قورسیان کردووەتە سەر پێدەشتی ناوبراوو وەک گوشەر گەمارۆیان داوە. ئەوەی خودی هێزەکانی هێرشبەر ئاشکرای کردووە،

[18] بەبڕوای من هیچ گوندێک لەکوردستاندا بەوناوە نییە. ئەگەرچی بەپێی سەلیقەی خۆم، یان بەگوێرەی سەرچاوە بەشێک لەو ناوە کوردییانەم ڕاستکردووەتەوە کە نووسەر (بێگومان عەرەبێکی کوردی نەزانە) بەهەڵە ناوی هێناون، زۆر کۆشیم ناوی تەواوی ئەم گوندە بدۆزمەوە بەداخەوە نەگەیشتمە ئەنجام / وەرگێڕ

لەهەندێک دەستەی بچووک بەولاوە هیچ هێزێکی بەرگری ئەوتۆ مەزنی کورد بەرنگاریان نەبووە، ئەوە دەگەیێنێت کە هێرشەکەی ئەوان بەرانبەر بە ژمارەی بەرەنگاربووان یەکجار زۆربووە. هەروەک هێزی لەشکری هێرشبەر لەگوندی (تازەشاری بچووک) چەکی شیمیایی بەکارهێناوە. سەرئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی سڤیل دەستگیر کراون‌و ڕەوانەی گرتووخانەکانی (دووبز) (تۆپزاوا)و (نوگرەسەلمان) کراون. ئەوەیش ئاشکرابوو ژمارەیەک پیاو لەوەتەی گیراون تائێستا شوێنەوەنن، زۆر لەو ژن‌و پیاوو منداڵ‌و پیرانەی دەستگیرکران ڕەوانەی گۆڕەپانەکانی مەرگ کراون لە دەڤەری ڕومادی‌و سەماوە. دواقۆناغەکانی ئەنفالی سێ لە دەوروبەری 20 / 4 / 1988 دا بووە.

**هێرشەکانی ئەنفالی چوار:** لە 1988/5/3دا پێش لە هێرشی سەرباز، بەچەکی شیمیایی‌و فرۆکە هێرشی قورس کراوەتە سەر گوندەکانی (عەسکەر)و (گۆپتەپە) لە دۆڵی زێی بچووک لە ئەنجامدا سەدەها کەسی سڤیل کۆژراون‌و هێزی هێرشبەر ژمارەیەکیان لەوانە دەستگێر کردووە کە تا ئەوسا لەژیاندا مابوون. هەروەک زۆر خێزانیان لە گوندی (عەسکەر) دەستگیر کردوەو گواستوویانەتەوە بۆ ئۆردوگای (سووسێ). لەئەنجامی هێرشی ئەو هێزانەی بۆسەر گوندەکانی دەڤەر زۆر گوند وێرانکراون‌و سووتێنراون‌و زۆر لە دانیشتووانییان گرتوون‌و گواستوویاننەوە بۆ گرتووخانەکانی (دووبز)و (تۆپزاوە)و (نوگرە سەلمان). لێرەیشدا وەک قۆناغەکانی تری ئەنفال، بزربوونی ژمارەیەکی زۆر لە ژن‌و پیاوو منداڵی گوندەکانی (بۆگد) (کانیبی) (قایە)و (قزلەر) ئاشکرا بوو. کاتێک ئەو قۆناغەی ئەنفالیش تەواوبووە کە گشت گوندەکانی ئەو دەڤەرە وێران بوون.





**هێرشەکانی ئەنفالی پێنجو شەش‌و حەوت:** لە 15/ 5/ 1988ـەوە تا ڕۆژی 28 /8 /1988ی خایاندووە. لەو قۆناغانەدا هێزەکانی سپای هێرشبەر گوندی (دارا)و گوندەکانی (دۆڵی شەقڵاوە)و (ڕەواندز)یان بەچەکی شیمیایی لە ئاسمانەوە بۆردومان کردووە لەئەنجامدا زۆر سیڤیل کوژران. لەڕۆژی 1988/5/23دا ڕیزێک هێرشیان کردووەتە سەر گوندەکانی ( بالیسان ـ سەیرانە ـ هیران‌و سماقولی) هەروەک لە پێشقۆناغدا پیاوەکانیان گرتوون‌و ڕووەو ڕێگەی نەهاتیان ڕەوانە کردوون، ژن‌و منداڵیشیان بە لۆری گواستەووەتەوە بۆ چەندین ئۆردوگای جیاجیا.

**هێرشی ئەنفالی هەشت:** لەنێوان 1988/8/25 و 1988/9/6دا سنووری پارێزگای دوهۆکی گرتەوە لە دەڤەری بێهدینان‌و تا پاش جەنگی عیراق‌و ئێران درێژەی بوو. لە 1988/8/25دا هێزەکانی هێرشبەر بەچەکی شیمیایی بۆردومانی گوندەکانی (برجینێ)و (تیکا)یان کرد، سەرئەنجام زۆر لە گوندییانی سڤیل هەڵهاتوون بەرەو سنووری تورکیاو دۆڵ‌و چیا بەرزەکانی نزیک بە گوندەکانیان، هاووڵاتی زۆر لەبەر برسێتی‌و نەخۆشی یان بەهۆی گازی شیمیاییەوە مردن‌و زۆریشیان لێ گیراوەو گواسترانەتەوە بۆ گرتووخانەکان، سەرئەنجام ژمارەیەکی زۆریان لێ سەرنوگوم کراوە.

**سەرۆکی بەڕێز، ئەندامانی بەڕێزو هێژا...**

پاش روونکردنەوەی قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال، پێویستە بزانین چی بەسەر ژن، پیاو، منداڵ‌و پیرەکانی ئەو گوندە کوردییانە هات کە دەستگیرکران‌و گوێزرانەوە بۆ گرتووخانەکانی وەک (تۆپزاوا) (دووبز)و (نوگرەسەلمان) کە پێشتر بۆیان ئامادە کرابوو، بەتایبەتی ئەو ژن‌و منداڵ‌و پیرانەی جارجارە لە گەنجانیان جودا دەکردنەوەو بەرەو نادیاریان دەناردن. هەروەها ئەو بەندکراوانەی لە بارودۆخی زۆر سەخت‌و ناهەمواردا ژیان، چونکە لەو

گرتووخانانەدا تەنانەت بێبایەخترین پێداویستی ژیان نەبووە. سەرباری ئەوەیش یاساوڵو لێپرسراون دڕندەترین هەڵوێستیان لەگەڵ بەکارهێناونو دووچاری لێدانو ئەشکەنجەو سووکایەتی بوونو بەهۆی بێنانیو خواردنەوەوەی ئاوی پیس تووشی جۆرەها نەخۆشیی وەک، سکچوونو ڕشانەوە بوون زۆرجار دەبوو بەهۆی مردنی بەتایبەتی منداڵ. ئەوەی بمردایە دەبوو هەر خودی بەندکراوان لەپاڵ گرتووخانەکانداو لەژێر چاودێری سەختی یاساوڵ، بێ پرسەو نەریتی تایبەت بیاننێژن، بەتایبەتی ئەوانەی بەندیخانەی نوگرەسەلمان کە مردوویان لە چاڵگەلێکدا دەشاردەوە وەکپێویست قووڵ نەبوون، پاشان سەگو ئاژەڵی کێوی زۆر بەئاسانی دەریهێناونو خواردوونی. جۆرێتر لەو ئەشکەنجە دەروونییەی بەندکراوان چەشتوویانە، بەتایبەتی دایکان، ئەوەیە کە کاتێک یاساوڵ منداڵانی لەنێو هاوارو قاوقیژەدا بردووەو بۆ ماوەی زۆر لەدایکان دوورخرانەتەوە، بزانن ئەوە چیجۆرە ئازارێکی دەروونی سەخت دەگەیێنێت بە دڵی دایک؟! ئەوەو زۆر لەو هەڵوێستانەی تری لەو گرتووخانانەدا ڕوویداوە ناوچەوانی مرۆڤیان پێ تەڕدەبن، بۆ نموونە ئەوەی یاساوڵو لێپرسراوانی گرتووخانە ئابڕووی کچانی گەنجیان بردووە لەچاو ئازارو ئەشکەنجەی تری بەندکراوان بە یەک مشت لەدەریا دەژمێردرێت. هەروەها لەو گوندانەی هێرشیان دەکرایە سەرو بە قورسترین چەکی وێرانکەرو هەزاران ژنو منداڵو پیریان کوشتووە. ژمارەی ئەوانەی لەدەست هێرشبەران دەرباز دەبوون لەوانە کەمترنین کە خاوخێزانی بەرکەوتوون. دیارە هەرکەس توانیبێتی سنوور ببڕێت ئەوا ڕزگاری بووەو ئەوەی ماوەتەوە مرگ بووەتە چارەنووسی. ژن بەدەم ڕێگەوە منداڵی بووەو پاشان منداڵەکە مردووە. یان لەڕەوی بەرەو سنوورەکانی ئێرانو تورکیادا زۆر منداڵ بەرگەی ڕێگەی چەند کیلۆمەتری نەگرتووە لە سەرەڕێکان مردوون. گۆڕی هیچ پیرەمێردو پیرێژنی مردوویش لەو





ڕەوکەرانە دیاری نییە تا کەسووکار بۆ یادەوەری بێنەوە سەریو بۆیان بگرین. خودایە پەشیمانی خۆم دەردەبڕم... لە گشت چرکەیەکداو هەردەم لێبوردنت لێ دەخوازم... بۆ ئەوەی بەسەر ئەم میللەتە خۆڕاگرەمدا هاتووە لەدەست ئەو تاواکارانەی هەرگیز مێژوو لەوجۆرە تاوانەی بەخۆوە نەدیوە. دەبێ ئەو مێژووی خوێڕێتییە وەک مۆرکی شەرمەزاری بنووسێت بە تەوێڵی ئەو ئەنجامدەرانەوە کە بەوخودایە لە کەسانی ترسنۆکو بێبەزەییو ناپیاو بەولاوە کەسیتر ئەوە ناکات.

**سەرۆکی بەڕێز، ئەندامانی بەڕێزو هێژا...**

پاش ئەو کورتە ڕوونکردنەوەیە وەبیرتان دهێنینەوە کە ئەنفال ڕووبەڕووی کردووینەتەوە لەگەڵ پرسێکی ترسانگیز کە بریتییە لەوەی زۆر پێش هێرشەکانی ئەنفال دەستکراوە بە گواستنەوەی گوندییانی کورد بۆ ئۆردوگای دوور لەشوێنی نیشتەجێبوونیان. دیارە بەمەبەستی نەهێشتنی داڵدە بۆ هێزەکانی بەرگریی کورد تا بەچاکی کۆنترۆڵی کۆمەڵگاکان بکەنو لەهێزەکانی بەرگرییان دابڕن. ئەوەبووە ئامانجی ئاشکرا لە گواستنەوەی گوندییان بۆ ئۆردوگاکان. بەڵام ئەگەر بەڕاستی ئەوە بووبێت مەبەست دەبوو دانیشتووانی ئەو گوندانەیشی بەر هێرشەکانی ئەنفال کەوتن وەک ئەوانی پێش بگوێزرێنەوە بۆ ئۆردوگای لەوجۆرە. بەڵام لەبری ئەوە ئەمانیان نارد بۆ مەرگی تۆقێنەر. ئەگەر بگوترێت ئەوە سزا بووە بۆیان چونکە ملکەچی فرمان نەبوونو نەیانویستووە بگوێزرێنەوە بۆ ئۆردوگا. ئەوسا دوو باوەڕ لەلای دادیاری گشتی پەیدا دەکات:

یەکەم: ئەوە نارەوایە کە مرۆڤ لەسەر پەیوەستبوون بەو زێدەوە بکوژرێت کە تێیدا لەدایک بووەو مەڵبەدی بژێوییەتی.

دووهەم: دەبێ تاوانی منداڵ چیبێت؟ کە خاوەن هیچ بڕیارێکی مان یان نەمان نەبوون لەو گوندان ئەوجایش چارەنووسیان لەوانەی دایکو بابیان بەدەر نەبوو. لەوانەیە کەمێک باوەڕ بە هەندێک لەوجۆرە بەهانەیە بکەین بەرانبەر بە گواستنەوەی یەک یان دووکەس یان تەنانەت دە کەس، بەڵام کە کار بگاتە قەلاچۆکردنی دەیەها هەزار کەس کە نیوەی ڕاستییان ژنو منداڵبن، پرۆسەکە زۆر قووڵتر دەگەیێنێت.

**سەرۆکی بەڕێز، ئەندامانی بەڕێزو هێژا...**

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە بەشێک لە بەندکراوان بەرەو نادیار ڕەوانە کراون، تا ماوەیەکی زۆر دوور چارەنووسی ئەوان لە کەسوکار نادیاربوو تا ئەوکاتەی لەگۆڕی بەکۆمەڵو شوێنی جیاجیای عیراق دۆزرانەوە، وەک ئەوانەی حەزەری نزیک مووسڵو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی نوگرەسەلمان. پسپۆرەکانی بواری گۆڕی بەکۆمەڵ ئێسکو پروسکی 123 قوربانییان لەیەک شوێنی دەڤەری حەزەری لای مووسڵدا دۆزیوەتەوە، جگە لەو نزیکەی 150 تەرمیەی ناچاربوون جێهێڵن، دەرکەوت هیچ لەشێکی نێرینەیان تێدا نەبووە بەڵکو تەنها ژن بوون لەگەڵ منداڵی ساوای لەدایک نەبوو تا تەمەنی پێش مێردمنداڵی. قوربانیی نێو ئەو گۆڕانە هەر بەو جلوبەرگە کلاسیکییەوە دۆزرانەوە کە کورد لەبەری دەکەنو لەگەڵ هەندێکییان کەرەستەی ماڵی بینراوە کە ئەوە نیشانەیە بۆ هەڵهاتنو لەپڕ دەرپەڕینیان لەماڵ، هەروەک ئەو پسپۆرانە کەلوپەلی تەندروستی تایبەتو دەرمانیان لەوگۆڕانەدا دیوەتەوە کە بەزۆری هینی منداڵی شیرەخۆر بوون تێیدا هەبووە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ئۆگوستی 1987 کە لەخۆیدا نیشانەیە بۆ سەلماندنی ڕاستی وتەی دیدەران بەوەی قوربانیی ئەنفال بن. هەروەک پسپۆرانی پزیشکی ڕەوشێنی توانییان لە گۆڕە





بەکۆمەڵەکانی حەزەردا قاقەزو بەڵگەنامەیان بدۆزنەوە بریتین لەو پێناسنامانەی کەسایەتی قوربانییان دەردەخات کە دانیشتووی گوندی (جەلمورت) بوون کە لەقۆناغی ئەنفالی دوودا هێرشی کراوەتە سەر. لەگۆڕێکی بەکۆمەڵی تری دەڤەری حەزەردا بەڵگەی سەلمێنەر دۆزرانەوە لەگەڵ دەرهێنانی لایکەم 96 تەرمو هێشتا نزیکەی 150 تەرم ماوە بیپشکنن، دەرکەوت ئەوانە گشتیان نێرینە بوون. ئەوانە ئەوبارە دەردەخەن کە پیاویان لە ژنو منداڵ جودا کردووەتەوە. زۆر لەوانەی لەو گۆڕەدا دەرهێنران دیاربوو بەرگی کلاسیکی کوردییان لەبەردا بووە، بەتایبەتی تەرمی ژنان بەجلی کوردباوی ڕەنگاوڕەنگو بریسکەدارەوە بوون. لە گۆڕێکی بەکۆمەڵی موسەننادا دەرکەوەت (90%)ی قوربانییان لە تەمەنی 12 ساڵ یان کەمتردا بوونو کەلوپەلو کارتی ناسنامەی لەو گۆڕەدا دۆزرانەوە دەریخست خاوەنەکانییان دانیشتووی گوندی کەلیجانو حەیدەر بوون کە لە ئەنفالی سێدا هێرشیان کرایە سەر.

**سەرۆکی بەڕێز، ئەندامانی بەڕێزو هێژا...**

ئێستایش لە دوائاماژەمدا بۆ دەسپێکی ئەم پرۆسە گەورەیە. دەمەوێت لە کۆتاییدا ئەوە ئاشکراکەم کە؛ کاتێک هاووڵاتییانی کوردستان کۆدەکرانەوە بۆ نیشتەجێکردن لەشوێنی دوور، زۆریان ئاواتی ئەوەیان خواستووە لەوشوێنانە هێوەر بژین، زۆریشیان بە دڵتەنگی پێشبینیی ئەوەیان کردووە کە بەرەو چارەنووسی نادیار دەڕۆن. باوکان ویستوویانە بەجۆرێک ڕووی خۆیان گەشبینین نیشان بدەن، بەڵام وەکتر لەناخدا دەسووتان بۆ چارەنووسی نادیاری ئەو بەچکانەی دووردەخرانەوە لەباخو بێستانو دارایی جیهانیان. باوک هانی منداڵیان داوە چییان پێخۆشبێت لەگەڵخۆی هەڵیگرن بۆئەوەی دیاردەی یادەوەرییان پێ بمێنێت. یەکێک لەو منداڵانەی هەتاهەتایە بێناو

دەمێنێت، یەکێک لەوانەی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەزەردا بینرایەوە یەک تۆپی چکۆلەی بەدەستەوە بووە لە تەنیشت تەرمە پووکاوەکەی دایکییدا ڕاکشاوبوو. وێنەیەکی تریش هێنی ئەو منداڵەیە کە مەمکەمژەیەکی لەتەنیشت بوو. ئەوانەن وێنەی جەرگبڕی منداڵانی ئەو ئەنفالە کە لەلای کورد بووەتە وشەی باو. لەکاتی پێشکەشکردنی وێنەو بەڵگەنامە تایبەتەکاندا ئەو وێنانە نێشان دەدەین کە لەگۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزراونەتەوە. ئەوکات بۆ دادگای بەڕێزتانی دەردەخەین تراژیدیاکە چەند گەورەترو جەرگبڕترە، بەتایبەتی هێنی منداڵانی لەوگۆڕانەدا دۆزراونەتەوە.

لەکۆتاییدا تەنها یەک وتەی خودای خاوەنشکۆ ماوە بیڵێین: بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان: [ئەگەر لەکیژی زیندەبەچاڵکراو پرسرا، بەچی تاوانێک کوژرا ...][19] ڕاستەفەرموودەی خودای مەزن.

مەسیحی سەروەریشمان درووودی خودای لەسەربێت گوتوویەتی (بهێڵن با منداڵان بێن بۆلام) بەڵام ئەی مەسیحی سەروەر، ئەوان منداڵیان نەماوە تا بیانهێنن بۆلای ئێوە چونکە ئەوان بەگازی شیمیایی مردن یانیش لەژێر لمی بیابانەکانی باشووری نزیک بە سنووری سعوودیە زیندەبەچاڵ کراون، یانیش گوللەی نارەوا کوشتنی وا ڕەوانی پاکو بێگەردییان **بەملاولای تەختە مەزنەکەی تەنیشت دار نەبگەکە**[20] لەگەڵ فریشتەو پێغەمبەرو پیاوچاکان دەخولێنەوە فەرموو بەڕێزت بچۆرە لایان، چونکە ئەی پێغەمبەری ئاشتیو لێبوردنو ئەوین، ئەوان پێویستییان بە سۆزو بەزەیی ئێوە هەیە. خودایە تۆ کە پەناو داڵدەی بۆ من، بمبەخشەو لە دڕندەیی ئەهریمەنی ناپەسەندم

[19] (( بسم الله الرحمن الرحيم* إذا الموؤدة سُئِلت* بأي ذنب قُتِلت)) ـ وەرگێڕ

[20] ... حول العرش العظيم عند سدرة المنتهى ... ـ وەرگێڕ





بەدوور بگرە. پەنام بەمەزنیو توانای تۆیە، ئەو بەڵێنەتان ڕاستە کە ئێوە ماوەدەرەن بەڵام لەیاد ناکەن. ئەوجا بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئەو تاوانانە دەخوازین دادگا گوێ ڕادێرێت بۆ سەرگوروشتەی دیدەرانو بەڵگەو دیکۆمێنتە فەرمییەکان لەبەرچاو بگرن.

ئیتر بە هێمنیو بەهرەو بەخششی خوداتان دەسپێرم.



دادگای سزایی دوو پێکهات بە سەرۆکایەتی دادوەر موحەممەد عریبی مەجید الخەلیفە، لەدایکبووی ساڵی 1969ی گەرەکی کەڕرادەی بەغدا. ساڵی 1987 چووەتە کۆلیژی یاساو ڕامیاری، 3 / 10 / 1992 لێی دەرچووەو بووە بە پارێزەر، لە 14 / 9 / 1998دا چووەتە پەیمانگای دادەوریو لە 23 / 9 / 2000دا خولی 23ی بڕیوەو بە فرمانێکی کۆماری بڕیاری دامەزرانی دراوەو بووە بە دادوەری پلەی چوار لە دادگای بەرایی شامییە لە پارێزگای دیوانیە، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ دادگای لێکۆڵینەوی دیوانیە. لە 1ی ئۆگستی 2004 بووە بە دادوەری لێکۆڵەرەوە لە دادگای سزایی عیراقی باڵا، پاشان بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی دوو لەدادگای سزایی. بە وەرگرتنی ئەم پۆستەی ئێستای وەک سەرۆکی دادگایی ئەنفال، ناوی چووە ناوانو چوە ڕیزی ئەو دادوەرە مێژوویانەی لەداهاتوودا شوێنپەنجەیان دیاردەبێت.

**کۆڕی 61 لەدانیشتنەکانی دادگایی ئەنفال تەرخانکرا بۆ دەربڕینی بڕیاری داد؛ فەرموون ئەمە دەقی بڕیارەکانییەتی سەبارەت بە تاوانباران:**

ڕۆژی 2007/6/24 دادگایی سزایی دووی سەر بەدادگای سزایی عیراقی باڵا، بەسەرۆکایەتی دادوەر موحەممەد عریبی مەجید الخەلیفەو تەواوی ئەندامان پێکهاتو ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

## بەناوی گەل

**یەکەم: تاوانبار تاهیر تۆفیق یوسف ئەلعانی**



لەبەرئەوەی دژ بە گومانلێکراو تاهیر تۆفیق یوسف ئەلعانی بەڵگەی تەواوی پێویست کۆنەکرایەوە لەمەڕ ئەو تاوانانەی خرابوونە پاڵی. بەپێی دەسەڵاتی بەندەکانی (11) یەک/ أ، ب، ج ـ (12) یەک/ أ ، ب، ج، د، هـ و، ح، ض، ي ـ (13) چوار/ أ، د، هـ ح، ل لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە (10)ی ساڵی 2005 دادگا بڕیاریدا بە: سڕینەوەی ئەو تاوانانەی خرابوونە پاڵیو دەستبەجێ سەربەست بکرێت ئەگەر بڕیاری دەستگیرکردنی لەبەر تاوانیتر لەسەر نەبێت.

ئەمبڕیارە بەهاوپەسەندی دەرکرا، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (182) / ج، هـ لە یاسای ڕەوشە یاساییەکانی سزایی ژمارە (23)ی ساڵی 1971ی پوختەکراو.

ئەم بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە بەهاوەدەنگی لە 24/ 6/ 2007دا دەرچووەو بە ئاشکرا ڕاگەیێنرا.





**دووهەم: تاوانبار فەرحان موتلەگ ساڵح ئەلجبووری**

**بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان**



فەرحان موتلەگ ساڵح ئەلجبووری.

تۆ ساڵی 1987 بەرپرسی دەزگای زانیارگری هەرێمی باکووری سەربە بەڕێوەبەرایەتی زانیارگری گشتی بوویت، کارو فرمانت کۆکردنەوەی زانیاری بووە لەسەر جموجۆڵ لەهەرێمی باکوورو بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەرایەتی زانیارگری گشتیو دیاریکردنی شوێنی مەبەستت. کاتی چالاکییەکانی ئەنفال ئەو دەزگای زانیارگرییەی تۆ سەرکردەی بوویت، گرێدرابوو بەو نووسینگەی ڕێکخستنەی باکوور کە تاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجید سەرکردەی بوو. تۆ ڕاپۆرتی تێروتەسەلت لەسەر گشت جۆرە جموجۆڵێکی هەرێمی باکوور داوە بەتاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجیدو نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور. لەسەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکانی تۆ کە شوێنی دیهاتو گۆمەڵکە مرۆییەکانی هەرێمت بۆ دەستنیشان کردوون، هێزەکانی سپا ئەو هێرشە بەرفراوانو بەنەخشانەی کردە سەر گوندە کوردییەکانی باکووری عیراق کە پاشان نێونرا ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالو لەئەنجامیدا کەسانی سڤیلی زۆر ڕەوانەکران بۆ ئەو دەزگا زانیارگرییەی تۆ لێپرسراوی بوویت، لەوێ کارمەندانی ژێر دەسەڵاتی تۆ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردوونو ڕەوانەی نووسینگەی ڕێکخستنی باکور کراون. زۆر لەوان بێدادگایی کوژرانو ئەوەی مابوو ڕەوانەتان کردوون بۆ ئۆردوگاو گرتوخانەکان. لەماوەی پێش ئەنفالو کاتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالدا بە پێزانینەوە بەشداربوویت لە کوشتنی سڤیلی

کورد بەو هێرشە بەرفراوانە لەشکرییەی کرایە سەریان‌و بەگشت جۆرە چەکێک لێیاندان، لەوانە بۆردومان بە گازی شیمیایی بەمەبەستی قەلاچۆکردنی گشت یان بەشێک لەوان. بۆیە بە بەشداربوو دادەنرێیت لەتاوانی کۆکوژی.

بەڵگەنامەکانی بەردەست بەسن بۆ تاوانبارکردن‌و سزادانت لەسەریان، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (11) یەک/ أ، ب، ج ـ دوو/ هـ و ـ ئاماژە بە بەندی (15) یەک/ دوو ـ بەندی (24) لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005و دیاریکردنی سزاو لەبەر ڕۆشنایی بەندی (1/406) أ، ب. لەگەڵ ئاماژ بە بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لە یاسای سزایی عیراق ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو.

**تاوانەکانی دژەمرۆڤ:**

فەرحان موتلەگ سالح. تۆ لەکاتی چالاکییەکانی ئەنفالدا بە بەشداری تاوانی هاوبەش دادەنرێیت چونکە لەگەڵ تاوانبارانی تر بە ئارەزوو بەشداربوویت لە دارشتنی پلان بۆ ڕەخساندنی هێرشی بەرفراوان‌و نەخشە بۆکێشراو دژ بە دانیشتووانی سڤیلی کورد لە گوندە کوردییەکانی باکووری عیراق کە بەهۆی یەکە سپاییەکانی لەشکری یەک، دوو، پێنج ئەنجامدراو گشتجۆرە چەکی تێدا بەکارهات، لەوانە چەکی شیمیایی کە بە تۆپ‌و فرۆکەی جەنگی‌و هەلیکۆپتەر بۆردومان کران. لەئەنجامی ئەو هێرشە سیستێماتیکییانە هەزاران سڤیل‌و بێتاوان کوژران، گوند کاول کراون، سووتێنران‌و دانیشتووانیان ڕاگوێزران‌و بەزۆر دوورخرانەوە. ئەوانەییشی لەژیاندا مابوون هێزەکانی لەشکر گرتوونی‌و ڕەوانەی ئەو دەزگای زانیارگرییە کراون کەتۆ سەرۆکایەتیت دەکرد، تۆیش ناردوونت بۆ نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور، لەوێیشەوە ڕەوانەکراون بۆ بەندیخانەو





گرتووخانەکانی تۆپزاواو سەربازگەی دووبزو نوگرەسەلمان. لەوێیش برسی کراون‌و لەئەنجامی کەمخۆراکی‌و نەبوونی دەرمان‌و ئەنجامی هەڵوێستی نامرۆڤانە زۆریان چەشتووە، بۆیە زۆریان بەهۆی برسێتی‌و بێدەرمانییەوە مردوون، هەزاران کەس لەوان بزربووەو پاشان ئێسک‌و پرۆسکیان لەگۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرایەوە. ئەو کردەوانەی سەرەوە بەشێکن لەتاوانی دژەمرۆڤ. بۆیە بەڵگەنامەکانی بەردەست بەسن بۆ تاوانبارکردن‌و سزادانت بەگوێرەی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ أ، ب، د، ط ـ و ئاماژی بەندی (15) یەک‌و دوو و بەندی (24) لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و بەندی (406/ 1) أ، ب، و ـ و ئاماژی بەندەکانی (47،48،49) لەیاسای سزاکانی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. ئەم بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە، بەکۆی دەنگ لە 24/ 6/ 2007دا دەرچوو، بە ئاشکرا ڕاگەیێنرا.

1 ـ تاوانبار فەرحان موتلەگ سالح ئەلجبووری، لەسەر بەشداربوونی لە تاوانکارییەکانی کوشتن بەدەستی ئەنقەست کە بەتاوانی قەلاچۆکردنی گشتی دەژمێردرێت، سزادرایت بە بەندبوون تا پاشماوەی ژیان بەپێی دەسەڵاتی بەندی (11) یەک/ أ ـ دوو/ هـ ـ لەگەڵ بەندی (24) لەیاسای دادگای سزایی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005، ئەو سزایە بەپێی دەسەڵاتی بەندی (406/ 1) أ، ب، و ـ و لەسەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47-48-49) لە یاسای سزاکانی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو دیاریکراوە. ئەم بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە، لە 24/ 6/ 2007 بەکۆی دەنگ دەرچووەو بە ئاشکرا ڕاگەیێنرا.

2 ـ تاوانبار فەرحان موتلەگ سالح ئەلجبووری، لەسەر بەشداربوونی لە تاوانکارییەکانی کوشتن بەدەستی ئەنقەست کە بە تاوانی قەلاچۆکردنی گشتی دەژمێردرێت، سزادرا بە بەندبوون تا پاشماوەی ژیانی بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ أ ـ لەگەڵ بەندی (15) یەکو دوو ـ بەندی (24) لەیاسای دادگای سزایی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 . ئەوسزایە دیاریکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (406/ 1) أ، ب، و ـ و لەسەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47 ـ48 ـ 49) لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. ئەم بڕیارەی کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە، لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ دەرچووە،و بەئاشکرا ڕاگەیێنرا.

3 ـ تاوانبار فەرحان موتلەگ سالح ئەلجبووری، لەسەر بەشداربوونی لە تاوانکاریی دوورخستنەوەی هاووڵاتییان یان بەزۆر ڕاگوێزانیان، کە بەتاوانی دژەمرۆڤ دەژمێردرێت، سزادرا بە (10) ساڵ زندانی بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ د ـ و لەسەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەکو دوو، هەروەها بەندی (24) لە یاسای دادگای سزایی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. ئەو سزایە دیاریکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (421/ ب) أ، ب لەیاسای سزاکانی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. ئەم بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ دەرچووە،و بە ئاشکرا ڕاگەیێنرا.

4 ـ ئەو ماوەیە بۆ تاوانبار فەرحان موتلەگ ئەلجبووری بەرچاونەگیرا کە تێیدا بەندبوو، چونکە چارەنووسی لەسەر ئەم گێشەیە دواخرا لەبەر بڕیاری بەندکردنی لەسەر کێشەیتر.





5 ـ ئەو سزایانەی سەرەوە هەندەی پەیوەستن بەتاوانبار فەرحان موتلەگ ئەلجبووری، بەدوای یەکدا جێبەجێ دەکرێن، بەپێی دەستیاری ڕەوشی (65) دوو لەڕەوشەکانی کارڕاییو کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی تایبەت بە دادگاو بەندی (142) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو.

6 ـ بەپێی دەسەڵاتی بەندی (24) شەش لە یاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و بەندی (183) لەیاسای ڕەوشەکانی دادگای سزایی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971 دەست دەگیرێت بەسەر گشت دارایی گوێزراوبارو نەگوێزراوباری تاوانباردا.


7 ـ لە تاوانبار گەیێنرا کە بەپێی دەسەڵاتی بەندی (254) لەیاسای ڕەوشی دادگای سزایی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971 دۆسێی ئەم پرۆسەیە ڕاستەوخۆ دەنێردرێت بۆ ئەنجومەنی پێداچوونەوە بۆ تاوتوێکردن.

8 ـ لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر ئەوکێشەیەی دژ بە تاوانبار فەرحان موتلەگ سالح تۆمارکراوە، بەپێی دەسەڵاتی بەندەکانی (11) یەک/ ب، ج ـ لەگەڵ (12) یەک/ ب، ج، هـ و، ح، ي ـ (13) چوار/ أ، د، هـ ح، ل لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005، دادگا بڕیاریدا ئەو تاوانانەی لەسەری تۆمارکراون بسڕێنەوە. ئەو بڕیارە بە هاودەنگی دەرچووە لەگەڵ دەسەڵاتی بەندی (182) ج لە یاسای ڕەوشەکانی دادگای سزایی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971ی پوختکراو کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە.و لە 24/ 6/ 2007دا بەئاشکرا ڕاگەیێنرا.

**سێهەم: تاوانبار سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری**

**بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان**

**تاوانەکانی کۆکوژی:**



له ئاداری 1987دا، نێوان ئاداری 1987و سەپتەمبەری 1988 ئەندامی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانو بەڕێوەبەری دەزگای زانیارگری گشتی سپا بوویتو کاری سپێردراو بەخۆتو دەزگا زانیارگرییەکەی سەر بە تۆ ئەوەبووە زانیاری کۆکەنەوەو بەرزی بکەنەوە بۆ سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانو سپاسالارو سەرانی لەشکر تا دەزگاکانی تایبەت پلانی لەسەر دابنێن بۆ ئەو ئەنفالەی هێزە سەربازییەکانی لەشکری یەکو دوو،و پێنج ئەنجامیاندا. پاش ئەوەیشی دەزگاکانی سەربەتۆ توێژینەوەیان دەکرد لەسەر ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکانو ئەو چەکانەی تێیدا بەکاردەهات، پاشان تۆ بەرزت کردوونەتەوە بۆ سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانو سپاسالارو پێشنیاری خۆیشتان سەبارەت بەڕادەی کارابوونی ئەو چەکانەو چۆنێتی کارکردنیان بۆسەر ئەو دەڤەرەو باری گونجاوبوونی کەشو باو دۆخی جوگرافی بۆ بەکارهێنانت هاوپێچ دەکرد، هەروەک لەگەڵ ئەفسەرانی پسپووری بەشی سێی دەزگاکەتان دەکەوتنە توێژینەوە لەسەر چەکی شیمیاییو توانای بەکارهێنانی دژ بە کورد لە باکووری عیراقو ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەت داوە بە تاوانبار سەددام حوسێن. هێزەکانی سپا لەهێرشەکاندا چەکی شیمیاییان بەکارهێنا بەشێوەی فراوان دژ بە سڤیلی کورد لەباکووری عیراق کە سەرئەنجام بووە هۆی مردنی هەزارانو ڕاگوێزانی هەزاران کەس





لەوانەی مردن نەیگرتنەوە، هەزارن گوندی کورد وێرانکران، گشت ئەوانە بوونە هۆ بۆ تاوانی کۆکوژی.

بەڵگەکان بەسن بۆ تاوانبارکردنو سزادانت بەپێی دەسەڵاتی بەندی (11) یەک/ أ، ب ـ و بەر ڕۆسنایی بەندی (15) دوو، دیاریکردنی سزا بەپێی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ و بەندە هاوبەشەکانی ( 47،48،49)ی یاسای سزایی عیراق ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. بڕیارە بەکۆی دەنگ لە 9ی جەمادولئاخیرەی 1428 ڕێکەوت بە 24/ 6/ 2007 ڕووبەڕوو ڕاگەێنرا.

**تاوانەکانی دژەمرۆڤ:**

لەئاداری 1987وە تا سەپتەمبەری 1988 ئەندامی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانو بەڕێوەبەری دەزگای زانیارگری گشتی سپا بوویتو کاری سپێردراو بەخۆتو دەزگای زانیارگریی سەربەتۆ ئەوە بووە زانیاری کۆکەنەوەو بەرزی بکەنەوە بۆ سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانو سپاسالارو فەرماندەی لەشکرەکان تا دەزگاکانی تایبەت پلانی لەسەر دانێن بۆ ئەنفال ئەوجا خۆتو بنکەکانی سەربەتۆ دەکەوتنە توێژینەوە لەسەر ئەنجامی چالاکییەکانو چەکەکانی تێیدا بەکارهاتو بەرزت دەکردنەوە بۆ سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانو سپاسالارو پێشنیاری خۆیشت هاوپێچ دەکرد سەبارەت بەڕادەی کارابوونی ئەو چەکانەو چۆنێتی کارکردنیان بۆسەر دەڤەرەکەو بارودۆخی باری گونجانی لەڕووی کەشو باو جوگرافی بۆ بەکارهێنانیان. ئەو توێژینەوەیەت لەڕێگەی سکرتێری تایبەت تاوانبار حامد یوسف حومادییەوە گەیاندووە بە خودی سەددام حوسێن کە ئەویش پێشنیارەکانی تۆی پەسەندکردووەو فەرمانی داوە بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی دژ بەگەلی کورد لە باکووری عیراق، سەرئەنجام بووتە هۆی

مەرگی بەکۆمەڵی کەسانی سڤیلی بێتاوانو ئەوانەیشی لە مردن ڕزگاریان بوو پەرتەوازە بوون یان گیراونو نێردراون بۆ ئەو بنکانەی تێیدا گیردران یانیش ڕەوانەکراون بۆ گرتووخانەی تۆپزاواو گرتووخانەکانی دووبزو نزارکیو نوگرەسەلمانو گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هەروەک بە بۆردومانی چەکی شیمیایی تەواوی گوندە کوردییەکان بە هێرشی بەرفراوانو پلانی سەربازی هێزەکانی یەکو دوو پێنج وێران کران، ئەوەی دادگا دەیبینێت بەڵگەنامەکانی بەردەست بەسن بۆ تاوانبارکردنتو دیاریکردنی سزا بۆت بەپێی دەستیارێتی بەندی (11) یەک/ أ ـ و لەسەر تاوانی کوشتن کە شێوەیەکە لە تاوانی دژەمرۆڤ بە ئاماژەی بەندی (15) دوو ـ لەگەڵ (24) لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و دیاریکردنی سزا بەپێی بەندی (1/406) أ، ب ـ لەگەڵ بەندە هاوبەشەکانی (47،48،49) لە یاسای سزایی عیراق ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەوبڕیارە لە 24/ 6/ 2007دا بەزۆرینەی دەنگی دەرچوو.

**تۆ، سابر عەزیز ئەلدووری:**

کە دادگا لەکێشەکەتی ڕوانیو بۆیدرکەوت بەڵگەنامەکان بەسن بۆ تاوانبارکردنت بەپێی برگەی ( أ ) لەبەندی (13) چوار، لەسەر تاوانی جەنگ کە لەکاتی بەربەرەکانێی چەکداری ناوخۆییدا بە ئارەزوو هێرش ئاراستە کراوەتە سەر کەسانی سڤیل، هەروەها دەبینێت کە بەڵگەنامەکان بەسن بۆ تاوانبارکردنت لەسەر تاوانی داگیرکردنو وێرانکاری لە بووەی لایەنی دژ بەپێی برگەی ( ل ) لەبەندی (13) چوار، بۆیە بەگوێرەی دیدی دادگا ئەو بەڵگەنامانە بەسن بۆ تاوانبارکردنو دیاریکردنی سزا بۆت، بەپێی بەندی (13) چوار/ م، ل ـ لەبەر ڕۆشنایی بەندی (15) دوو ـ لەگەڵ بەندی (24) لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی





2005 و بەپێی دەسەڵاتی بەندی (406/ 1) أ، ب، و ـ بەندی (478) و لەسەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزای عیراقی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەوبڕیارە لە 24/ 6/ 2007دا بەزۆری دەنگ دەرچوو بەئاشکرا ڕاگەیێنرا.

**دادگا ئەمسزایانەی بۆت بڕیاردا:**

1 ـ سزای تاوانبار سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری درا بە بەندکردن تا پاشماوەی ژیانی لەبەر بە پێزانینەوە بەشداربوونی لەو تاوانی کوشتنەدا کە بەتاوانی کۆمەڵکوژی دەژمێدرێت، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (11) یەک/ أ ـ و دوو/ هـ ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو، لەگەڵ بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ دەرچوو،و بە ئاشکرا ڕاگەیێنرا.

2 ـ سزای تاوانبار سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری درا بە بەندکردن تا پاشماوەی ژیانی لەبەر بە پێزانینەوە بەشداربوونی لە تاوانی کوشتندا کە بەتاوانی دژەمرۆڤ دەژمێردرێت، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ أ ـ لەبەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ لەگەڵ بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆساڵی 2005. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی

1969ی پوختکراو، ئەو بڕیارە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ دەرچوو، بە ئاشکرا ڕاگەیێنرا.

3 ـ سزای تاوانبار سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری درا بە بەندکردن تا پاشماوەی ژیانی لەبەر بە پێزانینەوە بەشداربوونی لە تاوانی ئاراستەکردنی هێرش بۆ سەر هاوولاتییانی سڤیل بەو شێوازەی گیرۆدەی بوون، یان دژ بە کەسانی سڤیل کە بەشداری ڕاستەوخۆیان نەبوو لە چالاکی جەنگدا. ئەوە بەتاوانی جەنگ دادەنرێت، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ أ ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو. بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی بالا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. سزای بۆدیاریکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (406) أ، ب، و ـ و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49)ی یاسای سزایی ژمارە 111 بۆساڵی 1969ی پوختکراو. ئەوبڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە 24/ 6/2007 بەکۆی دەنگ دەرچوو بەئاشکرا ڕاگەیێنرا.

4 ـ سزای تاوانبار سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری درا بە 10 ساڵ زیندانی لەبەر بەشداربوونی لەتاوانی وێرانکاریو دەستگرتن بەسەر دارایی لایەنی نەیار بێلەوەی وێرانکاریو تالانکاری لەپێداویستی خودی جەنگەکە بووبێت، بۆیە بەتاوانی جەنگ دادەنرێت. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ ل ـ و بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو،و بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی بالا ژمارە 10 بۆساڵی 2005. سزای بۆ دیاریکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (478) سێ و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆساڵی 1969ی پوختکراو، ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ دەرچوو بەئاشکراو ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.





5 ـ ئەو ماوەیە بۆ تاوانبار سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری بەرچاونەگیرا کە تێیدا بەندبووە چونکە چارەنووسی لەسەر ئەم گێشەیە دواخرا لەبەرئەوەی بڕیاری بەندکردنی لەسەر کێشەیەکی تری لەسەرە.

6 ـ تا ئەوئاستەی کارەکە پەیوەستبێت بەتاوانبار سابیر عەبدولعەزیز ئەلدووری، سزاکانی سەرەوە بەدوای یەکدا جێبەجێ دەکرێت، بەپێی دەستیاری ڕەوشی (65) دوو لەڕەوشەکانی کارڕاێکیو کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی تایبەت بە دادگاو بەندی (142) لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو.

7 ـ بەپێی دەسەڵاتی بەندی (24) شەش لەیاسای دادگای سزایی عیراقی بالا ژمارە 10 بۆساڵی 2005 دەستدەگیرێت بەسەر گشت دارایی گوێزراوبارو نەگوێزراوباری تاوانبار.

8 ـ لەتاوانبار گەیێنرا کە ، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (254) أ لەیاسای ڕەوشی دادگای سزایی ژمارە 23 بۆساڵی 1971 دۆسێی ئەم پرۆسەیە ڕاستەوخۆ دەنێردرێت بۆ دەستەی پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن.

9 ـ لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر کێشەیەکی تۆمارکراوە دژ بەتاوانبار سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری بەپێی دەسەڵاتی بەندەکانی (11) یەک/ ج ـ (12) یەک/ ج، هـ و، ح، ض، ي ـ (13) دوو/ ی، ف ـ (13) چوار/ ح لەیاسای دادگای سزایی عیراقی بالا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. دادگا بڕیاریدا ئەو تاوانانەی لەسەری تۆمارکراون بسڕێنەوە. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە بە هاودەنگی دەرچوو، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (182) ج لەیاسای ڕەوشەکانی دادگای سزایی ژمارە

23 بۆ ساڵی 1971ی پوختکراوە، لە 24/ 6/ 2007دا ئاشکرا ڕاگەیێنرا.

9 ـ دادگا کاتی دیاریکردنی سزادان ئەوەی لەبەرچاوگرت کە لێبوردنت لە قوربانییانی گەلی عیراق خواستو پەشیمانی خۆتت لە تاوانەکان دەربڕی.

**چوارهەم: تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد**

تاوانی قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵ



تۆ، سوڵتان هاشم ئەحمەد، لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی یەکو سێو چوارو هەشتدا فرمانت بۆ لەشکری یەکی ژێر دەسەڵاتی خۆت دەرکردووە هێرشی بەرفراوان بکەنە سەر سقیلی کورد لە دانیشتووی دێهاتی باکووری عیراقو بۆردومانکردنیان بەچەکی شیمیاییو کلاسیکی بەهۆی فرۆکەی جەنگیو تۆپو مووشەکهاوێژ کە بوونەتە هۆی تاوانی کۆمەڵکوژیی دانیشتووانی سقیلی دێهاتی، هەروەها کوشتنی ئاژەڵو سووتاندنی بەرووبوومی کشتوکاڵیانو زەدەی زۆر گیاندن بە گیانو مێشکو بەرپاکردنی بارودۆخی دژواری وەک برسێتیو بێدەرمانیو سووتەمەنی لەپێناو بەجێهێنانی فرمانی تاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجیدو سەپاندنی هەڵوێستی تاوانبار سەددام حوسێنو پارتی بەعسو جێبەجێکردنی فرمانی حسێن ڕەشید. بەپێی بڕگەکانی (أ، ب، ج) بەو کردەوانەت تاوانی قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵت ئەنجامداوە. بەڵگەنامەکان بەسن بۆ تاوانبارکردنو سزادانت بەپێی دەسەڵاتی





بەندی (11) یەک/ أ، ب، ج ـ بەندی (11) دوو/ هـ ـ هەروەها لەسەر ڕۆشنایی بەندی (15) دوو ـ (24) شەش، لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و بەر ڕۆشنایی بەندی (406/ 1) أ، ب، و ـ و ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزاکانی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ دەرچوو بەئاشکرا ڕاگەیێنرا.

**تاوانەکانی دژەمرۆڤ**

تۆ، سوڵتان هاشم ئەحمەد، لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی یەکو سێو چوارو هەشتدا فرمانت بۆ لەشکری یەکی ژێر دەسەڵاتی خۆت دەرکردووە هێرشی بەرفراوان بکەنە سەر سقیلی کورد لە دانیشتووی دێهاتی باکووری عیراقو بۆردومانکردنیان بەچەکی شیمیاییو کلاسیکی بەهۆی فرۆکەی جەنگیو تۆپو مووشەکهاوێژە کە بوونەهۆی تاوانی کۆمەڵکوژیی دانیشتووانی سقیلی دێهات. هەروەها کوشتنی ئاژەڵو سووتاندنی بەرووبوومی کشتوکاڵیانو زەدەی زۆر گیاندن بە گیانو مێشکیانو بەرپاکردنی بارودۆخی دژواری وەک برسێتیو بێدەرمانو سووتەمەنی لەپێناو بەجێهێنانی فرمانی تاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجیدو پەیڕەوکردنی هەڵوێستی پارتی بەعسی هەڵوەشاوو تاوانبار سەددام حوسێن، هەروەک هەزاران سقیلی کوردتان گرتو بەلۆری سەربازی گوێزاتاننەوە بۆ گرتووخانەکانی تۆپزاواو سەربازگەی دووبزو نیزارکیو نوگرەسەلمانو بنکەکانی زانیارگری سپاو لەناو ئەو بەندیخانانەدا دووچاری هەڵوێستی نامرۆڤانە بوون، سەرئەنجام زۆریان لێمردووەو زۆریان تائێستا بزرن کەس چارەنووسیان نازانێت، زۆریش لەگۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە. گشت ئەوانە بەمەبەستی قەلاچۆکردن بووە. تۆ بەوکارانەت تاوانی کۆکوژیت ئەنجامداوە، بەپێی بڕگەکانی بەندی (12) أ، ب، د، ط، ي

ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) د، هـ/ دوو ـ (24) لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و بەر ڕۆشنایی بەندی (406/ 1) أ، ب، و ـ بەندی (421)و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزاکانی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. بڕیار لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

**تاوانەکانی جەنگ**

تۆ، سوڵتان هاشم ئەحمەد، لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی یەکو سێو چوارو هەشتدا چەکی شیمیاییت بەکارهێناوە دژ بە کوردانی نەیار، ئەویش بە دەرکردنی فرمان بۆ هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆت تا هێرشی بەرفراوان بکەنە سەر دێهاتی کورد کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر کوژراونو زۆریش تووشی زەدەی گیانی هەتاهەتایی هاتوون. هەروەها هێزەکانی ژێردەسەڵاتی تۆ خانووبەرەی پارێزراوی وەک مزگەوتو خوێندنگەو نەخۆشخانەیان وێران کردووە لەگەڵ تاڵانکردنی بووەو دارایی هاووڵاتییان بەبێ هیچ پێداویستییەکی ئۆپەراسیۆنی لەشکری، گشت ئەوانەی لەمردن ڕزگاریانبووە لەگوندی خۆ ڕاگوێزراون، تۆ ئاگات لە سەرجەم ئەو تاوانکارییانە بووە، بۆیە بەپێی بڕگەکانی بەندی (13) چوار/ أ، د، ج، ل تۆ بە تاوانباری جەنگ دادەنرێیت. بەڵگەنامەکان بەسن بۆ تاوانبارکردن. سزات بۆ دیاری کرا بەپێی ئەوبەندانەی سەرەوەو بەر ڕۆشنایی بەندی (15) دوو ـ هەروەها (24) لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و بەر ڕۆشنایی بەندی (406/ 1) أ، ب، و ـ و بەندی (478)و (421)و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزاکانی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. بڕیار لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ دەرچوو. ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.





**سزا:**

1 ـ سزای تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بە پێزانینەوە بەشداربوونی لەتاوانی کوشتنو زەدەی گیانیو مێشکی قورس گەیاندن بە ئەندامانی کۆمەڵێکو بەدەستی ئەنقەست بەرپاکردنی بارودۆخی دژوار، بەمەبەستی قەلاچۆکردن کە بەتاوانی کۆمەڵکوژی دەژمێدرێت. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (11) یەک/ أ، ب، ج ـ هەروەها دوو/ هـ ـ و بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو،و بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ دەرچوو. بەئاشکرا ڕاگەیێنرا.

2 ـ سزای تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بە پێزانینەوە بەشداربوونی لەتاوانی کوشتن کە تاوانی دژەمرۆڤە، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ أ ـ هەروەها دوو/ هـ ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو. بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 . سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ئاشکراو ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

3 ـ سزای تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بە پێزانینەوە بەشداربوونی لە تاوانی کوشتن کە بەتاوانی دژەمرۆڤ دەژمێردرێت، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ د ـ لەبەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو. بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 . دیاریکردنی سزا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەئاشکراو ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

4 ـ سزای تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد درا بە 10 ساڵ زیندانی لەبەر بەشداربوونی لە ڕاگوێزانی هاووڵاتییانو بەنابەدڵی گواستنەوەیان، کە تاوانی دژەمرۆڤە، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ د ـ لەبەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو. هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و دیاریکردنی سزا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (421) ب ـ و لەبەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو، ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ئاشکراو ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

5 ـ سزای تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد درا بە بەندکردن تا پاشماوەی ژیانی لەبەر بەشداربوونی لەتاوانی بەزەبر سەرنگومکردنی مرۆڤ کە تاوانی دژەمرۆڤە، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ ض ـ لەبەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو. هەروەها بەندی (24) لە یاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و دیاریکردنی





سزا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ لەبەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ دەرچوو. بە ئاشکراو ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

6 ـ سزای تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد درا بە بەندکردن تا پاشماوەی ژیانی لەبەر ئەنجامدانی کردەوەی نامرۆڤانە کە تاوانی دژەمرۆڤە، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ ي ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو. هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. دیاریکردنی سزا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/393) ج ـ و لەبەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو، ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ دەرچوو بەئاشکرا ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

7 ـ سزای تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بە پێزانینەوە بەشداربوونی لە تاوانی ئاراستەکردنی هێرش بۆسەر هاووڵاتییانی سڤیل کە تاوانی دژەمرۆڤە. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ أ ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو. هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و دیاریکردنی سزا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ئاشکراو ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

8 ـ سزای تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد درا بە 7 ساڵ زیندانی لەبەر ئاراستەکردنی هێرش بۆسەر خانووبەرەی تایبەت بە باری ئاینیو خوێندن کە بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ د ـ و لەبەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو. و بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 بەتاوانی جەنگ دەژمێردرێت. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (2/479)ـ و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو، ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ بەئاشکراو ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

9 ـ سزای تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد درا بە 15 ساڵ زیندانی لەبەر بەشداربوونی لەتاوانی فرمان دەرکردن بۆ ڕاگوێزانی هاووڵاتییان کە بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ ح ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو. هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆساڵی 2005 لەمەڕ تاوانی دژەمرۆڤ. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (421) أ، ب، د ـ و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەوبڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ئاشکراو ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

10 ـ سزای تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد درا بە 7 ساڵ زیندانی لەبەر بەشداربوونی لەتاوانی فرماندان بە وێرانکاریو دەستگرتن بەسەر بووەی لایەنی نەیار کە بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ ل ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو. هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 لەمەڕ تاوانی





جەنگ. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (479) و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو.سزای بۆ دیاریکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (182/ أ) لەیاسای دادگا ڕەوشییەکان. لە 24/ 6/ 2007 ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە بەکۆی دەنگو بەئاشکرا ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

11 ـ ماوەی بەندبوونی لەڕۆژی 1/ 7/ 2004وە تا ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارە لە 2007/6/24 بۆ تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد دەژمێردرێت.

12 ـ بەپێی بەندی (142) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969 توندترینی سزاکان لەسەر تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەنجام دەدرێت.

13 ـ بەپێی بەندی (24/ 6) لەیاسای سزایی ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 دەست بەسەر گشت دارایی گوێزراوبارو نەگوێزراوباری تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد دەگیرێت.

14 ـ لە تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد گەیێنرا کە بەپێی دەسەڵاتی بەندی (254) أ لەیاسای ڕەوشی دادگای سزایی ژمارە 23ی ساڵی 1971 دۆسێی ئەم پرۆسەیە ڕاستەوخۆ بەمەبەستی هەڵسەنگاندن دەنێردرێت بۆ دەستەی پێداچوونەوە.

15 ـ لەبەر دەسنەکەوتنی بەڵگەی تەواو لەسەر کێشەیەکی تۆمارکراو دژ بە تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد، بەپێی دەسەڵاتی بەندەکانی (12) یەک/ ج، و، ح ـ لەگەڵ (13) چوار/ هـ لە یاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. دادگا بڕیاریدا ئەو تاوانانەی لەسەر

بسرێتەوە. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (182/ ج) لەیاسای ڕەوشەکانی دادگای سزایی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971ی پوختکراو، ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو بەئاشکرا ڕاگەیێنرا.

**پێنجەهەم: تاوانبار حوسێن ڕەشید موحەممەد ئەلتکریتی**



تۆ ساڵی 1987 ئەندامی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان بویتو یاریدەری سپاسالار بۆ کاروباری ئۆپەراسیۆنی، لەئەنجامی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکانو ئەو بەڵگەنامە زۆرەی لە دانیشتنەکاندا نیشاندرانو ئەوانەی لەتوێی گفتی تاوانلێکراوو دیدەران، بۆ ئەم دادگایە دەرکەوت تۆ وەک هاوکار لەگەڵ سپاسالارو تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد پلانی لەشکریتان دارشتووە بۆ ئەو هێرشانەی کرانە سەر دێهاتی کورد لە باکووری عیراقو ناوتان لێنابوو، پلان بۆ ئۆپەراسیونەکانی ئەنفال. لەگشت کۆڕو کۆبوونەوەکانی لەمەڕ ئەو پرۆسەیە ئامادە بوویت، لەوانە ئەو کۆڕەی لەبارەگای لەشکری یەکدا گیراوە لە کەرکووک تێیدا پلانەکانتان کردوە بە بڕیارو تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەددتان بڕیارداوە بۆ سەرپەرشتکاری ئۆپەراسیۆنەکان. هەروەک ئەم دادگایە بۆی دەرکەوت کە تۆ لەڕێگەی ئاژانسی ئۆپەراسیۆنەکانەوە کە لەوماوەیەدا سەرکردایەتیت دەکرد کەرەستەو پێداویستی مەتریالیو مرۆیی وەک چەکو تەقەمەنی هەمەجۆرت بۆ یەکە سپاییەکان دەستەبەر کردووەو بەرپرس بوویت لە ئەنجامدانو پەرەپێدانی هێرش بۆ سەر دێهاتی کوردو فرمانەکانی سەرکردەی گشتی هێزە جەکدارەکانو فرمانەکانی سپاسالارت





لەمەڕ ئۆپەراسیۆنەکان بەسەر دەکردەوە، بۆیە دادگا بەم خاڵانەی خوارەوە تاوانبارت دەکات:

1. تۆ لەماوەی پێش ئەنفالو کاتی ئەویشدا بە پێزانینەوە بەشداربوویت لە کوشتنو زەدەدارکردنی گیانی هاووڵاتییانی سڤیل لە باکووری عیراق بە بەکارهێنانی گشتجۆرە چەکی شیمیایی لە بۆردومانکردنی دێهات بە ئامانجی لەناوبردنی گشت یان بەشێک لەوان. بەوە تۆ تاوانی قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵو کارگەلێکت ئەنجامداوە دەتخەنە بەر دەسەڵاتی بڕگەکانی (أ، ب) لە بەندی (11/ 1) و بەر ڕۆشنایی بەندی (15) لە یاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 دەیگرنەوە.

2. تۆ بەشداربوویت لە بەدەستی ئەنقەست ئاراستەکردنی هێرشی بەرفراوانو سیستێماتیکی بۆسەر هاووڵاتییانی کورد لە باکووری عیراق کە بوونەتە هۆی کوشتنی دانیشتووانی سڤیلو لەناوبردنیان، هەروەها سوتاندنی دێهاتو وێرانکردنیانو ئەنجامدانی هەڵوێستی نامرۆڤانە کە بوونەتە هۆی مردنی زۆریانو بزربوونی زۆرکەس کە پاشان ئاشکرابوو لە گۆڕەبەکۆمەڵی پارێزگاکانی نەینەواو موسەنناو شوێنانیتر نێژراون. گشت ئەوانە بەمەبەستی قەلاچۆکردنی دانیشتوان بووە، تۆ لەڕێگەی پلانی لەشکرکێشیو بەدواچوونی چۆن بەئەنجام گەیشتنو چییان لێکەوتبێتەوە ئاگات لەوانە بووە. بۆیە ئەو تاوانگەلەی ئەنجامتداون دەسەڵاتی بڕگەکانی ( أ، ب) لە بەندی (12/ 1) و ڕرۆشنایی بەندی (2/15) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 دەیانگرنەوە.

3. تۆ بەشداربوویت لە پلانرێژی بۆ بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لە باکووری عیراق دژ بە هێزە نەیارەکانی کورد. بەچەکی شیمیایی هێرشتان بردووەتە سەر ئەو هاوولاتییە سڤیلانەی بەشدار نەبوون لەگەڵ هیچ هێزێکی چەکداری جەنگاوەری دژ بەرژێم. سەرئەنجام بووەتە هۆی کوشتن یان زەدەدارکردنیان، یانیش دەستدرێژی کردنە سەر ئابرووی ئەوان. هەروەک بەو هێرشانە خانوبەرەی پارێزراوی وەک مزگەوتو خوێندنگەو نەخۆشخانەی بەرکەوتووە. بەوجۆرە تاوانگەلێکت ئەنجامداوە دەسەڵاتی برگەکانی (أ، د) لە بەندی (13/ 4) و رۆشنایی بەندی (2/15) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 دەیانگرنەوە. سزا دەدرێیت بەپێی دەسەڵاتی بەندی (406/ 4 ب) لەیاسای سزایی ژمارە (169)ی پوختکراو.

**بڕیاری داد**

1 ـ سزای تاوانبار حوسێن ڕەشید موحەممەد درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بەشداربوون بەدەست یێئەنقەست لەتاوانی کوشتنو زەدەی گیانیو مێشکی قورس گەیاندن. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (11) یەک/ ب ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی بالا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 بەتاوانی قەلاچۆکردنی گشتی دەژمێدرێن. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو،و لەبەر رۆشنایی بەندی (24) لەیاسای سزایی عیراقی باڵا. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەێنرا.





2 ـ سزای تاوانبار حوسێن ڕەشید موحەممەد درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بەشداربوون بە پێزانینەوە لەتاوانی کوشتن کە بەتاوانی دژەمرۆڤ دەژمێدرێت، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ أ ـ و دوو/ هـ ـ و لەبەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ و بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو ئاشکرا ڕاگەێنرا.

3 ـ سزای تاوانبار حوسێن ڕەشید موحەممەد درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بەشداربوون لە تاوانی ئاراستەکردنی هێرش بۆسەر هاوولاتییانی سڤیل کە بەتاوانی دژەمرۆڤ دەژمێدرێت. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ أ ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو، ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەێنرا.

4 ـ سزای تاوانبار حوسێن ڕەشید موحەممەد درا بە 7 ساڵ زندانی لەبەر بەشداربوون بە پێزانینەوە لەتاوانی وێرانکردنی خانوبەرەی تایبەت بە کاروباری ئاینی، کە بەتاوانی جەنگ دەژمێردرێت. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ د ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی

2005 و سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (2/479) لە یاسای سزایی ژمارە 111 بۆساڵی 1969ی پوختەکراو، ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە بەپێی دەسەڵاتی بەندی (182)ی ڕەوشێنی لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو بەئاشکرا ڕاگەێنرا.

5 ـ ماوەی بەندبوونی تاوانبار حوسێن ڕەشید موحەممەد ناژمێردرێت چونکە چارەنووسی لەمپرۆسەیەدا هەڵسەپێردراوە، لەبەرئەوەی بەندە لەسەر کێشەیتر.

6 ـ بەپێی دەستیاری بەندی (142) لەیاسای سزایی ژمارە 111ی ساڵی 1969ی پوختکراو دەبێ تاوانبار حوسێن ڕەشید موحەممەد توندترینی سزاکان بجێژێت.

7 ـ بەپێی بەندی (24/ 6) لەیاسای سزایی ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 دەست دەگیرێت بەسەر گشت بووەی گوێزراوبارو نەگوێزراوباری تاوانباردا.

8 ـ لە تاوانبار گەیاندن کە دۆسێی ئەم پرۆسەیە بەپێی دەسەڵاتی بەندی (254/ أ) لەیاسای ڕەوشی دادگای سزایی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971 ڕاستەوخۆ دەنێردرێت بۆ دەستەی پێداچوونەوە بۆ هەڵسەنگاندن.

9 ـ لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر کێشەیەکی تۆمارکراو دژ بە تاوانبار حوسێن ڕەشید موحەممەد، بەپێی دەسەڵاتی بەندەکانی (11) یەک/ ج ـ لەگەڵ (12) یەک/ ج، د،هـ ، و ،ح ، ض ،ي ـ (13) چوار/ هـ لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. دادگا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (182/ ج) لەیاسای ڕەوشەکانی دادگای سزایی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971ی پوختکراو بڕیاریدا ئەو تاوانەی لەسەری





تۆمارکراوە بسڕێتەوەو لەوە ئازاد بکرێت. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە بەکۆی دەنگ لە 24/ 6/ 2007دا ڕووبەڕوو، بەئاشکرا ڕاگەیێنرا.

**شەشەم: تاوانبار عەلی حەسەن مەجید**

**قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵ:**

تۆ، عەلی حەسەن مەجید..



1 ـ لەنێوان ئاداری 1987 تا سەپتەمبەری 1988 ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاو بوویتو بەپێی فرمانی 160 بۆ ساڵی 1987 بوویت بە لێپرسراوی نووسینگەی ڕێکخسنەکانی باکوور، بەهۆیەوە هەڵوێستی پارتی بەعسو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە هەڵوەشاوەکەیو ئامانجەکانی تاوانبار سەددام حوسێنت لەو هەرێمە کوردییەی باکووری عیراق ئەنجامداوە. دەسەڵاتی بنبڕت بەسەر دەزگا سپاییو سڤیلیو ئاسایشیو پارتایەتیدا پێ سپێردرا کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییو لیژنەی کاروباری باکووربوون.

2 ـ لە دووساڵی 1987و 1988دا فرمانت دەرکردووە بۆ یەکەکانی سپاو دەزگاکانی ئاسایشیو زانیاردەریو ڕێکخراوەکانی پارتی بەعسی هەڵوەشاو بۆ کوشتنی هاووڵاتییانی کورد لە باکووری عیراقو گەیاندنی زەدەی گیانیو مێشکی قورس پێیانو دووچاری ژیانی دژوارو بارودۆخی سەختت کردن بەو هێرشە بەرفراوانانەی هێزەکانی لەشکری یەکو دوو

لەگەڵ پێنج لە باکووری عیراقدا کردیانە سەر دێهاتی کورد بەچەکی شیمیایی‌و کلاسیک‌و بۆردومانی بەربڵاو بەتۆپ‌و مووشەکهاوێژو فرۆکەی جەنگی کە بووەتە هۆی بەکۆمەڵ کوشتنی دانیشتووی گوندەکان‌و گەیاندنی زەدەی گیانی‌و مێشکی. تۆ ئەوانت خستە ژێر دۆخێکی ژیانی دژوار بەهۆی ئەو ئابڵووقە ئابوورییەی بڕیارت دا بە قەدەغەکردنی دەرمان‌و خۆراک‌و سووتەمەنی‌و کوشتنی ئاژەڵ‌و سووتاندنی بەروبوومی کشتوکاڵی‌و وێرانکردنی دێهاتیان بۆئەوەی بەشێک یان گشتیان قڕ بکەن. تۆ بەوانە تاوانی کۆکوژیت ئەنجامداوە.

بەڵگەنامەکانی بەردەست بەسن بۆ تاوانبارکردن‌و سزادانت لەسەر ئەوانەی سەرەوە، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (11) یەک/ أ، ب، ج ـ لەگەڵ بەندی (11) دوو/ أ، هـ ـ ئاماژی بەندی (15) یەک/ دوو، چوار ـ لەگەڵ بەندی (24) لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا بۆ ساڵی 2005. سزات بۆدیاریکرا لەسەر ڕۆشنایی بەندی (1/406) أ، ب ـ ئاماژی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لە یاسای سزایی عیراق ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو.

**تاوانەکانی دژەمرۆڤ**

تۆ، عەلی حەسەن مەجید..

لە دووساڵی 1987و 1988دا فرمانت دەرکردووە بۆ یەکەکانی سپاو دەزگاکانی ئاسایش‌و ڕێکخراوەکانی پارتی بەعسی هەڵوەشاو کە هێرشی بەرفراوان‌و سیستێماتیکی بکەنە سەر دانیشتووانی سڤیل لە گوندە کوردییەکانی باکووری عیراق‌و بەکارهێنانی گشتجۆرە چەکێک، لەوانە چەکی شیمیایی بەهۆی فرۆکەی جەنگی، هەلیکۆپتەر، بۆردومانی تۆپ‌و





مووشەکهاوێژ. ئەنجامی گشت ئەو هێرشە بەرفراوانە کوژرانی هەزاران گوندنشینی سڤیل‌و سووتانی دێهات‌و وێرانکران‌و بەزۆرەملێ لە مەڵبەندی خۆیان ڕاگوێزران‌و لە ئۆردوگای تۆپزاواو دووبزو نزارکی‌و بەحرکەو نوگرەسەلمان گیکردنیان تێیاندا دووچاری ئەشکەنجەی گیانی‌و دەروونی بوون‌و برسێتی‌و نەخۆشییان چەشتووە. سەرئەنجام زۆریان لەناو ئەو گرتووخانانە مردوون‌و هەزارانیان لێ بزربووە. سەرباری ئەوە لە گۆڕەپانەکاندا بەکۆمەڵ کوژراون‌و هەزارانیان لێ ڕەوانەی گۆڕی بەکۆمەڵ کراون بە مەبەستی مردن. بەوانە تۆ تاوانی دژەمرۆڤت ئەنجامداوە، بۆیە بەپێی بەندی (12) یەک، برگەکانی أ، ب، د، هـ و، ض، ي ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) 2، 4 ـ لەگەڵ بەندی (24) لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا و بەر ڕۆشنایی بەندی (406/ 1) أ، ب، و ـ بەندی (421) ب، د، ج ـ بەندی (333) لەیاسای سزاکانی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو.

**تاوانەکانی جەنگ**

تۆ، عەلی حەسەن مەجید..

نێوان ساڵانی 1987و 1988 واتە کاتی ئۆپەراسیونەکانی ئەنفال فرمان‌و ئامۆژگاریت دەرکرد بۆ یەکەکانی لەشکرو دەزگاکانی ئاسایش‌و ڕێکخراوەکانی پارتی بەعسی هەڵوەشاو تا هێرشی بەرفراوان بکەنە سەر هێزەکانی پێشمەرگەو پارتە کوردستانییەکان‌و لایەنەکانی تری بەرەی نەیارو بەرپاکردنی ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداری ناوخۆو کە لەئەنجامی ئەو هێرشانەی بە چەکی شیمیایی‌و کلاسیک کراوە زۆر هاووڵاتی مردوون‌و هەزارانی پێ پەککەوتە بووە، یان دەستدرێژی کراوەتە سەر ئابڕوویان. هەروەک هێرش کرایە سەر خانوبەرەی پارێزراوو تێکدران، دێهات وێرانکران، خانووبەرەی کوردانی سڤیل‌و بووەو داراییان تاڵانکرا یان دەستیان

بەسەرداگیراوە بێ هیچ پێویستییەکی لەشکری بەزۆر لە خانووبەرەو گوندی خۆیان ڕاگوێزراون. تۆ ئەنجامدەری تاوانی جەنگیت، بەپێی بەندی (13) چوار/ أ، د، هـ ح، ل ـ و بەر ڕۆشنایی بەندی (15) دوو، چوارو بەندی (24) لە یاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە (10) بۆ ساڵی 2005 و لەبەر ڕۆشنایی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ لەگەڵ بەندەکانی (452) و(421) یاسای سزاکانی ژمارە (111) بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو، ئەو بڕیارە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو ڕاگەیێنرا.

**بڕیاری داد**

1 ـ سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بەدەستی ئەنقەست ئەنجامدانی تاوانی کوشتنیو زەدەی گیانیو مێشکی قورس گەیاندن بەکۆمەڵێک،و بەدەستی ئەنقەست ڕەخساندنی جۆرێک ناهەمواری ژیان بەمەبەستی لەناودانی گشت یان بەشێک لە کۆمەڵ، کە بە تاوانی قەلاچۆکردنی گشتی دەژمێدرێت. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (11) یەک/ أ، ب، ج ـ هەروەها دوو/ أ، هـ ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەکو دوو ـ بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005،و سزای بۆ دیاریکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو، ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا ڕووبەڕوو ئاشکرا ڕاگەێنرا.

2 ـ سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بەدەستی ئەنقەست ئەنجامدانی تاوانی دژەمرۆڤ، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ أ ـ لەبەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەکو دوو ـ





هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. سزای بۆ دیاریکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەێنرا.

3 ـ سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بەدەستی ئەنقەست ئەنجامدانی تاوانی قەلاچووکردن بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ ب ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ لەگەڵ بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. ئەو بڕیارە کە دەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەێنرا.

4 ـ سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە 10 ساڵ زیندانی لەسەر بەزۆر ڕاگوێزانی دانیشتوان کە تاوانی دژەمرۆڤە، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ د ـ لەبەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ لەگەڵ بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 . سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (421/ ب) و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە2007/6/24دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەێنرا.

5 ـ سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە 10 ساڵ زندانی لەسەر ئەشکەنجەدان کە تاوانی دژەمرۆڤە، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ و ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (333) و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەیێنرا.

6 ـ سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر سەرنوگومکردنی مرۆڤ کە تاوانی دژەمرۆڤە بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ ض ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەیێنرا.

7 ـ سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە بەندکردن تا پاشماوەی ژیان لەبەر کردەوەی نامرۆڤانە لەو بابەتەی بەدەستی ئەنقەست پەژارەی توندو زەبری کوشندەی گەیاندووە بە لەش یان تەندروستی هۆش‌و گیان، کە تاوانی دژەمرۆڤە، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ ي ـ و بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. سزای بۆ





دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (393/ 2) ج ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەیێنرا.

8 ـ سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە خنکاندن بەسێدارە تامردن لەبەر بەدەستی ئەنقەست ئاراستەکردنی هێرش بۆسەر دانیشتووانی سڤیل لەو شیوازەی تێیدابوون یان دژ بە کەسانی سڤیل کە ڕاستەوخۆ بەشداری هیچ چالاکییەکی جەنگ نەبوون، ئەوە تاوانی دژەمرۆڤە، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ أ ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (1/406) أ، ب، و ـ بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەیێنرا.

9 ـ سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە 7 ساڵ زندانی لەبەر تاوانی ئاراستەکردنی هێرش بۆسەر خانوبەرەی پارێزراوی تایبەت بە کاروباری ئاینی‌و فێرگە کە بەتاوانی جەنگ دەژمێردرێت. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ د ـ بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو ـ هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (479/ 2) و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ

بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەێنرا.

10. سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە 15 ساڵ زیندانی لەبەر بەشداربوونی لەتاوانی تالانکردنی گشت ئەو شارۆچکەو شوێنانەی بەزۆر دەستیان بەسەرداگرتن، ئەویش بەتاوانی جەنگ دەژمێردرێت. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ هـ - بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو - هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (452) و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختەکراو. ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەێنرا.

11. تاوانبار عەلی حەسەن مەجید سزادرا بە 10 ساڵ زیندانی لەبەر تاوانی فرماندەرکردن بۆ ڕاگوێزانی هاووڵاتییانی سڤیل لەبەر ئاڵۆزی دۆخ، نەک لەبەر بەرژەوەندی خۆدی هاووڵاتییان، یانیش پێداویستی زۆر گرنگی لەشکری، بۆیە بەتاوانی جەنگ دەژمێردرێت. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ ح - بەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک،و دوو - هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 و بەپێی دەسەڵاتی بەندی (421/ ب) و سزای بۆ دیارکرا لەبەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو. ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەێنرا.





12. سزای تاوانبار عەلی حەسەن مەجید درا بە 7 ساڵ زیندانی لەبەر بەشداربوونی لەتاوانی وێرانکردن یان داگیرکردنی بووەی لایەنی نەیار، ئەگەر وێرانکردن یان داگیرکردنەکە گرنگو لەبەر پێداویستی جەنگ نەبووبێت ئەوا بەتاوانی جەنگ دەژمێردرێت. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (13) چوار/ ل - لەبەر ڕۆشنایی بەندی (15) یەک، دوو - هەروەها بەندی (24) لەیاسای دادگا سزاییەکانی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005. سزای بۆ دیارکرا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (479/ 2) و بەر ڕۆشنایی بەندە هاوبەشەکانی (47، 48، 49) لەیاسای سزایی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969ی پوختکراو، ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا بەکۆی دەنگ ڕووبەڕوو، ئاشکرا ڕاگەێنرا.

13. ماوەی بەندبوونی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید نایەتە ژماردن چونکە چارەنووسی لەسەر ئەم پرۆسەیە هەڵسەپێردراوە، لەبەرئەوەی بەندە لەسەر کێشەیتر.

14. بەپێی دەسەڵاتی بەندی (142) لەیاسای سزایی ژمارە 111ی ساڵی 1969ی پوختکراو، توندترینی سزاکان بەسەر تاوانبار عەلی حەسەن مەجیددا دەسەپێت.

15. بەپێی بەندی (24/ 6) لەیاسای سزایی ژمارە 10 بۆ ساڵی 2005 دەستدەگیرێت بەسەر گشت بووەی گوێزراوبارو نەگوێزراوباری تاوانبار عەلی حەسەن مەجید.

16. لە تاوانبار عەلی حەسەن مەجید گەێنرا کە بەپێی دەسەڵاتی بەندی (254/ أ) لە یاسای ڕەوشی دادگای سزایی ژمارە 23ی ساڵی 1971.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم پرۆسەیە ڕاستەوخۆ دەنێردرێت بۆ دەستەی پێداچوونەوە.

17. لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر کێشەیەکی تۆمارکراو دژ بە تاوانبار عەلی حەسەن مەجید، بەپێی دەسەڵاتی بەندی (12) یەک/ ج، هـ ح ـ لەیاسای دادگای سزایی عیراقی باڵا ژمارە 10 بۆساڵی 2005. دادگا بڕیاریدا بەپێی دەسەڵاتی بەندی (182/ ج) لەیاسای ڕەوشەکانی دادگای سزایی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971ی پوختکراو ئەو تاوانانەی لەسەری تۆمارکراون بسڕێنەوەو خۆی ئازادکرێت، ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە بەکۆی دەنگ لە 24/ 6/ 2007دا ڕووبەڕوو، بەئاشکرا ڕاگەیێنرا.

**حەوتەم:**

1 ـ بۆ خوازیارانی مافی سڤیل هەیە لەمەڕ ئەو زیانانەی لەئەنجامی تاوانەکان لێیان کەوتووە ڕووبکەنە دادگاکانی هاوپەیوەست.

2 ـ لەبەر مردنی تاوانبار سەددام حوسێن ئەلمەجید بەهۆی جێبەجێکردنی سزای لەسێدەرەدانی لەسەر پرۆسەکەی (دوجەیل) بەپێی دەسەڵاتی بەندی 300و 304 لەیاسای ڕەوشی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971 لەرۆژی 8/ 1/ 2007دا کارڕاێکییە یاساییەکانی لەسەر ڕاگیرا.

3 ـ ئێسکو پروسکی ئەو قوربانییانەی توانرا لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەرهێنرێن بدرێنەوە بە کەسوکاریان تا وەک پێویست بەپێ‌و ڕەوشی ئیسلامی پیرۆز کارڕاییی ناشتنیان بۆ بکرێت.





4 ـ بەدادگای لێکۆڵینەوەی سەر بەدادگای سزایی عیراقی باڵامان ڕاگەیاند، بەپێی ئەو بڕیارەی لە 16/ 5/ 2007دا دەرچوو، کارڕاییکیی یاسایی بگرنەبەر سەبارەت بەو کەسانەی ناویان لە بەڵگەنامە فەرمییەکانو ڕیزڕەوی لێکۆڵینەوەو دادگاییدا هاتووە. لیستی هاوپێچ ئەوەیە بە ناوی ژمارە/ 1 وەفیق عەجیل ئەلسامەڕائی دەستپێدەکاتو دواناوی ژمارە/ 423 حەمەسەعید ئەحمەد موحەممەد هارونییە[21].

[21] وا ساڵ بەدوای ساڵدا تێدەپەڕێت بەڵام لەوانەی ناویان لەو لیستی 423 ناوەی کە هاوپێچی ئەو بڕیارەی سەرەوەی دادگا کراو 267 کەس لەوان کوردی کۆنە جاش‌و بەعسی بوون، تائێستا هیچ دەنگێک نییە بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیان.

لەوانەی لەسەر کێشەکەی ئەنفالی ساڵی 1988 درابوون بە دادگا، تاوانباری یەکهەم کە سەددام حوسێن بوو، پێش دەرچوونی ئەو بڕیارەی سەرەوەی دادگا، لەسەر کێشەی دوجێل سزای لەسێدارەدانی جێبەجێ کرا. هەروەها عەلی شیمیایی بەپێی ئەو بڕیارەی سەرەوەی دادگا، سزای لەسێدارەدانی بە ئەنجام گەیشت.

هەرچی تاوانباران سوڵتان هاشم ئەحمەدو حوسێن ڕەشید ئەلتکریتیە کە بەپێی ئەو بڕیارەی سەرەوەی دادگای سزای عیراقی باڵا سزا دران بە خنکاندن بە سێدارە تا مردن، تا ئێستا لەژیاندا ماون، ئەگەری لەسێدارەدانیان کەوتووەتە بەر سەنگ‌و سەوای ڕامیاری.

هەرچی تاهیر تۆفیق ئەلعانی‌یە دادگا بێتاوانی بڕیارداو ئازادی کرد.

هەریەک لە فرحان موتلەگ ئەلجبووری‌و سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری کە دادگا سزایدان بە زیندان بە درێژایی ژیان، ئێستا بەندن بۆ چەشتنی سزاکانیان.

لێرەوە من وەک کوردێکی مافخواز، رووی سکاڵا دەکەمە ڕێزداران دەستەی دادیاری گشتی‌و ڕێزداران‌و دەستەی خواستیارانی مافی سڤیل‌و کەسایەتی‌و یاساپارێزان‌و گشت کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ پارێز، هەروەها ڕوو لە خوێنەری هێژایش دەکەم هاودەنگبن بۆ هەرچی زووتر جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە، چونکە جێبەجێ نەکردنی پێشێلکردنی خودی ڕەوشەکانی یاسا چونکە مافی خۆشبوون لەتاوانکار تەنها بۆ خودی مرۆڤی تاوانلێکراو دەبێت یان زیانلێکەوتوو یانیش کەسوکاری قوربانی بۆیە هیچکەس‌و لایەنێک مافی ئەوەیان نییە لەبری زیانلێکەوتوو لە تاوانبار خۆشبێت. هەروەک بڕیاری تاوانبار بوون یان

5 ـ دیاریکردنی بڕی کرێی ماندووبوونی پارێزەرانی بریدارکراو بۆ تاوانباران بەپێی ئەو مەرجانە دەبێت کە لەگەڵ نووسینگەی پارێزەراندا لەسەری ڕێکەوتووین.

6 ـ ئەو بڕیارە کەدەشێت بەرپەرچ بدرێتەوە لە 24/ 6/ 2007دا ڕووبەڕوو ئاشکرا ڕاگەێنرا.




---

نەبوونی ئەو گومانلێکراوانە دەگەڕێتەوە بۆ دادگاو ڕەوشی یاسایە نەک دەسەڵاتو لایەنی ڕامیاری. ئەوەی بۆ دەسەڵات هەیە لێی خۆشبێت، تەنها مافی گشتییە نەک مافی کەسایەتی کە خودی قوربانی یان کەسوکاریان دەگرێتەوە. بەوبۆنەیەوە، بەپێویستم زانی دەقاودەقی ئەو سەرنجانە بکەمە پاشکۆی ئەم بەرهەمە کە بەڕێز خەلیل عەبدوڵلا (لەگەڵ ڕێزم بۆی) لە ماڵپەڕی ئاوێنەی ڕۆژی July 11, 2007 دا بە ناوونیشانی "دادگاییکردنی ئەنفالچییانی عەفوکراو" بڵاوکراوەتەوە.
ـ وەرگێڕ (کاتی پێداچوونەوە بۆ چاپی دوو 25/ 7/ 2010)





# بەشی شەشەم
# تێڕوانین

بێگومان کارێکی گرنگی وەک کارڕاییکی بۆ دادگاییکردنی دیکتاتۆر سەددام حوسێنو تاوانبارانی تری بەشداربوو لەکوشتنو تۆقاندنی گەلی عیراق، کاری ئاسان نییە، بەڵام لەوەگرنگتر ئاشکراکردنی ئەو تاوانکارییانەیە کە لەسەرەتای ڕۆژانی کوودەتای 17ی تەمووزی 1968ـەوە ڕوویدا تا ئەوڕۆژەی زۆرداری عیراق لە قۆرتە بەناوبانگەکەیدا گیرا. چی ئەوانەی کرا دژ بە عیراقییان، بەگشت شەبەنگی ڕامیاریو هەمەڕنگی نەتەوەییو ئاینزاییانەوە، یان ئەو تاوانکارییانەی گەلانی هەریمی گرتەوە.

بەوپێیە گرنگترینی کارڕاێکییەکانیان بە یەکەم هەنگاوی لێکۆڵینەوە دەسپێدەکەن،و لێکۆڵەرو دادوەرانی لێکۆڵینەوە بەرپرس دەبن لەوکارە، بۆیە پێویستی بە پسپۆرییو شارەزاییو زانیاری هەیە، نەتەنها لەو شێوازەی لەبواری لێکۆڵینەوەدا دەیگرنەبەر، بەڵکو پێویستە زانیاریشیان هەبێت لەسەر دۆزە ڕامیاریو مێژووییەکان،و قاڵبوون لەڕەوتی ئەو بارەی عیراقی نوێی تێکەوتووەو چی کارگەلی گرنگ لەوبارەوە ڕوویانداوە. چونکە هەربەتەنها بڕوانامەی ئەکادیمیو ناوەندی دادوەران نابنە ئامراز بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان. یان بەهۆیانەوە لێکۆڵەر ئایا دادوەری لێکۆڵینەوە بتوانێت بە ڕاستییەکان بگات. لەلایەکی ترەوە، پێویستە ئەو نەخشانە بەرچاو بگیرێت کە تاوانبار پێشو پاشی ئەو تاوانکارییانەی پلانانیان بۆ ڕشتو چاکە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە. پێویستە ئەوماوەیەش لەبەرچاو بگرن کە هەریەک لەوان

تێیدا لەکۆڕی دەسەڵاتدا بووە، هەروەها تواناو شێوازی فێڵاوی ئەوان لەیادنەکەن کەخۆیان لەسەر ڕاهێناوە بۆ ئەم جۆرە ئاستە.

ئەوەیشمان لەیادناچێت کە ڕژێمی سەددام ڕێڕەوێکی یەکجار نەگریسی گرتبووە بەرو نەیارانی بەهەڵوێستی ناپیاوانە لەناودەبرد. سەردەمێک بلانی قتکەرانەی بەکارهێنا بۆ لەناودانی بەشێک لە سەرکردە ڕامیارییەکانی نەیارو ناووناتۆرەی نارەوشتانەی دەخستە دوویان، چونکە وەیدەزانی هەر بەوبارە هەستیارە دەتوانێت کاربکاتە سەر مێشکی هاووڵاتییانی عێراق. بۆنموونە عەمید روکونی پەڕەشووتەوان عەبدولکەریم مستەفا نەسرەتو ژمارەی تر لەو کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرانەی کەوتە لەناوبردنو فرێدانی تەرمکانیان لەشوێنی ناپاک یان تەنیشت تەرمی ژنی سوزانی. یان ناردنی کەسانی ناپەسەند بۆ کوشتنی نەیاران، وەک ئەوەی کردی بەرانبەر فوئاد ئەلروکابی. هەروەک بۆ لەناوبردنی نەیاران سوودی لەو پارێزبەندی دیپلۆماسییە وەردەگرت کە یاسای نێونەتەوەیی ڕەخساندوویەتی بۆ کارمەندی باڵیۆزخانەکان. وەک ئەوەی بەکارهات دژ بە تالب ئەلسوهێل یان شەهید حەکیم.

دیارە زۆر لەو  لێکۆڵینەوانەی لەمەڕ تاوانکارییەکان دەکرێت لەبەردەم دادوەرانی لێکۆڵینەوەی سەر بەدادگای سزایی عێراقی، لەسەر خواستی دادیاری گشتییە. چونکە بەسەرهاتی ژیانی کۆمەڵانی عێراقو ئەنجامی تاوانکاریی سەددامو داروودەستەکەین دەگێڕنەوە کە بەرانبەر عێراقییان کرا. بەڵام دەستەبەرکردنی بەڵگەو دیکۆمێنت لەسەر ئەو پرۆسەیە دەکەوێتە سەر خاوەن کێشەکە یان خوازیارانی مافی تایبەت. دەستیارێتی دەزگاکانی لێکۆڵینەوە، گەڕانە لەدووی تاوانکاریو دەستگیرکردنی تاوانکاران،و گرتنەبەری





کارڕێکێی یاسایی‌وجۆرەکانی تری ئەو هەڵوێستانەی دەبنە هۆی بەرگری لەتاوان.

لەبەرئەوەی پرۆسەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە سەر لێکۆڵەر بیکات بە سەرپەرشتیاری دادوەری لێکۆڵینەوە، بۆیە پێویستە دەستنیشانکردنی لێکۆڵەر هەروەها دادوەرانی لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای تواناو شارەزایی بێت. دیارە ئەولایەنەی کاری دیاریکردنی لێکۆڵەرو دادوەرانی لێکۆڵینەوەی پێسپێردراوە، ئەوبارەیان لەیاد نەبووە، ئەگەرچی بواری داد لەعێراقدا پڕە لەوجۆرە وزەو توانایەنەی لەڕووی شارەزاییەوە بەناوبانگو خاوەن ئەزموونو توانان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوجۆرە تاوانکارییە، بەڵام هۆو تەگەرەی زۆر خرایە پێشیان تا نەتوانن بەرەنگاری ئەو بارە ببن کە نیشتیمانپەروەرییە پێشلەوەی یاسایی بێت. ئەو کۆمەڵە کارە ئاڵۆزەی یەکانگیر بوون لەخۆیدا باری ڕامیاریی عێراقی شڵەژاندووە خویان سەپان بەسەر پرۆسەی دەستنیشانکردنی دادوەرانی لێکۆڵینەوە لەنێو خودی دادگای سزایی.

ئەوەی لەپرۆسەی دەستنیشانکردنی دیدەرانی پرۆسەی ئەنفالدا دەبینرێت، واتە بۆ ئەو کێشەیەی بەقەوارەی 182000 قوربانییە، زۆر لە زیانلێکەوتووانی تائێستا لەژیاندان، پێدەچێت لەنێو زۆر لەوانەی هێشتا لەژیاندا ماون دیدنامەی بەجێو پێکەرو گرنگیان هەبێت، بەڵام دەزگاکانی لێکۆڵینەوە کارەکانیان تارادەیەک سنووردارو تەسک کردەوە بە هێشتنەوەی ئەو ژمارە کەمەی دیدەران،و زۆر سەرکەوتوو نەبوون لە دەستنیشانکردنی خاوەن دیدنامەی پێکەر. لەڕاستیدا دیدنامە یەکێکە لەبنچینە گرنگەکانی سەلماندن. بۆیە پێویستە لەکاتی زۆری ژمارەی دیدەراندا بەجۆرێک ژمارەیان کەمکرێتەوە بەرژەوەندی پرۆسەی خستنەڕووی تاوانکارییەکانی ئەنفال بپارێزێتو ڕەوتو پلانی ئەو تاوانکارییانە ڕوونکاتەوە. هەروەها چەندە

کاریگەر دەبن ئەو دیدنامانەی لەکاتی دادگاییکردندا گومانلێکراوان بەرەو تاوانبارکردن دەڕانن‌و تا چڕادەیەک وزەیان توێژەر یان چاودێر قایل دەکات لە ڕوونکردنەوەی ئەو کردەوە تاوانییانەی سەددام‌و ڕژێمەکەی کردوویانە. هەروەها دادگا بەرپرسە لەوەی هێوەری بۆ ژیانی تاوانلێکراو یان کەسوکاریان دابین بکات، هەروەها دیدەران لەڕێگەی نهێنی ڕاگرتنی پێناسەکانیان. وەک زۆر دیدەر لەدەرەوەی عیراق دەژین‌و نەیانتوانیوە دیدنامە پێشکەش بکەن، دادگا نەیکردووە لەڕێگەی کەناڵەکانی میدیاوە چۆنێتی ئامادەبوونیان ڕاگەیێنێت، یان کەسانێک بنێرێت بۆ تۆمارکردنی دیدنامەی ئەوان.

لەپرۆسەی سزایی لەمەڕ مافی گشتیدا، پێویستە دادیاری گشتی لەبەردەم دادگادا بەناوی کۆمەڵەوە بیخوازێت، ئامانجیش لەوە پەیڕەوکردنی کارڕایکی یاساییە بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی یاسایی‌و دیارکردنی سزا بۆ جۆرێک لە باری تاوانیی ئاشکرابوو، بۆیە پێویستە کارڕایکی بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە دەبێت لەڕێی لێکۆڵەرەوەبێت بە سەرپەرشتیاری دادوەری لێکۆڵینەوەو ئامادەبوونی دادیاری گشتی. لەوەدەچێت پرۆسەی پرسیار لە تاوانبارانی ئەو کێشەیە بەئاستی پێویست مەبەستی نەپێکابێت بۆ تاوانبارکردنی ئەو تاوانبارانەی بەزۆری سووربوون لەسەر ئەوەی، ئەوان وەک سەرباز بەرگرییان لەعیراق کردووە لەوجەنگەدا کە ئێران کردبوویە سەریان‌و وڵات‌و سەروەری ئەوی پێشێل کردبوو، ئەوان کە ئەفسەری سپایی عیراق بوون لەسەریان بووە ئەوە هەڵوێستە بگرنەبەر کەردوویانە. بەڵام ئەوە بارەێکە دەتوانرێت بە چڕکردنی سەرنج لەسەر ڕۆڵی ڕاستەقینەی هەریەک لە تاوانباران بەری لێ بگیرێت. هەروەها توێژینەوەی قووڵ‌و بەرفراوان بکرێت لە دۆخی کێشەکەو دەرفەت‌و دۆزی تاوانکارییەکە





بەرچاو بگیرێت. پرسیاریش کە لەخۆیدا کارڕایکی گەرەکە، ڕێگە خۆشدەکات بۆ لێکۆڵەر لەنێو وتەکانی خودی تاوانبارانەوە پرسی زۆر دەرکێشێت. زۆر جار دادیاری گشتی لەوجۆرە دۆخەدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت.

لەوانەیە لەنێو ئەوانەی لەقۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییدا تۆمارکراون دیدنامەی تاوانلێکراو هەبێت، بەڵام دیدەریش هەبووە دەزگای لێکۆڵینەوە نەیتوانیوە دیدنامەیان لێوەرگرێت، خۆ ئەگەر لەترسی ناسین بووبێت ئەوا دەتوانرا پێناسەکانیان ئاشکرانەکەن. وەنەبێت دیدنامە تەنها لەسەر کردەوەی ڕاستەوخۆی تاونکار بدرێت، بەڵکو هەن بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەشدار بوون لەو تاوانانە بەڵام دەستیاری دادگایان پێنەگەیشتووە. ئەوەی خراوەتە پێش بۆ لێڕوانین تەنها ئەو چوار تاوانکارییەیە کە لەبەندی یەکدا هاتوون، بۆیە کاری شوفێری ئەو ئۆتۆمبێلە تایبەتانەی قوربانییانیان گواستەوەتەوەو شوفێری شۆفڵ‌و خاکدڕەکانی تەرمی لەچاڵ دەنان‌و ماڵەکانی دەڕمان، ئەوکەسانەی لەڕیزی سپادا بەشداری قڕکردن‌و ڕانینی قوربانییان بوون بەرەو چارەنووس، یا هەرکەسیتر لەوانەی دەتوانن تیشک بخەنەسەر ئەو ڕاستییانەی لەشوێنی کاری خۆیاندا بینیویانە، گشتیان کارگەلێکن دەزگای لێکۆڵینەوە نە توانیویەتی لێیان بکۆڵێتەوە نە خستوونیەتە نێو ئەو پرۆسەیەی ئاراستەی دادگای سزایی کردووە.

ئەگەر کێشەکەی ئەنفال بەو قەوارەیەبێت کە دەزگاکانی میدیایی کوردستانی‌و عیراقییان توانیویانە ئاشکرای بکەن، دەبوو پرۆسەی لێکولینەوەکە هاوڕێژەی ئەو قەوارەیەبێت،و لێکۆڵەرو دادوەری لێکۆڵینەوە لەئاستی گرنگی ئەو لێپرساوێتییەدابن کە پێیان سپێردراوە.

ئەوکاتەی تاوانبار سەددام حوسێن لەنێو ڕکەی تاواندابوو، جارجارە لەنێوان دانیشتنەکاندا تاوانبار سەددام یان هەندێک لەو تاوانبارانەی تری جۆشیان لە کەسایەتی سەددام وەردەگرت، ئایا لەترسی ئەو بووبێت یان لە لایەنگرانی، وتارێکی بۆشیان ناوکێش کردووە. سەرئەنجام ئەو تاوانبارانە جۆرێک لە وتاریان دەدا نە پەیوەندی هەبوو بەو تاوانانەی ڕووبەڕوویان کراوە نە بەرپەرچدانەوەی ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانە کە لەدادگادا نیشاندران. هەروەک کاریگەری دەزگای لێکۆڵینەوە لەوئاستەدا نەبوو بتوانێت لەتاوابارێک دیدنامە دەرکێشێت دژ بە تاوانبرانی تر.

پرۆسەی سەپاندن کە پشتئەستوور دەبێت بە دیاردەی هەڵقوڵاو لە دۆخی مەتریالیو خودی ناکۆکییەکان، لەنێو پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەدا ڕێگەیەکی ناڕاسەوخۆو ڕێچکە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی کردارو تاوانکارەکەیو دەرخستنی تاوانو پاڵپشتە بۆ دیدنامەو دانپێدانانی تاوان. لەو پرۆسەیەی ئەنفالدا وەک دیاردەکان بەمەزەنە دەرناکەون، پێویستە دادوەری لێکۆڵینەوە لەتوێی هەندێک لەو ڕووداوە تایبەتییانە دەریانکێشێت کە بەزۆر جۆر لەدەڤەرە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا ڕوویداوە.

دادگا لەوبوارەدا نە ئەو قوربانییانەی خستە ڕوو کە منداڵی ساوابوونو ئۆپەراسیۆنەکە لەناوی بردن نە تیشکی خستووەتە سەر ئەو لایەنە مرۆڤانەیەی چەپەڵی تاوانکارییەکان دەردەخەن. تەنها ئەو ئامۆژنامە دەستنووسانەو فرمانە لەشکریو ئاسایشییانەی بەبەس زانیوە کە بوونە یاریدەر بۆ ئاشکراکردنی ڕۆڵی تاوانبارانی ئەو کێشەیە.

ڕەخنەمان لەوبوارەدا لە دەستەی بەرگران لەمافی کەسایەتی هەیە، ئەوانەی ڕۆڵی خۆیان زۆر بەچاکی بینی بەرانبەر بەتاوانبارانو ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان، لەوەیشدا کە سەرنجی دادگایان بەکێشکرد بۆ ئەو تێبینییە





پێکەرانەی دەیانقۆستەوە، هەروەها سەرگوروشتە مێژوییە کەی ئەو دەستەیە کاتی گوێگرتن لە پارێزەرانی داکۆک لە خوازیاریی مافی گشتی خوێندیانەوە پڕبایەخ بوو. بەڵام ئەوەیان لەبیرکردوە کە پارێزەری عیراقی تێکەڵ بە پرۆسەکە بکەن تا ڕواڵەتێکی مرۆییانەو عیراقییانەی پێ ببەخشن وەک لەوەی هەر لەبوارێکی تەسکی نەتەوەییدا بمێنێتەوە، چونکە گشت پارێزەرەکان کورد بوون، بەڵام لەوەدا ڕەخنە دەکەوێتە سەر لایەنی بەرپرس لە سپاردنی کار بەو هاوڕێ پارێزەرانەی بەرگر لەمافی قوربانییان.

ئەو ڕۆڵی پێشهەنگییەی دادیاری گشتی بینی مایەی شانازییە، چونکە ئەوان زۆر ماندوێتییان بینی لەپێناو چەسپاندنی بەشی زۆر لەوبارانەی کاتی دادگایی دەهاتنە پێش، دیارە بەپێی ئەو بنەمایەی دەڵێت؛ ڕوونکردنەوە لەسەر دادخوازە، دادیاری گشتی کە نوێنەری مافی گشتییە باڵادەستبوو لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانو ڕاگەیاندنی دۆخی تاوانکارییەکان،و شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی گشت ئەو نەهامەتیو تاوانکارییانەی بەسەر گەلی کوردستاندا هات، ئەوان بۆ ئەو مەبستە ڕێگەگەلی یاسایی ئەوتۆیان دەگرتەبەر گونجاو لەگەڵ ڕەوشە دادوەرییەکانی عیراق بۆئەوەی بگەنە ئەنجامی ڕاستو تاوانکار بەسزای خۆ بگەیێنو پێتاوان سەربەست بکەن.

وەک هەر پێویستبوو ڕۆڵی تاوانکارانەی یەکەبەیەکەی تاوانباران دیاری بکرێت، چی بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پێویست نەبوو ژمارەی بەشداربووانی تاوان کەمکرێنەوە بۆ ئەو ژمارەیە، هەروەها ناکرێت قەوارەی کێشەکە بەپێی ژمارەی ئەو تاوانبارانە دیاری بکەن کە دەسەڵاتی یاسایی دادگایان ناگاتێ، بۆیە پێویستبوو دەزگای لێکۆڵینەوە بە تێروتەسەلی ڕۆڵی تاوانباران ڕوونکاتەوە. هەروەک ناکرێت ناوی زۆر لە تاوانباران بشارنەوە، خۆ خودی دادگای سزایی بڕیاری ئەوەیدا کارڕاییکیی یاسایی بکرێت بەرانبەر

بە 423 کەس کە بەناوی تاوانبار وەفیق عەجیل ئەلسامەرائی دەستپێدەکاتو دواناو حەمەسەعید ئەحمەد موحەممەد هاروونییە. دەبوو دەزگای لێکۆڵینەوە ورد لەو تاونکاریو بەڵگەو دیاردانە بکۆڵێتەوە کە دژ بەو تاوانبارانە هاتنەپێش. دەبوو کارڕاییکێی یاسایی بگرنەبەر بۆ کێشەکەو بەکێشکردنی تاوانباران، ئەگەر بە دەسگیرکردنی بەشێک لەوان، یان بەردانی هەندێک لەوانەی یاسا ڕێگە دەدات بە بارمتە بسپێردرێت، هەروەک پێویستە کێشەکەی تاوانباری هەڵهاتوو جوداکاتەوە لە کێشەی ئەوانەی ئامادەن، وەک ئەوەی گرتیانەبەر لە کێشەی تاوانباری هەڵهاتوو نیزار موحەممەد ئەلخەزرەجی.

ئەو بەڵگەنامانەی کۆکرانەوە لەسەر کێشەی ئەنفال بەسبوون بۆ ئاراستەکردنی تاوانکاران بۆ دادگا بەپێی ئەو بەندانەی دادوەری لێکۆڵینەوە بەگونجاوی زانیون. قۆناغی دادگاییکردنیش قۆناغێکی ترە، پێویستە دادگا بە بەڵگەنامەکاندا بچێتەوەو کاتی دادگایی بکۆشێت بۆ هەڵێنجانی زانیاری لەنێو دیاردەو بەڵگەنامەو وتەی تاوانباران، تا بگەنە ئەنجامی ئەوبارەی ڕاستی دەچەسپێنێت. بەشێوەیەکی گشتی لەو کۆڕانەدا کە دادگا بەستنی هەندێک لەو بڕیارانەی دادوەری پێشوو عەبدوڵلا عەلی عەلوەش ئەلعامری تێهەڵکێشی کردن هیچ فڕی بەسەر کێشەکەوە نەبوو، هەروەک هیچ پەیوەندیشی نەبوو بەسەر ئەو تاوانانەی تاوانباران لەسەری دادگایی کران. ئەو بەوە کە گوتی؛ ئەو ئاڵایایەی هەیە (واتە ئاڵاکەی بەعس) نابێت بیگۆڕن! دەرچوون بوو لەسنووری دەسەڵاتی خۆی، هەروەها ئەو وتە بەناوبانگەی دای بەگوێی دیکتاتۆردا کە گوتی؛ تۆ دیکتاتۆر نەبوویت، دیکتاتۆریش لەهەمان کۆڕدا سپاسی ئەوی کرد. سەرئەنجام، سەرۆکایەتی دادگاو ئەنجومەنی داد لەبەر تووڕەیی جەماوەر دەستیان لەوکارە وەرداو ئەو





دادوەرەیان لەپۆستی سەرۆکایەتی دادگای سزایی لادا، چونکە ویستی دڵنەوایی زۆردار بکات، لەبری ئەو دادوەری بەڕێز سەعید ئەلهاشمی دانرا کە لەهەمان ئەنجومەنی سزایدا کاریدەکرد، ئەوسا ئەنجومەنی قتکردنی بەعس دەستی لەکارەکە وەرداو بەبڕیارێک دەریبڕی کە لەبەرئەوەی بەڕێز هاشمی پێشتر بەعسی بووە ناکرێت سەرۆکایەتی دادگای سزایی بەو بسپێرن. ئەگەرچی بەڕێز هاشمی بەرپەرچی ئەوەی دایەوەو دەریبڕی کە ئەنجومەن لەوەدا هەڵەنو دەبێت بە بەڵگەو دیکۆمێنت ئەوەی بۆ بسەلمێنن، بەڵام دادگاو دەستەی داد خێرا بەدەم پێشنیارەکەی ئەنجومەنی قتکردنی بەعسەوە چوونو دەسبەجێ بەڕێز هاشمییان لە سەرکردایەتی ئەنجومەن لابردو لەبری ئەو بەڕێز موحەممەد عرێبی ئەلخەلیفەی دادوەریان کرد بە سەرۆکی دادگا. بەسەرۆکایەتی ئەمەی پاشیین کۆڕەکانی داد کەوتەوە گەڕ، بەڵام ئەوەی ئەنجومەنی قتکردنی بەعس لێکینەداوەتەوە ئەوەیە کە نابێت هیچیەکێک لەوانەی پێشتر ئەندامبوون لەپارتی بەعسدا ڕێگە بدرێن بۆ بوون بە دادوەر یان بریکاری دادیاری گشتی یانیش دادیاری گشتیو تەنانەت فرمانبەر یان کارمەند لەوشوێنە، چونکە ئەوە پێچەوانەی بەندی 33 یە لەیاسای دادو لەگەڵیشی ناگونجێت. ئەگەر ئەنجومەن لەوەدا ڕاستو ڕەوانن، دەبوو لەسەرەتاوە ڕێگربوونایە لە دامەزرانی دادوەر سەعید هاشمی لەو دادگایە.

ئەوەیشی پتر کارەکەی ئاڵۆزکردبێت، ئەو نووسراوە بوو کە ئەنجومەن بۆ بەبەڕێز هاشمی نارد تێیدا لێبوردنی خواست، گوایە ئەوان لەوبارەدا هەڵەبوون، چونکە ئەوە بوو بەهۆی لاوازی باوەڕ بە دادگاو هۆی ئەوەی زۆر لە دوژمنانی عیراقی نوێ ئەو کێشەیە بەکارهێنن وەک ڕەخنە لەکۆڕەکانی دادگاییو تەنانەت خودی ئەنجومەن.

دادگای ئەنفال نە ئەنجامە بۆ ئەو سزایانەی دەریکردووە بۆ تاوانباران، نە ئەویە بە لەسێدارەدانی سەددام بەسزا لەسەر کێشەیەکیتر ڕاپبگرێت، یانیش لەسیدارەدانی عەلی حەسەن ئەلمەجید. چونکە ئەوەی ڕوویداوە هەرگیز مێشک هەڵیناگرێت، بۆیە دەبوو دادگا مێژوو بۆ ڕووداوەکان دیاریکاتو بڕیاری سزاکانی فراوانتر بکاتو بەوردی ئاماژە بدات بە مێژووی ئەو تراژیدیا خوێناوییانەو کرداری تاوانکارانو هاواری قوربانیو زیانلێکەوتووان بە جیهان ڕاگەیێنێت تا پەردە هەڵماڵرێت لەسەر لایەنێکی تر لە لایەنەکانی قەلاچۆکردنی کۆمەڵ لە سەدەی پیستهەمدا. چونکە ئەو تاوانکارییەی سەدەها هەزار مرۆڤی بەرکەوت، هەر تەنها ئەوان بەرکەوتووت نەبوون بەڵکو کۆمەڵانی تری نەیار بەڕژیمیشی گرتەوە. هەروەها سروشتو ماڵو خانووبەرەیش بێبەش نەبوون.

سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکار یان خودی زیانلێکەوتوو، بەمپێیەی خوارەوە بەرپرسیارێتی وڵات دیاری دەکرێت لەمەڕ ئەو تاوانکارییانەی بە سەرپێچی لە یاسای نێونەتەوەیی دەژمێردرێن:

لەزۆربەی ئەو دۆخانەدا کە دەوڵەت دەبێتە هۆی تاوان یان زیانگەیاندن بەکەسێک، یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە ناوبژو دیاریکەری قەوارەی تاوانکاریو زیانەکان. زۆرجار تاک پەنادەبەن بۆ یاسای نێونەتەوەیی لەبەرئەوەی کەسایەتییەکانی خاوەن دەسەڵات دەستیان لەڕژێم گیرەو ئەو مانەوەیان لەسەر دەسەڵات دەبێتە کۆسپو ڕێگر بۆ دادگاییکردن یان قەرەبوو خستنە ئەستۆیانو سەپاندنی سزا بەسەریاند. هەروەک ناشێت لەڕێی دادگای نیستیمانییەوە یاسای نێونەتەوەیی بسەپێنرێت، یانیش دادگای نیشتیمانی کێشەکە ئاراستەی دادگای نێونەتەوەیی بکات، چونکە خودی ئەو دۆخە ڕێگە بەوجۆرە دادخوازییە نادات.





بەپێی ڕەوشی یاسایی سزای نێونەتەوەیی ئەو تاوانکارییانەی دەوڵەت دەبن بەدوو بەشەوە؛ یەکەم ئەو تاوانانەی کەسانی کارمەند لەکاتی لێپرسراویدا دەیکەن،و دووهەم ئەوەیە کە دەوڵەت لەکاتی وەگەڕخستنی هەڵوێستێکی ڕامیاریدا تاوان ئەنجام بدەدات دژ بە کۆمەڵێک هاووڵاتی بەمەبەستی لەناوبردنی گشت یان بەشێکە لەوان. یانیش ببێتە هۆی قەلاچۆکردنو تۆقاندنو ئەشکەنجە یان بەکارهێنانی جۆرەها کەرەستەی نایاسایی کە ئەویش لە ڕیزبەنی تاواندا خۆ دەبینێتەوە، یان هەڵگیرسانی جەنگ دژ بەگەلانی ترو تاوانی قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵو تاوانی دژەمرۆڤو تاوانەکانی جەنگ.

هەندێک ڕێکەوتننامەو بەڵێننامە هەن وڵاتان پابەند بکەن. لەوانەدا گەرەک هەن ئەوان پابەند بکات بەوەی نەتوانن چەکی بۆ نموونە قەدەغەکراو لەسەر ئاستی نێونەتەوەییو بابەتەکانی بەکار بهێنن. ئەگەر دەوڵەتێک سەرپێچی ئەویاسایە بکات نەتەنها دووچاری سزای یاسایی دەبێتەوە بەڵکو بەپێی بەرپرسیارێتی شارستانی، پێویستە قەرەبووی قوربانییانو مانەگرانیان بکاتەوە. بۆیە پێویستە دەوڵەت وەک بوونەیەکی یاسایی قەرەبووی زیانلێکراوان بکات. چونکە ئەوان ڕاستەوخۆ بەرپرس دەبن لەو کردەوانەی دەرئەنجامیان دەبێتە هۆی تاوان یان زەدەدارکردنی هاووڵاتییان. بەڵام ئەگەر کەسانێک لەکاتی بوونیان لەپۆستی دەوڵەتدا تاوانیان ئەنجامدابێت ئەوا ناراستەوخۆ بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە ئەستۆی دوەڵەت.

لەگشت ئەوجۆرە دۆخەدا لێپرسراوێتی دەوڵەت بە لێپرسراوێتیی شارستانی دەژمێردرێت چونکە ئەو کەسێکی ماکی شێوەیە نەک کەسێکی ڕاستەقینەی سروشتی، بۆیە ناکرێت ئەوجۆرە سزا مەترپالییەی بەسەردا بسەپێنرێت کە بسەر کەسانی سروشتیدا دەسەپێت. واتە بەپێی یاسا،

بەرپرسیارێتی دەوڵەت لەسەر ئەو زیانانە دەبێت کە ئەنجامی ئەو کردە دوژمنکاریو تاوانانەن کە ئاسای نێونەتەوەیی دیاری کردوون.

بەپێی ئەوەی دەوڵەت کەسێکی ماکی نییە بەڵکو بووەیەکی نادروستە، ناکرێت لێپرساوێتی سزایی بخرێتەسەر. بۆیە لەگشت بارێکدا خودی ئەوکەسانە سزا دەیچێژن کە سزایان بەسەردا دەسەپێت لەسەر ئەو تاوانانەی کردویانە. هەیە دەڵێن، باربووکردنی دەوڵەت بەوجۆرە بە قەرەبووکردنی ڕاست نییە چونکە هەرگیز دەوڵەت ئارەزووکەر نەبووە بە کردەوەی زیانبەخش، سەرئەنجام دەکەوێتە ژێر باری کردەوەیەک هەرگیز ئەو نەیکردووە، بەڵکو کەسانێک ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە خاوەن بڕیارو دەسەڵات بوون، بۆیە پێویستە تاوان هەر بسەپێت بەسەر ئەوانەدا کە بەرپرسبوون لەخودی تاوانو کردەوە زیانبەخشەکان. وەک ناکرێت سزای چەشنی لەسێدارەدانو بەندکردنو زندانی بخرێنە سەر دەوڵەت، دەرئەنجامی سزای پێبژاردنو قەرەبووەکە دەکەونە ئەستۆی میللەت کە بەهیچجۆرێک دەستی لەوکردەوانەدا نەبووە،و لەوانەیە کۆمەڵانی میللەت بەرهەڵستی ئەوەبنو دژیشی بوەستن. کەواتە پێویستە تاوانی لەسێدارەدانو زندانیو پێبژاردن بکەوێتە ئەستۆی خودی ئەوکەسەی سەرپێچی یاسای نێونەتەوەییو مرۆڤانەیی کردووە. ئەوەی لە سەرچاوە زانستییەکانی سزایی نێونەتەوەییدا باوە، لێپرساوێتی دەخرێتە سەر کەسانی سروشتی نەک دەوڵەت.

لەبەرئەوەی دەوڵەت یەکێکە لەپێکهاتەکانی یاسای نێونەتەوەیی بۆیە تاوان دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانە ئەوجورە کارەیان ئەنجامداوە یاساو ڕێکەوتننامەکان بەتاوانی دەژمێرن، لەگەڵ ئەوەدا وڵات بەرپرس دەبێت لە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی ئەنجامی کاری ئەو کەسانەبووە سەردەمێک





لەو دەوڵەتە بەرپرسبوون، یانیش کاتی ڕوودانی ئەو زیانانە لەدەسەڵاتدا بوون.

یاسای نێونەتەوەیی گرنگیی تایبەتی داوە بە تاوانەکانی قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵ کە لەمکاتانەی دواییدا مرۆڤایەتی تۆقاندووە. ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی ڕۆژی 9 دیسەمبەری 1948 ڕەوشو دەقی دیاریی هەیە بۆ سزادانی تاوانبارانی ئەوجۆرە کردەوانە. دەقەکانی ڕێکەوتننامەی جونێڤ 12 ئۆگستی 1949 لەتاوانەکانی جەنگ دەدوێتو دەقەکانی تایبەتن بە قەدەغەکردنی تاوانەکانی دژەمرۆڤو دەیسەلمێنن کە ئەوانە تاوانی ڕامیاری نین، هەرگیز ناکرێت کاری ڕامیاری بکرێتە پۆشاک بۆ ئەوجۆرە تاوانە چەپەڵە، هەروەها ئەو پۆشاکی بەسەرچوویی خوازخەرە پووچەڵ دەکەن کە یاساو دەستوورەکان وەک پارێزبەندیی یاسایی یان دەستووری بەکاریدێننبۆ پارێزگاری لە کاربەدەستانی تاوانکارو تاوانەکانی ئەوان. هەروەها جەخت دەخاتە سەر ئەو وڵاتانەی ڕاگری مافی مرۆڤو یاسای سزایی نێونەتەوەیین کە مافی پەنابەری نەدەن بە تاوانباری ئەوجۆرە کردەوانەو بۆیان نەبنە داڵدە، وەک ئەو ئاوەژووییەی لەم هەرێمە عرەبییەماندا هەیە لە پێشێلکردنی پرۆتۆکۆڵو ڕێکەوتننامە نێونەتەوەییەکانو بوون بە داڵدە بۆ کەسانی تاوانکار، ئەویش لەبەر هۆی ئابووری یان ڕامیاری یانیش خێڵەکیە.

بنەمای سەرەکی بۆ گشت ڕێکەوتنێک پشتەستووربوونە بە شێوازی ئەو پابەندێتیەی لەپێناویدا پەیدابووەو کارپێکردنی لەکاتی جێبەجێکردنی بەندەکانیدا دەردەکەون، یان کاتی سەرپێچی لە ڕێکەوتننامەکە، کە ئەوە کارێکی نابەجێیەو بەرپرسیارێتیی نێونەتەوەیی لەدوا دەبێت. ئەوجا خودی پەرپرسیارێتی لەوئاستەداو لەئەنجامی ئەوکارە هەڵانە پەیدادەبن کە یاسای نێونەتەوەیی بە سەرپێچی ترسناکییان دادەنێتو دەخوازێت تاوانکارانی

سزابدرێن‌و زیانەکانی ڕاست بکرێنەوە. بەڵام لەوئاستانەدا کە دەوڵەت دەبێتە هۆی گیانکێشان ڕاستکردنەوەی بار زۆر ستەمە، هەروەها هیچکات قەرەبوو بە سزا ناژمێردرێت.

هەرچی ڕێکەوتننامە نێونەتەوەییە، بەتایبەتی ڕێکەوتننامەی جونێڤ. ئامۆژگاری دەوڵەتان دەکات، لەیاسا سزاییەکانیاندا دەقی سزاسەپێنەر دارێژن بۆ تاوانەکانی دژەمرۆڤ‌و ئەوانەی قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵ‌و تاوانەکانی جەنگی وەک کوشتن، ڕاگوێزان، دوورخستنەوە، دابڕینی نەگریس، کۆیلەکردن، کوشتن‌و هتد.. پێویستە ئەو دەقانەی سزا نێونەتەوەییەکانیان دیاری کردووە وەک دەقی نیشتمانی بەکارهێنن. لەکاتی جێبەجێکردندا دەسەڵاتی یاسای نێونەتەوەیی بەرزتر نییە لەوەی نیشتمانی، بەڵام کاتی ئاراستەکردن بۆ داگای سزایی نێونەتەوەیی ئەوا کاری ئەو دەبێتە تەواوکەر بۆ ڕۆڵی دادگای نیشتمانیی‌و جێبەجێکردنی کارڕاییکی بۆ سەر تاوانکاران.

پێویستە یاسا ناوبژبێیت لەنێوان دەوڵەت‌و کەسانی تاوانلێکراوی زیانلێکەوتوو لەئەنجامی ئەوجۆرە تاوانکارییەی یاسای نێونەتەوەیی قەدەغەیان دەکات. ئەو پەیوەندییەیش یاسای هەرێمی کارڕایی دەکات بە هاوئاهنگی دەستداریێتی ڕەوشە گشتییەکانی یاسای سزایی. بۆیە بنەماو ڕەوشی یاساییبوونی تاوان‌و سزاکانی خۆی لەتوێی پابەندبوونی وڵاتاندا دەبینێتەوە بەو ڕێکەوتن‌و پرۆتۆکۆڵانە. هەروەک ئەو ڕەوشە ئاینییەی وڵاتان پەیڕەوی دەکەن لەڕێگەی پابەندبوون بەدەستوورەوە ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە ئەوکارانەی دەوڵەت کردوویەتی دژ بە قوربانییان ئەوپەڕی تاوان‌و هەڵوێستی دڕندەی دژن بە توخمی مرۆڤ‌و ژیانی مرۆڤایەتی دەخەنە بەر مەترسی، سەرپێچی ئاشکرایە بۆ ئەو بەرپرسیارییەتییەی لەئەستۆیاندایە بۆ پاراستنی ژیانی هاووڵاتییان. ئەوەی ڕەوشی ئاین دەیخوازێت





ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانکاری‌و سزادانی تاوانبارە بەپێی باری کارە تاوانییەکەی.

چاکیکرد ئەوەی کاتی دارشتنی یاسای سزای نێونەتەوەیی پەنایبرد بۆ ڕەوشی بەرەودوا کارنەکردنی یاسای سزایی لەسەر ڕووداوی ڕابوردوو. چونکە دەبێ تاوان بکەوێتە بەر دەسەڵاتی یاسای ڕۆژی خۆی. بەڵام کارابوونی تاوانی ڕەوڕەوەیی تا ئەوکاتەیە کە دەسەڵاتی یاسای ڕۆژ پووچەڵدەبێت‌و دەگاتە بەر دەسەڵاتی یاسای نوێ. هەرگیز یاسا بۆ پشتگیری لە تاوانکار نەهاتووەتە کایەوە، دیارە بۆ ئەوە پەیدابووە تاوان نەهێڵێت‌و تاوانکاری پێ سزا بدرێت، بۆیە بۆ ئەنجامدەرانی تاوانەکانی دژەمرۆڤ‌و تاوانی کۆکوژی‌و تاوانی جەنگ نییە پێداگرن لەسەر کارکردن بە ڕەوشی نەگەڕانەوە بۆ یاسای پێش، ڕشترێژیش مافی ئەوەی هەیە سەرپێچی لەو ڕەوشە بکات‌و ئەوجۆرە تاوانکارییە بخاتە بەر دەسەڵاتی ڕەوشی مافپارێز.

ئەگەر تاوان بەشێوە گشتییەکەی ببێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترسناک، ئەوا لەشێوەی تاوانی یاساییدا دەبێتە هەڕەشە بۆسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان‌و لەخۆیدا ڕەفتارێکی ناپەسەندە، بۆیە کوچکەکانی تاوان خۆ لەو تاوانکارییانەدا دەبیننەوە کە سزای یاسای نێونەتەوەیی بە تاوانیان دادەنێت، بە هەردوو باری ماکی‌و مەتریالی، هەروەک لەناوەخندا مەبەستی تاوانکاری دەبێت، بۆیە بەو سزایانەی دەسەپێن بەسەر کەسانێک کە تاوان بەناوی دەوڵەتەوە دەکەن، یان لەوکاتەی لەدەوڵەتدا وەک کارمەند دەسەڵاتیان بووە، سزاکان دەبنە بەشێک لە بەرەنگاری‌و کارڕاییکیی مەتریالی کە یاسا بەڕاستی دەیسەپێنێت بەسەر تاوانکاردا.

لێپرسراوێتی دەوڵەت بەرانبەر بەهاووڵاتی لەمەر ئەو تاوانکارییانەی یاسای نێونەتەوەیی لێیدواوە، زەق‌و ئاشکرا لە تاوانکاری نازییەکانی پاش

چەنگی جیهانگیری دوودا دەرکەوت. شێوەیەکی زۆر زەقتر دەرکەوتنی ئەو تاوانکارییانەبوو کە ئەنجامی هەڵوێستی هەڵەی دەوڵەتن سەبارەت بە تاوانی دەستئەنقەستیی دەوڵەت بەرانبەر بە هاووڵاتییان کە لەخۆیدا زیان دەگەێنێت بە توخمی مرۆڤ، هەروەها بە بەرژەوەندییە بنەماییەکانی کۆمەڵەی نێونەتەوەییو کە بەرزبێتەوە تادەگاتە قۆناغی تاوانی سزایی نێونەتەوەیی.

لەوانەیە ئەو سزایانەی دادگای سزایی عیراقی یەکو دوو دەریانکرد لەسەر کێشەکانی دوجەیلو ئەنفال ئاماژەبن بۆ مافی قوربانییانو کەسوکاری زیانلێکەوتوان بەبۆنەی ئەو تاوانکارییانەی دژیان کراوە،و ڕێگەدانیش بێت بۆ خواستنی مافی یاسایی لەدادگای شارستانیو چەسپاندنی ئەو مافەو دیاریکردنی بەرپرسیەتی تاوانباران لەڕێی ئەو کردەوانەی لە شێوەی تاوانی کۆکوژیو تاوانی دژەمرۆڤو تاوانەکانی جەنگو سەرپێچی یاسا ئەنجامدراون. گشت ئەوانە تاوانگەلێکن دەسەڵاتی بەندی دووی یاسای دادگا دەیانگرێتەوە. بۆیە بەپێی یاسا دەکەونە بەر دەستداریێتی ئەو دادگایە.

ئەگەرچی دادگای نێونەتەوەیی هەیەو ڕۆڵ خۆی دەبینێت لە دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوانی کۆکوژیو تاوانەکانی دژەمرۆڤ، بەڵام ئەوبارە نە پێچەوانەی دەستیاریێتی دادگای نیشتمانییە، نە ڕێگریشە لەوجۆرە دادگاییانە. ئەوە ئەگەر خودی دادگای نیشتیمانی پەنا نەبات بۆ دادگای سزایی نێونەتەوەیی لەبەر ئەو هۆیانەی لەڕێکەوتننامەکاندا ڕەوتیان بۆ دیار کراووە.

بەگوێرەی ئەزموونە نێونەتەوەییەکانی لەمەڕ سزای کەسی تاوانبار بەوجۆرە کردەوانە، بەرپرسیاریێتی سزایی دەکەوێتە سەر کەسانی لەوجۆرە تاوانە دڕندانە ئەنجام دەدەن، چونکە ناکرێت وەک کەسێکی سروشتی





بەرپرسێتی لە تاوان بخرێتە ئەستۆی دەوڵەت. بەڵام ئەوە لێپرسراوێتی شارستانی دەوڵەت ناسڕێتەوە لەمەڕ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئەوجۆرە تاوانکارییە.

بەگوێرەی ئەوزیانانەی لەهاوڵاتییانی کورد کەوتن لەئەنجامی هەڵوێستە پڕستەمو دڕندانەکەی ڕژێمی سەددام پیادەی دەکردو شارەزایانە ئەو هەڵوێستە شۆڤێنییانەی خستبوە گەڕ تا پتر زیان بگەێنن. لەوانەیە یەکێک لە دۆزەکانی زیانە هەرە قورسەکانی ئەو پرۆسەیە، گۆڕینی پێناسەی نەتەوەییو دەرئەنجامە یاساییەکانی بێت، لەگەڵ دەرکردنی بەڵگەنامەکانی. سەرئەنجام چارەسەری ئەولایەنە یەکێکە لەو پرۆسە گرنگانەی دەکەونە سەر ئەنجومەنی ڕەوشرێژی کە خودی ئەنجومەنی نوێنەرانەو پێویستە ئەوپەڕی گرنگی پێبدەن.

بەپێی ئەوبارە یاساییەی گشتلایەک کۆکن لەسەری، نەتەوە پێکدێت لە کۆمەڵێک پێگە. یەکهەمیان پێگەی جوگرافییە کە کۆمەڵێک مرۆڤی لەسەر دەژی،و ئەوەی بەیەکیانەوە گرێدەدات مێژووی هاوبەشو کۆمەڵیک داستانو مەنەی کۆمەڵایەتی، کولتووری مللی هاوبەش، ئەو پشتوێنە چارەنووسسازەی ڕۆڵەکانی نەتەوە لەیەک نزیک دەکاتەوە، هەروەها زمانی هاوبەش یەکێکە لە بڕبڕەکانی، سەرئەنجام ئەو مافە یاساییانەی هەیانەو لەسەریانە.

ئەگەرچی دیدی پسپۆر ( گیلنەر ) ئەوەیە کە نەتەوە " لەبنەڕەتتدا پێگەیەکی ڕامیارییە لەئەنجامی هاوسانی نێوان یەکەی ڕامیاریو یەکەی نەتەوەیی پێکدێت "، بەڵام شێوازە نەگۆڕو هاوبەشەکانی نێوان ڕۆڵەکانی هەمان میللەت واتاو تایبەتمەندیی بۆ دیاریدەکات.

لەو ڕووەوە بیری هەندێک لەشارەزایان بۆ جوگرافیاو زمانو کولتووری هاوبەشو مێژوو دەچێت، بەڵام کەسانیتر بۆ پێکهاتەی میللی.

لەم نەتەوانەدا هەست بە هاوئەندامی بەهێزترە لەئارەزوو، بۆیە لە توانای هیچ لایەنێکی فەرمیدا نییە نەتەوەیەکی تایبەت بەیەک بڕیاری ڕامیاری بسڕێتەوە، هەروەک ناتوانێت بووەی نەتەوەیی کۆمەڵێک مرۆڤی بچووک یان گەورە لەناو بدات.

ئەگەرچی کورد میللەتێکە بەپێی نەخشەی کۆلونیالیو بەرژەوەندی وڵاتانی هەرێم پەرتو دابەش کراوە، هیچ خاوەن ویژدانێک ناتوانێت نکوولی لە بووەی نەتەوەییو مافە ڕەواکانییان بکات. نەتەوەی جۆراوجۆر لەزۆر وڵاتدا هەن پێکەوە بەئاشتیو ئاسوودە ژیان بەسەر دەبەن. هەروەک هیچکات ئاین نابێتە کوچکەیەک لە کوچکەکانی نەتەوایەتی.

عیراق یەکێکە لەو وڵاتە نموونەییانەی پێکهاتووە لەچەندین نەتەوەی جیاجیاو هاوبەش. لەو یاسا بنچینەییەدا کە ساڵی 1925 دەرچووە هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ برایەتی نەتەوەکان، جگە لە ئاماژەی دەقی بەندی شەش کە دەڵێت؛ بەپێی یاسا هیچ جیاوازییەک لەنێوان عیراقییاندا نییە ئەگەرچی لەنەتەوەو ئاینو زمانی جیاوازیش بن. بەڵام لەڕاستیدا پێکهاتەی عیراق بریتییە لە نەتەوەکانی عەرەب کورد تورکمان کلدان ئاشوورو ئەرمەن. ئەوجا لە دەستووره کاتییەکەی ساڵی 1958ی پاش دامەزرانی سیستێمی کۆماریو کۆتایی هاتن بەسیستێمی شا، بەندی سێهەم دەڵێت؛ عیراق پێکهاتووە لە بنەمای هاوکاری نێوان هاووڵاتییانیو ڕێزگرتن لەمافیان،و دەستەبەرکردنی ئازادی بۆیان. عەرەبو کورد لەم وڵاتەدا بە هاوبەش دادەنێتو دەستوور دان بە مافە نەتەوایەتییاندا دەنێت لەچوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوو.





دەقی سەرەوە ئەوە دەردەخات کە لەعیراقدا ئەودوو نەتەوە گەورەیە لە نیشتمانەدا هاوبەشن، پێویستە دەستوورو یاساکانی لەو هەڵقوڵاو ئاماژەبدەن بە گشت مافە نەتەوایەتییەکانی کورد، بەتایبەتی بووەی نەتەوەییو بە ڕەوا ناسینی مافی نەتەوایەتییان.

ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە ڕوونوئاشکرا ڕژێمەکانی عیراقی ناچار دەکات ئەو پێویستییانە دابین بکات کە مافی بووەی نتەوایەتیو ئازادی چارەنووسو ڕەخساندنی باری یاساییان بۆ دەستەبەر دەکات بەجۆرێک بەئازادی بژین لەچوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوودا.

بەڵام بەپێچەوانەی گشت دەقەکانی ئەو دەستوورەو پاشکۆکانی، ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان گشت توانایان خستبوەگەڕ بۆ جەنگی دژ بە کوردو بوونە ڕێگر لەوەی وەکپێویست مافی خۆ لەوان بخوازن، گشت ئەوانەیان لێ خستبوونە پشتگوێ. ئەگەرچی ڕژێمو دەستوورەکانیش پەیتاپەیتا دەگۆڕاون، پرۆسەی بڕیاردانی ژیانی هاوبەشێتی ڕاستەقینە لە نێوان عەرەبو کوردو تورکوماندا لەهزری دەسەڵاتدارە شۆڤێنییەکاندا هەر ئاوەژوو مایەوە. هەرگیز لەو هەڵوێستە شۆڤێنییانە چەپەڵتر نەبینراوە کەلای دەسەڵاتدارانی بەعس باوەڕی ئاشکرابوو. تینو گوڕی ئەو هەڵوێستە شۆڤێنییە لەپاش 8 شوباتی 1963 وە پەیدابوو کاتێک بە کوودەتا هاتنە سەر دەسەڵات، هەروەها لە کوودەتای دووهەم،و کشانەوەی ساڵی 1991 لەکوردستان، تا دەگاتە کاتی ڕووخانی دیکتاتۆر لەنیسانی 2003.

ڕژێمی سەددام دەیگوت ئەو مەنەیەی عوسمانی کە لەعیراقدا بە بەڵگەنامەی عوسمانی تۆمارکران، جۆرەها باری تێدایە ڕووی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی عیراقی شێواندووە. مەبەست لەو دەربڕینە ئەوەیە کە گوایە عیراقی هەن ناویان لەسەر نەتەوەی تر تۆمارکراوە بەڵام خۆیان لەونین.

دیارە ڕژێمی سەددام خۆی لە ڕاستییەکان لادەدا بۆیە کەوتنە سنووورداشکردنی ڕۆڵە عیراقییەکانی خاوەن پێناسنامەی سەربەیی[22]، وەک ئەو تاوانەی کردی بەرانبەر بە کوردە فەیلییەکانی عیراق کە بەو بەهانەیەی گوایە ئەوان بەڕەچەڵەک ئێرانین.

هەر لەبەر سەپاندنی هزری شۆڤێنی پڕکینەی خۆی، بارتی بەعس ئەو خاڵەی کردە بە هەڵوێست کە دەیگوت؛ گشت عیراقییەک بەعسییە ئەگرچی لەڕیزی پارتیشیدا نەبن، یان لە نەتەوەی تربن، ئەوەیش هیچ لەبار ناگۆڕێت کە بەعس پارتێکی نەتەوەیی عەرەبییە. بەوپێیە دەبوو کوردو تورکومانو کلدانیو ئاشووریش تێکۆشن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بەعسو بچنە ناو ڕیزەکانیەوە تا گشت نەتەوەکان لەژێر دروشمی بەعسدا بتوێنەوە. هەروەها پارتی بەعس جۆرەها مەرجیان دانابوو بۆ دامەزران لەسەر کارو مووچەو پێداویستی ئاڵوگۆڕو بەرگری لەخۆو خێزان، بەوە توانی سەدەهاهەزار هاووڵاتیی ناعەرەب لەعیراقدا بەکێشکەن بۆ ڕیزەکانی پارتی بەعس. ئەوجۆرە بەشداربوونە ڕێگەی بۆ ڕژێمی سەددام خۆشکرد پرۆگرامە شۆڤێنییەکەی بخاتەگەڕ کە گوایە، گشت ئەندامێکی بەعس عەرەبە ئەگەرچی لە نەتەوەی تریش بن، بیانەوێو نەیانەوێت، هەر عەرەبن[23].

هەروەک بڕیاری فەرمی دەرکرد بەوەی ئەوی بەعەرەبی بدوێت عەرەبە. گۆڕینی پێناسەی نەتەوەیی وەک چەکێک بەکارهێنا لەڕووی نەوەی

[22] بەڵی زۆرچاک لەڕاستی گەیشتبوون بەڵام ئەوە پلانبوو بۆ کەمکردنەوەی ڕگەزی کورد. ناسناوی سەربەیی ئێرانیی لە کوردە فەیلییەکانیان دەنا بۆ ئەوەبوو شاربەدەریان بکەن بۆ ئێرانیان ـ وەرگێڕ

[23] یەکێک لەوخاڵە سەرەکییانەی ئەو پارتەی لەسەر دامەزرا، دەڵێت؛ هەر بستێکی سەر کارتەی عەرەبی خاکی عەرەبە، ئەوەیشی لەسەر خاکی عەرەب بژی عەرەبە- وەرگێڕ





نەتەوەکان، بەتایبەتی ئەو هەڵوێستی بەعەرەبکردنەی لەشاری کەرکووک بەکارهێنا تا ڕەگەزی کوردو تورکومانی تێدا لاوازکاتو ڕەگەزی عرەبی تێیدا باڵادەستبێت. لەپێناو ئەو هەڵوێستەدا هەندێک خێڵی عەرەبی دەڤەرەکانی دیوانیە کووتو عیمارەی بولایخۆی بەکێشکردو گواستنیەوە بۆ کەرکووک تا لەوێدا نیشتەجێبنو بڕیاریدا دەهەزار دینار (کە لەوڕۆژەدا دەیکردە پتر لە سێهەزار دۆلار[24]) ببەخشێت بە هەریەک لەو کارمەندە عەرەبە عیراقییانەی بەڵگەنامەو پێناسەی خۆو ئەندامانی خێزانیان لە بنکەکانی تۆمارگەی کەسێتی شارەکانیانەوە بگوێزنەوە بۆ کەرکووک. پاشان ئەوە پەرەیسەند تا گەیشتە بواری خاوەنداریێتی زەویو خانووبەرەو پرۆسەی بەکرێدانو بەکرێگرتنو زەمینەی چوونەسەرکارو پیشە لەدەڤەرەکانی مووسڵ، بەغدا، کەرکووک، دیالەو سەڵاحەدین بۆئەوەی ڕێگە بدرێن تا ئاڵوگۆڕو بەکریدان یانیش کارکردنو دامەزران لە شوێنەکانی ئەو دەڤەرانە کورد ناچاربن بۆ گۆڕینی پێناسەی نەتەوەیی، بۆیە دەبوو ڕووبکەنە دەزگاکانی ئامار تا ناوی خۆ تۆمارکەن ئەوجا لە دیکۆمێنتەکانی دەزگای تۆمارگەی کەسێتیدا بیگۆڕن.

لەڕووی یاساییەوە ئەوجۆرە خواستە بەهەڵوێستێکی ملکەچبوون دادەنرێت. چونکە ئەو پێشنیارەی هاووڵاتی کورد دەیکرد بۆ گۆڕینی پێناسەی نەتەوەی بە نابەدڵی بووە. مایەی پێکەنین ئەوەیە کە ڕژێم زۆر لەهاووڵاتی بکات ڕاستیی باری ژیانی خۆی یان یەکێک لەخاڵەکانی بووەی کۆمەڵگەی عیراقی بگۆڕێت. سەرئەنجام زۆر لەو کوردانەی پێناسەی نەتەوەیی خۆیان گۆڕیو کردیان بەعەرەب، نە هیچ زمانی عەرەبییان زانیوە

[24] پێموایە مەبەست 30 هەزار دۆلارە، چونکە لەوڕۆژانەدا یەک دۆلار دەیکردە 330 فلس، واتە 1/3ی دینارێک. ئەوەی ڕژێم دەیدانێ 10 هەزار دینار بوو ـ وەرگێڕ

نە دانیشتووی یەکێک لەهەرێمەکانی ناوەڕاست یان خواروو بوون، بۆیە ئەو گۆڕینەی کەسانێک لەدۆزی پێناسەی نەتەوەییدا دەیانکرد یان واژووی پێشنیارو تۆمارکردنەکانی دازگای تۆمارگەی کەسێتی گشتیان پووچەڵن‌و هیچ مەرجێکی یاسایی پەیمانییان تێدا نییە. سەرئەنجام ئەو پرۆسەی زۆرلێکردنەی هاووڵاتی کورد ڕووبەڕووی بوەتەوە لەپێناو دەستەبەرکردنی پارووە نان یان دالدەدا هەڵوێستێکە هەرگیز بەڕاست نازانرێت، چونکە ئەو پێشنیارەی ئەو واژووی خستووەتە سەر بەخواستو ئارەزووی خۆی نەبووە.

ڕژێمەکەی عیراقی سەددامی لەناوچوو گرنگی زۆری دابوو بە گۆڕینی پێناسەی نەتەوەیی عیراقییانی ناعەرەب بۆ ئەوەی ببن بەعەرەب، ئەگەر بەخۆشی بوویێت یان بە ترس. بەزۆر بوویێت یان بە پێچوپەنا. ئەو لەلای مەبەستبوو شارەزایانە سەری هاووڵاتییان شۆڕکات بەشێوەیەک، هەرکەس خۆی پێشنیارێک بنووسێت‌و واژووی لەسەرکات تێیدا گۆڕینی باری نەتەوەیی بخوازێت. بەڵام تەنها ئەوەی بێتواناو بێدەسەڵات‌و ناچاربوو پێشنیاری دەنووسی، دیارە ئەویش لەژێر بارو لەبەر چەندهۆیەک پاشان لەسەری دەدوێین، دەبوو ئەوتۆی دەربڕن کە بەخواست‌و ئارەزووی خۆیان بووە. ئەوەیش لەخۆیدا جۆرێکە لەو فێڵ‌و تەڵەکەو پێچوپەنا یاساییانەی ڕژێمی سەددام لەزۆر کێشەدا بەکاری دەهێنان.

بۆ ئەو مەبەستە زۆر دامودەزگاو کارمەندی پسپۆڕی بواری پێناسەی نەتەوەیی گۆڕین دامەزران، هەروەک ڕژێمی لەناوچوو بۆ هەمان مەبەست چەندین بڕیاری یاسایی دارشت تا ڕێگربێت لە گواستنەوەی هاووڵاتییانی عیراقیی ناعەرەب لەنێوان شارەکاندا. یان بێ پەیڕەوکردنی هەندێک مەرج‌و پێداویستی دیار ببنە خاوەن بووە لەشاری تردا یان کڕین‌و فرۆشی خانووبەرە بەهاووڵاتیی ترو بێ ئاگاداری دەزگا ئاسایشییەکان کە سنوورو باری یاساییان






بۆ دیاری کرابوو. بەوجۆرە زۆریان لەمرۆڤ دەکرد پێناسەی نەتەوەیی خۆ بگۆڕن‌و پێستی ڕاستەقینە لەخۆ داماڵن بۆئەوەی ببنە عەرەب.

مەرجی سەرەکی بۆ بەڕێوەچوونی کاری هاووڵاتییانی عیراقی ناعەرەب لە دەزگا فەرمییەکاندا ئەوەبوو پسووڵەی (سەلمێنەری نەتەوەیی)یان پێبێت، کە ئەو پسووڵەیە تەنها لە دەزگای ئاماری ناوەندیی بەغدا دەردەکرا، ئەویش پاش دانوسانێکی یەکجار دووروودرێژ لەگەڵ دەزگای ئاماری پارێزگاکان.

بەوجۆرە ڕژێمی لەناوچوو کەوتە گۆڕینی دیمۆگرافی دەڤەرە کوردییەکان بەگشتی‌و شاری کەرکووک باتایبەتی. زۆری لەو دەڤەرانە دابچڕی کە لە بنەڕەتدا کوردبوون‌و خستنیە سەر پارێزگای تری نزیک. وەک ئەوەی هەندێک لە ناوچەکانی کەرکووکی دابچڕی‌و خستنیە سەر پارێزگاکانی نزیک بەو[25].




[25] بەڵی تکریت کرا بە پارێزگاو ناونرا سەلاحەدین. بوو بە دراوسێی ئەو کەرکووکەی زۆر لە دەڤەرەکانییان بۆ ئەو لێدابڕی. بەڵام سەیر لەوەدایە دەڤەرگەلێک خرانە سەر سەلاحەدین زۆری دوورن لێی، بۆ نموونە شارۆچکەکانی قادرکەرەم‌و سەنگاوی پاڵ چەمچەماڵ کە دەکەونە 30 تا 40 کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووک،و پتر لە

هەروەک ڕژێمی لەناوچوو زانیاری بڵاودەکردەوە لەمەڕ بەخشینی بڕی پارە تا ئارەزوو بخاتە بەر کارمەندە عەرەبەکانی دانیشتووی ناوەڕاستو خوارووی عیراق بۆ بارکردن بەخێزانەوە بۆ پارێزگای کەرکووک، بە بەخشینی پارچەیەک زەویو بڕێک پارەی وام بۆ دروستکردنی خانوو، بەومەرجەی دەبێ پێناسنامەی خێزانکەی بگوێزێتەوە بۆ تۆمارگەی دۆخی کەسێتی ئەوشارەو نابێت بەهیچشێوەیەک بیر لەگەڕانەوە بکەنەوە بۆ شاری پێشوویان.

هەروەک ڕژێمی لەناوچوو خێڵی عەرەبی لەدەڤەرەکانی ناوەڕاستو خوارووی عیراقەوە دەگواستەوەو لەو زەویوزارانەی پێدەبەخشین کە لەهاووڵاتییانی کوردو تورکومانی داگیردەکرد بە بڕیاری ناڕەواو فەرمانی دوور لەڕەوشتو داد. بەوجۆرە ئەوانی لەشوێنی ئەمان نیشتەجێ دەکرد.

ئەو ڕژێمە لەناوچووە زۆر جەختی کرد کارمەندە کوردەکان بەنەخشە دابەشکات بەسەر دەڤەرەکانی ناوەڕاستو خوارووی عیراقدا تاوەکو ناچاریان بکەن لەو شارو گوندانەدا بەیەکجاری جێگیربن،و دەیانخستنە ژێر چاودێری تا نەتوانن یەک بگرن یان بگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

ڕژێمی لەناوچوو ئامۆژگاری بڵاودەکردەوە بە دەزگا ئاسایشیو زانیارگریو پارتەکاندا بۆ کارکردن لەسەر بەزۆر کێشکردنی هاووڵاتییانی کوردو تورکمان بۆ ڕیزەکانی پارتی بەعسی عەرەبی، بەمەرجێک ئەوە نیشان

---

200 کم لەتکریتەوە دوورن، تاکە ڕێگەی نێوانیان هەر بەسەر شاری کەرکووک یان شاری دووزدا تێدەپەڕێت.

هەروەها سارۆچکەکانی دووزخورماتوو، سلێمان بەگو ئامرلییش خرانە سەر پارێزگای سەلاحەدین. لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووکیش شارۆچکەکانی کفری، جەبارەو قەرەتەپەیش خرانە سەر پارێزگای دیالە ـ وەرگێڕ





بدەن کە بەخواستو ئارەزووی خۆ هاتوونەتە ڕیزی ئەوپارتە. گوایە بۆئەوەی کارئاسانییان بۆبکرێت لەوەرگرتنی منداڵیان لە کۆلیژە مرۆییەکان یان دەستەبەرکردنی پیشەی تایبەت، یانیش دەربازبوون لە ئازاری پیاوانی "ئەمنو جێشی شەعبی" و پارتەکانی سەر بەڕژێم، هەبو لە هەرێمەکەدا دەیانهێشتنەوە، لەلایەکەوە بۆ کارگەڵی وەک سیخوڕیو ڕاپۆرتنووسینو بوون بە چاو بۆ ئاگادارکردنیان لە پەیامو جموجۆڵی کۆردانی نەیار بەو ڕژێمە شۆڤێنییە، لەلایەکی ترەوە، بۆ سووککردنی خودی ئەو چەشنە نموونانەی مرۆڤ لەبەرچاو براکانییان.

بنکەکانی ئاسایش ببوونە گرنگترین بنکە بۆ چاودێری دۆزی نەتەوایەتی ئەوکەسانی نێو کۆمەڵ ئایا دۆستن بە ڕژێمن یانیش نەیارن. هەروەها ڕێکخستنی ڕامیاری هەبوو لەپاڵ ئەو بەڕێوەبەرایەتیو دەزگایانە گرنگییان دەدا بە پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوانو فۆرمەکانی ئامار کە برتیبوون لەدەیەها پرسیار کەم یان زۆر هیچ درزێکیان تێدا نەمابوو هاووڵاتی بتوانێت خۆی دەربازکات لە هەندێک زانیاری سەبارەت بە خزمو خێش تا دەگاتە پلەی پێنج.

ئەوانە فۆرمی بێمەبەستو لەخۆڕاییش نەبوون. بەڵکوو بەشێکبوون لەو نەخشەی بەدوورەگکردنی کوردو قڕکردنی نێو تورکمانی ئەو هەرێمە. ئامانجی ئەو نەخشە شۆڤێنییە، سڕینەوەی بوونی ڕەگەزی ناعەرەب بوو لەسەر خاکی عیراق. هەروەک بەپێی هزرو باوەڕی ئەوان، کورد مافی ئەوەی نییە لەژیاندا بمێنێتو سەرئەنجام ببێتە خاوەن مافی چارەنووس.

کوردی فەیلی لەوبوارە چەندقاتی ئەوانەی تری چەشتووە. ئەوان بە خاوخێزان لەوڵات دەردەکران. گەنجانیان لەخێزان دابڕیو ڕەوانەی زیندانو بەندیخانەی دوور دەکرانو پیرو منداڵیش بەرەو بیابان. زۆرەیش لەوانەی

مانەوە پڕمەبەست شاربەدەرکران بۆ ئێران. لەئێرانیش بەوەی بە عیراقی ناودەبران مانەوەیان زۆر ستەم بوو. ئەون بەوجۆرە ژیانە بێ پێناسە ژیانیان بەسەربرد. نە زانیویانە ئایندەی خۆیان چییە نە چارەنووسی کەسوکار. هیچ ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی یان مرۆڤایەتیش نەبوو ئاوڕیان لێبداتەوە، تا ئەمڕۆ زۆربەیان لەئۆردوگای پەنابەراندا دەژین.

کوردی شەبەکیش ئەوەیان چەشت کە برا فەیلییەکان چەشتوویانە. سەرەڕای دەستکورتیو بێدەرامەتی لە دەڤەرو گوندە بێگوزەرانییەکانیان هەڵکەنران. ڕژێم لەڕادەبەدەر تووشی ئەشکەنجەی کردنو کۆمەڵگەو داڵدەی لێشێواندنو خانووبەرەکانیانی ڕمان، هەر لەبەرئەوەی زۆر یار بوون بە بزووتنەوەی کوردیو نەیار بە ڕەوشی ئەو ڕژێمە شۆڤێنییە.

ئەوەی لە هەڵوێستی ڕژێم بکۆڵێتەوە دەبینێت نەتەنها ئەنجامو درێژەی ئەو دەسەڵاتەی بەعسەکەی دووهەمی 17ی تەمووزی 68 یان ئەوەی ساڵی 63 بووبێت، بەڵکو ئەوە هەڵوێستێکی خێڵەکی شۆڤێنیی پەنگخواردەو زاڵبوو بەسەر هزری دەسەڵاتدارو ڕژێمە یەکلەدواییەکەکانی عیراق، هەڵوێستی نەتەنها پڕزیان بۆعیراقو نەشارەزا لە کارڕاییێکیی ڕەوا لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات. چاودێری مافی هاووڵاتییان دووربووە لە ڕوانینە جیاوازی نەتەوایەتی بەپێی ئەو دەستوورەی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق ناویانناوە هەمیشەیی یان کاتی. بەڵکوو پێچەوانەی ساناترینی ئەو مافانەی مرۆڤ بووە کە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریداوە. هەروەک پێچەوانەی گشت ڕەوشو ئاینیش بووە.

دەسەڵاتدارانی عیراق زۆر پرۆسەی یاساییان لەسوودی هەنگاوە شۆڤینیستە چەپەڵەکانی دژ بەکورد بەکارهێنا. چەپەڵترینی ئەو شێوانە، پێناسنامەی عیراقییان کردبوو بە تیغ بۆ سەر ملی عیراقییان. هەروەک





یاسای تایبەتیان داتاشیوە بۆ ڕێگرتن لە کوردو تورکمان تا نەتوانن ئەو مافە نیشتمانییە ئەنجامدەن کە بەپێی دەستووری عیراقی دەکەوێتە ئەستۆیان، ئەویش بە بەهانەی ڕێکخستنو ڕەوشو پێداویستی تایبەتو دۆخی تایبەتو ئاڵۆز، کارڕاییێکیی یاساییان دەسپارد بە دەسەڵاتی ئاسایشو دەزگای زانیارگریو دەیانبەستەوە بە ڕادەی هاوکاری هاووڵاتیو ئاستی قایلبوونیان بەو دەزگایانە، بێگوێدانە ئەو بانگەوازەی دەستوور کە دەیگوت؛ کۆمەڵ بەگشتی لەو نیشتمانەدا هاوبەشن، بەڵام کەس ئاوڕی لەوە نەداوەتەوە بەڵکوو هەر پشتگوێخرابوو.

پڕباوەڕین بەوەی ڕژێمی سەددامی لەناوچوو وەیزانیوە توانای گۆڕینی دیمۆگرافیای هەرێمەکەی دەبێتو دەتوانێت بە مەودای کات کاربکاتە سەر کارتەی نیشتەجێبوونو بارستایی ناعەرەبەکانی لەسەر کەم بکاتەوە،و دەتوانێت زۆرکەس لەوانە بەلایخۆیدا بەکێشکات کە ئامادەن لەسەر قاقەز باری نەتەوایەتی خۆ بگۆڕن. بەڵام گێلڕەوشتی دید ئەوی بەجۆرێک کوێرکردبوو ئەوەی نەیزانیوە کە باری نەتەوایەتی مرۆڤ هەربەتەنها پێشنیارێک نییە بەرزکرێتەوە بۆ سەرۆکی نووسینگە. بەڵکو نەتەوایەتی خوویەکی لکاوە بەمرۆڤەوە ڕەگێکە لەناخو دڵ دەچەقێت، نەپێشنیاری فەرمی دەیگۆڕێت نە ئارەزووی ڕژێم هەڵیدەوەشێنێت.

بۆیە پێویستە ئەو بارە تاڵە بە بخرێتە بەر توێژینەوە کە چینەکان بوونە قوربانی هۆکارەکانی، بۆ ئەوەیش زۆر پێویستە بە بڕیارێکی دەستووری مافە نەتەوایەتییەکانیان بۆبگەڕێتەوەو گشت ئەو کارڕاییێکییانە بسڕێتەوە کە لەسەر ڕۆشنایی ئەو بڕیارانەی پێشوو داڕێژراون، هەر لەپێناو ڕەوابوونەوەی ماف. وا ئێمە چاوەڕوانی بڕیاری یاسایین لە ئەنجومەنی نوێنەران

# پاشکۆی وەرگێڕ

**( لەسەر خاڵی 21ی پەراوێز )**

## دادگاییکردنی ئەنفالچییانی عەفوکراو

پێش سازدانی راپەرینی ئازاری 1991، بەرەی کوردستانی بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەو کوردانە دەرکرد کە لە دامودەزگا ئەمنییو موخابەراتیو سەربازییو فەوجەکانی جاشو خەفیفەو مەفرەزە خاصەکانی سەر بە رژێمی بەعسدا کاریانکردبوو، بەوەش لەدوای سەرکەوتنی راپەرینو لەسایەی پارلەمانو حکومەتی کوردستاندا هیچ کام لەو تۆمەتبارە کوردانە نەک لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکرا، بەڵکو زیاد لەپێویست رێزیان لێگیراو تەنانەت هەندێکیان پۆستی حزبیو حکومیشیان وەرگرت.

بەشێک لەو تۆمەتبارانە نەک هەر دەرسیان لەو لێبوردنەی بەرەی کوردستانی وەرنەگرتو بەخۆیاندا نەچوونەوە، بەڵکو ژێر بە ژێرو بەنهێنی پەیوەندییان بە رژێمی بەعسەوە کردەوەو رێگای خیانەتیان گرتەوە. رووخانی رژێمی بەعس و هاتنە سەرکاری حکومەتی نوێی بەغدا هێلانەی خیانەت و جاشایەتی تێکداو هەلومەرجێکی وای هێنایە ئاراوە کە داوابکرێت ئەنفالچییانی کوردی عەفوکراو راپێچی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بکرێنو لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانیش پوچەڵبکرێتەوەو هیچ شەفاعەتێکیان بۆ نەکات.

رۆژی 24ی حوزەیرانی 2007 لەکاتی دەرکردنی بڕیاری حوکمی شەش تۆمەتباری سەرەکی ئەنفالدا، دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق ناوی 423 تۆمەتباری تری دۆسیەی ئەنفالی ئاشکراکرد کە بەشێکیان ئەو کوردە





ئەنفالچییانەن کە بەشداریی عەمەلیاتی شوومی ئەنفالیان کردووەو دەبێت ئەو تۆمەتبارانە لەبەردەم ئەو دادگایەدا دادگایی بکرێن.

لەبەر بایەخی دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارانە لەسەر تاوانی ئەنفال بە پێویستی دەزانم لە چەند روویەکەوە تیشک بخەمە سەر ئەو مەسەلەیە.

1- دەسەڵاتو ولایەتی دادگا: یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقو ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە لەساڵی 2005 پەسندکراوە، بە پێی ماددەی یەکی ئەو یاسایە ئەو دادگایە دادگایەکی سەربەخۆیە و لەژێر هەژموونی هیچ ناوەندێکی دەسەڵاتدا نییەو بەئازادی کارەکانی ئەنجامدەداتو دەسەڵاتو ولایەتی بەسەر هەموو کەسێکی سروشتیدا هەیە کە عیراقی، یاخود عیراقی نەبێت بەو مەرجەی نیشتەجێی عیراق بێتو تۆمەتبار بێت بە یەکێک لە تاوانەکانی دووتوێی ماددەکانی (11، 12، 13 ، 14 )ی یاساکەو کە لە 17ی تەمموزی 1968 تا 1ی مایسی 2003 لە عیراق یاخود هەر شوێنێکی تر تاوانەکان ئەنجامدرابێت. بەپێی ئەو ماددەیە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق وەک دادگایەکی سەربەخۆ دەسەڵاتو ولایەتی تەواوی هەیە هەر هاووڵاتییەکی عیراقیو ناعیراقی دادگایی بکات کە بە تاوانەکانی دووتوێی یاساکە تۆمەتبار بێت، لەو چوارچێوەیەدا ئەو دادگایە دەسەڵاتی هەیە تۆمەتبارانی کوردی دۆسیەی ئەنفال دادگایی بکات بەو سیفەتەی کە هاووڵاتی عیراقینو تۆمەتبارن بەتاوانەکانی دووتوێی یاساکەو لەو ماوەیەشدا ئەنجامدراون کە یاسەکە دیاریکردووە.

تۆمەتبارنی کورد نەک هەر بەشداریی عەمەلیاتی دزێوی ئەنفالیان لەدژی گەلەکەی خۆیان کردووە، بەڵکو چاوساغ و پێشەنگی هێزەکانی عیراقیش بوون.

2- لێبوردنەكەی بەرەی كوردستانی: بە پێی بڕگەی شەشی یاسای دادگای باڵای تاوانەكانی عیراق هەر لێبوردنێک لەپێش جێبەجێكردنی ئەو یاسایەوە دەرچووبێت بۆ تۆمەتبارانی تاوانەكانی دووتوێی ماددەكانی (11، 12، 13 ، 14 )ی یاساكە پوچەڵدەكرێتەوە، چونكە ئەو تاوانانە تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیو تاوانی جەنگ و تاوانی پێشێلكردنی یاسا عیراقییەكانە، كە هەر وا بە ئاسانی لێبوردنو لێخۆشبوونیان نییە. بەپێی ئەو بڕگەیەی یاساكە ئەو لێبوردنەی كە بەرەی كوردستانی دەرهەق بە تۆمەتبارانی كورد دەریكردووە پووچەڵدەكرێتەوەو دەبوو هەموو ئەو تۆمەتبارە كوردانەی تۆمەتبارن بە تاوانی ئەنفال لەو دادگایەدا دادگایی بكرێن، ئیدی ئەو دادگایە تاوانباری و بێتاوانیان ساغ دەكاتەوە.

3- بەسەرنەچوونی وادەی تاوانەكان: بەپێی بڕگەی چواری ماددەی 17ی یاسای دادگای باڵای تاوانەكانی عیراق، تاوانەكانی دووتوێی ماددەكانی (11، 12، 13 ، 14 )ی یاساكە بە تێپەربوونی كات بەسەرناچن، ئەوە بنەمایەكی نێودەوڵەتیشی هەیە كە رێككەوتننامەی بەسەرنەچوونی تاوانەكانی جەنگو تاوانەكانی دژ بە مرۆڤایەتیو تاوانەكانی جینۆسایدە كە بە تێپەربوونی كات ئەو تاوانانە كۆن نابنو بەسەرناچن. بایەخی ئەم بڕگە یاساییە ئەوەیە كە تۆمەتبارانی ئەنفال لە تاوانی ئەنفال نابەخشرێن بەهۆی ئەوەی كە نزیكەی 19 ساڵ بەسەر ئەنجامدانی تاوانەكەدا تێپەریوە و رژێمی بەعسیش رووخاوە، چونكە بەپێی ئەو بڕگە یاساییە ئەوە هیچ كاریگەریی نابێت لە داخستنی دۆسیەی ئەنفال و بەخشینی تۆمەتبارانی.

4- تۆمەتبارانی ئەنفالو مافی پەنابەری سیاسی: بەپێی رێككەوتننامەی قەدەغەكردنی تاوانی جینۆسایدو سزادانی تاوانبارانی كەساڵی 1948





دەرچووە، تۆمەتبارانی تاوانی جینۆساید مافی پەنابەری سیاسییان لە وڵاتانی تر پێنادرێتو دەبێت تەسلیم بە وڵاتی خۆیان بكرێنەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئەو تاوانە دادگایی بكرێن، لەبەر رۆشنایی ئەو رێككەوتننامەیە و بەپێی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەكانی عیراق لەسەر عەلی كیمیاویو هاوڕێكانی تاوانی ئەنفال بە تاوانی جینۆساید ناسراوە، بەوەش هەر تۆمەتبارێكی ئەنفال بۆ هەر وڵاتێک هەڵهاتبێت یاخود بیەوێت هەڵبێت، لەو وڵاتە مافی پەنابەری سیاسی نادرێتیو دەبێت تەسلیم بە حكومەتی عیراق بكرێتەوە، بۆئەوەی لەسەر ئەو تاوانە دادگایی بكرێت.

6- حوكمدراوانی دادگا نابەخشرێن: بەپێی بڕگەی دووی ماددەی 27ی یاسای دادگای باڵای تاوانەكانی عیراق، هەر تۆمەتبارێک لەلایەن ئەو دادگایەوە هەر سزایەكی بەسەردا بسەپێنرێت، هیچ لایەنێكی دەسەڵات بە سەرۆک كۆماریشەوە مافی ئەوەی نییە تۆمەتبارەكە لە سزاكەی ببەخشێت یاخود سزاكەی بۆ كەمبكاتەوە، لەبەر رۆشنایی ئەو بڕگە یاساییەدا تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال لەلایەن ئەو دادگایەوە هەر سزایەكیان بەسەردا بسەپێنرێت وەک خۆی جێبەجێ دەكرێت.

**خەلیل عەبدوڵڵا**

**ماڵپەڕی ئاوێنە July 11, 2007**

( دەقی نووسراوێكی بڵاوكراوەیە لە ماڵپەڕی رۆژنامەی ئاوێنە )

# فەرهەنگۆک

| کوردی | عربي |
|---|---|
| ئاداری | تَحَفّظ |
| ئاڵچاغ | خسيس |
| ئاماژ | دلالة |
| ئەنجومەنی خوازیاری گشتی | هيئة الإدعاء العام |
| ئەنجومەنی پێداچوونەوە | الهيئة التميزيية |
| بارەتاوان ـ بارگرانی | وِزْر |
| بریکار | وكيل، مُنتَدَب (بفتح الدال) |
| بریدار | واكِل، مُنتَدِب (بكسر الدال) |
| بڕگە .. لە بەند | فقرِة .. من مادة |
| بڕیاری بنبڕ | قرار قطعي |
| بوونە | كيان |
| بووە | مُلک |
| بوونداریّتی | تَمَلُّک |
| بووەی گوێزراوبارو نەگوێزراوبار | ممتلكات منقولة وغير منقولة |
| بەبووهاتن | خلق، خليقة |
| بەتالیۆن | فوج |
| بەرپەرچی بڕیار | طعن بالقرار |
| بەندی یاسایی | مادة قانونية |





| کوردی | عربي |
|---|---|
| پابەندی | إلتزام |
| پارێزبەندی یاسایی، دەستووری | حصانه قانونية، دستورية |
| پایینداری | ضمانة |
| پروسک | رُفاة |
| پزیشکی ڕەوشێنی | الطب الشرعي |
| پەندێر، پەندێری | منطق، مَنطقي |
| پیر | شيخ ـــ سيد |
| پیبژاری | غرامة |
| پێشرژدی | سبق الاصرار |
| تاز ـ تاژ | غزو |
| تاڵان، دەسکەوتی جەنگ | نَفَل، الأنفال |
| تاوانلێکراو | مَجنى عَليه |
| تاوانی دەستئەنقەستی | جريمة عمدية |
| تاوانی ڕەوڕەوەیی | جريمه مستمرة |
| ترسئانگیز | مُروِّع، خطر |
| تەن | بَدَن |
| تیپ | فريق |
| تیمی بەرگری میللی | فريق الدفاع الوطني |
| خاکگیری، ئاواڵەکاری | فتوحات |
| خوازیاری مافی تایبەت | المدعي للحق الشخصي |
| خوازیاریی سزایی | دعاوي جزائية |

| | |
|---|---|
| خودانەناس | كافر |
| خوەتاوان | جريمة الاعتياد |
| خۆهەڵكێش | صَلَف |
| دادخوازی | دعوى |
| دادبینی | مرافعة |
| دادگای وێستاو | القضاء الواقف (محامي) |
| دادیاری گشتی | المدعي العام |
| درێژەتاوان | جريمة مُتماديه |
| دژەکار | تأثير سلبي |
| دوبارەتاوان | جريمة العَود |
| دەبڵ تاوانی | جريمة مُركّبة |
| دەسەلاتی سەربەیی | سلطة تابعة |
| دەستەبەر | كفالة |
| دەستداریی بەرفراوانێتی | الإختصاص الشامل |
| دەستدارێتی بابەتی | الإختصاص الموضوعي |
| دەستدارێتی کەسایەتی | الإختصاص الشخصي |
| دەستدارێتی گشتی | الإختصاص العام |
| دەستدارێتی خۆجێیی | الإختصاص المحلي |
| دەستدارێتی شوێنەواری | الإختصاص الموقعي |
| دەستدارێتی یاسایی | أحكام قانونية |
| دربڕینی بڕیاری داد | النطق بقرار الحكم |





| | |
|---|---|
| دەقی پیرۆز | النصٌ المُقدس |
| دیدنامە | شهادة |
| دیدەر | شاهد |
| دیدەری داکۆک | شاهد دفاع |
| ڕابواردنگا | مَلهى |
| ڕاستێنی | واقعي |
| ڕکەی تاوان | قَفَص الإتهام |
| ڕشتیاری یاسایی | مشرع قانوني |
| ڕۆژنامەی فەرمی | الجريدة الرسمية |
| ڕەوشڕشتی | تشريع |
| ڕەوشێنی | شَرعي |
| ڕەها | مُطلق |
| زانیاردەری | مُخابرات |
| زانیارگری | إستخبارات |
| ژیانبڕی | إعدام |
| سزا | جزاء ــ عقوبة |
| سپا | جيش |
| سەربەیی | تبعية |
| سەرتیپ | قائد فرقة |
| سەرلەشکر | قائد فيلق |
| سەروەری | سيادة |


| | |
|---|---|
| سەرەنوێلکە | مَزبَلَة |
| سپاداری گشتی | رئيس الأركان العامة |
| شکۆ | قيمه، قَدر |
| شەبەنگ | طَيف |
| قەیران، دەردەسەری | مِحنة |
| کارڕاییێکی | إجراءات |
| کوچکەکانی تاوان | أركان الجريمة |
| کوچکەی ڕەوشیی | الركن الشرعي |
| کوچکەی مەتریالی | الركن المادّي |
| کوچکەی ماکی | الركن المعنوي |
| کوشتخانە | مَجزره |
| کۆمیتەی توێژینەوە | الهيئه التميزييه |
| کۆمیتەی سەران | هيئه أركان |
| بەسەرچویی خوازخەر | التقادم المسقط للدعوى |
| کۆهێزی بەرگری نیشتیمانی | جحفل الدفاع الوطنى |
| کەتن | جُنحة |
| گرووخانە | مَسلَخ |
| گیرفانە نۆکەر | الجيب العميل |
| گێلپاکانە | تبريرات ساذجة |
| لەشکر | فيلق |
| لێگەڕان | إخلاء السبيل |





| | |
|---|---|
| لێیگەڕان، لەدووگەڕان | تعقيب |
| مەبەست بۆتاوان | قصد جنائي |
| مەتریالی | مادّي |
| مەرجی گەرەکی | شرط إلزامي |
| مەلەوشتر ـ مەلوشتر | نعامة |
| مەنە | تَرِكة، وَرَثة |
| مەنەگر ـ مانەگر | وريث |
| مووشەکئەنداز | راجمة |
| مێملّ | معارض |
| نەوازی | تواضع |
| واتانی | معنوي |
| واژوو | إمضاء |
| هزر | فكر |
| هۆشدەر | مُخبِر |
| هەرە | مِنشار |
| هەلاوساو | مَجبول، مُتضخِّم |
| هێز | فرقة عسكرية |
| هێزە ناکاوییەکان | قواة الطوارئ |
| یاسارِشتیاری | تشريع قانونى |
| یاسای سزاکانی بەغدادی | قانون العقوبات البغدادي |
| یاسای سەپاندن | قانون الإثبات |

## زوهێر کازم عەبوود



شوێنی لەدایکبوون/ شاری دیوانیە ـ عیراق

بەکالۆریۆسی یاسایی لەکۆلیژی یاساو ڕامیارزانی، زانکۆی بەغدا

کادر لەبواری یاریدەری دادوەرو توێژەری یاسایی‌و پارێزەر لەدادگادا

دەرچووی خولی هەشت لەپەیمانگای دادوەری عیراقی 1984/ 1985

دادوەربووە لەدادگاکانی عیراق

ئەندامی یەکێتی نووسەرانە لەسوید

وانەبێژە لەکۆلیژی یاسای ئەکادیمی عەرەبی لەدانیمارک

ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەکوردستانی ـ عیراق

زۆرنووسە لەسەرئاستی ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا





## بەرهەمە بڵاوبووکانی نووسەر

1- لمحات عن اليزيدية ـ بغداد/ دار النهضة 1994، ودار الرافد/ لندن 2000

2- لمحات عن الشبك/ لندن دار الرافـد 2000

3- ليلة القبض على رئيس الجمهورية/ دار المنفى – السويد 2002

4- جمهورية الغجـر/ دار لارسا - السويــد 2003

5- البهتان في إسلام أبي سفيان/ دار لارسا - السويد 2003

6- كتابات في القضية الكردية والفيدرالية وحقوق الإنسان/ دار دراسات كردستانية السويد 2004

7- مخابرات صدام واغتيال الشيخ طالب السهيل شيخ بني تميم/ لندن دار الحكمة 2004 ، و دار إيزيس للإبداع والثقافة بالقاهرة 2006

8- لمحات عن سعيد قزاز/ وزارة الثقافة/ إقليم كوردستان/ السليمانية 2004

9- الأيزيدية.. حقائق وخفايا وأساطير/ المؤسسة العربية للدراسات والنشر – بيروت 2004

10- نظرة في القضية الكردية والديمقراطية في العراق/ دار دراسات كردستانية – ستوكهولم 2005

11 – النقاط المهمة في الدستور العراقي القادم / دار حمدي للنشر والطباعة في السليمانية – 2005

12 - طاؤوس ملك (كبير الملائكة لدى الأيزيدية)/ دار سردم للنشر والطباعة في السليمانية - 2005

13- عدي بن مسافر مجدد الديانة الأيزيدية/ المؤسسة العربية للدراسات والنشر بيروت 2005

14- محاكمة صدام/ دار حمدي للنشر والطباعة في السليمانية 2005

15- الشبک في العراق/ دار سردم ودار إيزيس للإبداع والثقافة في القاهرة ودار هافبيون – برلين 2006

16 – الإرهاب في العراق/ دار دراسات كردستانية 2006 / دار آراس 2006

17- التنقيب في التاريخ الأيزيدي القديم/ دار سبيرز كوردستان العراق – دهوک 2006

18- كتابات في الشأن العراقي/ دار سبيرز – دهوک 2007

19- قضية الدجيل ونهاية صدام/ دار آراس 2007

20- المسؤولية القانونية في قضية الكورد الفيليين/ دار آراس 2007

لەعیراق: پێشکەشکردنی توێژینەوەی یاسایی بەچاودێری شالیارگەی داد:

ـ التحقيق الابتدائي وإجراءاته 1986

ـ اليمين في القانون العراقي 1992

لەژێر چاپدا :

1- من ذاكرة مدينة

2- قراءة في قضية المرأة والزواج





## ژیننامەی وەرگێڕ

ناو/ محەمەد ( هێدی ) گۆمەیی

لەدایکبووی/ بەکرەجۆ ـ سلێمانی ـ باشووری کوردستان.

خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی لە کەرکووک،و ئامادەیی لەسلێمانی بووە.

لەسەر چالاکی لەیەکێتی قوتابییانی کوردستاندا 22 / 10/ 1963 تا 11/ 3/ 1964 زیندانکراوە.

لە 4/ 9/ 1965 پاش بەشداری خولێکی سپای عیراق بووەتە بریکاری ئەفسەر،و بەفەرمان ڕەوانەی شاری بەسرا کراوە، تا ساڵی 1970.

پاش ڕێکەوتننامەی 11/ 3/ 1970 گوێزرایەوە بۆ شاری سلێمانی تا ئەوکاتەی فرمانی دەستگیرکردنی دەرچوو لەسەر چالاکی لەپارتی دیموکراتی کوردستان، لە 24/ 6/ 1972دا هەڵهات بۆ ڕیزەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لەدەڤەری ڕزگارکراو تا نیسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی لەئەنجامی ڕێکەوتنە چەپەڵەکەی جەزایر/ 1975. دوورخرایەوە بۆ شاری دیوانییە.

لە 28/ 3/ 1975 تا 10/ 5/ 1975 بەندکراوە لەزیندانی بەڕێوەبەرایەتی زانیارگری گشتی/ بنکەی شالیارگەی بەرگری عیراق لەبەغدا. لەسەر چالاکی‌و بەرپرسیاریێتی لەهێڵی پاراستنی شۆڕش، پێش‌و لەقۆناغی پێشمەرگایەتیدا.

24/ 9/ 1987 ڕوویکردووەتە ئاوارەیی لەئێران‌و پاش یەک ساڵ بۆ سوید تائێستایش هەر لەوێیە.

## بەرهەمەکانی وەرگێڕ

1 ـ زەردەشتو ئامۆژگارییەکانی ( وەرگێڕان لە فارسییەوە ) چاپی یەک/ چاپخانەی ئازاد ـ سوید 1992 چاپی دوو/ ئۆفسێتی تیشک ـ سلێمانی ساڵی 2000. (لە کۆشکی کورد www.koskikurd.com دادەگیرێت).

2 ـ گەلی پەژموردەو نیشتمانی پەرت ( وەرگێڕان لە عەرەبی فارسی ـ و ئینگلیزی بەهاوکاری بەڕێز/ ئەنداز حەویزی ) چاپخانە ( ؟! ) سلێمانی ساڵی 2002. (لە کۆشکی کورد www.koskikurd.com دادەگیرێت ).

3 ـ بەرپرس لەماڵپەڕی کۆشکی کورد ( www.koskikurd.com ).

4 ـ نووسین بەکوردیو عەرەبی لە گۆڤارو ڕۆژنامەی چاپیو ئەلیکترۆنی.